( 2517 )

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان

## لەجیهانی عەرەبیدا

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لەجیهانی عەرەبیدا

نووسینی: محمد فاتح

پیت چنین و نەخشەسازی: زانا ئەحمەد

چاپخانە: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین

تیراژ: (٥٠٠) دانە

لەبەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٥١)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە


هەواڵنامەی کتێب

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان

# لە

# جیهانی عەرەبیدا


نووسینی

**محمد فاتح**



هەولێر /٢٠١٣

# نـــــــــــــــــــــاوەڕۆك


| زنجیره | بـــــــــــــــــــــابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | پێشەكی | ١١ |
| ٢. | **حزب و ڕێكخراوە ماركسیەكان لەئوردن:** | ٢١ |
| ٣. | حزبی شیوعی ئوردنی (الشیوعي الاردن) | ٢٣ |
| ٤. | حزبی كرێكارانی ئوردنی (العمال الاردني) | ٢٦ |
| ٥. | حزبی (الشعب الدیمقراطي) ئوردنی | ٢٧ |
| ٦. | حزبی (الوحدة الشعبیة الدیمقراطي) ئوردنی | ٢٩ |
| ٧. | **حزب و ڕێكخراوە ماركسیەكان لەبەحرین:** | ٣٣ |
| ٨. | حزبی (الشیوعي البحریني) | ٣٥ |
| ٩. | بەرەی (تحریر شرق الجزیرة العربیة) | ٣٥ |
| ١٠. | بەرەی (التحریر الوطني البحریني) | ٣٦ |
| ١١. | **حزب و ڕێكخراوە ماركسیەكان لەتونس:** | ٤١ |
| ١٢. | حزبی (الشیوعي التونسي) | ٤٣ |
| ١٣. | حزبی (العمال التونسي) | ٤٥ |
| ١٤. | حزبی (الدیمقراطی التقدمي) | ٤٩ |
| ١٥. | حزبی (الاشتراكي الیساري) | ٥٠ |
| ١٦. | ڕێكخراوی (العامل التونسي) | ٥٠ |
| ١٧. | ڕێكخراوی (تجمع الدراسات والعمل الاشتراكي) | ٥٢ |
| ١٨. | حزبی (العمل الوطني الدیمقراطي) | ٥٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩. | **حزب و ڕێکخراوه مارکسیەکان لەجەزائیر:** | ٥٩ |
| ٢٠. | حزبی (العمال الشيوعي الجزائري) | ٦١ |
| ٢١. | حزبی (الشيوعي الجزائري) | ٦٣ |
| ٢٢. | حزبی (الطليعة الاشتراكية) | ٦٨ |
| ٢٣. | حزبی (نجم شمال افريقيا) | ٧١ |
| ٢٤. | **حزب و ڕێکخراوه مارکسیەکان لەوڵاتی عەرەبی سعودی:** | ٧٧ |
| ٢٥. | حزبی (الشيوعي السعودي) | ٧٨ |
| ٢٦. | ڕێکخراوی (کرێکاری) | ٨٠ |
| ٢٧. | بەرەی (الاصلاح الوطني) | ٨١ |
| ٢٨. | بەرەی (التحرير الوطني السعودي) | ٨٣ |
| ٢٩. | بەرەی (الشعبية الديمقراطية لتحرير الجزيرة العربية) | ٨٦ |
| ٣٠. | ڕێکخراوی (الشيوعيين السعوديين) | ٨٦ |
| ٣١. | حزبی (القوى الديمقراطية في الجزيرة العربية) | ٨٦ |
| ٣٢. | بەرەی (الاشتراكية لتحرير الجزيرة العربية) | ٨٧ |
| ٣٣. | ڕێکخراوی (أبناء الجزيرة العربية السعودية في الخارج) | ٨٨ |
| ٣٤. | حزبی (الديمقراطي الشعبي في الجزيرة العربية) | ٨٩ |
| ٣٥. | **حزب و ڕێکخراوه مارکسیەکان لەسودان:** | ٩٣ |
| ٣٦. | حزبی (الشيوعي السوداني) | ٩٥ |
| ٣٧. | **حزب و ڕێکخراوه مارکسیەکان لەسوریا:** | ١٠٣ |
| ٣٨. | حزبی (الشيوعي السوري) | ١٠٥ |
| ٣٩. | حزبی (الشيوعي السوري – المكتب السياسي) | ١١١ |
| ٤٠. | حزبی (العمل الثوري العربي) | ١١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١. | حزبی (الشيوعي السوري – رياض فيصل) | ١١٤ |
| ٤٢. | حزبی (العمل الشيوعي في سوريا) | ١١٥ |
| ٤٣. | حزبی (اتحاد الشغيلة) | ١١٧ |
| ٤٤. | **حزب و ڕێكخراوە ماركسيەكان لەوڵاتی عومان:** | ١٢١ |
| ٤٥. | بەرەی (الشعبية لتحرير عمان و الخليج العربي) | ١٢٣ |
| ٤٦. | بەرەی (الشعبية لتحرير الخليج العربي) | ١٢٥ |
| ٤٧. | بزووتنەوەی (الثورية الشعبية في عمان والخليج العربي) | ١٢٧ |
| ٤٨. | حزبی (العمل العربي) | ١٢٩ |
| ٤٩. | **حزب و ڕێكخراوە ماركسيەكان لەعێراق** | ١٣٣ |
| ٥٠. | حزبی (الشيوعي العراقي) | ١٣٥ |
| ٥١. | ڕێكخراوی (وحدة الشيوعيين) لەعێراق | ١٣٩ |
| ٥٢. | ڕێكخراوی (العمال الثورية) | ١٤٠ |
| ٥٣. | ڕێكخراوی (اللجنة الثورية) | ١٤١ |
| ٥٤. | ڕێكخراوی (كتلة الكادر) | ١٤٢ |
| ٥٥. | حزبی (العمل الاشتراكي الثوري) | ١٤٣ |
| ٥٦. | حزبی (الشيوعي العراقي – القيادة المركزية) | ١٤٤ |
| ٥٧. | ڕێكخراوی الشيوعيين الثوريين العراقيين | ١٤٥ |
| ٥٨. | بزووتنەوەی – الطليعة الديمقراطية | ١٤٦ |
| ٥٩. | ڕێكخراوی – الماركسية اللينينية العراقية | ١٤٦ |
| ٦٠. | ڕێكخراوی – العمل الشيوعي في العراق | ١٤٧ |
| ٦١. | ڕێكخراوی – الماركسية في العراق | ١٤٨ |
| ٦٢. | حزبی – الشيوعي العمالي في العراق | ١٤٨ |


کتێبخانەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ٦٣. | حزبی – العمل الاشتراكي العربي – في العراق | ١٥١ |
| ٦٤. | حزبی – الحركة الاشتراكية العربية | ١٥٢ |
| ٦٥. | **حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لەفەلەستین :** | ١٥٥ |
| ٦٦. | حزبی – الشيوعي الثوري الفلسطيني | ١٥٧ |
| ٦٧. | حزبی (الشيوعي الفلسطينى) | ١٦٤ |
| ٦٨. | حزبی – الشعب الفلسطيني | ١٦٦ |
| ٦٩. | حزبی - العمال الشيوعي الفلسطيني | ١٦٨ |
| ٧٠. | بەرەی (الشعبية لتحرير فلسطين – القيادة العامة) | ١٧٠ |
| ٧١. | بەرەی (الديمقراطية لتحرير فلسطين) | ١٧١ |
| ٧٢. | بەرەی (الشعبية لتحرير فلسطين) | ١٧٥ |
| ٧٣. | **حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لە کوێت** | ١٨١ |
| ٧٤. | شیکردنەوەیەکی گشتی | ١٧٣ |
| ٧٥. | حزبی (اللجنة الوطنية لانصار السلام) | ١٨٤ |
| ٧٦. | بزووتنەوەی (الثورية الشعبية في الكويت) | ١٨٥ |
| ٧٧. | **حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لەقەتەر** | ١٩١ |
| ٧٨. | بەرەی (التحرير الوطني) لەقەتەر | ١٩٣ |
| ٧٩. | **حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لەلوبنان :** | ١٩٥ |
| ٨٠. | حزبی (الشيوعي اللبناني) | ١٩٧ |
| ٨١. | حزبی (الثورة الاشتراكية) | ٢٠١ |
| ٨٢. | یەکێتی (الشيوعيين اللبنانيين) | ٢٠٢ |
| ٨٣. | حزبی (العمل الاشتراكي العربي) | ٢٠٣ |
| ٨٤. | ڕێکخراوی (العمل الشيوعي) | ٢٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٥. | رێکخراوی (الاشتراکیین اللبنانیین) | ٢٠٨ |
| ٨٦. | رێکخراوی (اللبنان الاشتراكي) | ٢٠٩ |
| ٨٧. | **حزب و رێکخراوە مارکسیەکان لەمیسر:** | ٢١٣ |
| ٨٨. | شیکردنەوەیەکی گشتی | ٢١٥ |
| ٨٩. | حزبی (الشیوعي المصري) | ٢١٧ |
| ٩٠. | حزبی (التجمع الوطني المتقدمي الوحدوي) | ٢٢٤ |
| ٩١. | هاوپەیمانی (القوی الشتراکیة) | ٢٢٨ |
| ٩٢. | حزبی (العمال الشیوعي المصري) | ٢٢٨ |
| ٩٣. | حزبی (الشیوعي المصري – الرآیة) | ٢٣١ |
| ٩٤. | **حزب و رێکخراوە مارکسیەکان لەمەغریب** | ٢٣٥ |
| ٩٥. | حزبی (الاتحاد الاشتراكي للقوی الشعبیة) | ٢٣٧ |
| ٩٦. | حزبی (التقدم والاشتراکیة) | ٢٣٩ |
| ٩٧. | رێکخراوی (العمل الدیمقراطي الشعبي) | ٢٤٢ |
| ٩٨. | حزبی (الطلیعي الدیمقراطي الاشتراكي) | ٢٤٦ |
| ٩٩. | رێکخراوی (الی الامام) | ٢٤٦ |
| ١٠٠. | **حزب و رێکخراوە مارکسیەکان لەیەمەن** | ٢٥٣ |
| ١٠١. | حزبی (الاشتراكي الیمني) | ٢٥٥ |
| ١٠٢. | حزبی (الشعب الاشتراكي) | ٢٥٨ |
| ١٠٣. | یەکێتی (الشعب الدیمقراطي) | ٢٥٩ |
| ١٠٤. | حزبی (الطلیعة الشعبیة) | ٢٦١ |
| ١٠٥. | حزبی (الجبهة القومیة لتحریر الیمن الجنوبي المحتل) | ٢٦٤ |
| ١٠٦. | **حزب و ێکخراوە مارکسیەکان لەلیبیا:** | ٢٧١ |

| | | |
|---|---|---|
| .١٠٧ | شیکردنەوەیەکی گشتی | ٢٧٢ |
| .١٠٨ | چەپی نوێی و ڕەوتی سۆسیالیزمی شۆڕشگێری | ٢٧٩ |
| .١٠٩ | **کۆتایی** | ٢٨٩ |
| .١١٠ | **پاشکۆی کەسایەتیەکان** | ٢٩٩ |
| .١١١ | ئەحمەد جبریل | ٣٠١ |
| .١١٢ | ئەلیاس مرقص | ٣٠٢ |
| .١١٣ | ئەنومر عەبدولمەلیك | ٣٠٤ |
| .١١٤ | جورج حاوی | ٣٠٦ |
| .١١٥ | جورج حەبەش | ٣٠٨ |
| .١١٦ | حمە ئەلهومامی | ٣١٠ |
| .١١٧ | خالد ئەحمەد زەکی | ٣١٢ |
| .١١٨ | خالد موحیەدین | ٣١٤ |
| .١١٩ | خالد بەگداش | ٣١٦ |
| .١٢٠ | ریاض ئەلتورك | ٣١٨ |
| .١٢١ | سەلام عادل | ٣٢٠ |
| .١٢٢ | زەکی موراد | ٣٢٢ |
| .١٢٣ | سەلیم ئەلفەخری | ٣٢٤ |
| .١٢٤ | عەبدولرەحیم بوعوبید | ٣٢٦ |
| .١٢٥ | عەبدولخالق مەحجوب | ٣٢٨ |
| .١٢٦ | عەبدولفەتاح ئیسماعیل | ٣٣٠ |
| .١٢٧ | عەزیز ئەلحاج | ٣٣٣ |
| .١٢٨ | قەحتان ئەلشەعبی | ٣٣٥ |
| .١٢٩ | لویزە حنون | ٣٣٧ |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .١٣٠ | موحسن ئیبراهیم | ٢٣٩ |
| .١٣١ | موحەمەد ئیبراهیم نەقد | ٢٤٠ |
| .١٣٢ | مەحمود حوسنی ئەلعورابی | ٢٤٢ |
| .١٣٣ | مەصالی ئەلحاج | ٢٤٤ |
| .١٣٤ | نایف حەواتمە | ٢٤٧ |
| .١٣٥ | نقولا ئەلشاوی | ٢٤٩ |
| .١٣٦ | یوسف سەلمان (فەهد) | ٢٥١ |
| .١٣٧ | سەرچاوەو پەراوێزەکان | ٢٥٤ |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

مارکسیزم، ڕێبازێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیە، داهێنەرەکەشی کارل مارکس بووە، ئەم ڕێبازە هزرییە لەوەدا کورت دەکرێتەوە، کە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان، لە ئایندەیەکی نزیك یان دوور، دەبنە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، لەم بارەدا سامان و دام و دەزگاکان دەبنە موڵکی گشتی، هەر تاکێك لەکۆمەڵگە نرخی کارەکەی خۆی بەتەواوی وەردەگرێ، هەروەها پێداویستیەکانی ژیانیشی بۆ دابین دەکرێت، بەڵام ئەم کۆتاییە، تەنها بەهەوڵ و تێکۆشانی چینی پرۆلیتاریا دێتە دی.

ئەم ڕێبازەش ناوی لێنراوە (سۆسیالیزمی زانستی) بۆ جیاکردنەوەی لەهزرو ڕێبازە سۆسیالستیەکانی دیکە.

هزری سۆسیالستی، هزرێکی نامۆنیە لەوڵاتانی عەرەبی، بۆ نموونە پێڕەوکارانی (سان سیمون) [1] لەساڵی (١٨٢٥)ز کە گەیشتونەتە وڵاتی میسر، لەوێدا بیرۆکەی (نۆکەندی سویس) یان لەگەڵ پاشای میسر (محمد علی) باس کردووە.

ئەو گروپە ماوەیەك لەمیسر ماونەتەوە، لەو ماوەیەدا دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە کە هزری سۆسیالستی بڵاوبکەنەوە، هەندێکیان هەستاون بەدروستکردنی قوتابخانەیەك، لەگەڵ چەند کێڵگەیەکی کشتوکاڵی، بۆ پراکتیك کردنی ئەو تیۆرەی باوەڕیان پێی بووە.

هەروەها لەنووسینەکانی (رفاعة الطهطاوي) لەمیسر ساڵی (١٨٦٩)ز باسی جۆرێك لەسۆسیالستی هاتووە، دواتر نووسینەکانی (شبلي شميل و فرح انطوان) لەساڵی (١٩٠٨)ز کەبەسەرەتای دەرکەوتنی هزری مارکسیەت دادەنرێت.

ئەو نووسەرانەو زۆری دیکەش، دەربارەی تیۆری داروینزم و بیرو بۆ چوونەکانی سان سیمون و سۆسیالیزمی فابیزمیان نووسیوە.

سەرەڕای وەرگێڕانی نووسینەکانی (کارل مارکس) و (فریدریك انجلز) کەگەیشتونەتە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، هەروەك (مانیفیستی کۆمۆنیستی) لەساڵی ۱۹۲۲ز خرایە سەر زمانی عەرەبی.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی لەساڵی ۱۹۱۷ز، کاریگەرییەکی هەست پێکراوەی هەبووە لەسەر[٢] گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیروباوەرەکانی مارکس، کۆمەڵە کەسانێکی زۆر، بەهۆکاری جۆراو جۆر لەوڵاتانی میسر، لوبنان، فەلەستین، عێراق، ئەو بیرو بۆچوونانەیان بڵاوکردۆتەوە، ئاکامەکانیش پێکهێنانی سەرەتاکانی رێکخستنی کۆمۆنیستی بووە لەو وڵاتانەو تێکڕای ناوچەکە.

لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو، نێونەتەوەی سێیەم (کۆمنتێرن)، چالاکیەکانی ڕووی لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، لەو وڵاتانە چەندین لق و رێکخستنی مارکس پێکهاتووە بە ئاگاداری کۆمنتێرن، بەڵام ئەرکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخستنانە، ڕاستەوخۆ لەئەستۆی حزبە شیوعیەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی بووە، کە هێزەکانیان وەڵاتانی وەك مەغرب، جەزائیر، تونس، میسر، فەلەستین، لوبنان، سوریا یان داگیر کردبوو.

## دامەزراندنی نێونەتەوەیی سێیەم (کۆمنتێرن)[٣]

لەنێوان (٢/حوزەیران ٦/ئازاری/١٩١٩) یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمنتێرن، بەسترا، بە بەشداریکردنی نوێنەرانی(٣٥) حزب و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی، لەو کۆنگرەیە یەکەم لیژنەی جێ بەجێ کردنیان هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتیکردنی چالاکیەکانیان.

لەکۆنگرەی دووەمی کۆمنتێرن، کەلەشاری (بترۆگراد) بەسترا لە ١٩/تەمووزی/١٩٢٠، یاسای ناوخۆی ئەو دامەزراوەیە بڕیاری لەسەردرا، لەو یاسایەدا هاتبوو، کۆنگرەی نێو

نەتەوەیی، ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی (کۆمنتێرن)ە، بەرنامەی لقەکان لەلایەن ئەوەوە پەسند دەکرێت و چارەسەر بۆ کێشە بنچینەییە پەیوەندارەکانی کۆمنتێرن دەدۆزێتەوە، هەروەها بریار لەسەر ژمارەی ئەو دەنگانە دەدات کە بۆ هەر لقێك دەگەڕێتەوە، لەگەڵ پێوەر بۆ نوێنەرایەتیکردن لەکۆنگرەی جیهانی، ئەوەش بەپێی قەبارەی ئەندامیەتی و گرینگی ئەو وڵاتە دەبێت، هەر کۆنگەرەش ئەنجومەنی جێ بەجێکردن هەڵدەبژێرێت کەسەرپەرشتی چاڵاکیەکانی کۆمنتێرن و لقەکانی دەکات لەنێوان دوو کۆنگرەدا.

کۆنگرەی دووەم، بڕیاریدا لەو وڵاتەی بارەگای کۆمنتێرنی تیادا دەبێت، حزبی شیوعی ڕۆڵی سەرەکی لەچالاکیەکانی ئەنجومەنی جێ بەجێکردن دەگێڕێ، هەروەها بە (٥) ئەندامی بڕیاردەر بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی دەکات بەلای کەم، لەکاتێکدا هەر حزبێك لەو (١٢) حزبەی زیاتر جێگای گرینگین، هەریەکە یەك نوێنەری لەئەنجومەنی جێ بەجێکردن دەبێ، بەلام حزبەکانی دیکە مافی بەشداریکردنیان بەیەك نوێنەر دەبێ، ئەوش بەشێوەی ڕاوێژکار لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەن.

هەر هەمان کۆنگرە، بڕیاری لەسەر ئەو (٢١) مەرجەدا کەپێویست دەکات بۆ وەرگرتنی ئەندام لەکۆمنتێرن ، یەك لەو مەرجانەش بریتیە لەوەی، بەرنامەی هەر حزبێك دەبێ لەلایەن کۆمنترنەوە یان ئەنجومەنی جێ بەجێکردنەوە پەسندبکرێت، هەروەها هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب دەبێ لەسەر بنمای ناوەندێتی دیموکراسی بێت.

کۆنگرەی سێیەمی کۆمنتێرن کە لەنێوان (١٢/حوزەیران – ١٢/تەمووز/١٩٢١) بەسترا، گرینگیەکی زۆری بەکاری ڕێکخراوەیی داوە، هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا کە شاری مۆسکۆ بکرێتە بارەگای ئەنجومەنی جێ بەجێکردن.

کۆنگرەی چوارەم، کە لەنێوان (٥/تشرینی دووەم – ٥/کانوونی یەکەمی/١٩٢٢) بەسترا، باسی لەوە کردووە کە پێویستە کۆمنتێرن بکرێتە حزبێکی شیوعی جیهانی.

کۆنگرەی پێنجەمی کۆمنتێرن ، کە لەنێوان (١٧/حوزەیران – ٨/تەمووز/١٩٢٤) بەسترا، بڕیاریدا، کۆبوونەوە فراوانەکانی ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردن، بەشێوەیەکی کردەیی شوێنی کۆنگرە بگرێتەوە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی لەژیان و چالاکیەکانی کۆمنتێرن بگێڕێ.

کۆنگرەی شەشەم، کەلەنێوان (١٧/تەمووز – ١/ئەیلولی/١٩٢٨ بەسترا، بوو بەهۆی ئەوەی کەحزبی شیوعی سۆڤیەتی بەرابەرایەتی ستالین، زاڵ بێت بەسەر پێگەی بڕیار لە ئەنجومەنی جێ بەجێ کردنی کۆمنتێرن.

بەڵام لەکۆبوونەوە فراوانەکانی ئەنجومەنی جێ بەجێکردن کەلەساڵی ١٩٣٢ بەسترا بوون، هەندێ بیروڕا دەخرانە ڕوو، باسیان لەمەترسی گواستنەوەیەکی میکانیکی ئەزموونی حزبی شیوعی سۆڤیەتی دەکرد، ئەوبیرو بۆچوونانە داوای فراوان بوون و سەربەخۆیی ڕۆڵی لقەکانی کۆمنتێرنی دەکرد.

کۆنگرەی حەوتەمی کۆمنتێرن لەمۆسکۆ، کەلەنێوان (٢٥/تەموززی – ٢٠/ئابی/١٩٣٥) بەسترا، لەبارودۆخێکی نێودەوڵەتی نائاسایی بوو، بەهۆی سەرکەوتنی (هتلەر) بۆ سەردەسەڵات لەئەلمانیا.

جۆرجی دیمتڕۆف و هەندێ لەسەرکردەکانی دیکەی کۆمنتێرن، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەپێویست دەکات شێوازەکانی کارکردن و سەرکردایەتی لەناو کۆمنتێرن گۆڕانی بەسەردا بێت.

هەر لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، هەندێ پێش نیازو بیروڕا خرانە ڕوو، دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمنتێرن، تابەفەرمی لە ٩/حوزەیرانی/١٩٤٣ بڕیاری لەسەر درا.

بیری مارکسییەت، لەهەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی، لەچەند ڕێگایەکەوە گەیشتۆتە ولاتانی عەرەبی:[٤]

١. ئەو جولەکانەی کۆچیان دەکرد، لەئەوروپای ناوەڕاستەوە، بۆ فەلەستین.

٢. ئەو ئەرمەنیانەی کە لەترسی کوشتاری عوسمانیەکان، هەڵدەهاتن بەرەو سوریا و لوبنان.

٣. ئەو دیلانەی کە لەجەنگی یەکەمی جیهانیەوە، لەلایەن سوپای روسیاوە ئازدکران.

٤. هەردوو حزبی شیوعی بەریتانی و فەرەنسی کە هەوڵیان داوە، لەو وڵاتانەی لەلایەن هێزی دەوڵەتەکانیانەوە داگیرکراون، رێکخراوی کۆمۆنیستیان تیادا دروست بکەن.

هەر لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، بەکاریگەری زۆر هۆکار، گۆڕانێکی چۆنایەتی هەستپێکراو ڕوویدا لەسەر ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە زۆربەی وڵاتەعەرەبیەکان بەشێوەیەکی گشتی.

رێکخستن و بازنە مارکسیەکان زیاتر گەشەیان کردووە، ڕەگ و ریشەیان لەناو جەماوەر چەسپاوەو بە تواناتر بوونە، دوای پەیدابوونی ژمارەیەك کادیری بەبیرو باوەڕو بەتوانا لەزۆر ناوچەدا.

حزبە مارکسیەکان هەوڵیانداوە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانە شی بکەنەوە هێزە کۆمەڵایەتیەکان دەست نیشان بکەن، ئامانجەکانیان لەچەند خاڵێك چڕبکەنەوە، وەك: خەباتکردن لەدژی داگیرکاری بیانی و بەدەست هێنانی ئازادی، سەرەڕای داواکارییە جەماوەریەکان دەربارەی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها بەپیشەسازیکردنی وڵات، دەرکردنی ئەو یاسانەی لەبەرژەوەندی چینی کرێکارو زەحمەتکێش و جوتیاردان، دامەزراندنی سەندیکای کرێکاری، چاکسازی لەبواری کشتوکاڵی، نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لەساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، نووسینێکی زۆری مارکسیە عەرەبەکان، چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە، لەم بارەوە ژمارەیەکی زۆری نووسەر دەرکەوتوون، لەوانەی دەربارەی هزری مارکسییان نووسیوە، وەك: احمد صادق سعد،

هەواڵنامەی کتێب

محمود حسين، انور عبدالملك، عادل غنيم، سمير امين، محمود أمين العالم، فؤاد الخولى (ميسر)، عصام الخفاجى (عيراق)، جعفر زين (يەمەن)، خالد المنوبي، طيب تيزني، ادونيس، صادق جلال العظم(سوريا)، هشام شرابى (فەلەستين)، عبدالله العروى (مەغرب).

بزووتنەوەی كۆمۆنيستی لەولاتانی عەرەبيدا رەهەندێكی كۆمەلايەتی وەرگوتووە، بەجەختكردنی لەسەر رێبازی سۆسياليزمی، وەك چارەسەرەيەك بۆكێشەی دواكەوتنی كۆمەلايەتی و ئابوری، هەروەها بەربەرەكانی كردنی ئيستعمارو پاشكۆيی ئابووری.

بەلام ئەوەی ناكرێ نكۆلی لێ بكرێت، ئەو حزبانە كەوتوونەتە داوی چەق بەستوويی هزری (دوگما)، ئەوان لەشيكردنەوەكانيان بۆ بارودۆخی كۆمەلايەتی و ئابوری كۆمەلگاكان سەركەوتوو نەبوونە.

ئەو ئامانجانەی كە نەخشەيان بۆ كێشاوە، لەدادپەروەری كۆمەلايەتی و هەوڵدان بۆ گۆڕينی بارودۆخی كۆمەلايەتی، لەدەست نيشان كردنی هێزە پێشكەوتنخوازو كاراكانی ناو كۆمەلگەو هێزە دژەكان، شيكردنەوەكانيان لەگەل قۆناغی مێژووی كۆمەلگاكان سەركەوتوو نەبووە.

ديارە ئەم حالەتەش بووە بەهۆی سەرهەلدانی ململانێ و ناكۆكی ناوخۆيی، لەناو ئەو حزب و رێكخراوە ماركسيانە، كەتارادەيەكی گەورە لاوازيانی كردووە، هەروەها بەشی زۆريان ناچاربوون دەستكاری بەرنامەی سياسی و كۆمەلايەتی خۆيان بكەن، تێروانينيان بۆ بارو دۆخی كۆمەلگاكان و دەست نيشانكردنی هێزەكانی پێشكەوتنخوازو روو لەگۆڕان، لەگەل ئەو دژە هێزانەی ديكە، گۆڕانی بەسەر دابێت.

ئەمەو سەرەڕای گۆڕينی هەندێ دەستەواژەو ئەو زاراوانەی بەكاريان دەهێنا، بۆ ئەوەی باشتر لەگەل باری راهاتووی كۆمەلگا بگونجێ و نزيك بێتەوە، سەرەڕای ئەوەش لەلايەن جەماوەری فراوانەوە جێگای قبولكردن بێت.

هەر بەپێی تۆژینەوەکان، دەربارەی دروست بوونی حزبە شیوعیەکان و هەڵسەنگاندنی ئەزمونەکانیان[٥]، دەگەینە چەند دەرئەنجامێك، کەدروست بوونی ئەو حزبانە لەئەنجامی پەرەسەندن و ئامادەیی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایانەوە نەهاتۆتەدی، بەرادەی کاریگەری شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی رووسی و هەوڵەکانی کۆمنتێرن بۆ دروستکردنی رێکخراوی مارکسی و بڵاوبوونەوەی هزری سۆسیالستی لەو وڵاتانەدا، واتە رۆڵی کاریگەر بۆ هۆکاری دەرەکی دەگەرێتەوە لەم بارەوە، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆ چوونە:

١. زۆربەی ئەو رێکخستنە مارکسیانە لەرێگای خەڵکی دەرەکیەوە دامەزراون، هەروەك لە وڵاتانی تونس، جەزائر، فەلەستین، میسر، لوبنان، ئاشکرایە.
٢. ئەزموونی مێژوویی ئەو حزبانەو رووداوەکان لە وڵاتانی عەرەبی، ئەوە دەسەلمێنن کەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری لەئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو هزرە نەبوونە.

دیارە دوای گۆرانکاریەکانی ناو (یەکێتی سۆڤیەت) و وڵاتانی سوسیالست لە ئەوروپا لەنەوەدەکانی سەدەی بیستەم، زۆرێك لەحزبە مارکسیەکان لەوڵاتانی عەرەبی، گۆران بەسەر بەرنامەکانیاندا هاتووە، ناوەکانیان گۆریوە، هەروەها کرانەوە بەرامبەر بەدیموکراسیەت و پلۆرالیزم لەهەڵوێستەکانیان روویداوە.

لەپاڵ ئەوانەشدا هەندێ حزبی کۆمۆنیستی توندرەو لەگەڵ زۆرێك لەگروپو رێکخراوی تر، لەژێر ناوی جیاواز و بیروبۆ چوونی مارکس و تروتسکی و ماوی لەوڵاتانی عەرەبی دروست بوونە.

ئەوی لەم نووسینەدا هەوڵدراوە روونبکرێتەوەو بخرێتە روو، بەسەر هاتی هزری (مارکس – لینینیە) لەوڵاتانی عەرەبیدا، کە خۆی بەرجەستەکردووە لەپێکهێنانی حزب و رێکخراوەکان، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئەمرۆ.

دیاره لەمیانەی ئەو باسە مێژووییە دورو درێژەدا، ئاماژە بۆ شێوازی دروست بوونی ئەو حزبانە کراوە، باسی ململانێ و ناکۆکی و ئەو جیابوونەوانەی روویانداوە، لەگەڵ نـاوی کەسـە سـەرەکیەکانی هـەر حـزب و رێکخراوێـک، سـەرەرای بەرنامـەو ئامانجەکانیان.

لـەم بـوارەدا رەنگـە هەنـدێ ئـالۆزی و تێکـەڵاوی بەرچـاو بکـەوێت، بـەهۆی دووبـارە بوونـەوەی نـاوی هەنـدێ لەسـەرکردەکان زیـاتر لەجێگایـەک، یـان دوو بـارە دروست بوونەوەی حزبێك یان رێکخراوێك زیاتر لەماوەیەك.

لەدوابەشی کتێبەکە پاشکۆیەك ئامادەکراوە بـەناوی سـەرکردەکان، بـۆ زیـاترو باشـتر روونکردنەوەی بابەتەمێژووییەکە.

لەرێزبەنـدیکردنی نـاوی حـزب و رێکخراوەکان، وڵات لـەوڵات پـەیرەوی جـۆری پیتـی ئەبجەدی کراوە، هەروەها بۆ ناوی سەرکردەکان.

دیاره کارێکی لەم جۆرە، ئاسان نیە بێ کەم و کورتی بێت، لەبەر زۆر هۆ، رەنگـە هـۆی سەرەکی کەمی سەرچاوە بێت، بەباوەڕی خۆم ئـەو کارەی مـن خستومەتە روو تـەنها سەرەتایەکە بۆ کارێکی تەواو تر و باشتر.

لەگەڵ رێزم

نووسەر

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و ڕێكخراوە ماركسیەكان

# لەئوردن

هەواڵنامەی کتێب

### ١- حزبی شیوعی ئوردنی :

ڕێکخستنی شیوعیەکان لەئوردن ساڵی ١٩٤٨ پێکهات[٦]، وەك لقێکی سەربەحزبی شیوعی فەلەستینی، لەسەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە، فؤاد نصار، یعقوب زیادین، نبیة أرشیدات، عبداللطیف أبوجبارە[٧]، لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە.

ئەم ڕێکخراوە لەساڵی (١٩٥١) لەگەڵ (عصبة التحرر الوطني) یەکیان گرت و حزبی شیوعی ئوردنیان دامەزراندن.

حزب تا ساڵی (١٩٩٣) ڕێگای کارکردنی ئاشکرای پێنەدرابوو، بەڵام لەبەرواری ١٧/کانوونی دووەمی/١٩٩٣ مۆڵەتی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە پێدرا بۆ کار کردن[٨]

دروشمی حزب: ئەی کرێکاران و چەوساوەکانی جیهانی یەکگرن.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب، بەم جۆرەیە :**

کۆنگرەی گشتی، کۆمیتەی ناوەندی، لیژنەی هەرێمەکان، لیژنەی ناوچە، ڕێکخراوەکان، لیژنەی چاودێری حزب لە (٥) ئەندام پێکهاتووە.

حزب (٧) مەکتەبی پسپۆری هەیە، ئەندامە لە ئەنجوومەنی باڵای ڕێکخستنی نێوان حزبەکانی ئۆپۆزسیون.

**بنەماو بۆ چوونەکانی حزب:**

١. پتەوکردنی سەر بەخۆیی نیشتمان و بەرهەڵستیکردنی هۆکارەکانی پاشکۆیەتی ئابووری.
٢. بەدیهێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.
٣. چەسپاندنی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
٤. بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت لەژیانی گشتیدا.
٥. فراوانکردنی بواری دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەرێگای پابەند بوون بەکێشە جۆراو جۆرەکانی کرێکارانەوە.

٦. ئیلهام وەرگرتن لەئەزموونە مێژووییەکەی تێکۆشانی گەلانی سەر رووی زەوی و شارەزاییە هزری و زانستیە مرۆڤایەتیەکانەوە.

٧. لەکێشەکانی توێژینەوەو بیرکردنەوەدا، پشت بە ڕێبازی دیالکتیکی زانستی دەبەستێت، هەروەها سوود لەدەرهاوێشتە زانستیەکانی بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیان و کەلەپوری سوسیالستی وەردەگرێت.

٨. تایبەتمەندی نێوان هەر دوو گەلی ئوردنی و فەلەستینی بەهەند وەردەگرێت.

**ئامانجەکانی حزب:**

ا) پاراستنی سەربەخۆیی ولات، هەروەها پەرەپێدانی سەربەخۆیی ئابووری.

ب) دروستکردنی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و چەسپاندنی کارو بارەکانی.

ج) پاراستنی شێوازی دیموکراسیەت و فرەیی سیاسی.

د) بەرگریکردن لەکێشەکانی بژێوی و ئابووری، بۆ فراوانترین چین و توێژەکانی جەماوەر.

ه) خەباتکردن لەپێناو فروانکردنی سامانی نیشتمانی و گەورەکردنی بنکە مادییەکەی.

و) بەرگریکردن لەکێشەکانی ژنان و لاوان.

ز) دژایەتیکردنی توندرەوەی و تەوژمی بنەماڵەیی و ناکۆکی ناوچەگەری.

**رووداوە سیاسیەکان لەژیانی حزبدا.**

١. ئەم حزبە لەماوەی (١٩٥٥ – ١٩٥٧) گەیشتە لوتکەی گەشەکردنی، ساڵی ١٩٥٦[٩] گەیشتە پەرلەمانی ئوردن و دوو نوێنەری بوون بەئەندام پەرلەمان (د. یعقوب زیادین، فائق وراد).

٢. لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٠) بەهۆی فشارو داواکردنی ڕێکخراوو جەماوەری حزب، بڕیاری دامەزراندنی (هێزەکانی پشتیوانی) دەکرد، ئەو هێزە پێکهاتبوو

لەچەند یەکەیەکی سەربازی، بەمەبەستی بەشداریکردن لەخەباتی چەکداری فەلەستینی.

٢. ئەم حزبە بەرەو رووی رەخنەو تاوانبارکردن بەخیانەت بۆتەوە، بەهۆی پشتگیری کردنی لەداگیرکردنی ئەمەریکا بۆ عێراق ساڵی/٢٠٠٣[١٠].

**ململانێیە ناوخۆییەکانی حزب:**

ئەم حزبە چەندین جار بەرەو رووی ململانێ و جیابوونەوەی ناوخۆیی بۆ تەوە، لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی و رێکخراوەیی و هزری، کە بەم شێوەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

أ. لەسەرەتایی ساڵانی حەفتاکان، بەهۆی ململانێی ناوخۆیی، ژمارەیەك لە کادیرانی حزب جیابوونەوەی خۆیان راگەیاندو ناویان لەخۆیاننا (کادیرە لینینیەکان).

ب. لەسەرەتای هەشتاکان، دوای هەڵبژاردنی (د. یعقوب زیاددین) بەئەمینداری گشتی حزب، دوو بەرەکی لەناو حزب روویدا، باڵێك بەسەرکردایەتی (عیسی مرانات) جیابوونەوەی خۆیان راگەیاندو ناویان لەخۆیاننا (حزبی دیموکراسی سۆسیالست)

ج. لەرووداوێکی دیکەدا ژمارەی (٢١) رێکخراوی لاوان، وازهێنانی خۆیان راگەیاند.

د. ئەم حزبە بۆتە چەند باڵێکی جیاواز، ناوەکانیان بەم شێوەی خوارەوەیە[١١]:

١- حزبی شیوعی ئوردنی، (کادیرە لینینەکان)

٢- حزبی شیوعی ئوردن.

٣- حزبی شیوعی ئوردنی (کۆمیتەی ناوەندی)

٤- حزبی گەلی شۆڕشگێری ئوردنی.

حزب رۆژنامەیەك دەردەکات بەناوی - الجماهیر –

ئەمینداری گشتی حزبەکەش (د. مونیر الحمارنة) یە.

## ٢- حزبی کرێکاری ئوردنی : (العمال الاردني)

حزبێکی چەپڕەوە، لەحزبی شیوعی ئوردنی جیابۆتەوە ساڵی (١٩٩٧)، مێژووی دروست[١٢] بوونی بۆ بەرواری ٢/حوزەیرانی/٢٠٠١ دەگەڕێتەوە، بەسەرکردایەتی (د. یعقوب زیادین)، لەگەڵ (١٦) کادیری سەرکردەی پێشو لەحزبی شیوعی ئوردنی، یەکەم کۆنگرەی لە (٢٠٠٥) بەستووە، ئەمینداری گشتی حزب (د. مازن حنا)یە.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:**

١- کۆمیتەی ناوەندی، ژمارەی ئەندامانی (١٧) ئەندامە.
٢- مەکتەبی سیاسی، ژمارەی ئەندامانی (٩) ئەندامە.
٣- ئەنجومەنی چاودێری حزب، ژمارەیان (٥٠) ئەندامە.

ئەم حزبە خۆی بە حزبێکی (مارکسی – لینینی) دەزانێ، کار بە هەمان شێوازە پەیڕەوکراوەکان دەکات کەلە حزبەشیوعیەکان پیادە دەکرێت.

لەهەڵبژاردنی کۆمیتەی پارێزگاو لیژنەی ناوچەکان، شێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەو خۆ پیادە دەکات، بەڵام کۆمیتەی ناوەندی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.

**لەبنەما سەرەکیەکانی حزب:**

أ. هەوڵدان بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگەی سۆسیالستی.
ب. پارێزگاریکردنی سەربەخۆیی وڵات و خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆیی ئابوری، دوور لەهەموو شێوەکانی پاشکۆیەتی.
ج. بەرگریکرن لەمافی هاوڵاتیان بەگشتی و مافی کرێکاران و کشتیاران بەتایبەتی.
د. دژایەتیکردنی هەموو بەهایەکی ئیمپریالیزمی.
هـ. پەرەپێدان بەپەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەب و کارکردن لەپێناو زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوە سیاسی و ئابورییە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەتە عەرەبیەکان.

و. هەوڵدەدات پەیوەندیکردنی لەگەڵ مەسەلەو پرسە ناوخۆیی و عەرەبیەکان بەردەوامی هەبێت، هەر لەبەر ئەوەش لەیەکەم کۆنگرەی گشتی زاراوەی کرێکاری خرایە سەرناوەکەی.

دروشمی حزب: لەپێناو بەهێزکردنی رۆڵی شیوعیەکان لەکاری نیشتمانی و نەتەوایەتی، حزب هەوڵدەدات بایەخی زیاتر بەکارەکانی بدات، بەمەبەستی بەستنەوەی بابەتە ناوخۆییەکان بەبوارە عەرەبیەکەی.

## ٣- حزبی گەلی دیموکراسی ئوردنی[١٢] (الشعب الديمقراطي)

ئەم حزبە ساڵی (١٩٨٩) دامەزراوە، لە ٢٤/کانوونی دووەمی/١٩٩٣ مۆڵەتی کارکردنی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە پێدراوە.

دروشمی حزب: ئوردن نیشتمانێکی دیموکراسییە.

هەیکەلی رێکخراوەیی :

شانەی بنکەیی، لیژنەی ناوچە، لیژنەی هەرێم، لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، کۆنفرانسی ناوچە، کۆنفرانسی هەرێم، کۆنفرانسی لق، کۆنگرە، کۆنگرەی نیشتمانی گشتی.

حزب (٧) مەکتەبی پسپۆری هەیە، (٥) رێکخراوی دیموکراسی هەیە، ئەندامە لە (٧) لیژنەو ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەندامە لە (٦) ئەنجومەنی عەرەبی و نێو دەوڵەتی .

ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (٣١) ئەندامە، مەکتەبی سیاسی حزب لە (٨) ئەندام پێکهاتووە، هەردوو ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێ.

ئەمینداری گشتی حزب : (احمد يوسف مصطفى)يە.

بڵاوکراوەیەکی هەیە لەژێرناوی (الاهالي) دوو هەفتە جارێك دەدەچێ، یەکەم ژمارەی لەساڵی/١٩٩٠ دەرچووە.

هەوراز نامەی کتێب

**بیروباوەڕی حزب:**

- حزب خەبات دەکات بۆ بەهێز کردنی یەکێتی نێوان چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکان، هەروەها ڕێکخستنیان لەبەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو.
- حزب تێکۆشانی هاوبەشی دەبێت، لەپێناو ئەنجامدانی ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، وەك سەرەتایەك بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەرەو بوونیادنانی سۆسیالستی.
- تیۆری (مارکسیزمی – لینینزم) ڕێ نیشاندەری حزبە بۆ کارکردن و خەبات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی.
- حزب ڕێکخراوێکی سیاسییە، لەسەر بنەمای (ناوەندی دیموکراسی) کاردەکات، کەڕێز بۆ بنەماکانی کاری دیموکراسی دەستەبەدەکات، لەبواری پەیوەندییە ناوخۆییەکان و پەیوەندییە جەماوەرییەکان.،

**ئامانجەکانی حزب:**

١- قوڵکردنەوەی ڕێبازی دیموکراسییەت، لەسەر بنەمای پلۆرالیمزمی سیاسی، حزبی، فیکری.

٢- رزگار بوون لەپاشکۆیەتی، و بوونیادنانی ئابورییەکی نیشتمانی سەربەخۆ.

٣- جێ بەجێ کردنی چاکسازی دیموکراسیانە لەبواری کشتوکاڵی، بۆ بەرژەوەندی جوتیاران.

٤- پەیرەوکردنی سیاسەتێکی پەروەردەیی نیشتمانی دیموکراسی، لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییە ماددی و رۆحییەکان بۆ لاوان و خوێندکاران و پیشەیی و رۆشنبیران.

٥- پشتگیریکردنی تێکۆشانی گەلی فەلەستین لەپێناو مافی گەڕانەوە بۆ خاکی فەلەستین و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین.

٦- پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی رزگاریخوازانەی دژ بەئیمپریالیزم و زایۆنیزم.
٧- یەکسانی بۆ ژنان و پاراستنی مافەکانیان.

## ٤- حزبی – الوحدة الشعبية الديمقراطي – یەکگرتووی میللی دیموکراسی ئوردنی – الوحده:

ئەم حزبە لە ٢/تشرینی/١٩٩٠ دامەزرا، لەژێر دروشمی (ئوردن نیشتمانێکی دیموکراسی،[14] گێڕانەوەی مافە نیشتمانیە سەلمێنراوەکان بۆ گەلی فەلەستین) .
حزب ئامانجە ستراتیژی و ئامانجە قۆناغدارەکانی دیاریکردووە، کە خۆی دەنوێنێ لە: سۆسیالیزم و رزگارکردنی فەلەستین، لەگەڵ دامەزراندنی ئوردن وەك وڵاتێکی دیموکراسی.
یەکەم ئەمینداری گشتی حزب (عزمي الخواجا) بوو، دوای هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی لەئوردن لە(٩/شوباتی/١٩٩٣)، رێگای کاری ئاشکرا بەحزب درا.
ئەمینداری گشتی ئێستای حزب: (د. سعيد ذيابة)یە.
**هەیکەلی رێکخراوەیی حزب بەم جۆرەیە :**

١- کۆنگرەی گشتی، (٤ ساڵ) جارێك دەبەسترێ، کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵدەبژێرێ، کۆمیتەی ناوەندیش، مەکتەبی سیاسی و لیژنەی چاودێری و پشکنین دیار دەکات، کۆنگرەی هەرێم، سەرکردایەتی هەرێم هەڵدەبژێرێت.
٢- حزب (١٠) مەکتەبی پسپۆری هەیە، لەگەڵ (٥) لیژنەی هەرێمایەتی.
٣- حزب ئەندامە لە (٧) لیژنەو ئەنجومەنی نیتشمانی و (٦) ئەنجومەنی عەرەبی و نێو دەوڵەتی.
٤- ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی ساسی حزب (٧) ئەندامن، ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش (٢١) ئەندامن.

هەولێرنامەی کتێب

**هزری حزب:** (١٥)

١- حزب لەبەر رۆشنایی هزری ماتریالیزمی دیالیکتیکی و تیۆری سۆسیالستی زانستی کاردەکات، سوودیش لەهەر بیرو باوەڕێکی زانستی وەردەگرێت کەلە بەرژەوەندی مرۆڤ و پێشکەوتندا بێت.

٢- حزب کاردەکات بۆ زیندوو کردنەوەی هەموو لایەنە پێشکەوتنخوازو مرۆڤایەتیەکان، لەکەلەپوری عەرەبی و ئیسلامی.

٣- حزب تێدەکۆشێت لەپێناو جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجانە:

- دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی دیموکراسی، کەسەرچاوەی دەسەڵاتەکانی گەل بێت.
- بەهێزکردن و قوڵ کردنەوەی دیموکراسییەت لەئوردن.
- کارکردن لەپێناو بەهێز کردنی پەیوەندییە عەرەبیەکان، لەسەربنچینەی دیموکراسیەت و بەمەبەستی بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب.
- حزب بەشێکە لەو هێزە رزگاریخوازانەی کاردەکەن لەپێناو دیموکراسیەت و ئاشتی و پێشکەوتن.

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان
# لەولاتی بەحرێن

**١- حزبی شیوعی بەحرێنی : ( الشیوعي البحريني ) :**

بیرۆکـەی دامەزرانـدنی ئـەم حزبـە بـۆ کاریگـەری حزبـی شـیوعی ئێرانـی (تـودە) دەگەڕێتـەوە[١٦]، دروشمـی بـژی برایـەتی (ئێرانـی و بـەحرێنی)ی بـەرزکردبۆوە، چالاکیەکانی چڕکردبۆوە دژ بەبوونی بەریتانیا لەناوچەی کەنداو، کەبەشێوەیەکی نهێنی و سنوردار بەڕێوە دەچوو.

ئەندامانی ئەم حزبە بریتی بوون لە کۆمەڵە گەنجێك کە زیاتر لەدەرەوەی وڵاتی بەحرێن دەردەکەوتن.

ئامانجـەکانی حـزب، بریتـی بـوون لەچەسپاندنی ژیـانی دیموکراسـیەت، لەچـوار چـێوەی[١٧] بنەمانیشـتمانیەکان، هـەروەها هەوڵیـداوە خـۆی لـەدیاردەی تائیفیـەت و ململانێیەکان بەدوور بگرێت.

کـاری ڕێکخراوەیـی حـزب لەسەر هـەمان شـێوازی حزبـە شـیوعیەکانی دیکـە بـووە، هەروەها بەپێی بنەماکانی (پەیمانی کاری نیشتمانی) پالپشتی شا (حمد بن عیسی آل خلیفة)ی کردووە.

دامەزرێنەرەکەی (علی بن الحر) بوو.

**٢- بەرەی ڕزگاری ڕۆژهەلاتی دورگەی عەرەب، ( جبهة تحرير شرق الجزيرة العربية )[١٨]**

ڕێکخراوێکـی نهێنیـە، لەسـەرەتا ی حـەفتاکانی سـەدەی بیسـتەم دامـەزراوە، لەسەرئاسـتێکی فـراوان لـەناو بـەحرین نەناسـراوە، پـەیرەوی (هـزری (مارکسـی – لینینی) دەکات.

لەسەر کردە ناودارەکانی ئەم ڕێکخراوە (عبدالله احمد المجرن، احمد قاسم عبدالرسول، مصطفی حسین علوي، عوض عبید البیاتي).

بـەهۆی هەڵمـەتێکی فراوانـی دەسـەلات دژ بـەم ڕێکخـراوە، لەسـاڵی (١٩٧١) ژمارەیـەکی گەورەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە زیندانی کراون.

**٣- بەرەی رزرگای نیشتمانی بەحرین، ( جبهة التحرير الوطني البحريني )[١٩] :**

چالاکترین ڕێکخراوە مارکسیەکانە لەبەحرین، لە ١٥/شوباتی/١٩٥٥ بەشێوەیەکی نهێنی دامەزراوە، چەندین لق و بازنەی بچووکی لێ بۆتەوە، کاریان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرە کردووە، بەرە لەسەرەتای دەست پێکردنی بەچالاکیەکانی چەند کەسانێکی بەرەچەڵەك ئێرانی، لەناو ئەو ڕێکخراوە رۆڵیان هەبووە.

ئەم بەرەیە چالاکیەکانی لەناو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی بەحرین (بابکۆ) گەشەی کردووە، هەروەها لەناو خوێندکارو فەمانبەران، چالاکیەکانی بەرە گەیشتۆتە ئەو خویندکارە بەحرینیانەی لەدەرەوەی وڵات دیانخوێند، بەتایبەتی لەشارەکانی قاهیرە و مۆسکۆ. بەرە لەساڵی (١٩٦٢) بەرنامەی سیاسی خۆی بلاوکردەوە، لەو بەرنامەیەدا، هاتبوو: بەرەکار دەکات لەپێناو بەدیهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی سەربەخۆ، دوور لە چاودێری بیانی، هەروەها نەهێشتنی بنکە سەبازییە بیانیەکان و دامەزراندنی دامەزراوە دیموکراسیەکان و دانانی دەستور بۆ وڵات، لەگەڵ پێکهێنانی پەرلەمان و ئەنجومەنە شارەوانیەکان.

لەبواری ئابوریشدا، بەرنامەکەی بەرە ئاماژەی بۆ ئەم بابەتانە کردووە:

گەشەپێدانی ئابووری نیشتمانی، دامەزراندنی پیشاسازی نیشتمانی و وەبەرهێنانی نەوت و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئەنجامدانی چاکسازی کشتوکاڵی، دەست گرتن بەسەر بانکەکان و بازرگانی دەرەکی.

بەرنامەکە بوارەکانی دیکەی لەبیرنەکردووەو بەکورتی ناویان دەهێنێ، وەك: دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی ، پەرەپێدانی فێربوون، بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و دابین کردنی مافی ژنان و یەکسانیان بەپیاوان لەهەموو بوارەکان.

هەروەها لەبەرنامەکەیدا هاتبوو: خەباتکردن شان بەشانی بزووتنەوە رزگاریخوازەییە عەرەبیەکان، بۆ دژایەتیکردنی ئیستعمارو زایونیزم.

کتێبخانەی کوردی

لەڕووی ڕێکخراوەییەوە، بەرە چەندین لقی لەشارەکانی : قاهیرە، دیمەشق، بەیروت، موسکۆ، کردۆتەوە.

لەبۆنە نیشتمانیەکانی بەحرین، بەرە چەندین بەیاننامەی دەرکردووە، داوای لەهێزە نیشتمانیەکانی کەنداوی عەرەبی کردووە کەبەرەو ڕووی ئیستعمار ببنەوەو ئازادی و سەربەخۆیی بەدی بهێنن و پچڕپچڕی کۆتایی پێ بهێنن.

بەرە لەرۆژی ١٩/ئازاری/١٩٦٦ بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر راپەڕینە نیشتمانیەکەی بەحرین، هەستا بە تەقاندنەوەی دوو ئۆتۆمبیل کە بۆ دوو ئەفسەری هەوالگری دەگەڕێنەوە، ئەو دوو ئەفسەرەش : ١- لنکۆلن بوبی بەریتانی، ٢- احمد محسنی ئوردنی.

لەسەرکردە دیارەکانی بەرە: محسن حمید مرهون، أحمد الزوادی (ناسراو بەسیف بن علي)، د. عبدالهادی خلف، محمد حسین نصر الله، عبدالله الراشد، ابراهیم بشمی، یوسف العجاجی، بەرە گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی (النضال)، وەك ئۆرگانێکی ناوەندی .

لەساڵی (١٩١٧) بەرە، یاداشتێکی بەرزکردەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەربارەی چارەنووسی بەحرین و ئەو کێشانەی کەدروست بوونە لەگەڵ ئێران، هەروەها بەرە نارەزایی بۆ هەموو شێوەکانی ئیستعماری بەریتانی دەربڕی لەبەحرین، جەختیشی لەسەر مافی گەلی بەحرین دەربڕیوە، بۆ بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی.

بەرە بەرەو ڕووی دەسەڵات بۆ تەوە، وەك لایەنێکی ئۆپۆزسیون کاری کردووە، لەناو وڵات ڕێگای کاری ئاشکرای لێگیراوە، چەندین کادیرو ئەندامانی چالاکی لەزینداندان، وەك: محمد علی العرداوی، فؤاد عبید، محمد الیمانی، هەروەها چەند ئەندامێکی بۆ دەرەوەی وڵات هەڵهاتوون، بۆیە بەرە ناچار بوو چالاکیەکانی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی شارەکانی وەك قاهیرە و کوێت.

بەرە لەناوەڕاستی حەفتاکان، لەگەڵ بەرەی میللی لەبەحرین، ڕێککەوتن لەسەر زیندوو کردنەوەی (یەکێتی کرێکاران)ی بەحرین، هەروەها بەشداریکردن لەرێکخستنی قوتابیان لەدەرەوەی بەحرین و لەژێر ناوی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی بەحرین)

بەرە هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالستە عەرەبییەکان پەرەپێبدات، هەروەها لەگەڵ (یەکێتی سۆڤیەت) بەمەبەستی پەیداکردنی پشتیگری و کۆمەک.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان

# لەتونس

هەواڵنامەی کتێب

١- **حزبی شیوعی تونس (بزووتنەوەی نوێکردنەوە):**

ئەم حزبە لەمێژووی ٢٠/ئایاری/١٩٢٠ دروست بووە، لەسەردەمێك کەئیستعماری فەرەنسی[٢٠] وڵاتی تونسی داگیر کردبوو، بۆیە بزاڤی شیوعیەت لەتونس درێژە پێدانێك بوو بۆ حزبی شیوعی فەرەنسی.

ئەم حزبە یەکەم جار بەناوی (کۆمەڵەی لاوانی سۆسیالست) ناسرا، دواتر لەمانگی تشرینی دووەمی/١٩٢١، ناوەکەی گۆڕاو بوو بە (لاوانی کۆمۆنیست).

ساڵی ١٩٣٦ لەسەردەمی (بەرەی میللی) کە لەفەرەنسا دەسەڵاتی گرتە دەست، شیوعیەکانی تونس دەرفەتی چالاکیان بۆ رەخسا، چالاکیەکانیان گەشەی کردو لەناوجەماوەر، هەروەها لەدژی فاشیەت پەرەی سەند.

لەو کەسانەی کە سەرکردایەتی بزاڤی شیوعیەتیان دەکرد لەتونس (علی جراد، حسن السعداوی، جورج شمامە، ئۆگست فور، جورج عمرة) لەتێبینی کردنی ناوەکان دەردەکەوێ کەسەکانی ئەو سەرکردایەتیە تێکەڵبوون لەخەڵکی فەرەنسی و تونسی.

شیوعییە تونسیەکان، سوودی زۆریان وەرگرت لەبەشداریکردنی حزبی شیوعی فەرەنسی لەدەسەڵات لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم، ئەوان لەو سەردەمە دروشمی یەکگرتنیان لەگەڵ فەرەنسا هەڵگرت، کەدژ بوو لەگەڵ بنەماکانی سەربەخۆیی بۆ وڵاتی تونسی، لەم دروشمەش دوور نەکەوتنەوە تاکۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم.

دوای سەربەخۆیی تونس، حزبی شیوعی لەو وڵاتە، هەولیداوە سیاسەتێکی نیشتمانی تونسی(٢١) پەیڕەو بکات، هەروەها ڕێبازی رەخنە لەخۆگرتنی بەکار هێنا، بەتایبەتی دەربارەی هەڵویستەکانی لەسەردەمی خەباتی رزگاریخوازیدا.

ساڵی ١٩٥٩ حزبی شیوعی لەتونس بەشداری لەهەڵبژاردن کرد، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، هەروەها بەردەوامیش بوو لەدەرکردنی رۆژنامەکانی (الطليعة، المنبر التقدمي)

حزبی شیوعی لەتونس، دوای دەست پێکردنەوەی بەچالاکیەکانی لەسالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، رۆژنامەی (الطریق الجدید)ی دەرکرد، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبەکانی ئۆپۆزسیون رێکخست، بەشداری لەهەڵبژاردنی ساڵی (١٩٨٩) کردو رێژمیەکی کەمی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

ئەم حزبە لەبەرواری (١٥/ئەیلولی/١٩٩٣) ناوی خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەی نوێکردنەوە.

**هزرو بنەماکانی حزب :**

- تونس وڵاتێکی عەرەبیە، بەشێکە لەوڵاتانی رۆژئاوای عەرەبی، پەیوەندییەکانی مێژوو هاوکاری کۆیان دەکاتەوە، لەچوار چێوەیدا خەباتیان دژ بەئیستعمار بەردەوام دەبێت.
- حزب داوای ستراتیژییەتێك دەکات بۆ یەکگرتن، تەنها بەهۆی یەکگرتنەوە سەربەخۆیی و پێشکەوتن دێتەدی.
- پرۆسەی یکگرتن دەکەوێتە ناو پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەن، لەچوارچێوەی یەکگرتنێکی ئەقلانی و[٢٢] واقیعی وڵاتانی رۆژئاوای عەرەبی.
- ناسیونالیزمی بورژوازی، توانای جێ بەجێکردنی یەکگرتنی نیە، لەبەر ئەوەی توانای دیاریکردنی رێگای ئایندەی نیە، لەئاست جیهانی سەرمایەداریدا.
- یەکگرتن تەنها بەرابەرایەتی چینی کرێکار جێ بەجێدەبێت، چونکە تەنیا ئەوە دژایەتی ئیمپریالزم دەکات.

**حزب و گۆڕانکارییەکانی تونس:**

ئەم حزبە، دەربارەی رووداوەکانی[٢٣] ئەم چەند ساڵە کەلەتونس روویانداوە، وەك راپەرینی جەماوەری کەبوو بە هۆی گۆڕین لەسیستمی دەسەڵاتدا و هەڵاتنی سەرۆکی دەوڵەت (زین العابدین بن علي) بۆ دەرەوەی وڵات، بەشدارییەکی چالاکی

لەرووداوەکاندا هەبووە هەر لەسەرەتاوە، سەرەڕای دەرکردنی چەندین بەیاننامە کە هەڵوێست و بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەئاست رووداوەکانی خستۆتە ڕوو.

هەر دوا بەدوای رووداوەکانی شاری (سیدی بۆ زید) حزب لەبەیانێکیدا داوای ئابلۆقە هەڵگرتنی سەر شارەکەی کردووە، لەگەڵ ئازاد کردنی بەندکراوەکان و ڕێگادان بەراگەیاندنەکان کەکاری خۆیان ئەنجام بدەن، هەروەها لێکۆڵینەوە لەبەرپرسان بکرێت دەربارەی رووداو کارە توندو تیژییەکانیان.

لەمێژووی ١١/کانوونی دووەمی/٢٠١١، بیروبۆ چوونەکانی ئەم حزبە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، حزب داوای لەهێزە سیاسیەکان و یەکێتی گشتی کرێکارانی تونس کردووە، کەڕیزەکانی خۆیان یەك بخەن بەرامبەر بەو سیاسەتەی دەسەلأت و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای کێشەکان بدەن بەهەستێکی نیشتمانی.

## ٢- حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی : (العمال التونسی)

ئەم حزبە لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٥) یان لە (٣/کانونی دووەمی/١٩٨٦) دامەزراوە، حزبێکی (مارکسی لینینە) لەلایەن چەند سەرکردیەکی رێکخراوی کرێکارانی تونسەوە پێکهاتووە ، ئەگەر چی مۆڵەتی کارکردنی فەرمی پێنەدرا، بەڵام بەشدارییەکی گەورەی لەچەسپاندنی رەگ و ریشەی خەباتی سەندیکایی و سیاسی دیموکراسی کردووە، بەرەو رووی هێرشی دەمکوتکردنی توند بۆتەوە بەتایبەتی لەساڵی ١٩٨٦.

ئەم حزبە سەرەڕای وەفای بۆ هەندێ بیروباوەڕی چەپی ساڵانی حەفتاکاندا، بەتایبەتی هەڵوێست لەحزبە کۆمۆنیستەکان و لە(یەکێتی سۆڤیەت)، ئەوا دیدی بۆ دیموکراسیەت وەك فاکتەرێك بووە لەخەبات، هەروەها بەرگریکردنی لەچینی کرێکارو زەحمەتکێش.

ئەم حزبە لەبارێکی نیمچە نهێنی و نیمچە ئاشکرا ژیاوە، هەیکەلی ڕێکخراوەیی نهێنی بووە، بەڵام هەریەك لەسکرتێری گشتی (حمة الهمامي) و جێگرەکەی (محمد الگیلاني) بە ئاشکرا کاریان کردووە.
حزب ڕۆژنامەی (البدیل)ی دەرکردووە، هەروەها بڵاوکراوەی (الی الامام).

## هزری حزب:

ئەم حزبە ڕێبازێکی ستالینی بەرجەستەکردووە، لەسەرئاستی بیرکردنەوەو ئایدیۆلۆژیاکەی، خاوەن هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی توندە بەرامبەر بەیەکێتی سوڤیەت و ئەزموونە سۆسیالستیەکەی، ئەگەر چی بەبیروباوەڕی (ماوتسی تونگ) ڕازی بووە، بەڵام هەڵوێستی تایبەتی هەیە بەرامبەر بەوڵاتی چین، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتە نوێیەکەی (زینگ سیاوتنگ)و کار بەدەستانی دیکەی چین، کەپەیڕەوی دەکەن، بەتایبەتی نزیك بوونەوەی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆیە حزب وڵاتی چینی بەدەوڵەتێکی سۆسیالستی لادەر داناوە.
بەڵام وەفاداری حزب بۆ ڕێبازی (أنور خوجا) ڕابەری کۆمونیستی پێشووی ئەلبانیا، بوو بەهۆی پەیوەندی بەستنی بەتین لەگەڵ ئەلبانیا، پێش ڕووخاندنی سیستمی سۆسیالستی لەو وڵاتە لەسەرەتای نەوەتەکاندا.
سکرتێری گشتی حزب (حمة الهامي) جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە چینی کرێکار لەوڵاتە عەرەبیەکان، دەبێ بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆی لەئەستۆدا بگرێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریخوازی لەهەر وڵاتێکی عەرەبی، نەك لەژێر دەستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیدا بمێنێتەوە.
دیارە بەدڵنیاییەوە ناتوانێت بەو ئەرکە هەستێت ئەگەر ئەنجومەنێکی کارگێڕی نەبێت کەخۆی لەحزبێکی کۆمۆنیستی (مارکیسی – لینینی) بەرجەستە دەکات، کەچین و توێژەکانی جەماوەر لە دەوریدا کۆ ببنەوە لەهەڵوتێکدا.

بەپێی بیروباوەڕی حزب، گەلی تونس بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، بەپێی فاکتەرەکانی زمان و خاك و مێژوو کەلتووری هاوبەش، خەباتیشی بەشێکە لەخەباتی گەلانی عەرەب لەپێناو رزگار بوون لەئیستعمار.
نەتەوە لەماوەی خەباتی دژ بەئیستعمار، تووشی پچڕ پچڕ و دروست بوونی قەوارەی جۆراو جۆر بۆتەوە، بەبێ پەرەپێدانی ئابووری و سیاسی و کەلتوری، کەلەسەر هەمان ئاست ماوەتەوە.

حزب دەربارەی نەتەوە، پێناسەکەی ستالینی لاپەسندە، باوەڕی بەعەرەببوونی وڵاتی تونس هەیە، بەڵام دیدی وایە کە نەتەوەی عەرەب هێشتا مەرجەکانی پێکهاتن و تێکەڵبوونی تەواو نەکردووە، لەئامازەبۆ کردنێکی ئاشکرا بۆ نەبوونی یەکێتی ئابووری، بۆیە خەباتکردن لەپێناو یەکگرتنی سیاسی بۆ نەتەوە، دەستە بەرە بۆ تەواو بوونی ئەو مەرجانەو بوون بەنەتەوە لەخودی خۆیدا.
حزب بارودۆخی ئێستای وڵاتانی عەرەب بەگونجاو نازانێ بۆ یەکگرتن، بەبۆچوونی ئەو، یەکێتی عەرەب لەسێبەری ئەم رژێمانەی ئێستا جێ بەجێ نابێت، لەبەر ئەوەی یەکگرتن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو رژێمانەی سەر بەئیمپریالیزمن دژ بەیەك دەبن.

حزب رەخنەکانی لەهزری نەتەوایەتی و ئەزموونە سەر نەکەوتووەکانی یەکگرتن درێژە پێدەدات و دەڵێ: رەوتی ناسیۆنالیزمی بورژوازی سەرکەوتوو نەبووە لەجێ بەجێکردنی یەکگرتنی عەرەب، بەتێروانینی ئەو رەوتە، پەرەپێدانی نەتەوایەتی لەدەرەوەی سیستمی سەرمایەداری بەدی نایەت، هەر بەم جۆرەش درێژەیان بەدیدیان داوە دەربارەی یەکێتی عەرەب، بۆرژوازیەتی عەرەبی لەهەر وڵاتێك بەهێز بوو بێت، هەوڵی داوە سوود لەو هەل و مەرجە وەربگرێت بۆ باڵادەستی بەسەر وڵاتانی عەرەبی دی و سوود وەرگرتن لەسامانەکانیان.

### هەڵوێستە سیاسیەکانی حزب [٢٥]:

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بەسەرکردایەتی (حمة الهمامي)، حزب ڕۆڵێکی کارای هەبوو لەبەرەی چەپدا بەرامبەر بەئاراستەی ئیسلامی بەرابەرایەتی (راشد الغنوشي) .

کاتێ (زين العابدين بن علی) دسەڵاتی لەتونس گرتە دەست، هەموو حزب و لایەن و ڕێکخراوەکان بەو ڕێککەوتنە رازی بوون لە ژێرناوی (پەیمانی نیشتمانی) کەدەسەڵات خستیە روو، بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لەوڵاتدا، تەنها حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست نەبێت، رازی نەبوو لەسەر ئەو ڕێککەوتنە.

لەماوەی مانگی شوبات و ئازاری/١٩٩٨، دەسەڵات هەستا بەزیندانی کردنی (١٦) کادیری چەلاکی ئەم حزبە، هەر وەها تاوانبارکردنیان بەپەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوێکی نهێنی.

لەهەمان کاتدا هەر یەك لە (حمة الهمامي، عمار عمرو، سمير طعم الله) بەشار دراوەیی مانەوە، تارۆژی ٢/شوبات/٢٠٠٢، کە درانە دادگاو رەوانەی زیندان کران.

سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی دیکەی چالاکوانانی ئەم حزبە بەرەو رووی گرتن و ئەشکەنجە بوونەتەوە لەسەردەمی دەسەڵاتداری (الجيب بورقيبه و زين العابدين بن علي)، وەك (نبيل البركاتي) کە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداو دواتر بوو بەسومبلی بەرگریکردن.

حزبی کرێکارانی کۆمونیستی، رۆڵێکی گرینگی هەیە لەناو قوتابیان، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی گشتی قوتابیانی تونس تووشی لاوازی هات، هەروەها حزب رۆڵی هەیە لەناو یەکێتی گشتی کرێکارانی تونس.

حزب، یەك لەو (١٨) لایەنە بوو کە لەتشرینی یەکەمی/٢٠٠٥ دەرکەوتن، بۆ تێکۆشان لەپێناو ئازادییە گشتیەکان، بەبەشداری ژمارەیەکی زۆری حزب و ڕێکخراوی دیکەی

وەك، حزبی دیموکراسی پێشکەوتخواز، بزووتنەوەی (النهضة)ی ئیسلامی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی چەپ و ناسیۆنالیزم.

حزب پەیوەندی بە کۆربەندی حزب و رێکخراوە (مارکسیە – لینینیە)کان و (الوحدة والنضال) هەیە کە ئاراستەیەکی ئەلبانیان گرتۆتەبەر.

حزب دەربارەی راپەڕینەکەی گەلی تونس لەتشرینی دووەمی/٢٠١٠ بەدواوە، چەندین[٣٦] جار لەڕێگای بەیاننامەکانیەوە هەڵوێستی خۆی لەئاست رووداوەکان روونکردۆتەوە، ئەم هەل و مەرجە، دەرفەتێکە بۆ هێزە سیاسییەکان بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن لەو دۆخەی کەتیایدا دەژین، پێویست دەکات بنکەی جەماوەریان فراوان بکەن، پاڵپشتی داوا کاریەکانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان و خوێندکاران و بێ کاران، بکەن، ئەم حزبە بەشێوەیەکی فەرمی ڕێگای کارکردنی پێدرا لە ١٨/ئازاری/٢٠١١.

٣- **حزبی دیموکراسی پێشکەتنخواز: (الديمقراطي التقدمي)**

حزبێکی مارکسی بەر هەڵستکارە، لەمێژووی ١٢/کانوونی دووەمی/١٩٨٨ دامەزراوە، ئەم حزبە پێشتر بەناوی[٣٧] (کۆمەڵەی سۆسیالستی پێشکەوتنخواز) ناسرابوو، ئەم حزبە هەندێ لایەنی چەپی مارکسی دەگرێتە خۆی، بانگەشە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالستی راستەقینە دەکات، کەتەنها لەسێبەری ئەودا دیموکراسیەت و فرەیی و ڕێزگرتن لەئازادییەکانی تاك و گشتی دێتەدی.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب بریتیە لە (٢٥) ئەندام، حزب لەماوەی سێ ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێ.

ئەمینداری گشتی حزب (محمد الشابی) یە.

٤- **حزبی سۆسیالستی چەپ: حزب (الاشتراكي اليساري)**

ئـەم ڕێکخـراوە لەمێـژووی ١١/تشـرینی/٢٠٠٦ دەرکـەوت ، وەك جیابوونەوەیـەك لـە حزبی کرێکارانی کۆمۆینست[٢٨] لـە ناوەراسـتی نەوەتـەکان ، بـەهۆی هەڵوێستەکانیان دەربارەی بارودۆخی سیاسی لـە تـونس . سـەرەتا ئـەم حزبـە لـە ژێـر نـاوی (شیوعیە دیموکوراتخوازەکـان) دەرکـەوتن، ڕێبـازێکی مارکسیان هەیـە . لـە دوای شۆرشـی گـەلی تونس بە سەر ڕژێمەکەی (زین العابدین بن علی) لە ١٧/کانوونی یەکەمی /٢٠١١ ، ئـەم حزبە ڕێگای فەرمی پێدرا بۆ کارکردن .

٥- **ڕێکخراوی کرێکاری تونس : (منظمة العامل التونسي ):**

لە گەڵ گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی دیموکراسی خوێنـدنکاران لـە کۆتـایی شەستەکانی سەدەی بیستەم[٢٩]، هەروەها بەهۆی پەککەوتووپی ڕێکخراوی (تۆژینەوەو کاری سۆسیالستی ) ، کە گوزارشتی لە ڕەوتێکی رادیکالی دەکـرد لـە نـاو بزاڤی چـەپی تونسدا ، لە پێشکەشکردنی پرۆژیەکی هزری سیاسی ، هـەڵگری وەڵامـی واقیـع بینانـە بێت بۆ ئەو کێشانەی کە کۆمەڵگەی تونس پێوەی دەناڵێنن.

ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوی (الدراسـات و العمـل الاشـتراكي ) تۆژینـەوەو کـاری سۆسیالسـتی لەشـاری پـاریس هەسـتان بـە دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی نـوێ بـەناوی (ڕێکخراوی کرێکاری تونس)، ئەویش بەناوی ئەو گۆڤارەی کە دەریان دەکرد (گۆڤـاری کرێکاری تونس)، کە بەزمانێکی نـاوخۆیی تـونس دەنووسـرا لـەنێوان سـاڵانی (١٩٦٩ – ١٩٧٣).

ڕێکخراوی کرێکاری تونس، کاریگەر بوو بەکەش و هەوای بزووتنەوەی چەپە مـاوی و تروتسکیەکان، کـە بـوونێکی بـەهێزی هـەبوو لەشـەقامەکانی ئـەوروپا، هـەروەها بـەو تێزانـەی هـەڵیان گرتـبوو، بەتایبـەتی ئـەوی پەیوەسـت بـوو بـەململانێی ئایـدیۆلۆژی لەنێوان هەردوو لوتکەی جیهانی کۆمۆنیستی (چین و یەکێتی سۆڤیەت).

ئەو بزووتنەوە خوێندکارییەی تونس، کەپەرۆشی گۆڕانکاری شۆڕشگێرانەی ڕیشەیی بوو، لەهەمان کاتدا گۆزارشتی لەپێویستیەگی نیشتمانی قوڵ دەکرد بۆ ڕزگار بوون لەدەسەڵاتداری تاك حزبی، ئەم ڕێکخراوە بەدەنگەوەهاتن و کاریگەری هەبوو لەگەڵ ئەو تێزە جیهانیانە.

بەڵام ئەم ڕێکخراوە، تەنها تێزە هزرییەکانی قوتابخانە جیهانیەکانی لەبەرگردبوو، بێ ئەوەی ئەو ناکۆکیە هزری و سیاسیانەی کە هەبووە لە ئەزموونی ڕێکخراوی توێژینەوەو کاری سۆسیالستی یەکلایی بکاتەوە، ئەم حاڵەتەش وای لێکرد کە جارێکی دیکە بەرەو ڕووی ململانێیە ناوخۆییەکان ببێتەوە.

ئەم ڕێکخراوە لەناوخۆ لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە، تەباو ڕێك و پێك نەبوو، بەهۆی[٢٠] پێکهاتە ئاڵۆزەکەی، کە پێکهاتبوو، لەکۆمەڵە کەسانێکی چەپ و لەوانی لەحزبی شیوعی دوور کەوتبوونەوە، لەگەڵ گروپێك لەهەڵگرانی بیروباوەڕی، تروسکی، ماوی، چیڤارەیی، لایەنگرانی ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەرەنسا، سەرەڕای کۆمەڵە کەسانێکی ناسیونالست خوازو بەعسیەکان، بۆیە ئەم ڕێکخراوە توانای ئەوەی نەبوو کە ببێتە هێزێکی پێشڕەوی رادیکال، هەروەها هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم پرسیارانە پێ نەبوو.

١- دیاریکردنی جۆری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی باو لەتونس، ئایا ئەو جۆرە بەرهەمهێنانە سەرمایەدارییە؟ یان نیمچە دەرەبەگایەتیە؟ هەروەها هەڵوێست لەرژێمی تونس؟
٢- هەڵوێست لەپرسی نەتەوایەتی و راستی پەیوەندی و ئینتمای تونس بۆ نەتەوەی عەرەب، یان گەلی تونس نەتەوەیەکی سەربەخۆ پێکدێنن، هەروەها هەڵوێست لەکێشەی فەلەستین و ململانێی عەرەب و ئیسرائیل.
٣- هەڵوێست لەململانێیەکانی ناو بەرەی سۆسیالستی، بەتایبەتی ململانێی چینی-سۆڤیاتی.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە، کەلەسەر گۆڕەپانی سیاسی تونس، چەندین ڕێکخراوی چەپ دروست بووە، کەهەموویان پەیرەوی ئایدیۆلۆژیای (مارکسی – لینینی) دەکەن و رەخنە لەحزبی شیوعی و ڕێکخراوی کرێکاری دەگرن، لەنێوان ئەو ڕێکخراوانە: گردبوونەوەی مارکسی-لینینی، ڕێکخراوی مارکسی-لینینی( الشعلة)، بزووتنەوەی دیموکراسی جەماوەری، حزبی گەلی تونسی شۆڕشگێر، ڕێکخراوی ڕاستی.

هەموو ئەم ڕێکخراوانە، بەشداربوون، لەوروژاندن و هەڵچوونی ململانێ لەناو ڕێکخراوی کرێکاری تونس، ڕێکخراوی کرێکاری لەتونس لەسەرەتای حەفتاکانەوە، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) بەرەو رووی هەڵمەتێکی فراوانی پۆلیسی تونس بوونەوە، بەمەبەستی کۆتایی پێ هێنانی ئەو ڕێکخراوە، بەسەدان کادیرو ئەندامیان دەسگیرکران و دادگایی کراون و لە زیندان هەندێکیان (٦) مانگ و هەندێکیان بۆ (٩) ساڵی ماونەتەوە.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئەم ڕێکخراوە پێیدا تێپەڕ بووە، تووشی ناکۆکی و جیابوونەوەی ناوخۆیی هات، هەروەها چەند ئاراستەیەك لەناو ڕێکخراوەکە دەرکەوت:

١- ئاراستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی کرێکاری تونس، کەسەرچاوەکانی بۆ ڕێکخراوی گردبوونەوەی لێکۆڵینەوەو کاری سۆسیالستی (ئافاق) دەگەڕێتەوە، ئەوانی رژێمی تونسیان بەرژێمێکی سەرمایەداری دادەنێن، شۆڕشی تونسی داهاتوو دەبێ شۆڕشێکی سۆسیالیزمی بێت، تونس بەشێك نیە لەجیهانی عەرەبی، بەڵکو ئینتمای تونس بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەمە، زمانی ناوچەیی تونس، دەبێتە ئامرازی پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەر.

٢- هەڵوێست و بیرو بۆ چوونەکانی نەوەی دووەمی ناو ڕێکخراوەکە، کەدوای ساڵی (١٩٧٠) پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوەکە بەستووە، بەبۆچوونی ئەوان رژێمی تونس رژێمێکی کومبرادوریەو پاشکۆیەکی سیاسییە، شۆڕشی داهاتوو، شۆڕشێکی

نیشتمانی دیموکراسی دەبێت، وەك قۆناغێك بەرەو سۆسیالیزم، ئەم ئاراستەیە باوەڕی بەبوونی نەتەوەی عەرەب هەیە هەروەها تونس بەشێکە لەو نەتەوەیە.

٣- ئاراستەی سێیەم، ناوی ڕێکخراوەکەی پاراستووە، باوەڕی بەتیۆری سێ جیهانی هەیە، کەلەلایەن چینەوە خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەو تیۆرییە، جیهانی یەکەم بریتییە لە ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، جیهانی دووەمیش: پێك دێت لەدەولەتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، جیهانی سێیەمیش هەموو وولاتانی دیکەن.

ململانێی و ناکۆکیەکانی ناو خۆی ئەم ڕێکخراوە، گەیشتە ئاستێك کە ڕێکخراوەکەی پچڕپچڕکرد، هەروەها بەشی زۆری ئەندامانی دوور کەوتنەوەو ڕێکخراوێکی چەپی لاوز مایەوە.

## ٦- گردبوونەوەی توێژینەوەکان و کاری سۆسیالستی، ( تجمع الدراسات والعمل الاشتراكي ) – آفاق-

ئەم ڕێکخستنە لەپاریس، هاوینی ١٩٦٣ دامەزراوە، دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ[٣١] لەنێوان ئەندامە دامەزرێنەرەکانی، کە سەر بەچەندین ڕەوتی جیاواز بوون: مارکسی، ناصری، تروتسکی، شۆڕشگێڕ، لەگەڵ ئەندامانی لقی یەکێتی گشتی قوتابیانی تونس. کاتی دامەزراندنی ڕێکخستنی (آفاق)، دامەزرێنەران، مەبەستیان پێکهێنانی حزبێکی سیاسی، یان گەیشتن بەدەسەلات نەبووە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیان، یەکەم بایەخدان بووە بەچەند لایەنێکی گرینگی ئایندەی تونس، لەگەڵ ئامادەکردنی توێژینەوە پێویستیەکان.

لەم گربوونەوەیە هەموو ئەو ڕەوتانە ئامادە دەبوون و ئازادانە گفتوگۆیان لەبارەی ئەو بابەتانە دەکرد، سەرەڕای فرەیی و جیاوازیان، هەروەها جۆراوجۆری ئەزموونی ئەندام و سەرکردەکانیان، لەو کەسانەش: نورالدین بن خضر (ئابوریناس)، محمد

الشوق (سەرۆکی کۆمەڵەی تونس بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ ١٩٨٨- ١٩٨٩)، هەروەها احمد السماوی، أبراهیم رزق الله (پزیشك)، احمد بن عثمان (سەرۆکی رێکخراوی جیهانی بۆ چاکسازی تاوان)، محمد عزیز کریشان، تاج الدین بالرحال (پارێزەر)، منذر القروي، جلیار نقاش، حفناوي عمايرية.

ئەم گروپە گۆڤارێکی سیاسی تیۆرییان دەردەکرد بەزمانی فەرەنسی و بەناوی (آفاق تونسية)، دروشمی، لەپێناو (تونسێکی چاکتر)یان هەڵگرتبوو، ئەم رێکخراوە خۆی لەلای چەپی حزبی کۆمۆنیستی تونس دادەنا، چالاکیەکانی لەناو خوێندکارانی یەکێتی گشتی قوتابیانی تونس دەس پێکرد، لەگەڵ یەکێتی گشتی کرێکارانی تونس، بەمەبەستی فراوانکردن و بەهێزکردنی تواناکانی (گرد بوونەوە) بۆ تۆژینەوەکان، کە لەگۆڤاری (آفاق) بلاودەکرایەوە.

ئەم گردبوونەوەیە، بەشدارییەکی گەورەی کردووە لەخەباتی دیموکراسی گەلی تونسدا، لەماوەی شەستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێ حزبی (الاشتراكي التونسي) دەسەڵاتی پاوانکردبوو.

هەواڵنامەی کتێب

## ٧- حزبی کاری نیشتمانی دیموکراسی (العمل الوطني الديمقراطي)

حزبێکی سیاسییە، هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیە، لەمێژووی ٢٠/نیسانی/٢٠٠٥ دامەزراندنی خۆی[٣٣] راگەیاندووە، رێگای ئاشکاری پێنەدراوە بۆ چالاکی نواندن.

حزب لەمانگی ئایاری/٢٠٠٥ لەبەیاننامەیەکی خۆی ناساندووە وەك: حزبێکە لەپێناو چینی کرێکارو زەحمەتکێشان کار دەکات، خۆی بەبەشێك لەهێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراسیەکانی جیهان دادەنێ.

لەناو سەندیکای گشتی کرێکارانی تونس، رۆڵی خۆی هەیە، بایەخ بەبواری فێربوون و رۆشنبیری دەدات، زیاتر لەیەکێتیەکی کرێکاران بەرێوە دەبات.

ئەنجومەنی دامەزرێنەری بریتین لە: (عبدالرزاق الهمامي (سەرۆك).

محمد جمور (وتەبێژی فەرمی)، خالد الفالح، محمد الزریبي، بورواري بعرون، محسن الخلفاوي، عثمان قوادر.

ئەم حزبە ڕێکخستنەکانی لەناو زانکۆدا بڵاوبۆتەوە، هەروەها لەناو یەکێتی گشتی قوتابیانی تونس، چەندین نوێنەری هەیە، سەرکردەکانی حزب لەماوەی حەفتاکانی سەردەی ڕابردوو چالاکترین کەسانی ناو بزووتنەوەی قوتابیان بوون، بەڵام ڕۆڵیان بەرەو لاوازی هات، لەگەڵ بەزربوونەوەی ڕۆڵی (ڕێکخستنی – نیشتمانیە دیموکراسیەکان).

هەر لەساڵی (١٩٧٨) هەوڵێکی هەڵگەڕانەوەی سەندیکایی ڕێکخست، بەڵام ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو کۆتایی هات بە پەرش و بڵاوبوونەوەیان، دواتر وەك گروپێکی سەندیکایی خۆیان ڕێکخست، بەڵام هەر زوو دوو بەرەکیان تێکەوت و بوونە دوو گروپ، یەکێکیان لەلایەن (احمد الکحلاوي) سەرکردایەتی دەکرا، ئەوی دیکەیان لەلایەن (عبدالرزاق الهمامي) یەوە.

حزب لەگەڵ ئەو بەیاننامەیەی کە لەمانگی ئایاری/٢٠٠٥ دەریکردووە، بەرنامەی کاری خۆی خستۆتە ڕوو، بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان لە خۆ دەگرت.

حزب گرینگی بەکارو باری جەماوەری دەدات لەناو چینی کرێکارو جوتیارو خوێندکارو ڕۆشنبیران و هەموو توێژە میللیەکانی دیکە.

بەڵام بەرنامەی ئایندەی حزب، ئەوا لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (الطریق الجدید)ی زمانحالی (حرکة التجدید) خستۆتە ڕوو، لەدیدی ئەم حزبەوە، ئەوان پێویستیان بەپێکهێنانی جەمسەرگەرییەکی چەپی دیموکراسی پێشکەوتنخوازە، ببێتە پێشەنگی خەباتی دژ بە زۆرداری سیاسی و دژ بەو پرۆژە زۆر داریانەی گەدەکرێ ڕوو بدات، ئەم جەمسەرگرییە لەسەر بەرنامەیەکی تەبابوون کۆ ببێتەوە، سنوری ڕوون لەنێوان پێکهاتەکانی بکێشێ، لەگەڵ ئەو ئەلتەرناتیڤانەی دەخرێتە ڕوو دەربارەی پرس و کێشەسیاسیەکان.

لەم چوار چێوەیەدا حزب هەڵدەستێ بەسازادنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەند هێزێکی چەپی بچووکی وك، بزووتنەوەی نوێکردنەوە، حزبی سۆسیالستی چەپ.

ئەم سێ ڕێکخراوە لەڕۆژی ١٥/حوزەیرانی/٢٠٠٨ پشتگیری خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتنەی نێوان خۆیان ڕاگەیاند لەمیانەی دەسپێشخەرییەکی نیشتمانی و لەپێناو دیموکراسیەت و پێشکەوتن.

بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکان لەخەباتدا لەپێناو ئازادییە گشتیەکان و داواکارییە کۆمەڵایەتیەکان و سەروەری نیشتمانی و بەرگریکردن لە بنەماکانی دادوەری و یەکسانی.

حزب هەوڵیدا ڕێگای پێ بدرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەك لەژێر ناوی (الارادة) بەڵام ڕەزامەندنی لەسەر نەدرا، بۆیە ناچار بوو بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەسەر هێڵی (ئەنتەنێت) بڵاوبکاتەوە.

دوای ڕوخاندنی ڕۆژێمەکەی (زین العابدین بن علي) لە ١٩/کانوونی دووەمی/٢٠١١، حزب ڕێگای ئاشکرای پێدرا بۆ چالاکی نواندن.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان
# لەجەزائیر

هەواڵنامەی کتێب

١- حزبی کرێکاری کۆمۆنیستی جەزائیری (العمال الشیوعي الجزائري)

حزبێکی چەپرەوە، پەیرەوی هزری تروتسکیانە دەکات، ساڵی (١٩٩٠) دامەزراوە[٢٣] بەسەرۆکایەتی خاتوو (لویزە حنون)، ناوبراو یەکەم ژن بووە لەمێژووی جەزائیر خۆی بۆ پێگەی سەرۆکایەتی کۆمار پاڵاوت، سەرەڕای ئەوەی ئەندامی پەرلەمانی جەزائیر بوو، هەروەها یەکەم ژنە رابەرایەتی حزبێکی سیاسی دەکات لەجیهانی عەرەبیدا.

ئەم حزبە لەلایەن کۆمەڵێك لەکرێکارو سەندیکایی و جوتیارانی بچووك دامەزراوە، حزب درێژەپێدانێکە بۆ رێکخراوی سۆسیالستی کرێکاری، کە پێشتر بەشێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد، پێش راگەیاندنی فرمیی لەجەزائر ساڵی ١٩٨٩.

حزبی کرێکاران، حزبێکی کرێکاری سەربەخۆیە، درێژە بەخەباتی دەدات لەچوارچێوەی[٢٤] بزووتنەوەی نیشتمانی جەزائری و بەرنامەکانی، حزبی ئەستێرەی باکوری ئەفریقیا (نجم شمال افریقیا) لەگەڵ حزبی گەل (الشعب) کەلەلایەن مصالی الحاج دامەزراون.

لەیەکەمەکانی خەباتی ئەم حزبە، پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی، خاوەن سەروەری، هەروەها کۆتایی هێنان بەپەیوەندییەکان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیستعمارو ئیمپریالیزمی سەردەم، کەخۆی بەرجەستە دەکات لەدامەزراوە داراییە نێو دەوڵەتیەکانی وەك: سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی، بانکی نێو دەوڵەتی، رێکخراوی بازرگانی جیهانی.

حزب بەرگری لەمافی کرێکاران و چینە کۆمەڵایەتیە هەژارەکان دەکات، هەروەها بەرگری لە کەرتی گشتی دەکات، دژایەتی بەتایبەت کردنی دامەزراوەکان دەکات.

حزبی کرێکاران، حزبێکی چەپی ئۆپۆزسیۆنە، پابەندە بەبنەماکانی تروتسکیەت، هاوکاری خۆی لەگەڵ کرێکاران و چینە کۆمەڵایەتیە چەوساوەکان رادەگەیێنێ،

بەرووی بەتایبەتکردنی پرۆژەو دامەزراوەکان دەوەستێ، داوای پشتگیری دەوڵەت دەکات بۆ بەرگریکردن لەبەکاربەر.

## هەڵوێستی حزب لە ئاست کێشەی فەلەستین:

کێشەی فەلەستین، کە پێشەنگی خەباتی ڕەوای میللی پێکدێنێت دژ بە داگیرکاری، لەکاتێکدا گەگەلی فەلەستین بەرەو رووی هەڵمەتێکی پاکتاو کردنی راستەقینە بۆ تەوە، بۆیە وا پێویست دەکات، سەرەڕای هەموو جۆرەکانی پشتگیری، جەخت لەسەر ئەو هەڵوێستەی حکومەتی جەزائیر بکەینەوە کەپشتگیریکردنی ئەوکێشەیەیە، هەروەها دژی هەموو شێوەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان بین لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزم.

دەمانەوێ دەوڵەتی جەزائیر لەو دەسپێشخەرییەی بۆ ئاشتی ڕاگەیاندرا لەساڵی (٢٠٠٢) بکشێتەوە، چونکە ئەو کارە دەستێوەردانە لەمافی گەلی فەلەستین دەربارەی بڕیاردان لەچارەنووسی خۆی، هەروەها بەشداریکردنی جەزائیر لەو پرۆسەیە بە پاشەکشەیەك دادەنرێ لە هەڵوێستە ئاساییەکانی.

## هەڵوێستی حزب لەکێشەی بیابانی رۆژئاوا:

هەڵوێستی حزبی کرێکاران، جیاوازە لەهەلوێستی حزبەکانی دیکەی جەزائیر، هەروەها لەهەڵوێستی دەوڵەتی جەزائیریش، دەربارەی کێشەی ململانێ لەسەر ناوچەی بیابانی رۆژا ئاوا، کەزیاتر لە (٢٥) ساڵە درێژەی هەیە.

حزب دژی سەربەخۆیی ناوچەی بیابانی رۆژ ئاوایە، هەروەها دژی پسانەوەیەتی لەخاکی مەغرب.

## ٢- حزبی شیوعی جەزائیر:

حزبی شیوعی لەجەزائیر وەك لقێکی سەربەحزبی شیوعی فەرەنسی پێکهات لەسەر بڕیاری (کومنتێرن) لەساڵی (١٩٢٠)[٣٥].

سەرەتا ئەم ڕێکخستنە لەکۆمەڵە کادیرێك پێکهات کەزۆرینەیان لەو فەرەنسیانەی[٣٦] نیشتەجێی جەزائیر بوون، لەگەڵ ژمارەیەك جولەکەو کەمایەتیەکیش لەعەرەبی جەزائیر.

لەسەرەتای مانگی ئایاری/١٩٢٢ (ئەنجومەنی جێبەجێکردنی) کومنتێرن ، بانگەوازێکی دەرکرد دەربارەی بزاڤی نەتەوایەتی لەوڵاتانی باکوری ئەفریقیا، ناوەڕۆکی بانگەوازەکە داوای سەرکەوتنی شۆڕش و ڕزگار بوونی وڵاتە داگیرکراوەکانی ژێردەستی ئیستعماری دەکرد.

لیژنەی حزبی شیوعی لەشاری (سیدی بلعباس)ی جەزائیری کەدەکەوێتە باشوری (وهران) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە دژ بەو بانگەوازە (دیارە ناوەڕۆکەکەی سەربەخۆیی جەزائیر دەگەیەنێ)، بەیانەکەشیان ئاراستەی سکرتێری حزبی شیوعی فەرەنسی کردو نارەزایی خۆیان بەرامبەر بانگەوازەکەی کومنتێرن دەربڕی.

هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارە لەفەرەنسیە نیشتەجێیەکانی جەزائیر بوون.

بەهۆی ئەو دیاردەیە، دوو لەسەر کردە گەورەکانی حزبی شیوعی جەزائیر، وازیان هێناو لەریزی حزبەکە کشانەوە، ئەوانەش (الحاج علی عبدالقادر، محمود بن لیکهال) بوون.

هەر لەو ماوەیەدا وردە وردە چەندین کادیرو سەرکردەی عەرەب لەحزبی شیوعی جەزائیری کشانەوەو روویان لەبزووتنەوەی نیشتمانی جەزائیر کرد، ئەمەش دیاردەیەکە لەناو زۆربەی حزبە شیوعیە عەرەبیەکان ڕوویداوە بەشێوەیەکی گشتی.

هەر لەم بوارەدا، سکرتێری حزبی شیوعی فەرەنسی (موریس تیریز) ساڵی ١٩٣٥، لەوتارێکیدا لەبەردەم کۆنگرەی حەوتەمی کومنتێرن ، وای دەربڕی کە بابەتی جیابوونەوەی حزبی شیوعی جەزائیری لەحزبی شیوعی فەرەنسی، هێشتا کاتی نەهاتووە.

بەڵام ئەوکارە ساڵی ١٩٣٦ بەشێوەیەکی کردەیی و بەفەرمی روویدا، بڕیاری جیابوونەوەکە دەرچوو حزبێکی شیوعی جەزائیری پێکهات، لەڕاستیدا ئەو سەر بەخۆییەش بەشیوەیەکی رواڵەتی بوو، حزبی شیوعی لەجەزائیر بەملکەچی بۆ حزبی شیوعی فەرەنسی مایەوە، سەرەڕای ئەوەش حزبی شیوعی فەرەنسی نوێنەرێکی بەردەوامی لەکۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی جەزائیری هەبوو.

رۆژی ١١/شوبات/١٩٣٩، (موریس تێریز) لەو تارێکدا لەشاری جەزائیر، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە (نەتەوەیەك هەیە لەجەزائیرو لەقۆناغی پێکهاتنە، بەتێکەڵبوونی بیست رەگەز، ئەو نەتەوەیە لەجەزائیر پێکدێت لەماوەی رێڕەوی مێژوودا، دەگرێ هەوڵەکانی کۆماری فەرەنسا، یارمەتیدەر بن بۆ پەرەسەندنی ئەو هەوڵانە، ئەم وتارە لەلایەن شیوعییە جەزائیرییەکان (عەرەب و فەرەنسیەکان) پشتگیری لێکراوە.

رووداوەکانی مانگی ئایاری ساڵی/١٩٤٥، جیا بوونەوەی حزبی شیوعی جەزائیری لە حزبی شیوعی فەرەنسی چەسپاند، ئەو شەڕو کوشتارەی ساڵی ١٩٤٥، سنورێکی بۆ ئەو هیواو ئاواتانە دانا کە لەدیدی هەندێ سیاسەتمداردا هەبوو، ئەویش سەربەخۆیی جەزائیر بەشێوەیەکی ئاشتیانەبێتەدی، بۆیە بەرپابوونی شۆڕشی جەزائیر لەمانگی تشرینی یەکەمی١٩٥٤، لای زۆر کەس کارێکی سەرسورمان و کتوپڕ نەبوو، تەنها لای شیوعییەکان نەبێ.

**جەزائیر لەنێوان ( ١٩٤٥ – ١٩٥٤ ) و هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان :**

لەهەڵبژاردنەکانی دووەم ئەنجومەنی دامەزرێنەری فەرەنسی (پەرلەمان) کەلەحوزەیرانی/١٩٤٦ ئەنجامدرا، حزبی[٣٢] شیوعی جەزائیری بەشداری کرد، بەڵام تووشی شکستیەکی گەورەهات، سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کەئەو حزبە بۆتە حزبێکی نامۆ لەلای جەماوەر، بایەخ بەکێشە نیشتمانیەکان نادات.

هەر لەم بارو دۆخەدا، بزووتنەوەی نیشتمانی جەزائیر، بەسەر دوو باڵی ناکۆک دابەش ببوو، لایەنێکی حزبی (الاتحاد الديمقراطي للبيان الجزائيري) بوو بەسەرۆکایەتی (فرحات عباس)، لایەنێکی دیکەشی بزووتنەوەی (انتصار الحريات الديمقراطية) کە (مصالي الحاج) دایمەزراندبوو لە جیاتی حزبی (الشعب).

لە ٢٠/ئەیلولی١٩٤٧، پەرلەمانی فەرەنسی، یاسایەکی دەرکرد بەپێی ئەو یاسایە، (ئەنجومەنی کاروباری دارایی) لەجەزایر، گۆڕاو لەجیاتی ئەو بووە (پەرلەمان) بۆ جەزائیر، بەڵام لەدوو بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەم بریتی بێت لە(٦٠) نوێنەر لەو ئەوروپیانەی نیشتەجێی جەزائیرن، بەشی دووەمیش بریتی بێت لە (٦٠) نوێنەری خەڵکی جەزائیر، بڕیارەکانیشیان بەڕێککەوتنی نێوان هەردوولا دەردەچێت.

لەتشرینی یەکەمی/١٩٤٧ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان ئەنجامدرا لەجەزائیر، لەو هەڵبژاردنە بزووتنەوەی (انتصار الحريات الديمقراطية) سەرکەوتن بەدەست هێنا، لەساڵی ١٩٤٨ هەڵبژاردن بۆ (ئەنجومەنی نیشتمانی) پەرلەمان ئەنجامدا، هەردوو حزبی نیشتمانی (عباس فرحات و مصالي الحاج)شکستیان هێنا، بەڵام حزبی شیوعی جەزائیرش لەهەردوو هەڵبژاردنەکە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، دیارە هۆیەکانی ئەو شکستیانەی حزبی شیوعی بۆ ڕێبازە سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە، ئەم حزبە لەراستیدا لەو سەردەمە لەجەماوەر دابرابوو زیاتر پاشکۆی سیاسەتەکانی حزبی شیوعی فرەنسی بوو.

سکرتێری گشتی حزبی شیوعی جەزائیری لەلێدوانێکیدا لە/نیسانی/١٩٥٠ دەڵی: خەبات بەشێوازی ئاشتیانە کورتترین ڕێگایەو کەمترینیان زیانە.

دیارە ئەو ڕێبازە سیاسییەی کەحزبی شیوعی جەزائیری لە سەری دەڕۆیشت، ڕێبازێکی واقیعی و راست نەبووە، دوور بووە لەهیوای جەماوەر، خەباتکردنیش بێ قوربانی نابێ، قۆناغی ئەو سەردەمەی جەزائیر، دەبوایە خەبات بێت لەپێناو رزگاری جەزائیرو دەرکردنی ئیستعمار لەولاتدا.

**شۆڕشی جەزائیر (١٩٥٤-١٩٦٢) و هەڵوێستی حزبی شیوعی:**

لەگەڵ بەرپابوونی خەباتی چەکداری لەجەزائیر ساڵی (١٩٥٤) زۆربەی حزبە نیشتمانیەکانی پشتگیرییان کردووەو بەشدارییان تیادا کردووە بەسەرکردایەتی (بەرەی رزگاری نیشتمانی جەزائیر)، بەڵام حزبی شیوعی جەزائیری هەڵوێستی روون نەبوو، ئەم حزبە لەبڵاوکراوەکانی داوای ئازادی دەکرد بۆ جەزائیر، بەڵام ناوی سەربەخۆیی نەدەهێناو باسی کشانەوەی هێزەکانی فەرەنسای لە جەزائیر نەدەکرد.

بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەم حزبە چوونە ریزی خەباتی چەکداری، بێ ئاگاداری و رەزامەندنی حزب، هەڵوێستی ئەندامانی حزب لەپشتگیریکردنی شۆڕش و خەباتی چەکداری رووی لەزیاد بوون دەکرد، ژمارەی وازهێنان لەرێکخستنەکان لەزیاد بووندا بوو، فشاری رێکخستن و جەماوەری حزب بەسەر سەرکردایەتیەکەی لەپەرەسەندن بوو، بۆیە سەرکردایەتی حزب ناچار بوو، کە ئامادەیی خۆی دەربڕێ بۆ بەشداریکردن لەشۆڕش لەژێرئاڵای بەرەی زرگاری نیشتمانی جەزائیر)، هەروەها لە ئازاری/١٩٥٦ بڕیاریشیدا کە ڕێکخراوێکی سەربازی پێك بهێنی لەژێر ناوی (جەنگاوەرانی رزگاری).

لەگەڵ درێژە پێدانی شۆڕش و سەرکەوتنەکانی، هەروەها زۆر بوونی پشتگیری و هاوکاری دەرەکی و ناوخۆیی، حزبی شیوعی جەزائیری داوای لەسەر کردایەتی بەرەی

رزگاری نیشتمانی کرد، کە جێگای بکرێتەوە لەناو سەرکردایەتی بەرە وەك حزبێك، نەك وەك تاك، بەڵام سەرکردایەتی بەرە، داواکارییەکەی حزبی شیوعی رەتکردەوە.
سکرتێری حزبی شیوعی جەزائیر لەرروونکرنەویەکیدا لە ئازاری/١٩٥٦ ووتوویەتی:
حزبی شیوعی لەرێگای بەرەی نیشتمانیەوە کارناکات لەبەر ئەوەی داوای لێکراوە خۆی هەڵوەشێنێتەوەو ئەندامانی وەك تاك بێنەریزی شۆرش، حزبی شیوعی پابەندە بەرێزگرتن لەقەوارەی سەربەخۆیی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری خەباتی چەکداری گەلی جەزائیر دەکات.

## هەڵوێستی حزبی شیوعی لەسەردەمی بن بلا (١٩٦٣ – ١٩٦٥) :

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش و بەدیهێنانی سەربەخۆیی جەزائیر، بەرابەرایەتی (بەرەی رزگاری نیشتمانی)، یەکەم سەرۆك کۆماری ئەو ولاتە (احمد بن بلە) بووە
بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی یەکەم ئەنجومەنی دامەزرێنەر (پەرلەمان)ی جەزائیر، حزبی شیوعی جەزائیر، لستێکی بەناوی نوێنەرانی خۆی راگەیاند، بەڵام دەسەڵات رێگربوو لەبەردەمیان، ئەو کەسانەی گومانیان لێدەکرا ئەندامی حزبی شیوعی بوون، رێگەیان پێ نەدرا خۆیان هەڵبژێرن.
حزبی شیوعی جەزائیر، خۆی بەتەنها نوێنەری چینی کرێکار دەزانێ، بۆ چوونی وا بوو، کە سستمی تاك حزبی ئەگەر چی لەولاتانی سۆسیالیزم پەیرەوکراوە، بەڵام لەجەزائیر سەرکەوتوونابێ، بەهۆی بارودۆخی نەگونجاوی جەزائیر بۆ ئەو جۆرە سیستمە لەحوکمرانی، ئەوەش ئەو دەگەیەنێ کەجەزائیر هێشتا ولاتێکی فرەچینە.
لەمانگی کانوونی یەکەمی/١٩٦٣، دەسەڵات لەجەزائیر هەردوو رۆژنامەی حزبی شیوعی لەدەرچوون راگرت، دواتر رێگای کاری فەرمی لەحزبی شیوعی گرت، بن بلەی سەرۆك کۆمار دەری بڕی کە شیوعییەکان دڵسۆزنین بۆ شۆڕش، بۆیە رازی نابێ بەشداریان بکات لەدەسەڵات.

له١٩/حوزەیران/١٩٦٥ لەڕێگای کودەتایەکی سەربازییەوە، (احمد بن بلە) لەدەسەلآت دوور خرایەوەو (هواری بو مدین) هاتە جێگای.

حزبی شیوعی جەزائیر، لێکۆلینەوەیەکی رەخنە گرانەی خستە روو، دەربارەی بارودۆخی جەزائیر لەوسەردەمە، لەبەشی دووەمی ئەولێکۆلینەوەیە (بەندی دووەم) کەباسی سەردەمی (بن بلە) دەکات و دەڵێ: دەستوری جەزائیر کەلەیەکەم کۆنگرەی بەرەی رزگاری نیشتمانی جەزائیر پەسندکراوە، دەربڕینێکی راستەقینەیە لەڕووی تیۆرییەوە دەربارەی شۆڕشی سۆسیالیزمی لەجەزائیر، پەسندکردنی ئەو دەستورە، نیشانەی بەرزی هۆشیاری شۆڕشگێڕانەی جەماوەر تێکۆشەرانی ئەم وڵاتەیە، ئەو دەستورە چەکێك بوو بەدەستی جەماوەر لەپێناو پێشکەوتنی شۆڕشی.

دواتر لێکۆلینەوە کەدێتە سەرباسی ئەو هەلانەی لەسەردەمی دەسەلآتی (احمد بن بلە) کراوەو جێگای رەخنەیان بووە.

### ٣- حزبی پێشەنگی سۆسیالستی (الطليعة الاشتراكية):

لەدوای کودەتا سەربازییەکەی جەزائیر لەحوزەیرانی/١٩٦٥، هەر لەئاکامی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆیی و[٢٨] دەرەکی، سەرکردایەتی حزبی شیوعی جەزائیر، بڕیاریدا ناوی حزبەکەی بگۆڕێت بۆ (حزبی پێشەنگی سۆسیالستی).

ئەم حزبە، لەگەڵ هاتنی (هواری بومدین) بۆ سەردەسەلآت، ئەندامانی بەرەو رووی هەلمەتێکی توندی گرتن و ئەشکەنجەدان بوونەوە، بۆیە سەرکردایەتی حزب بڕیاریدا ئەندامەکانی خۆیان بخزێننە ناو رێکخستنەکانی (بەرەی رزگاری نیشتمانی جەزائیر)، هەر بەم رێگایەوە ژمارەیەکیان توانیان بگەنە هەندێ پلەو پێگە لەناو رێکخراوەکانی وەك ژنان، لاوان، یەکێتی سەندیکای کرێکارانی جەزائیر.

حـزب دوای تێپـەڕبوونی نزیکـەی شـەش مـانگ بەسـەر ئـەو کودەتـا سـەربازییە، بڵاوکراوەیـەکی سیاسی گرینگی دەرکـرد، ئـەو بڵاوکراوەیـە لەسێ بەشی سـەرەکی و چەند بابەتێك پێکهاتبوو.
لەبەشی یەکەمیداو لەژێر ناونیشانی (خسلەتەکانی کودەتاکەی ١٩/حوزەیرانی/١٩٦٥) لەبەنـدی دووەمیـدا هەڵسەنگاندنی بـۆ کارەکـانی ڕژێمـە نوێیەکـە کـردووە و تیایـدا هاتووە: بەر لە شەش مانگ پلاندانەرانی کودەتا سەربازییەکە، دەستیان گرت بەسەر هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت (مـەدەنی و سـەربازی)، ئەگـەر لـەڕێگای ڕاستـەوخۆی کارەکارگێڕییەکانەوە بێت، یـان ئـەو دادگاییکردنـەی کـە دەیانـەوێت بـۆ تێکۆشـەرانی ئۆپۆزسیون ڕێکی بخەن.
حـزب کۆدەتاکـە بەدەسـت وەشـاندنێکی گـرینگ دادەنـێ لەپرۆسـەی بوونیادنـانی سیستمی سۆسیالیزمی لەجەزائیر.
لەبەندی سێیەمی بەشی یەکەمدا، لەژێر نانیشانی (ئەو بەرژەوەندییە چینایەتیانەی زاڵن بەسەر دەسەڵاتدارانی نوێ)، نووسیویەتی:
کودەتاکەی ١٩/حوزەیران، کودەتای سوپا بوو دژ بە دەسەڵاتی مـەدەنی، دەسـەڵاتدارانی ناو کودەتاکە، پەیوەندییان بەدەزگاباڵاکانی سوپا هەیە، ڕەفتـاری سـەربازی ئاشـکرایان لەسەر دیارە.

- **شیوعییە جەزائیرەیەکان و ئەزموونی بوونیادنانی حزبی ( پێشەنگی سۆسیالستی ):**

ئەوان باوەڕیان وایە، کە پێویستیان بەدانانی بەرنامەیەك هەیـە، لـەپێناو بـەدیهێنانی دیموکراسییەتێکی ڕاست و شـەرعییەتێکی شۆڕشگێڕانەی ڕاست، ئـەم دوو لایەنـەش پەیوەستن بەرێزگرتن لەسەروەری گەل و ویست و ئامانجەکانی.
حـزب هاوپـەیمانی نێـوان چینەکانی، کرێکـارو جوتیـارە هـەژارەکان و بورژوازییـەتی بچووك و بورژوازییەتی لیبرال، بەپێویست دەزانێ.

شیوعییەکانی جەزائیر، کۆمەڵە هۆیەك دەخەنە روو دەربارەی دامەزراندنی حزبی پێشەنگی سۆسیالستی.
بە بۆچوونی ئەم حزبە، سیستمی تاك حزبی لەجەزائیر ناكرێ ببێتە سیستمێكی یەكەڵك، تەنها ئەگەر لەچوار چێوەی بوونیادنان بوو لەپێناو حزبی پێشرەوی راستەقینە، هەروەها فراوانكرایەوە بۆ بەشداریكردنی دیموكراسیانەی جەماوەر، لەپێشەوەیان چینی كرێكار.

• **بەرنامەی حزب:**

<u>ئامانجە بنچینەییەكان:</u> بوژاندنەوەو بەهێزكردنی شەرعیەت و دیموكراسییەت، دەنگدانی گشتی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی، دابین كردنی ماف و ئازادییە دیموكراسیەكان، بوونیادانانی دام و دەزگاكانی دەوڵەت لەپێناو بەرژەوەندی نیشتمانی و دابین كردنی سیستمێكی سۆسیالستی دیموكراسی شۆڕشگێرانە، دامەزراندنی سوپایەكی نیشتمانی.
<u>ئامانجە كۆمەڵایەتیەكان:</u> بەرگری لەمافی كرێكاران، پەلەكردن لەچاكسازی كشتوكاڵی، سیاسەتێكی كۆمەڵایەتی ناسەرمایەداری، بەدیهێنانی دیموكراسییەت لەهەموو بوارەكانی ژیانی نیشتمانی، یەكسانی لەماف بۆ پیاوو ژنان.
<u>لەبواری سیاسەتی دەرەكی:</u> جێ بەجێ كردنی سیاسەتی بێ لایەنی نێو دەوڵەتی، بەربەرەكانیكردنی ئیمپریالیزم، هاوكاریكردنی بزووتنەوە پێشكەوتنخوازە جیهانیەكان، هاوكاری لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالست.

• **بنەمای رێكخراوەیی حزب:**

حزب چالاكیە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەكانی ئەنجام دەدات بەپێی تیۆری ماركسی – لینینی :

هەوڵدەدات هاوپەیمانی ستراتیژی لەنێوان چینی کرێکارو جوتیارە هەژارەکان جێ بەجێ بکات، پەیڕەوی ناوخۆی حزب لەسەر بنەما لینینیەکان بۆ ڕێکخستن بوونیاد نراوە.

سەرپەرشتیاری مەکتەبی سیاسی حزب (الهاشمي شريف) لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی، دەڵێ:[39] حزب دوای تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر کۆنگرەی یەکەمی (١٩٩٠) وردە وردە دەستی کردووە بەدەرچوون لەبازنەی ئەو ئایدۆلۆژیا سێبەراوی و چەواشەکارییە.. لەسەر ڕێبازێکی نوێ هەنگاو دەنێ.. سەرەڕای چەندین کێشە کەکۆسپن لەبەردەم پێشکەوتنی، ئێمە دەمانەوێ حزبێك دروست بکەین لەسەر شێوازێکی نوێ، بۆ چوونە گشتیەکە بەم جۆرەیە، حزبێك پێکدێنین بڕبڕەی پشتی و ئاسۆی مێژوویی، پرۆسەی سۆسیالستی بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گوزارشت لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکە بکات لەڕێگای پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگە.

## ٤- بزووتنەوەی ئەستێرەی باکووری ئەفریقیا: ( نجم شمال أفريقيا )

ئەم بزووتنەوەیە لەسەر دەستی (مصالي أحمد بن الحاج) دامەزراوە لەساڵی ١٩٢٥[40]، بەهاوکاری (احمد بلغول) و (علي الجزائيري).

(مصالي الحاج) یەك لەسەرکردەکانی حزبی شیوعی جەزائیری بوو، بەڵام وەك نارەزایەتیەك بەرامبەر سیاسەت و هەڵوێستە پاشکۆیەکانی ئەم حزبە بۆ حزبی شیوعی فەرەنسی و دوور کەوتنەوەی لەکێشەنیشتمانی و نەتەوایەتیەکانی، بڕیاریدا جیا بێتەوەو ڕێبازێکی سیاسی سەربەخۆ بگرێتە بەر.

بۆیە هەر لەسەرەتایی دامەزراندنی ئەم بزووتنەوەیە (مصالي الحاج) بەرنامەکەی وابوو کەخۆی لەوپاشکۆیەتیە دوور بخاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندییەکانیان گەیشتنە ئاستی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ حزبی شیوعی فەرەنسی.

لەناو ئەم بزووتنەوەیە دوو ڕەوت پەیدابیوو، بەم جۆرە:

**یەکەم//** ئەم ڕەوتە بیرو بۆ چوونەکانی حزبی شیوعی فەرەنسی هەلگرتبوو، سەربەخۆیی جەزائیری بەستبۆوە بەجێ بەجێ کردنی شۆڕشی سۆسیالستی لەفەرەنسا، هەروەها بەکەم و سوکایەتی تەماشای ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیان دەکرد.

**دووەم//** ئەم ڕەوتەیان، بریتی بوو لەبیرو بۆ چوونەکانی (مصالي الحاج)، ناوبراو داوای پابەندبوونی دەکرد بەیکگرتنی نیشتمانی، هەروەها هەلوێست وەرگرتن لەئیستعماری فەرەنسی، لەجیاتی بایەخدان بەئینتمای چینایەتی، سەرەڕای کۆکردنەوەی نێوان بیرو بۆ چوونە مارکسیەکان و بیرۆکەی هاوکاری و بەیەکسان تەماشاکردنی کەلەپووری ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی.

لەکۆنگرەیەکی جیهانی دژ بە ئیمپریالیزم، کە لەشاری بروکسل بەستراوە لە ٢٥/شوباتی/١٩٢٧، ئەم بزووتنەوەیە بەرنامەی سیاسی خۆی خستۆتە ڕوو، ئەم بەرنامەیە لەدووبەش پێکهاتبوو:

**یەکەم/** پێشنیازە ڕاستەوخۆکان:

١- هەلوەشاندنەوەی بەپەلە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی ناوچە داگیرکراوەکان، لەگەڵ هەموو ئەو ڕێ و شوێنە نائاساییانەی کاریان پێ دەکرێت.

٢- ئازاد کردنی هەموو زیندانیەکان و گێڕانەوەی دوور خراوەکان لەبەر هۆی سیاسییەوە.

٣- هاتو چۆی ئازادانە بۆ فەرەنسا و دەرەوە.

٤- ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆروکۆبوونەوەو مافە سیاسییەکان و سەندیکاییەکانەوە.

٥- گۆڕینی ئەنجومەنە داراییەکان، بوونی پەرلەمانی نیشتمانی هەلبژێردراو.

هەواڵنامەی کتێب

٦- هەڵوەشـاندنەوەی هـەموو ئۆردوگـا تێکـەڵاوەکان، وەرگرتنـەوەی زەوییـە سەربازییەکان، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانیەکان، بەدەنگدانی گشتی.

٧- هەموو جەزائیرییەك مافی ئەوەی هەبێت کەکاری فەرمانبەری پێ بدرێت، بێ جیاوازی، هەروەها یەکسانی لەموچە.

٨- فێرکردنی بەزۆری زمانی عەرەبی، دروستکردنی قوتابخانەی عەرەبی.

٩- جێ بەجێ کردنی یاسا کۆمەڵایەتی و کرێکاریەکان، یارمەتیدانی بێ کاران و خێزانە هەژارەکان.

دووەم/ بەرنامەی سیاسی:

١- سەربەخۆیی تەواوی جەزائیر.

٢- کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئیستعمار.

٣- دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی، بوونی حکومەتێکی نیشتمانی شۆڕشگێر، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دەستوری بەهەڵبژاردنی گشتی.

٤- زمانی عەرەبی ببێتە زمانێکی فەرمی.

٥- هەموو بانك و پلەکارگێرییەکان و ڕێگاو بان و دامەزراوەکان بکەوێتە دەستی حکومەتی جەزائیر.

٦- موڵکەگەورەکان لەدەرەبەگ و پیاوانی داگیرکەران وەربگیرێتەوەو دابەش بکرێتە سەر جوتیاران.

٧- فێر بوون بەخۆڕایی و بەزۆر بێت لەهەموو ئاستەکان و بەزمانی عەرەبیش.

٨- داننان بەمافی سەندیکای و مافی مانگرتن، دەرکردنی یاسا کۆمەڵایەتیەکان.

٩- یارمەتیدانی راستەوخۆی جووتیاران.

لەم بەرنامەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەم بزووتنەوەیە، بەهۆی مۆرکە چینایەتی و کرێکاریەکەی بووە بەپێشەنگی زۆربەی بزووتنەوە نیشتمانیەکان لەوڵاتانی

عەرەب، بەهۆی خولقاندنی ئایدیۆلۆژیایەکی نیشتمانی شۆڕشگێرانە، هەروەها بەستنەوەی خەباتی رزگاری سیاسی بەخەباتی رزگاری کۆمەڵایەتی، لێرەدا خسلەتەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەچەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:

أ. هەرچەندە بزووتنەوەی ئەستێرەی باکوری ئەفریقیا، بزووتنەوەیەکی کرێکارییە لەرووی دروست بوون و لەڕووی رێکخراوەییەوە، بەڵام بیروبۆچوونەکانی (مصالي الحاج) پشتی بەستووە بەئیرادەی گەڵ، ئەو گەلەی لەچینە چەوساوەکانی کرێکارو جوتیارانی هەژارپێك دێن، نەك پشت بەستن بە بنەمای ململانێی چینایەتی.

ب. ئەم بزووتنەوەیە پشتی بەبنەمای (عەرەبچێتی و ئیسلام) بەستووە، هەروەها جەخت کردن لەسەر پێناسەی عەرەبی ئیسلامی بۆ گەلی جەزائیر.

ج. پیرۆز راگرتنی ئەو گەلەی هۆشیاری نەتەوایەتی دەکەوێتە پێش هۆشیاری چینایەتییەوە.

داواکارییە رادیکالییەکانی (مصالي الحاج) لەرووی سیاسییەوە، هەروەها داوای سەربەخۆیی جەزائیر، هۆیەك بوو بۆ رێگرتن لەو بزووتنەوەیە، بۆیە (مصالي الحاج) ساڵی ١٩٣٤، بزووتنەوەیەکی دیکەی پێکهێنا لەژێر ناوی (الاتحاد الوطني لمسلمي شمال افريقيا) بەڵام دەسەڵاتی داگیرکاری لە جەزائیر رێگای کارکردنی لەویش گرت، هەروەها (مصالي) خرایە زیندان بۆ ماوەی یەك ساڵ، دوای ئازاد بوونی، جەزائیری بەجێ هێشت بەرەو سویسرا، دوای ساڵێك گەڕایەوە بۆ جەزائیر، هەوڵیدا بزووتنەوەکەی زیندو بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە لەئازاری/١٩٣٧ بڕیاریدا حزبێك بەناوی (حزبی گەل) پێك بهێنی وەك حزبێکی نیشتمانی.

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان
# لەوڵاتی عەرەبی سعودی

١- **حزبی شیوعی سعودی:**

بڵاوبوونەوەی هزری مارکسی لە ناوچەی کە نداوو نیمچە دورگەی عەرەبی، بە شێوەیەکی کاراو تەواو ، بۆ دوای دامەزراندی نێو نەتەوەیی سێیەم (کۆمنتێرن) لە ساڵی ١٩١٩ دەگەڕێتەوە.

شیوعیەکان لەو ماوەیەدا لە ڕێگای چەندین نێردراو بۆ ناو کۆمپانیاکانی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عەرەبی سعودی، توانیویانە لە ناو کرێکاران جێ پێی خۆیان بکەنەوە ، کرێکاران بورووژێنن دژ بە مامەڵە خراپەکانی کاربەدەستانی کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەڵوێست و بڕیارەکانیان، هەروەها چەندین کتێب و ناملکەی هزری مارکسی گەیشتۆتە کرێکار و فەرمانبەرانی سعودی و کرێکارەبیانی و عەرەبەکان.(٤١)

لە ساڵی (١٩٥٠ ) لیژنەیەک لە شیوعیە سعودیەکان بەژداریان لە کۆنگرەی شیوعییەکانی ڕۆژهەڵاتی[٤٢] ناوەڕاست کردوە کە لە شاری (باطوم ) لە وڵاتی گورجستان بە سترا . بەلام نەیانتوانی پشتگیری و هاوکاری حزبی شیوعی سوڤیەتی بەدەست بهێنن، چونکە حوکمەتی سۆڤیەتی لەو سەردەمە بە ترسەوە مامەڵەی لە گەڵ ئەو پرسە دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانێ حکومەتی سعودیە ڕازی بکات بۆ بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەردوو حکومەت .

یەکەم شانەکانی ڕێکخستنی شیوعییەت لە وڵاتی عەرەبی سعودیە لە ساڵی (١٩٥٨) دەستی[٤٣] پێکردوە لە ژێر ناوی (بەرەی رزگاری نیشتمانی سعودی ).

لە ساڵی (١٩٧٠) لە وڵاتی عەرەبی سعودی ، ڕێکخستنێکی مارکس دیکەش سەری هەڵداوە لە ژێر ناوی (حزبی دیموکراتی میللی) . هەردوو ڕێخستنەکە ساڵی (١٩٧٥) یەکیان گرت لە ژێر ناوی (حزبی شیوعی سعودی).

هەروەها دەوترێت کە لە شاری (بیروت )ساڵی ١٩٦٣، ڕێخراوێکی مارکسی هەبووە ، لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی ئەو ڕێکخراوە (عبد العزیز ابو سنید ، عبد العزیز بن عمر ، اسحق بن الشیخ یعقوب ، محمد سعید)[٤٤] .

بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا ، ڕێکخراوی حزبی شیوعی سعودی ساڵی (١٩٧٥) راگەیەندراوە ، لە یەکەم کۆبوونەوەی حزب لەو ساڵەدا، بنماکانی ڕێکخستن و بنکە ڕێکخراوەیەکانی دیاری کردوە ، کۆبونەوەی دوەمی حزب لە ساڵی (١٩٨٤) بەستراوە، بە سەرکردایەتی سکرتێری گشتی حزب (مهدی حبیب) ، ناسراوە بە (عبدالحمن صالح)، لەوکۆبونەوەیە بریاری کردنەوەی چەند لقێکیان داوە ، لە وڵاتانی (لوبنان ) و (قوبرس) ، هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لەرۆشنبیرانی سعودی پەیوەندییان لەگەڵ کردون . لەلایەکی دیکەوە دەسەلأتداری سعودیە ، تواناکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ دژایەتیکردنی ئەم ڕێگزاوە و ڕێکرتن لەبەردەم گەشەکردنی لە ناو سعودییە .

هەروەها باسی ئەوە دەکرێت کەلە ساڵی (١٩٩٠) سەرکردایەتی ئەم حزبە، بریاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی داوە دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی سعودییە لەسەرئازادکردنی هەموو زیندانی کراوە شیوعییەکان.

## ٢- لیژنەی کرێکاری : ( لجنة الشغیلة )

لە ناو دام و دەزگاکانی نەوتی سعودییە لە سەرەتای پەنجاکانی رابردوو ، هێزێکی ئۆپۆزسیون ئاشکرا بوو لە ژێرناوی[٤٦] (لیژنەی کرێکاران)، رەخنەی توندی ئاراستەی دەسەڵات دەگرت و دژایەتی خۆی بۆ رژێمی پاشایەتی لەو وڵاتە راگەیاند ئەم هێزە ئۆپۆزسیونە لە ناو کرێکارانی کۆمپانیای نەوت (ئارامکۆ) ، بەتایبەتی لە ناوچەی (الظهران ) دەرکەوت ئەم هێزە کاریگەری بە سەر ئاراستەو بیرو رای کرێکاران هەبووە کە لەو شوێنە کاریان کردوە.

ئەم لیژنە کرێکارییە، چالاکیەکی بەر چاوی هەبووە لە سالی (١٩٥٣)، بە بیرو باوەرە مارکسیەکانی، لەگەڵ بوونی ئاراستەیەك لایان دەربارەی داوا کردنی سیستەمێکی پاشایەتی دەستوری، هەروەها پیرەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی بێلایەن ئەم هێزە سیاسییە بە شداری لە مانگرتنی کرێکارانی (ئارامکۆ ) کردوە لە سالّی ١٩٥٣ ، بەلاّم ژمارەیەکی گەورەی ئەندامانی خراونەتە زیندانەکانی رژێم ، ئەوانی کە رزگاریان بوو دەسەلاّت بۆی نەکرادەستگیریان بکات، پەیوەندیان بە رێکخستنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیونەوە کرد.

## ٣- بەرەی چاکسازی نیشتیانی : ( جبهة الاصلاح الوطني ):

ئەم رێکخراوە لە لایەن کۆمەلە کرێکار و رۆشنبیرێکەوە پێکهات بە شێوەیەکی نهێنی، لە کاتی مانگرتنی کرێکارانی[٤٧](کۆمپانیای نەوتی ئارامکۆ) لە ولاّتی سعودییە، سالی ١٩٥٣ .دواتر ژمارەیەك سەربازانی ناو سوپاو فەرمانبەران پەیوەندییان لە گەڵ کردوە ، ئەم رێکخراوە ، ئامانجەکانی خۆی بەم شێوەیە خستۆتە روو.

أ- رزکارکردنی وڵات لە چنگ ئیمپریالزم و چەوساندنەوەی ئابووری لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئارامکۆ .

ب- بریار دان لەسەر دەستورێك ، کە هەڵبژاردنی پەرلەمان دەستەر بکات.

ج- رێگادان بە ئازادییەکانی نووسین و کۆبوونەوەو دامەزراندنی حزبی سیاسی و سەندیکاکان ، هەروەها ئازادیەکانی خۆپیشاندان و مانگرتن.

د- پەرەسەندنی پیشەسازی و چاککردنی باری کشتوکاڵی وڵات ، لە گەڵ دابینکردنی پێداوستیەکان بە نرخێکی هەرزان ،

هـ- نە هێشتنی کۆیلایەتی ، چاو خشاندنەوە بەو رێککەتنانەی لە گەڵ کومپانیا نەوتیەکان بەستراوە ، هەروەها هەموارکردنیان بەشێوەیەك کە وەبەرهێنانی

سامانی نەوت دابین بکات ، بە شێوەیەکیش پەرەسەندنی وڵات لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە دەستە بەربکات.

و- بەربەرەکانی کردنی نەخوێندەواری و دامەزراندنی قوتابخانەی کچان و فراوانکردنی فێربوونی باڵاو پیشەییەکان.

بەپێی بۆچوونەکانی بەرە، خەباتی بەشێکە لەو خەباتەی کەگەلی عەرەب پێی هەڵدەستێ دژ بە ئیمپریالیزم، لەپێناو یەکگرتنی گەلانی عەرەب لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسی ئازاد.

هەروەها بەرە لەسەر ئاستی دەرەکی بانگەشەی بۆ بەهێز کردنی پەیوەندییە ئابوری و رۆشنبیری و دیپلۆماسییەکان کردووە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بوونیادنانی پەیوەندی پێشکەوتوو لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالستیەکان و پەیرەوکردنی سیاسەتێکی بێ لایەنانەی ئەرێنی و ژیانی ئاشتیانەو دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و پەیمانەکانی.

بەرە پەیوەندی باشی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیون هەبووە لەناوچەی (حجاز و احساء)، سەرەڕای پەیوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوە ناسیونالستخوازانی عەرەب، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی لەچەندین شاری عەرەبی سعودی.

لەساڵی (١٩٥٦) دەسەڵات رایگەیاند کە توانیویەتی کۆتایی بەم هێزە سیاسییە بهێنێ، ژمارەیەك لەئەندامانی زیندانی بکات، لەگەڵ لەسێدارەدانی (ملازم عبدالرحمن الشهرانی) و چوار ئەفسەری دیکەی ناو سوپا.

بەم جۆرە چالاکیەکانی بەرە لەناو وڵاتدا زۆر دژاور بوو، ئەوانی مانەوە لەئەندامانی بەرە، بەرەو سوریاو میسر و لوبنان هەڵاتن.

سەرەڕای ئەو شکستیەی کەتووشی بەرەهات، بەڵام لەسەر چالاکیەکانی بەردەوام بوو، ساڵی (١٩٥٧) وای دەرخست کە بەشێکە لەو هێزە عەرەبییەی هەڵگری بیروباوەڕەکانی (جمال عبدالناصر)ە وپەیرەوی سۆسیالستی دەکات، لەگەڵ پابەند بوونی بەرێبازی

(مارکسیزم – لینینزم)، هەروەها هەوڵیداوە بیروباوەڕەکانی خۆی لەناو ریزەکانی کرێکارانی نەوت و سەربازانی ناو سوپا بڵاوبکاتەوە.
دواتر بەرە ڕێگای توندو تیژی گرتەبەر، چەند تەقینەوەیەکی ئەنجامدا لەناو دام و دەزگاکانی سەربازی ئەمریکی لەسعودییە.
بەرە لەساڵی ١٩٦٢، لەگەڵ بەرەی رزگاری عەرەبی فەلەستینی هاوپەیمانیەتیەکان بەست، دواتر لەگەڵ بەرەی نەتەوایەتی لەیەمەنی باشوور، هاوپەیمانی بەست، هەروەها لەگەڵ بەرەی میللی بۆ رزگارکردنی فەلەستین و لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیونالستخوازانی عەرەب – باڵی سەربازی لەساڵی ١٩٦٧.
لەساڵی (١٩٧٠) چەند ئەندامێکی بەرە هەوڵیاندا حزبێکی کۆمۆنیستی لەسعودیە پێك بهێنن.

## ٤- بەرەی رزگاری نیشتمانی لەسعودیە ( جبهة التحرير الوطني السعودي )

ئەم بەرەیە لەڕووی پێکهاتن و ئامانجەکانیەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بەرەی چاکسازی نیشتمانی[٤٨] نیە، دامەزراندنی وەك کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر سیاسەتە داگیرکارییەکەی ئەمەریکا لە وڵاتی عەرەبی سعودی، بۆیە ناوەکەی کرا بە (بەرەی رزگاری نیشتمانی) لەساڵی ١٩٥٨ ئەم بەرەیە چالاکیەکانی بەدوو قوناغدا تێپەڕ بووە:
**یەکەم//** کارکردن بەشێوەیەکی نهێنی، هیچ ڕێکخستنێکی ئاشکرای نەبووە، پابەندی خۆی بەڕێبازی (مارکسیزمی لینینزم) راگەیاندوە، بەشداری لەخەباتی نیشتمانی کردوە.
**دووەم//** لەساڵی (١٩٦١) دەستی کرد بەچالاکی سیاسی ڕێك و پێك.
لەناو ریزەکانی بەرە ئەم چین و توێژانە کۆبوونەتەوە، بورژوازییەتی بچووك، رۆشنبیران، کرێکاران بەشێوەیەکی تایبەت.

بەرنامە سیاسیەکەی جەختی لەسەر چەند گۆڕانکارییەکی دوور خایەن کردۆتەوە لە هەموو بوارەکان، هەروەها خەباتکردن لەپێناو سیستمێك گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانی گەلّ بکات، لەگەلّ پەیرەوکردنی ڕێبازێکی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، سەرەڕای داواکردنی دەستورێکی دیموکراسیانەو دەستەبەرکردنی مافە بنچینەییەکان، بەمافی دروستکردنی حزبی سیاسی و سەندیکای کرێکاری و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و مافی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە، لەگەلّ هەلّوەشاندنەوەی هەموو بنکە سەربازییە بیانیەکان.

**ئەو بەرنامە سیاسییەی بەرە، داوای کردووە:**

بەدواداچوون و هەموارکردن بۆ هەموو ئەو گرێ بەستە نەوتیانە بکرێت کەلەگەلّ بیانیەکان بەستراوە، بەدیهێنانی بنەمای بەشداریکردنی دەولّەت بەبەشێکی گەورە لەکردارییە نەوتیەکان، پێویستی دامەزراندنی کەرتی گشتی لەبواری ئابوری خۆجێی.

**لەبواری کۆمەلاّیەتی، ئاماژەی بۆ ئەم لایەنانە کردووە:**

هەلّوەشاندنەوەی، سیستمی کۆیلایەتی و رزگارکردنی کۆیلەکان، چاکسازییەکی ریشەیی کارگێری حکومی، رێکخستنی دادوەری و پەرە پێدانی دەزگاکانی و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەلاّیەتی، یەکسانی دەرفەت لەنێوان هاولاّتیان و فراوانکردنی سنوری فێربوون و پەرەسەندنی، دروستکردنی قوتابخانەی پیشەیی و هونەری و یەکخستنی سەرپەرشتیکردنی هەموو پەیمانگاکانی فێر بوون، لەگەلّ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لەبواری ئابوریدا:

نیشتەجێ کردنی رەوەندو بەپیشەسازیکردنی ولاّت و دروستکردنی جۆرەها کارگەو پیشەسازی، هەروەها گەشەپێدانی کشتوکالّ وچاککردنی زەوی و زارو بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکیەکان و چاککردنی هۆیەکانی هاتوچۆو بەهێزکردنی سوپا.

**لەبواری سیاسەتی دەرەکی و عەرەبی:**

بەرنامەی سیاسی بەرە، جەختی لەسەر پابەند بوونی بەهاوکاریکردن کرد لەگەڵ هێزە رزگاریخوازە عەرەبییەکان، بۆ بەدیهێنانی یەکێتییەکی عەرەبی دیموکراتی و رزگاریخواز، هەروەها رێکخستنی پەیوەندییە سیاسییە دەرەکییەکان لەبواری ئابوری و کەلتوری و سەربازی، لەگەڵ وڵاتە عەرەبییە سەربەخۆکان، بەرە بانگەوازی بۆ سیاسەتی بێ لایەنی ئەرێنی و ژیانی ئاشتیانە کرد، هەروەها وەرگرتنی هەڵوێست و بریارە سەربەخۆکان، و دروستکردنی پەیوەندییە دبلوماسی و ئابورییەکان لەگەڵ دەوڵەتە جیاوازەکان.

بەرە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئۆپۆززسیۆنەکان سازدا، لەچوار چێوەی بەرەیەکی عەرەبی رزگاریخواز، ناوی خۆی گۆری بۆ بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی.

بەڵام کشانەوەی (میرە ئازادەکان) لەو بەرەیە لەئابی/١٩٦٣، جارێکی دی ناوەکەی گەرایەوە بۆ بەرەی رزگاری نیشتمانی.

هەروەها بەرە لەساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ هێزە دیموکراسەکانی دوورگەی عەرەبی هاوپەیمانەتی سازدا، سەرەرای بەشداریکردنی لەهەولی بۆ کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٦٤.

بەرە بەرەو رووی هێرشی دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵات بۆوە، بۆیە هەندێکیان هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات و بوونە ئەندام لەحزبی شیوعی سعودی.

هەولاتی مەدونی کتێب

## ٥- بەرەی میللی دیموکراسی بۆ رزگاری دوورەگەی عەرەبی :
## (الجبهة الشعبية الديمقراطية لتحرير الجزيرة العربية)

ئەم بەرەیە لەساڵی (١٩٦٠) پێکهاتووە لەوڵاتی عەرەبی سعودی، هەڵگری بیرو باوەڕی مارکسیە،[٤٩] لەلایەن رێکخراوی (یەکێتی گەلی دورگەی عەرەب) پشتگیری کراوە، دواتر لەگەڵ چەند رێکخراوێکی دیکە لەساڵی ١٩٦٢ بەشداری لەبەرەی رزگاری نیشتمانی کردووە، بەڵام چالاکیەکانی هەربە نهێنی و سنورداری ماوەتەوە لەناو کرێکارانی نەوت، خۆی ئاشکرا نەکرووە لەترسی دام و دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت.

## ٦- رێکخراوی شیوعییە سعودییەکان: (منظمة الشيوعيين السعوديين)

ئەم رێکخراوە لەچوار چێوەی بەرەی چاکسازی نیشتمانی پێکهاتووە، لەوڵاتی عەرەبی سعودی[٥٠]، ساڵی (١٩٦١)، زۆربەی ئەندامانی سەر بە بزووتنەوەی کرێکارانن لەکۆمپانیای نەوتی ئارامکۆ لەشاری (الظهران).

ئەم رێکخراوە بەرەو رووی هەڵمەتی گرتن و ئەشکەنجەدانی دام و دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی بۆتەوە، بۆیە ناچار بوو خۆی بخاتە ناو رێکخستنە مارکسییەکانی دیکەوە.

## ٧- یەکێتی هێزە دیموکراسییەکان لەدوورگەی عەرەب:
## (اتحاد القوى الديمقراطية في الجزيرة العربية)

رێکخراوێکە پێکهاتووە لەکۆمەڵە کەسانێکی شیوعی لەوڵاتی سعودییە، شان بەشانی بەرەی رزگاری[٥١] نیشتمانی لەبەحرین و یەکێتی گەلی دیموکرات لەناوچەی (عدن)، دواتر پەیوەندی کرد بە بەرەی رزگاری نیشتمانی لەعەرەبی سعودی و هاوپەیمانیەتی بەست لەگەڵ (میرە ئازاد خوازەکان)، ئەم رێکخراوە هیچ چالاکیەکی بەرچاوی نەبووە لەوڵاتی عەرەبی سعودی، بەتایبەتی دوای کشانەوەی (میرە ئازاد خوازەکان) لەبەرەی رزگاری نیشتمانی.

ئەنـدامانی ئـەم رێکخـراوە پەیوەنـدییان بەچـەند رێکخراوێکـی دیکـەوە کـردووە، بەشێکیان وڵاتیان بەجێ هێشت بەرەو دەرەوە لەترسی پەلاماردانی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت.

## ٨- بەرەی سۆسیالستی بۆ رزگارکردنی دوورگەی عەرەبی:

## (الجبهة الاشتراكية لتحرير الجزيرة العربية)

ئـەم بەرەیـە لەساڵی ١٩٦٢ لـەوڵاتی عـەرەبی سعودی دامـەزراوە، لەسـەرەتادا هـەڵگری بیروباوەڕی ناسیۆنالستی و[٥٢] بەبنەماکانی (رێبازی ناصری) کاریگەر بووە.

لــە ٢٦/حــوزەیرانی/١٩٦٦، لەبەیاننامەیەکیــدا بــەناوی مەکتــەبی سیاســییەوە بڵاوکراوەتەوە، بەرە ئەم داواکاریانەی خستۆتە ڕوو:

١- ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکان.

٢- رزگارکردنی دوورگەی عەرەبی لەچنگ ئەو رژێمانەی کە هەیە.

٣- دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی، سۆسیالستی، لەسێبەریدا گـەل بـەئازادی بژێت و رزگاری بێت لەهەژاری و چەوساندنەوە.

٤- رازی نەبوون بەبوونی هێزی بیانی لەگەنداوی عەرەبی.

ئەم بەرەیە دوای نسکۆی ١٩٦٧، زیاتر رووی لـەهزری مارکسی کـرد لەگـەڵ پاشەکشـەی رێبـازی ناصـرییەت، لەراسـتیدا بـەرە پشـتگیرییەکی گـەورەی جـەماوەری بەدەسـت نـەهێنابوو، هـەروەها چـالاکیەکانی لەسـنورێکی تەسـکدا، لـەناوکرێکاران لەناوچـەی رۆژهەڵاتی وڵاتی عەرەبی سعودیە مایەوە.

بەرە، هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرای نەبووە دەربارەی رووداوە ناوخۆییـەکان، تـەنها رازی نـەبوونی نـەبێت بـەبڕیاری شـا (فیصـل کـوڕی عبـدالعزیز) بەدامـەزرانـدنی پـەیمانی ئیسلامی.

## ٩- رێكخراوی رۆڵەكانی دورگەی عەرەبی سعودی لەدەرەوە:
**(منظمة ابناء الجزيرة العربية السعودية في الخارج)**

ئەم رێكخراوە لەمانگی ئەیلول/١٩٦٩، لەئەنجامی گرد بوونەوەی كۆمەڵەكەسانێكی وڵاتی عەرەبی سعودی، لەدەرەوە دامەزراوە[٥٢].

ئامانجیان دەربڕینی بیرو بۆچوونەكانیانە دەربارەی كێشە نیشتمانی و نەتەوایەتیەكانیان، لەداواكاریەكانی ئەم رێكخراوە: دەستەبەركردنی ئازادییە گشتیەكانە، هەروەها ئازاد كردنی زیندانیە سیاسییەكانە، لەگەڵ كۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی كۆمپانیا مۆنۆپۆلە نەوتیە بیانیەكان.

ئەم رێكخراوە رژێمی حوكمڕانی سعودی بەرژێمێكی ئۆتۆكراسی ناساندو داوای دروست بوونی حكومەتێكی دیموكراسی كرد، ئەم رێكخراوە باوەڕی بەهزری سۆسیالستی هێناوە.

لەیەكەم كۆنگرەی رێكخراوەكە، لە ٦/شوباتی/١٩٧٠ ، گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆو پەیمانی نیشتمانی كراوە.

هەواڵنامەی کتێب

**لەو پەیمانەدا:**

ئامانجە سیاسییەكانی رێكخراوەكە دیاریكراوە، لەبەر رۆشنایی بنەما نیشتمانی و دیموكراسیەكانی دژ بە كۆنەپەرستی و ئیستعمار، هەروەها ئاماژەی بۆ شێوازی حوكمڕانی كردووە، لەگەڵ بەهێزكردنی پەیوەندییەكان لەگەڵ حكومەتە نیشتمانی و سۆسیالستی و پێشكەوتن خوازەكان، لەوڵاتانی عەرەبی و لەجیهاندا.

**هەر لەو پەیمانەدا هاتووە:**

ریسواكردنی سیستمە كۆنەپەرستیەكان و كردارەكانی زایۆنیزم و پەیمانە بیانیەكان، سەرەڕای پشتگیریكردنی هێزەكانی بەرهەڵستی كاری فەلەستینی و شۆڕش لەناوچەی كەنداوی عەرەب و كاركردن بۆ دامەزراندنی بەرەیەكی نیشتمانی یەكگرتوو.

لەسەر ئەم شێوازە، ڕێکخراو بەشێوەیەکی نهێنی بەردەوام بوو لەسەرچالاکیەکانی لە دەرەوەی وڵات، بەڵام لەناو وڵاتدا ڕۆڵی لاواز بوو.

## ١٠- حزبی دیموکراسی میللی لەدوورگەی عەرەبی :
## (الحزب الديمقراطي الشعبي في الجزيرة العربية)

ئەم حزبە لەکۆتایی ساڵی(١٩٦٩) دامەزراوە، لەیەکگرتنی دوو ڕێکخراوی سیاسی، بەرەی دیموکراسی[٥٤] میللی بۆ ڕزگار کردنی دوورگەی عەرەبی، لەگەڵ، ڕێکخراوی شۆڕشی نیشتمانی لەوڵاتی عەرەبی سعودی.

ئەم حزبە چالاکیەکانی لەناوەڕاست و لەرۆژئاوای وڵاتی عەرەبی سعودی بڵاوبۆتەوە، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەرو خوێندکار (بەشێوەیەکی تایبەت) هاتوونەتە ریزەکانی.

حزب باوەڕی بەگرینگی ڕۆڵی جەماوەر هەبووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بانگەشەی بۆ دیموکراسیەت و لیبرالیەت و ئازادی کردووە، پابەندی خۆی بەمیتۆی (مارکسی – لینینی) لەسەر شێوەی (ماوتسی تونگ)ی دەربڕیوە.

گۆڤاری (الجزيرة الجديدة)ی دەرکردووە بۆ دەربڕینی بیرو باوەڕەکانی.

**ئامانجەکانی ئەم حزبە، دەکرێ لەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:**

ڕزگار کردنی وڵاتی عەرەبی سعودی لەرێگای خەباتی جەماوەری و چەکداری، گۆڕینی سیستمی حوکمرانی، ئازاد کردنی ژن و پێدانی مافە ئابوری و سیاسییەکانی، هەموو مافە مەدەنیەکان بۆ ڕۆڵەکانی گەل، دەرکردنی ئیمپریالیزم بە کۆن و نوێ ، بوژاندنەوەی سیاسەتی ئابوری لەهەردوو بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی، دامەزراندنی حکومەتێکی شۆڕشگێرانە، هاوکاریکردن لەگەڵ هەموو دەوڵەتە شۆڕشگێرە سۆسیالستەکان، پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی و یەکخستنی گەل لەچوار چێوەیدا.

بەڵام دواتر، ئەم حزبە بەرەو رووی دوو بەرەکی هات، رێکخراوێکی لێ جیا بۆتەوە بەناوی بەرەی (النضال الشعبي)، بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەرکرد لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەژێر ناوی (النضال).

دەسەڵات رێگای لەچالاکیەکانی ئەم حزبە گرت و دەستی کرد بەتەنگ پێ هەڵچنین و دەسگیرکردنی ئەندامانی لەناو خۆ، بۆیە حزب ناچار بوو ناوەندی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات بگوازێتەوە کە لەناو خوێندکارە سعودییەکانی ئەورووپاو ئەمەریکا گەشەی کرد.[٥٥]

هێرش و دەسگیرکردنەکنی ئەندامانی ئەم حزبە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان سعودیە لەساڵی(١٩٦٩) دەستی پێکردو لەساڵی (١٩٧٠) گەیشتە لوتکە بەگرتن و کوشتنی زۆر لە کادیرە چالاکەکانی.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان

# لەسوودان

هەواڵنامەی کتێب

## ١- حزبی شیوعی سودانی: (الحزب الشيوعي السوداني):

یەکەم شانەی ڕێکخستنی مارکسیەکان لەوڵاتی سودان ساڵی (١٩٤٤) پێکهاتووە، بەهۆی چەند خوێندکارێکی سوودانی کەلەمیسر دەیانخوێند، ئەو خوێندکارانە لەناو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی دیموکراسی بۆ ڕزگاری نیشتمانی (حدتو) کاریان دەکرد[٥٦]، هەروەها ڕێکخستنەکانی ناو سودانیش هەر پەیوەندییان ڕێکخراوی (حدتو) هەبووە.

بەڵام لەساڵی (١٩٤٦) شیوعیەکانی سودان، بڕیاریاندا لەڕێکخراوی (حدتو) جیا ببنەوە، ڕێکخراوێکیان پێکهێنا لەژێر ناوی: بزووتنەوەی دیموکراسی سودان بۆ زرگاری نیشتمانی (حستو) .

لەساڵی (١٩٥٣) ئەم بزووتنەوەیە بەشداریکرد لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سودانی، کەهێشتا سودان هەر لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری بەریتانی بوو، ئەندامێکی ئەو بزووتنەوەیە گەیشتە پەرلەمان.

لەو ساڵەدا ئەم ڕێکخراوە مارکسیە، بەرەیەکی پێکهێنا دژ بەئیستعمار و خەبات لەپێناو[٥٧] سەر بەخۆی و دەرچوونی هێزەکانی بەریتانیا لەخاکی سودان.

ڕێکخستنەکانی ئەم ڕێکخراوە ڕووی لەگەشەکردن و فراوان بوون کرد، دەستی گرت بە سەریەکێتی جوتیاران و سەندیکای کرێکاران، هەروەها لەناو زانکۆی (خرطوم) گەشەی لەریزی خوێندکاران بەخۆوە بینیوە.

ساڵی ١٩٦٤ ئەم بزووتنەوەیە بەئاشکرا لەژێر ناوی - حزبی شیوعی سودان - کارەکانی ئەنجامدەدا.

دەمەزراندنی ڕێکخراوی (حستو) لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم، هاوکات بوو لەگەڵ بەشدایکردنی[٥٨] سودانیەکان لەدەرەوەی سودان لەجەنگی جیهانی دووەم و کارتێکردنەکانی ئەو جەنگەو گرانەوەی سودانیەکان بەسەر دەرەوەو گوێ بیستی

بەڵێنەکانی (هاوپەیمانی ناتۆ)، لەنێوانیاندا مافی چارەی خۆنووسین، دیارە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر بزافی هۆشیاری سیاسی لەناوجەماوەردا.

جەنگ کۆتایی هات بەتێشکانی بەرەی فاشیزم و سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسی، کە دەوڵەتی سۆڤیەتیش لەو بازنەیەدابوو، ئەو سەرکەوتنەش بوو بەهۆی شکاندنی ئەو گەمارۆیەی کەبەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا سەپێنرابوو، بەتایبەتی دەربارەی ڕێگرتن لەهزری مارکسی و سۆسیالستی.

بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی لەوڵاتانی جیهان سەری هەڵدا، لەرۆژهەڵاتی دوور لە باشوری کیشوەری ئاسیاو لەوڵاتانی عەرەب.

بێ گومان ئەو هەل و مەرجە نێو دەوڵەتیە، ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەسەر بزافی نیشتمانی و هۆشیاری جەماوەری لەسودان، بوو بەهۆی دروست بوونی حزبە سیاسییەکان و دامەزراندنی سەندیکای کرێکاران لەشارە گەورەکان، سەرەڕای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جوتیاران.

### ڕێکخستن و سەرکردایەتی حزب:

حزبی شیوعی سودانی، لەلایەن رۆشنبیرانی چینی ناوەڕاست دەست بەسەر بازنە گرینگەکانی گیرابوو، یەکەم سکرتێریگشتی حزب (عوض عبدالرزاق) بوو، بەڵام لەساڵی ١٩٥٣ وە (عبدالخالق محجوب) بوو بەسکرتێری گشتی حزب، تا ساڵی (١٩٧١) بەردەوام بوو[٥٩].

هەر چەندە حزبی شیوعی سودانی بیروباوەڕی چینایەتی هەڵگرتبوو، تیۆری (مارکسی-لینینی) پەیڕەو دەکرد، بەڵام مۆرکی خۆجێی سودانی پێوە دیار بوو، ڕێزی لەهەموو بیرو بۆچوون و هەستە ئاینیەکان دەگرت، تەنها حزب بوو لەناو حزبە شیوعیەکان کەلەسەر سیاسەتەکانی (ستالین) رازی نەبوو دەربارەی کێشەی فەلەستین.

هەواڵنامەی کتێب

سالّی (١٩٦٥) حزبی شیوعی سودانی بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کرد، توانی (٥١) نوێنەری[٦٠] بگەیەنێتە پەرلەمان، کەژمارەی ئەندامانی لە (١٧٢) ئەندام پێکهاتبوو.

لەساڵی ١٩٦٦، هەوڵدانێك سەری هەڵدا لەسودان لەناو شیوعیەکان بەتایبەتی، بۆ دامەزراندنی حزبێکی سۆسیالستی لەسودان، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی و تێکەڵ بوونی لەناو حزبە نوێیەکە.

ئەوانی رابەرایەتی ئەو ئاراستەیەیان دەکرد، چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی سودانی بوون، لەوانە (عمر مصطفى مكي، معاوية ابراهيم، احمد سليمان)، ئەم ئاراستەیە لەلایەن (جعفر النميري) سەرۆکی سودان لەو سەردەمە پشتگیری دەکران، بەڵام لەلایەن سکرتێری حزب (عبدالخالق محجوب) بەتوندی دژایەتی کرا، بۆیە ململانێیەکی توند لەنێوان هەردوو لا سەری هەڵداو بەسەر کەوتنی (عبدالخالق محجوب) کۆتایی هات.

هەر لەئاکامی ئەو ململانێیەو ئەو هەوڵدانە بۆ دروست کردنی حزبی سۆسیالستی، سێ ڕەوت لەناو حزبی شیوعی سودانی و لای مارکسیە سودانیەکان پەیدابوو[٦٢].

١- **لەباکوری سودان، حزبی سۆسیالستی سودان**

٢- **لەباشوری سودان، حزبی باشوری دیموکرات.**

٣- **حزبی کرێکاران و جوتیاران، حزبێکی چەپ بوو لەساڵی ١٩٦٨ پەیدابوو.**

لەمانگی تشرینی دووەمی/١٩٧٠ سەرۆکی سودان (جعفر النميري) بڕیاریدا بەدەرکردنی وەزیرە شیوعیەکان[٦٣] لەحکومەتەکەی، بەهۆی ئەو ململانێیەی کەوتبووە نێوان حزبی شیوعی و حکومەتی سودان، هەروەها لەشوباتی/١٩٧١، جعفر النميري، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی دەرکردو تاوانباریانی کرد بەهەوڵدانی کودەتای سەربازی بەسەر حکومەت، ژمارەیەکی گەورەی کادیروسەرکردەکانی ئەو حزبە زیندانی کردو بەشێکیان بڕیاری کوشتنیان لەسەر

جێبەجێکرا، لەناویاندا سکرتێری حزب (عبدالخالق محجوب) کەلە ١٩/تەموزی/١٩٧١ دەستگیرکرا لە٢٨/تەموزی/١٩٧١ بڕیارەکەی لەسەر جێ بەجێکرا.

دوای ئەو هەنگاوانەی حکومەت، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان دەرچوو، کەکادیرو ئەندامانی حزبی شیوعی سودانی سەرپەشتیان دەکرد.

ساڵی ١٩٩٥ حزبی شیوعی سودانی تووشی دووبەرەکی هات، کاتێ ڕێکخراوێک لەژێرناوی (حق)[٦٤] دروست بوو، بەبۆچوونی ئەو ڕێکخراوە، هزری مارکسیزم، سوودی بۆ ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی نەماوە، ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٩٦ یەکەم کۆنگرەی بەستووە، بەڵام دواتر بەرەو ڕووی دووبەرەکی هات، لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی و تەکتیکی، دوو ئاراستەیان لەناودا پەیدابوو، ئاراستەیەکیان باوەڕی بەکاری سەربازی و هێزبوو، بەڵام ئاراستەی دووەمیان باوەڕی بەڕێبازی ئاشتیانەو هاوپەیمانیەتی هەبوو لەگەڵ حزبەکانی دیکەی سودان.

سکرتێری گشتی حزب(محمد ابراهیم نقد) ماوەی (١١) ساڵ بەنهێنی لەشاری (خرطوم) چالاکیەکانی ئەنجامداوە، تا لە مانگی نیسانی/٢٠٠٥ خۆی ئاشکرا کردووە[٦٥].

سەرکردایەتی حزبی شیوعی سودانی، لەمانگی ئابی/٢٠٠١ لەکۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆیدا، چەندین بابەت و کێشەی گرینگی خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دەربارەی زۆر بواری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتی، بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە تیشك دەخەنە سەر ڕێبازی سیاسی و بیروباوەڕەکانی دەربارەی ئەو کێشەو بابەتانە.

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ گرینگترین ئەو خاڵانە دە کەین کەلەنا وەرۆکی ڕاپۆرتی کۆتایی هاتووە[٦٦].

## أ) کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێبازی ئاشتیانە:

حزب بەبەرپرسیاریەتیەکی نیشتمانی بەرزەوە، مامەڵە لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی دەکات، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتیانە بۆ قەیرانە نیشتمانیەکانی سوودان، ئەو بنەمایانەی حزب ڕەچاوی دەکات لەم بارەوە، بریتین لە:

١- ئاراستەی گشتی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لەرۆژگاری ئەمرۆدا، چارەسەرکردنی کێشە جەکداریەکان و کوژانەوەی ئاگری شەڕە ناوخۆییەکانە، هەروەها دووبارە ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکانە لەڕێگای گفتوگۆوە، لەگەڵ دەستە بەرکردنی کەمترین رادەی سەقامگیری.
لێرەدا دەردەکەوێ کەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی رۆڵێکی یاریدەدەر دەگێڕێ، ناکرێ بەچاوی کەم تەماشای ئەو رۆڵە بکرێت، بەڵام رۆڵی یەکلا کەرەوە دەکەوێتە سەرشانی گەلی سودان.

٢- بۆ چارە سەکردنی قەیرانەکانی سودان، پێویست بەدەست تێوەردانی هێزی سەربازی ناکات، هەروەك روویدا لە صومال و یوگسلافیا، ئێمەش ئەو جۆرە دەست تێوەردانەمان پێ خۆش نیە.

٣- حکومەتی بەرە لەسودان، ئەو دەسپێشخەرییە زۆرانەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی وەك بیانوویەك بەکاری دەهێنێ بۆ کات تێپەڕکردن، بۆیە ئێمە داوا لەهەموو هێزو حزبەکانی ناو گردبوونەوە دەکەین، کەلەسەر گفتوگۆ کردن و دەست پێشخەرییەکان یەك دەنگ بن.

٤- قبولکردنی بنەمای گفتوگۆ کردن، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی بۆ قەیرانەکان، ئەمەش ئەوەناگەیەنێ کە ئۆپۆزسیۆن دەست بەرداری چالاکیە سیاسیەکە، یاخود سەربازییەکان بێت، هەروەها ئەوەش ناگەیەنێ کە ئەو کێشانەی بەهۆیەوە ململانێیان لەسەر دروست بوون، گۆڕانیان

بەسەردابێت، یان هەرپشت گوێ بخرێن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بنەمای گفتوگۆکردن بەکار بهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی و بەپاڵپشتی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، هەروەها دەکرێ، ئەو گفتوگۆیانە بگەنە رێگایەکی داخراو یان بەشێك لەو قەیرانانە چارەسەربکەن، رەنگە درێژەش بکێشێ بۆ چەند ساڵێك.

**ب ) بوونیادنانی حزب لە سێبەری گۆرانکاریەکان.**

حزب لەرووی بابەتیەوە، بەئارەزووی خۆی ناتوانێت واقیع هەڵبژێرێت، بەڵام حزب بۆ خۆی خاوەن ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ و هۆشیاری و زانیارییە، بۆ تێگەیشتن لە گۆڕاو رووداوەتازەکان، هەروەها زاڵبوون بەسەر لایەنە دژوارەکانی ئەو واقیعە، ئەو کارەش لەرێگای هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەوە دەبێت بۆ توانا راستیەکان، لەگەڵ پەرەپێدانی ئەو تواناﻳانەو خستنە رووی بەرنامەی کاری حزب و فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییە جەماوەریەکانی، هەروەها تێکەڵبوون لەگەڵ ژیانی جەماوەرو تێگەیشتن لەئێش و ئاواتەکانی، لەکێشەکانی، لەگەڵ کارکردن بۆ چارەکردنیان.

لەسیماو خەسلەتەکانی ئەو واقیعە بابەتیانە، ئەو گۆڕانکاریانەن کەبەردەوام روودەدەن لەناو کۆمەڵگەو لەناو پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان و لەناو ژینگەدا، لەو گۆڕانکاریانەی ناو کۆمەڵگەی سودانیش:

١- بەردەوام بوونی رژێم لەدەست درێژییەکانی بۆ لەناو بردنی ئازادی سەندیکاکان، هەروەها ماڵیکردنی ئەو سەندیکایانەو لەخۆگرتنی سەرکردەکانی ناو دام و دەزگابیروکراسییەکان.

٢- بەهۆی درێژەکێشانی ماوەی خەبات و رووداوەکانی، بزووتنەوەی سەندیکایی نەوەیەك لەسەرکردەکانی لەدەستداوە، ئەو سەر کردانەش کە سەندیکاکانیان دامەزراند لەساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم.

٣- دارمانی بەرهەمی پیشەسازی و بەتایبەتکردنی دام و دەزگا گشتیەکان، ئەو کارە بوو بەهۆی دابەزینی ئاستی شارەزایی و لێهاتوویی لای چینی کرێکاران.

٤- خاوەن کارگەو پرۆژەکان، خۆیان بەدوور دەگرن لەگرێبەستی بەکۆمەڵ، لەگەڵ کرێکاران، بۆ ئەوی مافەکانیان نەچەسپێت.

٥- لەو دیاردە گۆڕاوانەی دەبنە هۆی سەر ئێشە بۆ کۆمەڵگە، فراوان بوونی فێربوون بەجۆرێکی ئاسۆیی و چەندایەتی، بەبێ رەچاو کردنی لایەنی چۆنایەتی و پێداویستیەکانی ئایندەی کۆمەڵگە.

٦- لەگرنیگترین گۆڕانکاریەکانی ناوکۆمەڵگەی سودان، فراوان بوون و زۆر بوونی توێژی لاوەکان، ئەوانی تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٥) ساڵە، کەڕەنگە ڕێژەکەی بگاتە (٢١٪) دانیشتوان.

٧- لەناو توێژو پێکهاتە ئەر یتگەرییەکانی کۆمەڵگە، لەگوندو شارەکان، گۆڕانی قوڵ و فراوانیان بەسەردا هاتووە، لەناو ژنانیشدا کێشەو پێدایستیەکانیان بۆتەبابەتێکی رۆژانە، کەلەرۆژنامەکان بخرێتە روو، هەروەها لەناو چالاکییە کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکانیش باس بکرێن.

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان لەسوریا

هەواڵنامەی کتێب

١- **حزبی شیوعی سوری : ( الحزب الشيوعي السوري )**

لەساڵی (١٩٢٤) نوێنـەری (کـومنتێرن) جوزیـف بیرگـەر کـە ئەنـدامی سـەرکردایەتی حزبـی شـیوعی فەلەسـتین بـوو[١٧]، هـەروەها بەرەگـەز پولـونی و کـاری رۆژنامـەوانی دەکـرد، سـەردانی لوبنـانی کـرد، چـاوی کـەوت بەرۆژنامـە نووسـی لوبنـانی (یوسـف یـەزبگ)، رێکـەوتن لەسـەر ئـەوەی هـەوڵێك رێـك بخـەن بـۆ دروسـتکردنی رێکخسـتنی کۆمۆنیسـتی لـەلوبنان، بـۆ ئـەو مەبەسـتە بریـاری کۆبوونەوەیـەك درا کـە لـەرۆژی ٢٤/تشـرینی یەکـەمی/١٩٢٤ بەسـترا بـەئامادە بـوونی هەریـەك لەیوسـف یـەزبگ، فـؤاد الشمالي، شفيق مظهر، نمر وهبة (پارێزەر)، الياس قشعمی (کرێکار)، الیـاس ابـو ناصر (پولیس) الياس جهشان (پارێزەر)، فريد طعمة (کرێکار)، سەرەرای جوزیف، بیرگەر.

ئـەم کۆبوونەوەیـە لـەماڵی (عبـدالله الشـدیاق) لەشارۆچـکەی (الحـدث) سـازدرا، ئامادەبووان باسیان لـەزەروورەتی بـوونی رێکخراوێکی مارکسی کـرد لـەلوبنان، لـەناو ئامادەبووان چـوار کـەس ئامـادەیی خۆیـان پیشـاندا بـۆ بەشـداریکردن لـەو رێکخـراوە، ئەوانەش هەریـەك لـە (یوسـف ابـراهیم یـەزبگ، فـؤاد الشمالی، الیاس قشعمي، فريـد طعمة) دواتر کەسێکی دیکە بە ناوی (بطرس حشيمي) پەیوەندی بەو گروپەوە کرد. لەو کۆبوونەوە یە بڕیاردرا (یوسف یەزبگ) وەك سکرتێر کار بکات.

رێکخـراوی لاوانـی (سـپارتاکۆس) کەلەسـوریا دامـەزرا بـوو سـاڵی ١٩٢٤، هـەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بوو، زۆربەی ئەندامانی لەشارەکانی (حلب – انطاكية – زحلة – دەوبەری دمشق) لەرەگەزی ئەرمەنی بوون.

بـە بۆنـەی جـەژنی کرێکـارانی جیهان لـەمانگی ئایـاری/١٩٢٥، لیژنـەیـەکیان سـەردانی لوبنـانی دەکـرد، لـەوێ لەگـەڵ ئـەو گروپـە مارکسـیەی پێکهـاتبوو یـەکیان ناسـی و بیروڕایان ئاڵ و گۆڕکرد دەربارەی هاوکاری و پەیوەندی نێوانیان.

بۆیە دوای گفتوگۆکان بڕیار درا تێکەڵ ببن و ببنەیـەك رێکخـراو، بـۆ ئـەم مەبەسـتە (ئیلی تیبەر) ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی فەلەستین (نوێنەری کومنتێرن)

رۆڵی گێرا، ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ناوەندی لەنێوان هەردوولا، ئەندامانی کۆمیتەکەش بریتی بوو لە : یوسف یەزبگ (سکرتێر)، فؤاد الشمالي، ئیلی تیبەر، ئارتین مادویان، هیکازویان بویاجیان، فرید طعمة).

بەم جۆرە حزبی شیوعی سوری – لوبنانی دروست بوو، بەڵام هەروەك لقێك سەر بەحزبی شیوعی فەلەستین کاری دەکرد، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (ئیلی تیبەر) وەك سکرتێر کاری دەکرد.

هەروەها بڕیاردرا ڕۆژنامەیەك دەربچێت لەژێر ناوی (الانسانية)، کە یەکەم ژمارەی لە ١٥/ئایاری/١٩٢٥ بڵاوکرایەوەو سەر نووسەرەکەش یوسف یەزبگ بوو، لەژێر ناوەکەشی نووسرابوو: ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە، بۆ خزمەتی کرێکارو جوتیاران دامەزراوە.

دوای ئەو تێکەڵبوونە (حزبی شیوعي سوری – لوبنانی) نامەیەکی ئاراستەی ئەنجومەنی جێ بەجێکردنی سەربە(کومنتێرن) کرد، داوای کرد وەك ئەندام وەربگیرێ، دیارە ئەو نامەیەش لە ڕێگای حزبی شیوعی فەلەستینیەوە گەیشتووە، کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان (ئیلی پیتەر) سەرپەرشتی ئەو حزبە نوێیەی دەکرد.

حزب یەکەم کۆنگرەی لەمانگی کانوونی یەکەمی/١٩٢٥ بەستووە، ژمارەی نوێنەرانی ئامادەبوو (١٢) کەس بوون، بەرنامەی کۆنگرە بریتی بوو لە :

**١- چالاکیەکانی حزب لەبواری ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە.**

**٢- هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی، کە لەم کەسانە پێك هات: فؤاد الشمالي (سکرتێر)، فرید طعمة، ئارتین مادویان، ئیلی پیتەر، هێکازویان بۆ یاجیان.**

هەر لەو کۆنگرەیە حزب دروشمی: (لەپێناو کۆمارێکی دیموکراسی، لەلوبنان و سوریا) هەڵگرتبوو، بەڵام لە کۆنگرەی دووەم ساڵی (١٩٣٠) ئەو دروشمە گۆڕا بە (خەباتکردن لەپێناو دەسەڵاتی کرێکارو جووتیاران) .

لەساڵی (١٩٢٨) سکرتێری حزب (فؤاد الشمالي) بەرەو مۆسکۆ کەوتەرێ، بەمەبەستی بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی ساڵانەی کومنتێرن و داواکردنی وەرگرتن لەریزی ئەو رێکخراوە نێو دەوڵەتیە وەك ئەندام.

ساڵی (١٩٣٠) خالد بەگداش پەیوەندی بەحزبی شیوعیەوە کردووە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٣٢، وەك سکرتێری ئەو حزبە کارەکانی راپەراندوە[٦٨].

لەماوەی (٣١/کانوونی یەکەم/١٩٤٣ – ٢ کانوونی دووەم/١٩٤٤) دووەم کۆنگرەی حزبی شیوعی سوری لوبنانی سازدرا، دیارە گرینگی ئەم کۆنگرەیە لەوە دایە کە یەکەم کۆنگرەیە دوای سەربەخۆیی سوریا دەبەسترێت.

لەکۆنگرە (١٩٠) نوێنەری ئامادەبوون، نوێنەرایەتی سەرجەم ئۆرگانەکانی حزبیان دەکرد[٦٩]، لەکۆنگرە راپۆرتی سیاسی و راپۆرتی رێکخستن، هەروەها پەیمانی نیشتمانی خرایە روو کە لە(٢٠) مادە پێکدەهات، دوای خوێندنەوە بۆ گفتوگۆ کردن بڕیاریان لەسەردرا.

لەو کۆنگرەیە بڕیار درا حزبی شیوعی سوری لوبنانی ببێتە دوو حزبی جیا لەیەك/حزبی شیوعی سووری و حزبی شیوعی لوبنانی.

خالد بەگداش کە وەك سکرتێری حزبی شیوعی سوری مایەوە، زۆر بەتوندی پەیڕەوی تیۆری مارکسی – لینینی کردووە، دژی بەرنامەکەی گۆرباتشوف بوو، بەناوی ( بیروسترویکا) حزبی شیوعی سوری چەند بڵاوکراوەیەکی هەیە، وەك رۆژنامەی (صوت الشعب) کە دووهەفتە جارێك دەردەچێ، هەروەها گۆڤاری – الطليعة – گۆڤارێکی وەرزییە.

حزبی شیوعی سوری، چەند رێکخراوێکی سەربەخۆی هەیە، وەك: چرۆکانی نیسان، رێکخراوی ژنانی سوریا، رێکخراوی لاوانی کۆمۆنیستی سوریا.

## قەیرانی حزبی شیوعی سوری[٧٠]:

١- ساڵی ١٩٧٢ جیابوونەوەی (ریاض الترك) و دامەزراندنی حزبی شیوعی سوریا – باڵی مەکتەبی سیاسی.
٢- ساڵی ١٩٨٢ جیابوونەوەی (مراد یوسف) و دامەزراندنی حزبی شیوعی سوریا – مراد یوسف.
٣- ساڵی ١٩٨٦، جیابوونەوەی (یوسف فیصل) و دامەزراندنی حزبی شیوعی سوریا (موحد).
٤- ساڵی ٢٠٠٣ جیابوونەوەی (قدوری جمیل) و دامەزراندنی ڕێکخراوی دیمەشق.

## سۆسیالیزم لەدیدی حزبی شیوعی سوریاوە[٧١]:

دیاریکردنی ڕێبازی سۆسیالیزمی لەلایەن حزبی شیوعی سوریاوە، وەك ئامانجێك بۆ خەبات، لەو ڕاستیەوە سەری هەڵداوە کەکار بۆ بوونیادنانی سیستمێك دەکات ببێتە هۆی بەدیهێنانی گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها فراوانکردنی شێوەکانی داد پەروەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەشەکردنی ژیانی دیموکراسیەت لەناو کۆمەڵگە.

حزب لەبەرنامەی سیاسی خۆیدا، کەلەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە بڕیاری لەسەر دراوە ساڵی ١٩٩٥، چەند تێڕوانین و بیرو بۆ چوونێکی هەبووە بۆ قۆناغەکانی پەرەپێدان بەرەو سۆسیالیزم، ئەو بەرنامەیە گفتوگۆی ناوخۆیی بەردەوامی لەسەرە، بەمەبەستی پێگەیاندنی ئەو بیروبۆ چوونانە بەپێی بارودۆخی سوریا.

حزبی شیوعی سوری وا لەسۆسیالیزم دەگات کە ڕێگایەکە بەرەو باڵابوونی مرۆڤ لەڕووی شاریستانیەوە نەك تەنها دابەش کردنی داهادات و سامان بێت لەناوخەڵکدا، لەسەر بنەمای (هەریەکە بەپێی توانای و بۆ هەریەك بەپێی بەرهەمی)، بەڵکو بەپێی بەرژەوەندییەکی گشتی، کەبنچینەکەی پێشکەوتن و باڵابوونی مرۆڤ بێت

لەهەموو رووێنیکەوە، هەروەها پێگەی مرۆڤێك، بەپێی لێهاتوویی و دڵسۆزی لەکارداو لەگەڵ بەرزی رەوشتەکانی، دیاری بکرێت.

ژیانی تایبەتی مرۆڤ سەربەخۆ دەبێت، بەڵام دەبێ کۆمەڵگەو دەوڵەت پێداویستیەکانی ژیانێکی سروشتی و سەربەرزانە دابین بکات بۆی، سەرەڕای ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانی مادی و مەعنەوی، کەبەهۆیەوە پێشکەوتنی ئازادانەی مرۆڤ بچەسپێت.

هەرچەندە شیوعیەکانی سوریا بەرنامەیەکی پێش وەختیان بۆ بوونیادنانی سۆسیالیزم دانەڕشتووە، هەروەها دامەزراوەکانیان باس و وەسف نەکردووە، کە چۆن بن، بۆ چوونیشیان وایەکە رێگا بەرەو سۆسیالیزم درێژخایەن و جۆراو جۆر دەبێت، هەروەها دەرئەنجامی کارلێکردنی هزری و خەباتی هێزە سیاسییەکان دەبێ، لەگەڵ هاوپەیمانیەتیەکی فراوانی ئەو هێزانە بەیەکەوە، سەرەڕای قەناعەت هێنانی فراوانترین چینەکانی گەل بەوەی کە بەرژەوەندییە بنچینەییەکانیان پەیوەست دەبێ بەجێ کردنی سۆسیالیزم، گەیشتنیش بەو سۆسیالیزمە بەرێگای چەند قۆناغێك دەبێ لەخزمەتگوزاری و پەرەسەندنی فراوان لەبواری ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەوە، بەو جۆرە دەگرێ سنورێك بۆ ئەو دواکەوتنە دابنرێت.

بەبۆچوونی حزبی شیوعی، گەیشتن بەو سۆسیالیزمە بەرێگای چەندرێ و شوێنێکی بەدوایەکداو درێژخایەن دەبێت، کەرێگا بەشێوازە جیاوازەکانی مولکیەتی تایبەت و گشتی و هاوبەش، لەگەڵ مولکیەتی هەرەوەز دەدات، بەمەبستی سوود وەرگرتن لەهەموو تواناکان و بەکار هێنانیان لەپرۆسەی گەشەپێدان، ئەوەش بەمەرجێك کەکەرتی گتشی وەك لایەنێکی بنچینەیی بمێنێتەوە، هەروەهامولکیەتی دەوڵەت و مولکی هاوبەش و هەرەوەز، بەشێوەیەکی پلەبەپلە مۆرك و سروشتی کۆمەلایەتی بەدەست بێنێت، لەئەنجامی پەرەسەندێکی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.

بەبۆچوونی شیوعیەکانی سوریا، سۆسیالیزم ناکرێ تەواو بێت تەنها بەبوونی دیموکراسییەتێکی سیاسی لەجۆرێکی تازەدا، چونکە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرادەیەکی گەورە بەدیموکراسییەتی سیاسی دەبەسترێتەوە.

هەر لەو ڕێگایەوە شێوازەکانی دیموکراسییەت لەناو کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بڵاو دەبێتەوە، کە بەهۆیانەوە ئاڵ و گۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دەستەبەر دەبێت، لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی ئازادانە.

نووسەری کتێبی (الاحزاب السياسية في سورية)، ژیانی حزبی شیوعی سوری دابەش دەکاتە سەر چەند قوناغێك، بەم جۆرەی خوارەوە:[٧٢]

١- قۆناغی دامەزراندن: دەست پێدەکات لەساڵی ١٩٢٤ تا ساڵی ١٩٣٦، لەم ماوەیەدا یەکەم کۆنگرەی حزب بەستراوە، لە ٩/کانونی یەکەمی/١٩٢٥.

٢- قۆناغی دووە. دەست پێدەکات لەساڵی ١٩٣٧ تاساڵی سەربەخۆیی سوریالە ١٧/نیسانی/١٩٤٦، لەسەرەتای ئەم قۆناغە خالد بەگداش وەك سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵبژێردرا، لەگەڵ هەریەك لە (فرج الله حلو – ئارتین مادویان – نیقولا الشاوی) وەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

٢- قۆناغی سێیەم لەساڵی ١٩٤٦ وە دەست پێدەکات تاساڵی ١٩٥٨، (یەکگرتنی هەردوو دەوڵەتی سوریاو میسر).

٤- قۆناغی چوارەم: دەست پێدەکات لەساڵی (١٩٦٤) وە تا ئەمڕۆ کەبە گرینگترین و مەترسیدارترین قۆناغ دادەنرێ لەژیانی حزب.

٢- **حزبی شیوعی سوری – المکتب السیاسي ) :**

بەهۆ ململانێیەکانی ناوخۆی حزبی شیوعی سوری، لەساڵی ١٩٧٢، باڵێك جیابۆوە[٧٣] بەسەرکردایەتی (ریاض الترك) و وەك حزبێکی سەربەخۆ.، خۆیان ڕاگەیاند.

لەکانونی دووەمی/١٩٧٣ کۆنگرەی حزبی خۆیان بەست، دوای مشتومڕێکی زۆر لەناو کۆنگرە، بەرنامەی سیاسی خۆیان دارشت.

ئەم حزبە، پەیوەندی لەگەڵ بەرەی نیشتمانی پیشکەوتنخواز لەسەرەتادا بەردەوام بوو[٧٤]، نوێنەرانیان بەشداریان لەپەرلەمانی (ئەنجومەنی گەل) کردووە، بەڵام لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندییەکانی رووی لەلاوازی کرد، تابەشێوەیەکی فەرمی کشانەوەی خۆی لەساڵی ١٩٧٦ راگەیاند، بەهۆی هەڵوێستەکانی حکومەتی سوریا لەئاست لوبنان و دەستێوەردانی لەکاروباری ئەو وڵاتە.

ئەم حزبە، کێشە نەتەوایەتیە عەرەبیەکانی وەك (یەکگرتن، رزگار کردنی فەلەستین)، هەروەها کیشەکانی دیکەش، کردە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر رادەی دڵسۆزی رژێمە عەرەبیەکان و هێزە سیاسییەکان، بۆ ئەو کێشانە.

**بەرنامەی سیاسی حزب:**

- بەرنامەی سیاسی حزب، جەخت لەسەر خاڵە بنچینەییەکان دەکات، لەپێناو گۆڕان بەرەو دیموکراسییەت لەقۆناغی ئێستادا، کەبریتیە لەکۆتایی هێنان بەزۆرداری و گواستنەوە بەرەو دیموکراسییەت.
- کۆتایی هێنان بەباری نائاسایی و بڕیارە سەربازییەکان و ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی، هەروەها کۆتایی هێنان بەدۆسیەی بەندکردنی سیاسی.
- ڕێگادان بەئازادییەگشتیەکان.
- دەرکردنی یاسایەکی هاوچەرخانە بۆ ڕێکخستنی کارو باری حزبەکان.
- کۆتایی هێنان بەهەموو شێوەکانی جیاوازی.

هەواڵنامەی کتێب

- حزب خەبات دەكات لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی سەردەمیانەو دەستەبەرکردنی بنەمای ئازادی و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ.
- گرینگیدان بەڕاستکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو لوبنان، لەڕێگای کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە وڵاتی لوبنان، هەروەها دەست وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی لوبنان.
- پشتگیریکردنی گەلی فەلەستین لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەنیشتمانییەکانی، هەروەها هاوکاریکردنی گەلی عێراق لەپێناو عێراقێکی یکگرتووی دیموکراسی و سەربەخۆ.
- لەدەستدانی کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکان بۆ کۆتایی هێنان بەسیستمی یەك جەمسەری، کارکردن بۆ دروست بوونی سیستمێکی نێو دەوڵەتی زیاتر هاوسەنگ و ئەقلانی.
- پالپشتی کردنی بەردەوام بۆ چینی کرێکارو جوتیاران، هەروەها بۆ بەرژەوەندی هەژاران، پشت بەستن بە ئاراستە سۆسیالیستیە نێو دەوڵەتیەکان و ڕەوتە میانڕەوەکان.

## ٣- حزبی کرێکارانی شۆڕشگێری عەرەب ( حزب العمال الثوري العربي ):

ئەم حزبە لەئەنجامی جیابوونەوەی باڵێك لەحزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست پێکهاتووە لە ساڵی ١٩٦٣، بڕیاری[٧٥] دامەزراندنی بەشێوەیەکی فەرمی لەساڵی (١٩٦٥) ڕاگەیەندرا، یەکەم ئەمینداری گشتی حزب، مامۆستای زانکۆ(حمدي عبدالمجيد) بوو، کە بەرەگەز خەڵکی عێراقە.

ئەم حزبە گرینگی تەواو بە بواری رۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی داوە، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٦٩ لەشاری بەریروت دەزگایەکی رۆشنبیری بەناوی (دار الحقيقة) دروست کرد، کە لە لایەن ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبەکە، بەناوی (ياسين الحافظ) سەرپەرشتی دەکرا تا ساڵی ١٩٧٣، دواتر دامەزراوەیەکی رۆشنبیری دیکەیان دروست کرد لەلوبنان بەناوی (دامەزراوەی لوبنانی بۆ هزرو رۆشنبیری)، گۆڤارێکیشیان بڵاودەکردەوە بە ناوی (الواقع)، سەرنووسەرەکەشی (الياس مرقص) بوو لەنێوان ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٦) ، ئەم حزبە یەکەم کۆنگرەی گشتی لەساڵی ١٩٩٣ بەستووە.

حزب چالاکانە بەشداری لەو دیالۆگە کردووە کە بەمەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتیەکی نیشتمانیەوە بووە لەساڵی (٢٠٠٥) و دواتر ڕاگەیاندرا بەناوی (ڕاگەیاندنی دمشق)،

حزب لەڕووی کاری ڕێکخراوەیی چالاکیەکانی زۆر لاواز بووە، ئەمینداری گشتی حزب ئێستا (طارق أبو الحسن)ە.

### بنەماهزرییەکانی حزب[٧٦]:

- حزب پابەندی خۆی رادەگەیەنێ بەکێشەکانی چینی کرێکار، باوەڕی بەهزری سۆسیالستی زانستی هەیە، بەرێ نیشاندەری خەباتی دەزانێ.

- حزب بەشداریدەکات لەدروست بوونی (تیۆری شۆڕشگێڕانەی عەرەب) بۆیە بەدواداچوونی هەیە بۆ بەرنامەی (بەعەرەبکردنی مارکسیزم)، کە پێشتر چەند مارکسییەکی عەرەب کاریان بۆ کردووە.
- ئەو قەیرانەی کەبەرەو ڕووی شۆڕشی عەرەب هاتووە، هۆیەکەی بۆ پەککەوتوویی سەرکردایەتی بورژوازی بچووك دەگەڕێنێتەوە، بەهۆی بێ توانایی لەراپەراندنی ئەرکەکانی دژ بە ئیستعمارو زایۆنیزم.
- دیاریکردنی ناوی حزب:

دیاریکردنی ناوی حزب، بۆ حزبی کرێکارانی شۆڕشگێری عەرەبی، لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نەتەوایەتی حزب بووە، هۆیەکانیشی ئەمانەی خوارەوەیە:

**١- بۆ ئەوەی ناوەکە لەگەڵ خسلەتە چینایەتیەکەی ڕێککەوێت، هەروەها ئاماژەیەك بێت بۆ پەیوەستی بەچینی کرێکارەوە.**

**٢- نیشانەی رازی نەبوونە بەرێبازی چاکسازی لە پەرەپێداندا، هەروەها بۆ سەپاندنی مۆرکی شۆڕشگێرانە لەکاری سیاسیدا.**

**٣- بەڕاستی بیرۆکەی یەکگرتن بگرێتە خۆی.**

**٤- <u>حزبی شیوعی سوری (یوسف فیصل):</u>**

حزبێکی مارکسیە لەناو رەوتی حزبە شیوعیەکانی سوریا، ئەم حزبە لەحزبی شیوعی[٧٧] سوری (باڵەکەی خالد بەگداش) جودا بۆ تەوە لەساڵی ١٩٦٨، بەهۆی ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی بەرەو ڕووی حزبی شیوعی سوریا هاتووە.

ئەم حزبە بەشداریکردووە لەبەرەی نیشتمانی دیموکراسی لەسوریا، هەروەها (٩) ئەندامی هەیە لەئەنجومەنی گەل.

رۆژنامەیەکی هەفتانەی هەیە بەناوی (النور)

ئەمینداری گشتی حزب (حنین تمر)ە و سەرۆکەکەشی (یوسف فیصل)ە.

هەواڵنامەی کتێب

٥- **حزبی کاری کۆمۆنیستی لەسوریا : ( العمل الشیوعي في سوريا ) :**

بەمەبەستی دروست کردنی حزبێکی مارکسی، لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، چەند بازنەو شانەیەکی مارکسی، لەناو خوێندکارانی زانکۆی (حلب) و ئامادەییەکانی شاری (لاذقية) پێکهات، کەرەگ و ریشەی کۆمەڵایەتیان بۆ حزبی بەعس و سۆسیالستە عەرەبەکان دەگەڕێتەوە.

لەناو ئەو خوێندکارانە، چەند کەسانێکی چالاك و شارەزایان لێ پەیدابوو، وەك نضال معلا، فاتح جاموس، اصلان عبدالکریم، جورج دیب، هیثم العودات، و چەند کەسانێکی دیکەش.

ئەوانە رۆڵی گەورەیان گێرا بۆ بەستنەوەو ڕێکخستنی نێوان ئەو بازنانە، هەروەها هەوڵدان بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ڕێکخستنەکان لەناو زانکۆی (دمشق) و قوتابخانەکانی دیکەی سوریا.

لەساڵی (١٩٧٦) لە کۆکردنەوەی ئەو بازنەو شانانە، ڕێکخراوێکیان پێکهێنا بەناوی کۆمەڵەی (کاری کۆمۆنیستی)، لەڕووی سیاسییەوە، ئەو ڕێکخراوە گرینگی بەچەمکی ناسیونالیزمی عەرەبی و دروشمی روخاندنی ڕژێمی بەزرکردبۆوە.

بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان، ئەم ڕێکخراوە لەدیالۆگێکی هزری گەرم دەژیا، دەربارەی بابەتەکانی (مارکسیزم –لینینزم – تیۆری زانستی – ڕێکخستن و پراکتیك، ڕێبازی ریفۆرم و شۆڕشگێری، ململانێی چینایەتی).

هەوڵەکانی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ حزبی شیوعی سوری (مەکتەبی سیاسی) شکستی هێنا، لەلایەکی دیکەوە کادیرو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بەرەو رووی هەڵمەتێکی گرتن و زیندانی کردنی دەزگا ئەمنیەکانی رژێم بوونەوە، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨).

لەکۆتاییـدا، لەکۆنگرەیـەك کـە لـەماڵی ئەنـدام پەرلـەمانی پێشووی لوبنـان (ظـاهر الخطیب) بەسترا لەساڵی ١٩٨١ بڕیاریاندا خۆیان لەناو (حزبی کاری کۆمۆنیستی) ڕێك بخەن.

هەڵوێستە سیاسییەکانی ئـەم حزبـە لەئاسـت دەسەڵات، هەڵچوون و دابـەزینی تیادا بەدی دەکرێ، لەسەریەك ئاست نـەبووە، هـەروەها بـەهۆی پشتگیریکردنیان بـۆ مـافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردو بەشداریکردنیان لەئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٦ لەشاری (دمشق)، بووە هۆی ئەوەی دەسەڵات هەڵوێستی توندبێت بەرامبەریان.

لەکۆتایی ساڵانی نەوەتـەکان و لەگـەڵ ئـازاد بـوونی بەشـێك لەئەنـدام و کادیرەکانیـان لەزینـدان، بەشـێك لـەو ئەنـدام و کادیرانـە کەوتنـەوەکاری ڕێکخسـتن و زینـدوو کردنـەوەی حزبەکـەیان، بـەڵام بەشـێکی دیکـەیان دابـەش بـوون بەسـەر حـزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دیکە.

لەبڵاوکراوەکانی ئەم حزبە: (الرایة الحمراء، الشیوعي ، البرولیتاري)[٧٩]

**بنەماهزری و سیاسییەکانی حزب:**

- باوەڕهێنان بەتیۆری مارکسی – لینینی –
- ئامانجەکانی : پـەیڕەو کردنـی دیموکراسـییەت، هەڵوەشـاندنەوەی بـاری نائاسـایی لەوڵات، بەرپاکردنی ئازادییە سیاسییەکان.
- دژی ڕەوانەکردنی سوپای سوریا بووە بۆ سەر خاکی لوبنان.
- حزب دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی هەڵگرتووە.
- لەمێژووی ٢٠/تشرینی یەکەمی/١٩٩٠ حزب بەیانێکی دووروودرێژی دەکردووە، بە توونـدی هێرشـی کردۆتـە سـەر دەسـەڵات، هـەروەها داوای دادگـایی کردنێکـی عادیلانـەی کـردووە بـۆ کـادیرو ئەندامـەکانی کەلـەناو زیندانـەکانی سـوریا، شاردراونەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**٦- یەکێتی کرێکاری (اتحاد الشغیلة):**

دوای تێشکانی سوپاکانی عەرەب لەجەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧ دژ بەئیسرائیل، شەپۆلێکی رەوتی چەپی بەهێز لەناو[٨٠] حزب و رێکخراوە سیاسییە عەرەبەکان، سەری هەڵدا، ئەو رەوتە چەپە کەخۆی بەسەر شەقامی سیاسیدا سەپاند، زیاتر لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازانی فەلەستین بەدی دەکرا.

هەروەها رازی نەبوون بەوەی کە رێکخستنی بورژوازی بچووك بگۆرێت بۆ رێکخستنێکی شۆرشگێری چینایەتی، هاندەربوو بۆ کۆمەڵە کادیرێکی چەپرەو، لەناو بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین، وەك (حمیدي العبدالله، أحمد الفرحان، غازي الخلیلي، سالم دردوني،...کەسانی دیکە)، کەجیابوونەوەی خۆیان لەو بەرمیە رابگەیێنن و خۆیان وەك رێکخراوێك بەناوی (بەرەی میللی شۆرشگێر بۆ رزگاری فەلەستین) رێك بخەن، هاوکات لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی سێیەمی بەرە لە (١٩٧٢).

بەڵام لەماوەی کەمتر لەدوو ساڵ بەشێکی گەورەی ئەو کادیرانە گەرانەوە بۆ ناو رێکخراوەکەی پێشوویان، تەنها بەشێکیان نەبێ لەکادیرە رادیکالییەکان لەسەر هەمان رێباز مانەوەو خەریکی دروستکردنی رێکخراوێکی دیکە بوون، کە دواتر ناویان لێنا (کۆمەڵەی شۆرشگێرانی عەرەب)، ئەم کۆمەڵەیە وەك سەرکردایەتیەکی نهێنی بۆ سەرپەرشتیکردنی چالاکیەکانیان لە چەند وڵاتێکی عەرەبی پێکهات، ژمارەی ئەو کادیرە سەرکردایەتیانەش (١٥) کەس بوون، لەوانە: حمیدي عبدالله (سوریا)، ظاهر الخطیب (لبنان)، مصطفی المولي (فلسطین)، خاتوو ناهدة (لبنان)، ابو محمد الربیع.

لەناو کۆمەڵە دوو ئاراستە دروست بوون، ئەوانەش:

**یەکەمیان/** لەهەوڵی کارێکی مەیدانی درێژ خایەن بوو، بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی چەپی نوێ.

**دووەمیان/** پێکهاتبوون لەکۆمەڵە کەسانێك، هەڵگری بیروباوەری لینینی – تروتسکی، پەلەیان دەکرد لەهەنگاوەکانی کارکردن.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەموو ئەندامانی کۆمەڵە بەدەوام بوون لەکاری وروژواندنو هاندانی سیاسی، دەربارەی ئەو کێشەو قەیرانە سیاسییە توندو تیژانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە دوای جەنگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣.

بەو پێیە دەستیان کرد بەدەرکردنی بڵاوکراوەو بەیاننامە، کەلەمیانەیدا هەڵوێستەکانی خۆیان دەخستە روو، هەروەها روونکردنەوەیان دەربارەی رووداوەکان بڵاودەکردەوە، ئەو چالاکیانەش لەژێر چەندین ناوی جۆراو جۆر دەکرا، بۆ نموونە وەك: لیژنەکانی کاری میللی، لیژنەی خوێندکاران، رێکخستنی کرێکاران، کرێکارانی ناوخیوەتگاکانی فەلەستین...هەر لەمیانەی ئەو بڵاوکراوانە، رەخنەی توندیان لەهەڵوێستی رژێمە عەرەبیەکان دەگرت بەهۆی رێککەوتنیان لەگەڵ ئیسرائیل.

لەنێوان سالانی (١٩٧٢-١٩٧٣) کۆمەڵە چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکی دەرکرد لەشاری (بیروت) بەناوی (الحرية) و (الهدف)، ئەم بڵاوکراوانە زیاتر لە(دە) ژمارەیان لێدەرچوو، بابەتەکانی بەزۆری هاندان و داواکاری بووە بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی بەرهەڵستکاری نوێ.

سەرەڕای ئەو بڵاوکراوانە، کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆشی دەرکرد، وەك بەڵگەنامەیەك بێت بۆ روونکردنەوەی ئاراستەی هزری و سیاسی خۆی، ناونیشانەکەشی بەکورتی، بەم جۆرە بوو: (بەرەو دروستکردنی حزبێکی شیوعی عەرەبی).

بەڵام بەهۆی بارودۆخی ناو سوریاو تەنگەتاوکردنی رێکخراوەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەروەها زیندانی کردنی ئەندامانیان، کۆمەڵە رووی لەپەرش و بڵاوبوونەوەکرد، هەندێ لەئەندامانیشی بەرەو وڵاتانی عەرەبی کۆچیان کرد، وەك (لبنان – اردن – فلسطين – مصر)، بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە رێکخراوی دیکەی کرێکاری پێك بهێنن، لەراستیشدا تەنها لە (سوريا و لبنان) سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەدروستکردنی ریکخراوی (یەکێتی کرێکاری).

هەواڵنامەی کێب

ئـەم ڕێکخـراوە لـەلبنان لەمێـژووی ٢٤/تشـرینی دووەمـی/١٩٧٤ دروسـت بـووە لەلایـەن ئەندازیار (ظـافر الخطیـب)، ئـەوەی ڕاگەیانـد کـە حزبێکـی شـیوعی عـەرەبی دروست کـردووە، ئامانجـەکانی ئـەم ڕێکخـراوە : ڕزگـاری نەتـەوەو یـەکگرتنی، بوونیادنـانی سیستمی سۆسیالستی لەشێوەی کۆمارەکانی سۆڤیەت.

دوای دەست تێـوەردانی سـوریا لـەکاروباری نـاوخۆی لوبنـان و دروسـت بـوونی شـەری ناوخۆ لەو وڵاتە، (ظافر الخطیب)، لەو بارودۆخەدا کوژرا، هەر لەئاکامی ئـەو هـەل و مەرجە سیاسییەی لەلوبنان سەری هەڵدا، ئەو ڕێکخـراوە هەڵوەشـایەوە، بۆیـە بەشـێك لەکادیرانی بڕیاری کشانەوەیاندا لـەکۆتایی سـاڵی (١٩٧٦) لەوانـە (فهـد – حـازم – ابـو محمد الربیع)، بەم جۆرە لەدوای دوو ساڵ ئەو ڕێکخـراوە پـەرش و بڵاوبـۆوە، هەنـدێ لەکادیرو ئەندامانی گەڕانەوە ناو بـەرەی ڕزگـاری فەلەسـتین، بەشـێکیانیش بـەردەوام بوون لەچالاکیەکانیان لەژێر ناوی (یـەکێتی کرێکـاری) و بەسـەرکردایەتی ئەمنیـدارە نوێیەکەی (ظاهر الخطیب).

چالاکیەکانی ئـەم ڕێکخـراوە مارکسـیە، لەماوەیـەکی کورتـدا و بەژمارەیـەکی کـەمی ئەندامانی (کەلە ٢٠٠ ئەندام تێپەڕ نەدەبوو) نموونەیەکی زینـدووە لەسـەر کاریگـەری ئایدیۆلۆژیا لەلایەکەوە، هەروەها شکست و فشۆڵی لەلایەکی دیکەوە.

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان
# لە وڵاتی عومان

ديوانی كتێب

### ١- بەرەی میللی بۆ رزگاری عومان و کەنداوی عەرەبی:
### (الجبهة الشعبية لتحرير عمان والخليج العربي)

لە حوزەیرانی/١٩٦٥ بەرەی رزگاری (ظفار) دەرکەوت، لەیەکەم بەیاننامەی بۆ دانیشتوانی (ظفار) دامەزراندنی بەرەکەی راگەیاند، ناوەرۆکی بەیاننامەکە لایەنی نیشتمانی و رەهەندی نەتەوایەتی دەگرێتە خۆی[٨١].

پێکهاتنی بەرە، کاریگەری بزووتنەوەی ناسیونالیستخوازانی عەرەبی بەسەردا هەبووە، بۆیە بریار لەسەر ناوەکەی درا بەو جۆرە، سەرەڕای پەیرەوکردنی بۆ تیۆری (مارکسی – لینینی).

بەرە یەکەم کۆنگرەی خۆی لە ناوچەی (حمرین)ی ناوەڕاستی (ظفار) بەست لەمانگی ئەیلولی/١٩٦٨دا.

لەناو کۆنگرەی بەرەدا، بەرنامەی شۆڕش خرایە ڕوو، بەپێی ئەو ئاراستە نوێیەی پەیرەوی کردووە، بەرە پابەند بوونی خۆی بەسۆسیالیزمی زانستی راگەیاند، جەختیشی لەسەر ئەو کردەوە، کەئەم بەرەیە بەشێکە لەبزووتنەوی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی.

بەرە داوای پێکهێنانی سوپایەکی کرد لەدەوڵەتە سۆسیالستیەکان بۆ پشتگیری کردنی پرولیتاریا، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی شۆڕش لەنیمچە دورگەی عەرەب و چڕ کردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی هەژاران و کرێکاران.

بەرنامەی کاری نیشتمانی دیموکراسی بەرە، لەسەر سێ ئاست دارێژراوە، ئاستی ناوچەیی، ئاستی عەرەبی، ئاستی جیهانی.

بەرە لەدوای کۆنگرەی دووەمی و بەپێی بڕیارەکانی، هەڵمەتێکی هۆشیار کردنەوەی جەماوەری دەست پێکرد لەناوچەی (ظفار)، ئەو هەڵمەتە بوارەکانی: فێرکردنی زمانی عەرەبی و خوێندن و نووسین دەگرێتەوە، لەگەڵ هۆشیاری سیاسی.

هەر لەچوار چێوەی ئەو هەڵمەتە، کتێبی (دەوڵەت و شۆڕش و ئیمپریالیزم)ی لینین خرایە سەر زمانی عەرەبی و بڵاوکرایەوە، هەروەها مانیفێستی شیوعی کەلەلایەن مارکس و ئەنجلزەوە نووسراوە، سەرەڕای نووسینەکانی (ماوتسی تونگ) و (هۆشی منە) و (جیفارا)، لەگەڵ بڵاوکراوەکانی بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین.

هەموو ئەو بابەتانە بەیەکەوە، بەرنامەی رۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی پێکهێنابوو، بۆ ئەندامانی سوپای رزگاری میللی لەناو سەربازخانەکانی راهێنان و ئامادە پێکردن.

هەروەها بابەتی راهێنان چەندبوارێکی دیکەشی گرتۆتە خۆی، وەك: پێکهێنانی کەسایەتی شۆڕشگێرو بنەماکانی مارکسیزمی – لینینزم، لەگەڵ سیاسەتی نێو دەوڵەتی و رزگاری نەتەوایەتی و ململانێی چینایەتی.

ئەم هەڵمەتە رۆشنبیرییەکە بەرەی میللی پێی هەستا لەدوای ساڵی ١٩٦٨، هەوڵێك بوو بۆ گەیاندنی بیرو هزری مارکسیزم، بۆ یەك لەدواکەوتووترین ناوچەکان، هەروەها پیادەکردنی تیۆرێکی دیاریکراو دەربارەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی سادە کە بەشێوازێکی سەرەتایی ژیان دەباتە سەر.

بەرەی میللی، لەمیانەی شیکردنەوە خودییەکانی بۆ تیۆری شۆڕشگێرانەی نوێ، چەند بنەمایەکی نوێی بەکارهێناوە لەخەباتی شۆڕشگێریدا.

بەرە جەختی لەسەر هەڵویستی خۆی کردۆتەوە، کە پەیرەوکردنی تیۆری (مارکسی – لینینی)یە ئەندامانیشی دەبێ ئەو تیۆرییەیان لای پەسند بێت.

بەرە لەکۆنگرەی سێیەمی ساڵی (١٩٧١) بۆی دەرکەوت، کە ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئیمپریالیزم دەبێ بەرێگایەکی کراوەتر بێت، بۆیە جەخت کردنی لەسەر پابەند بوون بەتیۆری (مارکسی – لینینی) هەڵوەشاندنەوە.

لەکۆنگرەی چوارەمی ساڵی ١٩٩٢، بەرەی میللی بڕیاری لەسەر گۆڕینی ناوەکەیدا[٨٢]، بۆ (بەرەی میللی دیموکراسی عومان)، هەروەها بڕیایدا کە پەیرەوی خەباتی سیاسی بکات بۆ بەدیهێنانی چەند گۆڕانکارییەکی دیموکراسیانە، لەپێناو بوونیادنانی

دەوڵەتێکی دەستوری پشت بە ستوو بەسیستم و یاساکان، لەگەڵ رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ هەروەها رازی بوون لەسەر ئاشت بوونەوە لەگەڵ رژێم و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەپێناو بوونیادنانی ئایندەیەکی گەشەدار.

## ٢- بەرەی میللی بۆ رزگارکردنی کەنداوی عەرەب:
## (الجبهة الشعبية لتحرير الخليج العربي)

ئەم رێکخراوە، لەرووی فیکرییەوە هەڵگری بیروباوەڕی (مارکسی – لینینی) بوو، لەرووی پراکتیکەوە[٨٢]، بەرە ستراتیژییەتی جەنگی میللی پیادە دەکرد، لەراپەڕاندنی کارو چالاکیەکانی رێکخراوەیی، بەرە پەیرەوی بنەمای (ناوەندێتی دیموکراسی) کردووە.

ئەم بەرەیە، هەوڵیداوە، ململانێی چەکداری بگەێنێتە هەموو ناوچەکانی وڵاتی عومان و کەنداوی عەرەبی، لەگەڵ کۆکردنەوەی هێزە نیشتمانیەکان لەکۆمارێکی میللیدا.

ئەوەی ئەم رێکخراوەی هانداوە بۆ پەیرەوکردنی هزری (مارکسی – لینینی) وەك ئایدیۆلۆژیایەك، ئەو بارودۆخە بووە کەدوای تێشکانی سوپا عەرەبیەکان لەجەنگی حوزیرانی/١٩٦٧ روویدا، بەهۆی ئەو بارەوە، هاوکاری و پشتگیری حکومەتی میسر بۆ هێزە ناسیۆنالیستەکان راگیرا، لەوڵاتی عومان و کەنداووی عەرەب، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، گەیشتنی بەرەی نەتەوایەتی (الجبهة القومية) هەڵگری تیۆری (مارکسی – لینینی ) بۆ دەسەڵات لەیەمەنی باشور، کەدەستی کرد بەپشتگیریکردنی شۆڕشگێرانی بەرەی میللی، لەگەڵ کردنەوەی دەرگای یەمەنی باشور بۆ ئەوەی سەربازگەو مەشق و راهێنانی تیادا ئەنجام بدەن.

بەرە، لەبوارە جیاوازەکاندا بەچەندین کارو چالاکی هەستاوە، وەك: دامەزراندنی سوپای رزگار یخوازی میللی، بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی هۆشیاری ئایدیۆلۆژی و

ئامادەکردنی بەرنامەکانی چاکسازی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ ناوچە رزگارکراوەکان، سەرەرای بڵاوکردنەوەی خوێندن و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و چاککردنی کشتوکاڵ.

بەرە لەسەر ئاستی خەباتی چەکداری، چەندین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، دەستی گرتووە بەسەر چەند ناوچەیەك لەرۆژئاواو و رۆژهەڵاتی (ظفار)، لەئازاری/١٩٦٩ هێزەکانی بەرە شاری (السویداء)یان گرتە دەست، دواتر شاری (رخیوت)، هەروەها لەساڵی/١٩٧٠ شارەکانی (صلاله – تامریت) یان داگیرکرد، لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی رێگای ستراتیژی نێوانیان.

ئەم بەرەیە، لەگەڵ بەرەی نیشتمانی دیموکراسی بۆ رزگاری عومان (لە ١٢/حوزەیرانی/١٩٧٠ دامەزرا) هاوپەیمانیەتیان بەست، هەردوولایان بەچەند چالاکیەکی چەکداری هاوبەش هەستان لەشاخی (الاخضر) دژ بەکۆمپانیای نەوتی بەریتانی.

بەرەی میللی بۆ زرگاری کەنداوی عەرەب، گرینگیەکی زۆری بەبەرنامەکانی رۆشنبری ئایدیۆلۆژی و راهێنانی سەربازی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش قوتابخانەیەکی دامەزراند لەژێر ناوی قوتابخانەی (لینین) بۆ راهێنانی سەربازی و فێرکردنی سیاسی.

لاوان و گەنجان لەو قوتابخانەیە بابەتەکانی مێژوو، بیرکاری، زمان و سیاسەتیان دەخوێند.

هەروەها قوتابخانەیەکی دیکەش بۆ هەمان مەبەست دروستکرابوو بەناوی قوتابخانەی (١٩/حوزەیران)، کەژمارەی خوێندکارانی دەگەیشتنە (٨٥٠) خوێندکار لەکوڕو کچ.

خوێندکار لەو قوتابخانەیە، رۆژانە ماوەی (٦) کاتژمێری بەسەر دەبرد، بەمەبەستی راهێنانی سەربازی و فێرکردنی سیاسی، هەروەها کتێبەکانی (لینین، ماوتسی تونگ، ستالین) و کەسانی دیکەش دەخوێندرا.

لەم بارەوە شارەزاو مامۆستایانی وڵاتی چین، هاوکاریان بوون، لەسەربەرنامەو شێوازی شەڕی پارتیزانی و ئایدیۆلۆژی فێریان دەکردن.

ئەم بەرەیە پارمەتی هاوکاری لەچەند وڵاتێکی سۆسیالستی پێگەیشتووە وەك (یەکێتی سۆڤیەت، چینی میللی، کوبا، ئەڵمانیای رۆژهەڵات، کۆریای باکور، ڤیتنام)، سەرەڕای بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین.

یەك لەسەرکردەکانی ئەم بەرەیە بەناوی (احمد عبدالصمد) لەمێژووی ١٣/ئەیلولی/١٩٧١ لەگەڵ شاندێك سەردانی ولاتی یەکێتی سۆڤیەتیان کرد، لەشاری مۆسکۆ لەلایەن نوێنەرانی حکومەتی سوڤیەتی و حزبی شیوعیەوە پێشوازیان لێکراوە.

## ٣- بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەعومان وکەنداوی عەرەبی: (بەرەی نیشتمانی دیموکراسی) الحركة الثورية الشعبية في عمان والخليج العرب

رێکخراوێکی سیاسییە، پەیرەوی هزری مارکسی دەکات، لەوڵاتی عومان دامەزرا ، ناوە ئاشکراکەی بەرەی نیشتمانی دیموکراسییە[٨٨].

لەمانگی کانوونی دووەمی/١٩٦٩، ئەم رێکخراوە لەبەیاننامەیەکدا، هاتووە: هەڵوێست و بیروراکانی خۆی لەئاست بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی و بارودۆخی بزووتنەوەی ناسیونالیست خوازانی عەرەب روونەدەکاتەوە.

ئەم رێکخراوە لەبەیاننامەکەی، سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوانەی بەبورژوازی ناساندووە.

لەلایەکی دیکەوە پابەند بوونی بەهزری سۆسیالیزمی زانستی رادەگەیێنێ، هەروەها خەبات دەکات بۆ رزگاری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالستی.

لەساڵی (١٩٧٠) لەوڵاتی عومان گۆڕانێکی گەورە لەژیانی سیاسی ئەو وڵاتە روویدا، ئەویش گرتنە دەستی دەسەڵات بوو لەلایەن (سلطان قابوس کوری سعید) لەجێگای

باوکی و بەپالپشتی حکومەتی بەریتانیا، ئەم ڕووداوە دەگرێ بوترێ کودەتایەك بوولە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە، ڕەنگدانەوەی بەسەر بارودۆخی وڵات بەگشتی هەبووە.

(سولتان قابوس) کاتێ دەسەڵاتی گرتە دەست لەساڵی (١٩٧٠) دەستی بەکاری چاکسازی و ئاشت بوونەوە کرد، لەگەڵ[٨٥] هێزە ئۆپۆزسیونەکان کەوتە گفتوگۆ، هەروەها لەگەڵ سەکردەکانی شۆڕش لەناوچەی (ظفار) سیاسەتێکی تازەی پیادەکرد.

ئەم ڕێبازە سیاسیەی سولتان قابوس، لەلایەن سەرکردەکانی شۆڕش و بنکە جەماوەریەکانی ناوچەی (ظفار) پشتگیری کرا، گۆڕانێکی گەورە لەڕێرەوی مارکسیەت، ڕوویدا لە ناوچەی (ظفار) کەبنکەی شۆڕش و مارکسیەکان بوو.

ئەگەر چی ئەزموونی خەباتی حزبە مارکسیەکان و هێزی مارکسی لینینی لەوناوچەیە بەیەکجاری کۆتایی پێ نەهات، بەڵام بەڕادەیەکی گەورە گۆڕانی بەسەر داهات و ڕووی لەلاوازی کرد، بەڵام ڕەنگە تائێستاش ناوکەی ئەو بیروباوەرە لای لاوانی ناوچەکە بەسنورێکی تەسك هەرمابێ.

لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٠) بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی، کۆنگرەی سێیەمی خۆی سازدا، لەبارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزو دژوار، بەهۆیەوە بزووتنەوە بەرەو ڕووی چەندین کێشە بۆوە، چ لەڕووی ڕێکخراوەیی یان پەیوەندییەکانی.

لەو کۆنگرەیە ڕەخنەی توند لەو ئەقلیەتە گیراوە کە لەهەوڵی دەست بەسەرداگرتنی کاری شۆڕشگێری بووە، هەروەها ڕەخنە گیراوە لە شێوازەکانی خۆسەپاندن بەسەرجەماوەرو ئەورێ و شوێنە ڕێکخراوەییانەی ئەنجام دراون.

ئەو شێوازە لەکار بەڕێوەبردن، یان ئەقلیەتی کارەکانی پێ بەڕێوە چووە، پەیوەست بوو بەپێکهاتنی چەپێکی توندڕەو لەقۆناغە سەرەتاییەکانی خەبات، کەکاریگەری خراپ و نەرێنی بەسەر بزووتنەوەکە هەبووە.

کۆنگرە، داوای کۆبوونەوەی هەموو هێزەنیشتمانی و دیموگراسییەکان کردووە، بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەرکەکانی شۆڕش[٨٦].

## ٤- حزبی کاری عەرەبی: (حزب العمل العربي)

ئەم حزبە لەکۆمەڵە کادیرو ئەندامێك، کەلە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست جیابوونەوە، پێکهاتووە، ئەوانی[٨٧] بیرو بۆ چوونی چەپی توندرەویان هەڵگرتبوو، زۆربەی ئەندامانی ئەم حزبە خەڵکی باکوری وڵاتی عومان بوون، ژمارەیەکی کەمیشیان، لەخوارووی عومان لەگەڵدا بووە، حزب لەلایەن (عبدالله عيسى ثاني) سەرکردایەتی کراوە.

سەرەتاکانی پێکهاتنی حزب بۆ دروست بوونی چەند بازنەو شانەیەك دەگەڕێتەوە، کەلەساڵی (١٩٦٦)وە سەریان هەڵدا، ئەم گروپانە لەگەڵ خۆیاندا چەندین کادیرو ئەندامی سەر بە (بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەبی) یان رێکخستووەو پەیوەندییان لەگەڵدا بەستوون.

ئەم حزبە خۆی لەبەرەی چەپی نوێ دادەنێ، کە دژی چەپی کلاسیکیە لەحزبەکانی سەر بەیەکێتی سۆڤیەت.

کاری چەکداری زاڵبووە بەسەر بیرو بۆچوون و ئەقلیەتی کادیرو ئەندامانی، لەبەر ئەوەی بەشێکیان لەسەربازخانەکانی عێراق ڕاهێنان و مەشقی سەربازیان ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریان دواخست.

لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٠) کۆنگرەی دامەزراندنی ئەم حزبە پێکهات لەو بازنەو شانانەی کە کۆبوونەوە، کۆنگرە بریاریدا ناوی (حزبی کاری عەرەبی) بەرزکاتەوە، هەروەها تیۆری (مارکسی- لینینی) ڕێبازی هزری بێت.

ئامانجەکانی حزب، بریتی بوون لە یەکگرتنەوەی خاکی عومان، ئەم ئامانجە لای حزب بنەمایەکی ناوەندی بوو، خەباتی بۆی دەکرد، بەپێی ئەو بنەمایە، خاکی

هەواڵنامەی کتێب

عومان لەناوچەی (ظفار)ەوە دەست پێدەکات، تادەگاتە (أبوظبي)، ئەو بەش بوونەی روویداوە، ئەنجامی سیاسەتی ئیستعمار بووە.

دوای کۆنگرەی دامەزراندن، لیژنەیەك پێکهات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی میللی عومان، بەمەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان و دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەك لەنێوانیان.

بەڵام لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی میللی، بڕیاری خەباتی چەکداریدا یەکلایەنەو بێ وەرگرتنی بیروڕای حزب، بۆیە ئەم حزبە بڕیاریدا هەموو ئەوپەیوەندییانە راگرێت کەهەنگاوی بۆ نراوە لەنێوان هەردوولاوە.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب ڕێکخراوە مارکسیەکان
# لەعێراق

هەوڵنامەی کتێب

## ١- حزبی شیوعی عێراقی:

چالاكی ماركسییەكان لەعێراق لەچەند ڕێگاو سەرچاوەیەكەوە دەستی پێكردووە، وەك ڕێگای[٨٨] بازرگانی و پەیوەندییە دبلوماسی و ڕۆشنبیرییەكانەوە، بەهۆی ئەو ڕێگایەیانەوە ئەو كتێب و بلاْوكراوانەی چاپ دەكران دەربارەی هزری ماركسی، یان لەلایەن (كۆمنتێرن) چاپ دەكراو بلاْودەكرایەوە، دەگەیشتنە عێراق.

لەم بارەوە كتێبخانەی (مەكنزی) لەشاری بەغداد و بازرگانە ئەوروپییەكان سەرچاوەی گرینگ بوون بۆ گەیشتنی ئەو كتێب و بلاْوكراوانە.

یەكەم گروپی ماركسی لەشاری (بەغداد) لەسەرەتای بیستەكانی سەدەی ڕابردوو دروست بووە، لەژێرناوی (لێكۆلینەوەرانی هزرە ئازادەكان)، كەلەژێر چاودێری ڕابەری بزووتنەوەی كۆمۆنیستی لەعێراق (حسین الرحال) كاری كردووە.

ئەم گروپە ڕۆژنامەیەكی نیومانگیان بلاْودەكردەوە لەژێرناوی (الصحیفە)، یەكەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی/١٩٢٤ دەرچووە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم گروپە، ماركسییە لاوەكان، لەناویانەی (التضامن) كۆدەبوونەوەو لەلایەن (یوسف زینل)ەوە سەرپەرشتی دەكران.

چالاكی ماركسییەكان لەباشوری عێراق لەساڵانی بیستەكانی سەدەی بیستەم، لەشارەكانی (بصرة، ناصریة) دەستی پێكردووە، لەهەڵسوڕاوە چالاْكەكانیان (بطرس ناصر) ناوێك بوو، پیشەی بەرگدروو بوو، هەروەها كەسێكی دیكە بەناوی (عبدالحمید الخطیب)، ئەو دوو كەسە یەكەم بازنەی ماركسییان پێكهێنا لەشاری (بصرة)، لەئەندامانی دیكەی ئەو بازنەیە: زكریا الیاس، یوسف سلمان یوسف، غالی زوید، داود سلمان یوسف.

هەر لەڕێگای بازنەكەی شاری (بصرة)ەوە، چەند بازنەیەكی دیكە پێكهات لەشارەكانی (ناصریة، سماوة، دیوانیة).

لەو ماوەیەدا شیوعییەکان بەرەو رووی هەڵمەتێکی گرتن و ئەشکەنجەدان بوونەوە لەلایەن پۆلیس، بەڵام لەشاری بەغداد، شیوعیەکان دووبارە خۆیان رێکخستەوە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٩، سێ بازنەیانە پێکهێنا، هەموو ئەو هەوڵانە رێگای خۆشکرد بۆ پێکهێنانی رێکخراوێك بۆ شیوعییە عێراقیەکان، لەم بارەوە یەکەم کۆبوونەوە لەمانگی ئازاری/١٩٣٤ بەسرا، لەو کۆبوونەوەیە، ئامادە بووان رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی رێکخستنێك بەناوی (لیژنەی بەربەرەکانیکردنی ئیستعمارو چەوساندنەوە) ئەو لیژنەیە پێکهاتبوو لەم ناوانە:

**١- عاصم فلیح - سکرتێر**

**٢- مهدی هاشم – بەرپرسی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست**

**٣- زکی خیری – بەرپرسی باشوری عێراق**

**٤- یوسف متی – بەرپرسی بەغداد**

**٥- قاسم حسین**

لیژنەکە لەتەموزی (١٩٣٥) بڕیاریدا بەگۆڕینی ناوەکەیان بۆ ناوی (حزبی شیوعی عێراقی)، لەو ماوەیەدا ئەو کارو چالاکیانەی ئەم رێکخراوە پێی هەستابوو، بریتی بوو لە:

١- دەرکردنی رۆژنامەیەکی نهێنی بەناوی (کفاح الشعب) لەمانگی تەمووزی/١٩٣٥.

٢- بەشداریکردن لەپێکهێنانی سەندیکاکانی کرێکاری لەعێراق.

٣- بەشداریکردن لەکۆنگرەی حزبە شیوعییە عەرەبیەکان، ساڵی ١٩٣٥.

٤- بەشداریکردن لەکۆنگرەی حەوتەمی (کومنتێرن) لەشاری موسکۆ ساڵی ١٩٣٥.

٥- بەشداریکردن لەکۆنگرەی سەندیکا شیوعییەکان.

لەماوەی ساڵانی (١٩٣٥ — ١٩٣٦) رێکخستنەکانی ئەم حزبە بەرەو رووی هەڵمەتێکی دیکەی گرتن و ئەشکەنجەدان هاتن، ژمارەیەك لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

زیندانی گران، هەندێکیانیش خۆیان شاردەوە، بەو هۆیەوە چالاکیەکانی حزب تووشی ئیفلیج بوون هات.

لەوماوەیەداو لەساڵی ١٩٣٨، رۆڵی هەردوو کادیری سەرکردە عبدالله مسعود و یوسف سلمان (فهد) هاتە پێشەوە، ئەوان دوو بارە هەوڵیاندا کارەکان رێك بخەنەوە، پەیوەندی نێوان بازنەو ئۆرگانەکان پێك بهێننەوە، بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەکی ناوەندیان دامەزراندن لەکانوونی دووەمی/١٩٤١، ئەو کۆمیتەیە لەم ناوانە پێکهاتبوو:

١. عبدالله مسعود – سکرتێر

٢. یوسف سلمان (فهد)، ودیع طلیا، جورج یوسف ستو، نعیم طویق، حسین الحاج طه.

لەو ماوەیەدا، باردۆخی سیاسی عێراق، گۆڕانکاری و گرژی بەسەر داهات، هەڵگەرانەوەیەکی چەکداری دژی حکومەتی پاشایی روویدا بەسەر کردایەتی (رشید عالي الگیلاني)، سوپا[٨٩] لەپشت ئەم هەڵگەڕانەوەیە بوو، حزبی شیوعی عێراقی پشتگیری هەڵوێستی (چوار ئەفسەرەکەی) ناو سوپای کرد.

دوای ئەو هەنگاوە بەهۆی جموجۆڵی (فهد)، دیارە چالاکیەکانی حزب دەستی پێکردۆتەوەو رێکخستنەکانی گەشەکرن و فراوان بوونی بەخۆیەوە بینیوە.

بەلام لەمانگی تشرینی یەکەمی/١٩٤١ سکرتێری حزب (عبدالله مسعود) و چەند کادیرێکی دیکە، ئاشکرابوون لەلایەن دەزگا ئەمینەکانی حکومەت دەستگیرکران، بەمەش بۆشایەکی گەورە لەهەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حزب پەیدابوو، بۆ ئەم مەبەستەش، (فهد) هەستابە[٩٠] دووبارە رێکخستنەوەی کۆمیتەی ناوەندی و رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆرگانەکانی دیکەی حزب لەشارو شارۆچکەکان.

کۆمیتەی نوێی حزب لەم ناوانە پێکهاتبوو: یوسف سلمان (فهد) – سکرتێر

ئەندامانیش: زکی بسیم، حسین الشبیبي، أحمد عباس، سامي نادر، شریف مەلا عثمان کریکور أغوب، مالك سیف، یهودا صدیق.

حزبی شیوعی عێراق لەماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم بەدواوە تووشی چەندین ململانێ و جیابوونەوە هاتووە، لەوانە:

١- جیابوونەوەی گروپی (الی الامام) بەسەرکردایەتی ذنون أیوب.

٢- جیابوونەوەی گروپی (الشرارة) بەسەرکردایەتی عبدالله مسعود.

٣- جیابوونەوەی گروپی (وحدة النظال) بەسەرکردایەتی هارون زلخا.

٤- جیابوونەوەی ڕێکخراوی (الشیوعیون العراقیون) بەسەرکردایەتی داود الصائغ.

٥- جیابوونەوەی حزبی شیوعی کوردی، سەرکردایەتی صالح الحیدری.

لەساڵی ١٩٤٥، حزبی شیوعی عێراق یەکەم کۆنگرەی نیشتمانی خۆی سازدا، بەئامادەبوونی (٢٧) نوێنەر، کارەکانی کۆنگرە بریتی بوون لە:

ڕاپۆرتی سیاسی، پەیڕەوپرۆگرام، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی.

لەکانوونی دووەمی/١٩٤٧ حزبی شیوعی تووشی کێشەیەکی گەورە هات بەدەسگیرکردنی (فهد) سکرتێری حزب لەگەڵ چەند کادیرێکی دیکە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراق (دواتر بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر جێ بەجێکرا).

ئەگەر چی ئەم ڕووداوە کاریگری گەورەی بەسەر چالاکی و ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی هەبوو، بەڵام کادیرو سەرکردەکانیان، هەوڵیاندا خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە بگونجێنن و زاڵبن بەسەر ئەو شکستیە، بۆیە پەنایان بۆ شێوازی جۆراو جۆر برد لەکارو چالاکیەکانیان، لەو شێوازانەش کارکردن لەژێرناوی دیکەدا، وەك:

١- پێکهێنانی حزبێك بەناوی حزبی ڕزگاری نیشتمانی.

٢- دامەزراندنی دەزگایەکی چاپ و پەخش بەناوی (دار الحکمة للنشر والتوزیع)

٣- دروستکردنی ڕێکخراوی (مکافحة الصهیونیة)

٤- دەرکردنی چەند ڕۆژنامەیەك، وەك (الاساس، الهادي).

٥- لەدوای (فهد) چەند کەسانێکی دیکە پلەی سکرتێری حزبیان گرتۆتە دەست، لەوانە: (بهاء الدین نوري، عبدالکریم احمد الداود، حمید عثمان، سلام عادل،

عزیز محمد، حمید مجید) لەدوای شۆڕشی ١٤/تەموزی/١٩٥٨ حزبی شیوعی عێراق گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆیەوە دی، ڕێکخستنەکانی سەرانسەری عێراقی گرتەوە، چالاکیەکانی لەسەر هەموو ئاستێکی رەسمی و جەماوەری و راگەیاندنەوە درێژەی هەبووە رۆژانە.

بەڵام لەگەڵ کوردەتاکەی ٨/شوباتی/١٩٦٣، حزبی شیوعی عێراق، تووشی کارەسات هات، بەهۆی هەڵمەتی گرتن و کوشتن کەدەسەڵاتی نوێ لەژێر چاودێری حزبی بەعس دەستی پێکرد، لەو رووداوانە دەیان کادیرو ئەندامانی کوژران، لەوانە سکرتێری حزب سلام عادل و بەسەدانیان خرانە زیندانەکانی دەسەڵات.

حزبی شیوعی دوای روخاندنی رژێمی صدام حسین لەنیسانی ٢٠٠٣، بەشداری لەکاروباری سیاسی عێراق کردووەو بەئاشکرا چالاکیەکانی بەڕێوە دەبات.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب بەم جۆرەیە:**

کۆنگرە، کۆنفرانس، کۆمیتەی ناوەندی (مەکتەبی سیاسی)، سکرتێری گشتی،[٩١] لیژنەی هەرێم، لیژنەی ناوچە، لیژنەی شار، شانە.

**٢- <u>ڕێکخراوی – وحدە الشیوعیین – لەعێراق</u>**

ڕەگ و ریشەی ئەم حزبە بۆ حزبی گەل (الشعب) دەگەڕێتەوە کەمۆڵەتی فەرمیان لێوەرگیرایەوە(٩٢) لەئەیلولی/١٩٤٧، هەروەها داخستنی رۆژنامەکەیان (الوطن).

سەرکردەکانی ئەم حزبە لەژێر ناوی جۆراو جۆر چالاکیەکانیان ئەنجام دەدا، وەك: (لیژنەی هۆشیاری مارکسی، لیژنەی هاوڕێیانی کۆریا، حزبی شیوعی عێراق، ڕێکخستنی یەکگرتووی کۆمۆنیستەکانی عێراق.

حزب رۆژنامەیەکی بەناوی (النضال) دەرکرد، دروشمی (یەکێتی کۆمۆنیستەکانی)ی بەرزکردبۆوە.

لەکۆبوونـەوەی فراوانـدا، بەبەشـداری ژمارەیـەك کـادیرو ئەنـدام مەکتـەبی سیاسـی هەڵبژێردرا، ئەم ڕێکخراوە لەنیسانی/١٩٥٦ هەڵوەشاوەتەوە ڕۆژنامەکەشی لەدەرچوون وەستا، بەهۆی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ گروپی (القاعدة) بێ هیچ مەرجێك.

٢- ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕ : ( منظمة العمال الثورية ):

گروپێکە لەحزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست جیابۆتەوە لەسەرەتای شەستەکان، کاتێ[٩٢] ناکۆکی و ململانێیەکان لەناو ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە پەرەی سەند، ئەم ڕووداوە ناوخۆییانە مۆرکێکی هزری وەرگرتبوو.

لـەکۆتایی سـاڵی (١٩٦١)هێڵێکـی چـەپی تونـدڕەو پێکهـات بـەناوی (زەحمەتکێشـانی عەرەب)، بەهۆی دەرکردنی چەند کادیرێك لەریزەکان حزب، وەك (عبدالله البياتي، صفاء صادق، عبدالامير الشريفي، محمد الزبيدي)، هـەروەها هەڵپەساردنی ئەندامیەتی (١١)کەسی دیکەش.

ئەو بارو دۆخە لەناو حزبی بـەعس، بـوو بـەهۆی سـەرهەڵدانی ململانـێ و پێکهاتنی گروپ و دەستەی جیاواز لەکادیرو ئەندامانی حزب.

ئەو گروپ و دەستانە لەگفتوگۆی بەردەوامدا بوون لەنێوان خۆیانـدا، هەنـدێکیان خاوەن بیروباوەڕی چەپی تونـدڕەو بـوون، بەبـەراورد لەگـەڵ بـۆ چوونەکانی حزبی بەعس و بزووتنەوە ناسیۆنالستەکانی دیکە.

سـاڵی ١٩٦٣، دوای گەیشتنی حزبی بـەعس بەدەسـەڵات، ئـەم بیروبۆچوونانە پـەرەیان سەند و ڕێکخستنی نهێنیان لێ دروست بوو، کادیرە سـەرەکیەکانی ئـەم ڕەوتـە بریتـی بوون لە:

قيس السامرائي، ثابت السعدي، محمد حسين، حبيب الدوري، سعيد الرهيمي، طارق الدليمي، عبدالله البياتي، محي جاسم السامرائي، هناء الشبيبي، عبدالجبار محسن، فالح عبدالجبار.

له ئایاری/١٩٦٣ دەزگا ئەمنییەکانی دەسەڵات، هەڵمەتێکی گرتنیان دەست پێکرد و بەشێك لەئەندام و کادیرانی ئەم ڕێکخراوە خرانە زنیدانەکانەوە.

دوای روخاندنی رژێمی حزبی بەعس لە ١٨/تشرینی دووەمی/١٩٦٣ ئەم گروپانە خۆیان ڕێکخست لەژێر ناوی (ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕ).

لەسەرکردەکانیان: درع ظاهر السعد، محمد عبدالطائي، عبدالحمداني، محمد حياوي، مجيد سعيد، كامل مدحت، عبدالامير معلة.

ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە هزری مارکس و تروتسکی کاریگەری بەسەریاندا هەبووە، دوای ماوەیەك بەشێك لەکادیرانی ئەم ڕێکخراوە تێکەڵی حزبی شیوعی عیراق بوون، بەڵام چەند کادرێکیان گەڕانەوە ناو حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست.

## ٤- لیژنەی شۆڕشگێڕی (اللجنة الثورية):

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیە، لەکاتی پێکهاتنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی یان پەیرەوێکی ناوخۆیی نەبووە(٩٤) بەزۆری لەو کەسانە پێکهاتبوو کەلەگرتن و کوشتن رزگاریان ببوو، دوای کودەتاکەی ٨/شوباتی/١٩٦٣، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە تێکەڵەیەك بوون لەئەفسەرو سەربازو خەڵکی مەدەنی، ژمارەیان نزیکەی (٥٠) کەس دەبوو.

لەکەسە ناودارەکانی ئەم ڕێکخراوە (ملازم اول طيار عبدالنبي جليل، ملازم طيار صلاح العزاوي، ملازم شاكر العزاوي، ملازم اسماعيل جواد قرطاس، كريم عزيز، متعب خميس، نصيف جاسم، رمضان كاطع موزان، خليل العزاوي، عبدالحسين منذور.

ئەم لیژنەیە نوێنەرێکی خۆی بەناوی (متعب خميس)ناردە کوردستان بۆ پەیوەندیکردن بەو کادیرو ئەندامانەی حزبی شیوعی کەلەترسی دەسەڵات هەڵاتبوونە ناو هێزی پێشمەرگە،

بەپێی زانیاری تەنها (عقيد) سليم الفخري رازی بوو پەیوەندییان لەگەڵ بکات، ناوبراو بەشێوەیەکی نهێنی گەڕایەوە شاری بەغدا، بۆ کارکردن لەگەڵیان،

لەوماوەیەدا کەلەبەغدا مایەوە (سليم الفخري) لستی ئەنجومەنێکی پێکهێنا، بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بۆ عێراق، ئەو ئەنجومەنە لەگەورە بەرپرس و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی عێراق پێکهاتبوو، لەهەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیون، بەڵام بەبێ ئەوەی پێشتر بیروڕایان وەربگرێت.
دیارە دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵاتیش دەستی لەناو ئەو گروپە سیاسییە (لیژنەی شۆرشگێر) بووە، بۆیە هەرپێش دەست بەکار بوونیان، لەمانگی تەموزی/١٩٦٤ ، کەوتنە بەر دەستی دەسەڵات و بەشی زۆریان خرانە بەندیخانەوە، چەند کەسانێکیان توانیان خۆیان رزگار بکەن.

## ٥- گروپی کادیر (بەرەی خەباتی چەکدرای میللی)

(خالد احمد زكي) کادیری پێشکەوتووی حزبی شیوعی عێراق، خوێندنی باڵای لە وڵاتی[٩٥] بەریتانیا بەجێهێشت و گەڕایەوە عێراق.
لەو سەردەمەدا، (لەناوەڕاستی شەشتەکانی سەدەی رابردوو) حزبی شیوعی عێراق بەرەورووی ناکۆکی و ململانێیەکی توندبۆوە، هەر لەئەنجامی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرانی حزب لە ٢٠/تەموزی/١٩٦٧، بۆ باسکردنی کێشەکانی ناو خۆی حزب و دۆزینەوەی رێگا چارەیەك، بەشێك لەکادیران بریاریاندا وەك گروپێکی سەربەخۆ کاربکەن و لەحزب جیابوونەوە، بەسەرپەرشتی (خالد احمد زكي).
لەم بارەوە بەیاننامەیەکیان بەسەر رێکخراوەکانی حزب بڵاوکردەوە، هەروەها بریاریاندا دەست بەخەباتی چەکداری میللی بکەن لەگوندو ناوچەکانی باشوری عێراق، بەمەبەستی سەلاندنی[٩٦]:

أ- هەڵەسیاسیەکانی حزبی شیوعی.
ب- بەرێگای هیز دەسکەوتی سیاسی و ئابوری بۆ چینی کرێکارو زەحمەتکێش بەدەست بێنن.

بۆیە چەند دەستەیەکی بچووکی چەکداریان پێکهێناو پەلاماری چەندین بنکەی پۆلیسیاندا لەناوچەکانی باشوری عێراق، توانیان ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیش پەیدابکەن.

لەهەمان کاتدا گروپێکی دیکە، بەسەرکردایەتی (محمد حسين أمين الخيون الاسدي) بەرپرسی رێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەباشوری عێراق، هەمان رێبازی چەکداریان پەیڕەو کردو هەموو لایەکیانیش لەپەیوەندی بووندابوون لەگەڵ (کۆمیتەی سەرکردایەتی – حزبی شیوعی عێراق) باڵی عزيز الحاج.

بەڵام دوای زنجیرەیەك شەروپێکدادان لەگەڵ هێزەکانی حکومەت، ئەو گروپ و دەستە چەکداریانە پەرش و بڵاوەیان پێکرا، بەشێکیش لەسەرکردەکانیان کوژران و هەندێکیانیش دەستگیرکران.

هەواڵنامەی کتێب

## ٦- حزبی کاری سۆسیالستی شۆڕشگێڕ:
### (حزب العمل الاشتراكي الثوري)

گروپێك بوون لەحزبی شیوعی عێراقی جیابوونەوە، پەیرەوی هزری مارکسی و بیرو[٩٧] بۆ چوونەکانی ماوتسی تونگیان دەکرد، خۆیان بەناوی (شۆڕشگێرە سۆسیالستەکان) ناساند، بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیان لە ١٨/ئازاری/١٩٦٥ دەرکردووە، بەتوندی هێرشیان کردۆتە سەرکۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق.

لەکۆبوونەوەی رۆژی ٢/حوزەیرانی/١٩٦٦ بڕیاریاندا ناوی رێکخراوەکەیان بگۆڕن بۆ حزبی (کاری سۆسیالستی شۆڕشگێڕ).

بڵاوکراوەیەکی ناوەندییان بەناوی (تێکۆشانی گەل) دەرکردووە، ژمارەیەکی لەمانگی حوزەیرانی/١٩٦٦ دەرچووە، خۆیان بەناڵاهەڵگری (مارکسیزمی – لینینزم) زانیوە.

### ٧- حزبی شیوعی عێراق – سەرکردایەتی ناوەندی:
### (الجزب الشیوعي العراقي – القیادة المرکزیة):

سەرکردایەتی ناوەندی – حزبی شیوعی عێراق – لە ١٧/ئەیلولی/١٩٦٧ دامەزراوە، بەسەرکردایەتی[٩٨] (عزیز الحاج علی حیدر) ئەندامی پێشوی مکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی ناوبراو لەگەڵ لیژنەی ڕێکخستنی بەغداد، جیابوونەوەی خۆیان لەحزبی شیوعی عێراقی ڕاگەیاند.

حزبێکی سەربەخۆیان پێکهێنا بەناوی (حزبی شیوعی عێراقی – سەرکردایەتی ناوەندی)، ئەم سەرکردایەتیە نوێیە، توانی دەست بەسەر زۆربەی کەرەستەکانی حزبی شیوعی عێراقی بگرێت، لەچاپ و بەڵگەنامەکان و ئەو جێگانهێنیانەی کاریان تیادا کردووە.

ساڵی (١٩٦٨) هەر دوو ڕێکخراوی بەناو (گروپی کادیر) و (ڕێکخراوی خەباتی چەکداری) پەیوەندییان بەڕێکخستنەکانی سەرکردایەتی ناوەندی کردووەو هاوکاری یەکتر بوون لەخەباتی چەکدارای میللی لەناوچەکانی باشوری عیراق.

سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، ستراتیژییەتی خەباتی چەکداری میللیان دارشت، خۆیان بۆ ڕاپەڕاینی جەماوەری چەکداری ئامادەکرد، لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٨، لەناوچە زۆنگاوییەکانی باشوری عێراق دەستیان کرد بەخەباتی چەکداری پارتیزانی.

١- مەکتەبی سیاسی ئەم حزبە پێکهاتبوو لە:

أ) عزیز الحاج – سکرتێری حزب

ب) ئەندامان: کاظم الصفار، حمید خضر العاني، متي هندي هندو، أحمد محمود الحلاق.

**٢- ئەندامانی سەرکردایەتی حزب:**

بیتر یوسف، خضیر عباس الزبیدي، صالح رضا العسکري، مالك منصور، غازي أنطوان، سامي احمد عباس، مصلح مصطفی، خضر سلمان.

دوای سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست لە ١٧/تەموزی/١٩٦٨، حزبی شیوعی سەرکردایەتی ناوەندی، لەبەیاننامەیەکیدا، دژایەتی خۆی بۆ ئەو کودەتایە ڕاگەیاند، هەروەها دروشمی رووخادنی رژێمیشی بەرزکردەوە. بەڵام هێزەکانی دەسەڵات لەهەڵمەتێکی فراواندا، توانیان ژمارەیەکی گەورەی ئەندام و کادیرە سەرکردایەتییەکان دەسگیر بکەن تاگەیشتنە سکرتێری حزب (عزیز الحاج) لە ٢٢/شوباتی/١٩٦٩، پاشماوەی رێکخستنەکانی ئەم حزبە، پەنایان بۆ ناوچەکانی کوردستان برد، ئەو جێگایانەی لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدایە.

لەمانگی ئابی/١٩٦٩ لەکۆبوونەوەیەکی فراوان، بڕیاریاندا بەپێکهێنانی سەرکردایەتیەکی نوێ، بەشداریان لەدامەزراندنی بەرەی نیشتمانی عێراقی کرد کەلە سوریا بەسترا، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ بڕیاری کشانەوەیاندا.

گرینگترین بڵاوکراوەکانی ئەم حزبە، رۆژنامەکانی (الغد) و المشترك) بوو، حزب بەهۆی ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی بەتەواوی رووی لەلاوازی کرد، چاڵاکیەکانیشی کۆتایی پێ هات.

**٨- رێکخستنی کۆمونیستە شۆڕشگێرە عێراقیەکان:**

**(تنظيم الشيوعيين الثوريين العراقيين)**

رێکخراوێکی (مارکسی – لینینی) بوو، بەسەرکردایەتی (تحسين علي الشيخلي) ناسراو بە (يحيى العراقي)[99] دامەزرا، ناوبراو لەرۆژی (٢٤/ئازاری/١٩٨٠) لەشاری بەیروت تیرۆرکرا.

ئەم ڕێکخراوە لەلیژنەی شۆڕشگێری جیابۆتەوە، کەلایەن (سلیم الفخري)یەوە سەرکردایەتی دەکرا. ڕۆژنامەیەکیان هەبوو لەژێر ناوی – الاساس – لەشاری بەیروت دەردەچوو.

## ٩- بزووتنەوەی پێشڕەوی دیموکرات:
## (حركة الطليعة الديمقراطية)

ئەم بزووتنەوەیە وەك باڵێك لەحزبی شیوعی عێراقی جیابۆتەوە ساڵی ١٩٧٤، سەرکردەکانی[١٠٠] بریتی بوون لە کۆمەڵە کادیرێك سەر بە (سەرکردایەتی ناوەندی)، چالاکیەکانی گەیشتە شارەکانی (بەیروت و دیمەشق) لەساڵی ١٩٧٨.

بزووتنەوە باوەڕێکی گەورەی بە شۆڕشی ١٤/تەموزی/١٩٥٨ هەبووەو لەدیدی ئەودا مەشخەڵێکی مێژوویە، پێویست دەکات لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئەنجام بدرێت.

بزووتنەوە، بلاوکراوەیەکی دەردەکرد بەناوی (١٤تەمووز)، پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ڕێکخراوە حزبیەکانی هەردوو کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی لە ئەوروپا.

## ١٠- ڕێکخراوی مارکسی – لینیی عێراق:
## (المنظمة (الماركسية اللينينة) العراقية)

لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٦) بڕیاری دروست بوونی دراوە، ئەو ڕێکخراوە درێژە پێدانە بەکاری[١٠١]، ئەو شانانەی کە لەکادیرە شیوعییەکان پێکهاتبوون و پێشتر لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی (سەرکردایەتی ناوەندی) کاریان دەکردو

دواترلێی جیا بوونەتەوە.

بارەگای ئەم ڕێکخراوە شاری (دیمەشق) بوو، بەهۆی دەست درێژیکردنی دەزگا هەواڵگرییەکانی حکومەتی عێراق بۆ ناو ئەم ڕێکخراوە، ژمارەیەك کادیرو ئەندامانیان لەناو عێراقی دەسگیرکران.

بۆیە بەشێکی ئەو کادیرو ئەندامانەی لەدیمەشق بوون، ناچار ئەو وڵاتەیان بەجێ هێشت و لەشاری (بەیروت) چالاکیەکانیان دەست پێکردەوە، بەتایبەتی لەبواری راگەیاندن کە رۆژنامەکەیان بەناوی – رایە الشعب – دەردەچوو، بەرپرسی رێکخراوەکە – سعید جواد الرهیمی – بوو.

## ١١- رێکخراوی کاری کۆمۆنیستی لەعێراق:
## منظمة العمل الشیوعي في العراق

لەسەرەتای مانگی تەمووزی/١٩٨٣، لەکۆبوونەوەیەکی نێوان کۆمەڵە ئەندامێکی حزبی شیوعی[١٠٢] عێراقی لەشاری مۆسکۆ، ئەم رێکخراوە پێکهاتووە، بەرنامەی کاریان بریتی بوو لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پشت بەستن بەشێوازی ململانێ و دیالۆگی دیموکراسی ئایدیۆلۆژی، وەك ئامرازێك بۆ بوونیادنانی رێکخراوەکە.

٢- گۆڕینی بنەما ناوخۆییەکانی رێکخستن دەربارەی ئەندام و کادیران، بێ دواخستن.

٣- کارکردن بەهەموو بنەمایەکی لەخۆبوردن و ورەبەرزکردنەوە، لەپێناو رێکخستنی کادیری کۆمۆنیستی.

٤- ئەم رێکخراوە پشت بەکارکردن دەبەستێ لەناو رێکخستنەکانی خودی حزبی شیوعی عێراق، دیارە ئەم شێوازەش لەچالاکی نواندن واپێویست دەکات کە کادیر خۆی ئاشکرا نەکات و هەموو رێگایەك لەکاربهێنێ بۆ باشترکردنی چالاکیەکانی کاری رێکخراوەیی و گەشەپێدانی شیوعییەت لەعێراقدا.

ئەم رێکخراوە هەروەك لەبەیاننامەکەیدا هاتبوو، خۆی بەئەڵتەرناتیف دەزانێ بۆ حزبی شیوعی عێراقی.

گۆڤارێکیان دەردەکرد بەناوی – الحوار- یەکەم ژمارەی لە ٦/کانوونی دووەمی/١٩٨٣ دەرچووە.

لەسەر کردەکانی ئەم رێکخراوە – د. یوسف حمدان.

## ١٢- ڕێکخراوی مارکسی عێراقی:
## (المنظمة الماركسية في العراق)

ئەم ڕێکخراوە لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی لەشاری (لندن) دروست بووە[١٠٣]، لەبەیاننامەیەکیدا کە لە ٩/حوزەیرانی/١٩٩٢ دەرچووە، باس لەوە دەکات، کە دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، کە زیاتر لەیەك ساڵی خایاند، کۆمەڵە کەسانێك و چەند ڕێکخراوێکی مارکسی لەدەرەوەو ناوە خۆی عێراق، بڕیاریاندا لەسەر دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوە، هەروەك لەناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا هاتووە:

١- کارکردن بۆ دامەزراندنی حزبێکی شیوعی عێراقی.
٢- ڕاهێنانی ئەندامانی لەسەر کارو چالاکی ڕێکخراوەیی.
٣- بەربەرەکانی کردنی هەموو ئەم حزبانەی بانگەواز بۆ کۆمۆنیستی دەکەن، لەدەرەوەو ناوە خۆی عێراق.

هەواڵنامەی کتێب

## ١٣- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەعێراق:
## (الحزب الشيوعي العمالي في العراق)

ئەم حزبە لەیەکگرتنی چەند ڕەوتێکی (مارکسی – لینیی) پێکهاتووە لەمانگی تەموزی ساڵی/١٩٩٣[١٠٤]، ئەو ڕەوتانەش بریتی بوون لە:

أ- ڕەوتی کۆمونیست .
ب- یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاری
ج- سەرنجی کرێکار
د- چەند گروپ و کادیرێکی جیابۆ وە لەحزب و ڕێکخراوە شیوعییە عێراقییەکان.

یەکەم کۆنگرەی گشتی لەمانگی شوباتی/١٩٩٨ بەستووە، حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری مارکسی شۆڕشگێرە، مۆڵەتی کارکردنیان لە ١٧/ئابی/١٩٩٢ لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.
سەرەتا چالاکیەکانی لەشاری هەولێر دەستی پێکردوە، دوای روخاندنی رژێمی صدام حسێن لە/٢٠٠٣ بارەگای لەشاری بەغداد کردۆتەوە.
لەبڵاوکراوەکانیان: رۆژنامەی (بەیانی کۆمۆنیزم) رۆژنامەی (بۆ پێشەوە).
رێکخستنەکانی ئەم حزبە لە کوردستان زیاتر لەناوچەکانی پارێزگای سلێمانی گەشەی کردوە.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب:**

عوني ماضي، كاوه عمر، جليل شهباز، سەرگول أحمد، خەبات مجيد، علي جبر، أحمد ناجي[١٠٥]، سەردار عبدالله حمە، سمير نوري، عباس كامل، صباح ابراهيم، عصام شكري، راجي سهل، فاتح بهرامي، مريم جميل، معن شمالي، سۆزان رأفت.

**ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب:**

سمير نوري، سەرگول أحمد، خەبات مجيد، سەردار عبدالله حمد، عوني ماضي، عصام شكري، عباس كامل.

**لەبەرنامەی ئەم حزبەدا هاتووە[١٠٦].**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، خەبات دەکات لەپێناو، سەرکەوتنێکی تەواو و هەمەلایەنەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارانی دژ بە سەرمایەداری، هەروەها پراکتیك کردنی تەواوی بەرنامەی کۆمۆنیستی و رزگارکردنی ئەو چینە.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری باوەڕی وایە کە ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و زانستی و تەکنۆلۆژی و مەدەنیانەی روویانداوە لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا تائێستا، بوونەتە هۆی پێگەیشتن و ئامادەکردنی مەرج و پێداویستیە مادییەکان بۆ بوونیادنانی

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگەیەکی ئازادی دوور لەدیاردەی چینایەتی و لە هەر جۆرە چەوساندنەوەو زۆر دارییەك، واتە كۆمەڵگایەكی جیهانی و سۆسیالستی.
هەروەها چینی كرێكار پابەند دەبێ بەپیادەگردنی بەرنامە كۆمۆنیستیەكەی لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی:

**بنەما گشتیەكانی حزب:**

١- دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسی لەسەر بنەمای دەستێوردانی راستەوخۆی جەماوەری لە كاروباری حوكمڕانی.

٢- چەسپاندنی ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنیەكان بەفراوانی، بەبێ هیچ كۆت و بەندێك، هەروەها دابینكردنی یەكسانی بۆ هەمووان و نەهێشتنی هەموو شێوەكانی جیاوازی رەگەزی، پاشكۆیەتی، نەتەوایەتی، ئایینی و تەمەن و ...هتد.

٣- جێ بەجێكردنی ئەو مەرج و پێویستیە ئابوریانەی كە دەبنە هۆی خۆشگوزەرانی گشتی و لەگەڵ بوونی یاسایەكی پێشرەوانەی كار، كە بەرزترین ئاستەكانی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ئابوری بۆ جەماوەر دابین دەكات و بەسەر دەسەڵاتی سەرمایەداری دەیسەپێنێ.

٤- دەركردنی بەپەلەو بەشێوەیەكی ریشەیی، ئەو یاساو رێ و شوێنانەی دەبنە هۆی سڕینەوەی بیروباوەرو داب و نەریت و رەوشتە كۆنە پەرستیەكان، كە هۆكاری جیاوازی و ریسواكردنن، هەروەها سەپاندنی جۆرێك لە كەلتورو بەهاو ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتیانەی كە ئازادی بێ سنوور دابین دەكات.

٥- بڕیاردان لەسەر ئەو ڕێ و شوێن و یاسایانەی كە دەبنە هۆی گۆڕانكاری لەعێراق، بەرەو بنكەیەك بۆ بەهێزكردنی خەبات، هەروەها رزگاربوون لەو بەهاو پێوەرە مرۆڤایەتیانەی كەلەگەڵ خەباتی كرێكاری و سۆسیالستی لەسەرانسەری جیهاندا ناگونجێت.

## ١٤- حزبی کاری سۆسیالستی عەرەبی - لەعێراق:

**(حزب العمل الاشتراكي العربي في العراق)**

هەر لەگەڵ جیابوونەوەی (نایف حواتمە) لە بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین لەمێژووی[١٠٧] ٢٢/شوباتی/١٩٦٩دا، ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی بچووک، بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان، لەدەوری (د.جورج حبش) کۆبوونەوەو دەستیان بەچالاکی کرد لەژێر ناوی (سەرکردایەتی ناوەندی عەرەبی کاتی)، ئەرکی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە بوونیادنانەوەی رێکخراوە روخاوەکانی بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب، لەچوارچێوەی حزبێکی نوێ بەناوی (حزبی کاری سۆسیالستی عەرەبی).

ئەم حزبە لەساڵی (١٩٧٠) پێکهات و چەندین لقی لەوڵاتە عەرەبیەکاندا رێکخست، ئەرکیشی گۆڕینی رێکخراوو دامەزراوەکانی پێشووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست خوازانی عەرەب بوو بۆ رێکخراوو دامەزراوەی کارا لەسەر شێوەی (بزووتنەوەیەکی مارکسی- لینینی پرۆلیتاری) بوو.

ئەو لقەی لەعێراق دروست بوو، لەئەنجامی جیابوونەوەیەك بوو لە (بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی) بەسەرکردایەتی (هاشم علی حسین)، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو لەوڵاتی لوبنان نیشتەجێ بوو، ئەوا دوو کەسی دیکە (أبو نمار، أبو نضال) بوونە، نوێنەری لقی عێراق لەو سەرکردایەتیە ناوەندییە کاتیەدا، دواتر هاشم علي محسن بووە بەرپرسی لقی لوبنان.

هەڵوێستی (حزبی کاری سۆسیالستی عەرەب) دژایەتی کردنی رژێمەکەی (صدام حسێن) نەبوو لەعێراق، بەپێچەوانەی (عبدالالە النصراوی)، کە پەیوەندی لەگەڵ (نایف حواتمە) هەبوو لەلایەن دەسەڵاتداری سوریاوە پشتگیری و هاندەدرا، بۆ دژایەتیکردنی رژێمەکەی صدام حسێن، لەبیروبۆ چوونەکانی ئەم حزبە، جەخت کردن لەسەر ئەوەی عەرەب نەتەوەیە، بەڵام دەربارەی کێشەی فەلەستین بیروبۆچوونەکانی ئەم حزبە، کاریگەر بوو بەهزری ماوتسی تونگ.

ئەم حزبە، یەكەم حزب بووە هەر لەساڵی (١٩٧٠) بانگەوازی بۆ دروستكردنی (حزبێكی شیوعی عەرەبی یەكگرتوو كردووە)، ئەم حزبە لەناوەڕاستی حەفتاكانی سەدەی رابردووەوە بەرەو پەرشی و بڵاوی رۆیشت.

## ١٥- بزووتەوەی سۆسیالستی عەرەبی
## الحركة الاشتراكية العربية

ئەم بزووتنەوەیە لقێك بوو لە(بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب) لەعێراق، لەساڵی[١٠٨] ١٩٦٦ وە سەربەخۆیی خۆی لەڕووی رێكخراوەییەوە پێكهێناوە، دواتر لەمانگی تەموزی/١٩٦٨ یەكەم كۆنگرەی هەرێمایەتی لەشاری بەیروت بەستووە.

لەكۆنگرەدا، بارودۆخی سیاسی عێراق بەدیدێكی چینایەتی شیكردۆتەوە، هەروەها تێگەیشتنی خۆی دەربارەی پەرەسەندنی دیموكراسییەت لەعێراق خستۆتە روو، لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای چینی كرێكارەوە.

ئەم بزووتنەوەیە، لەگەڵ ئەنجومەنی سەركردایەتی (بزووتنەوەی ناسیونالستخوازانی عەرەب) (محسن ابراهیم و نایف حواتمە)، لەپێشبڕكێدابوون، لەئاست رابەرایەتی كردنی گۆڕان بەرەو ماركسیەت لەنێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٦٩)

ئەم بزووتنەوەیە، چەپێكی توندڕەو بووە، بەڵام لەگەڵ پاریزگاریكردنی لەسەر هەندێ لایەنی چەمكی ناسیونالیزمی عەرەبی بەمۆركێكی ماركسیانە.

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان
# لە فەلەستین

هەڵکتانەی کتێب

## ١- حزبی شیوعی فەلەستین:

هەر وەك لەبارەی دامەزراندنی حزبی شیوعی سوری-لوبنانی، ئاماژەمان بۆی کرد، بە پێی بۆچوونی زۆربەی سەرچاوەکان، حزبی شیوعی لەفەلەستین، سەرچاوەی دامەزراندنی حزبە شیوعییەکانی سوریاو لوبنان و ئوردنە، رۆڵی کاریگەری هەبووە لەسەر دامەزراندن و پێگەیاندنیان، ئەوان لەسەرەتای دامەزراندنیان ماوەیەك وەك لق بوونە بۆ حزبی شیوعی فەلەستین.

یەکەم گروپی کۆمۆنیستی لەولاتی فەلەستین بەناوی حزبی کرێکارانی سۆسیالست[١٠٩] دەرکەوت ساڵی ١٩١٩، کەبەکۆنترین حزبی مارکسی دادەنرێت لەجیهانی عەرەبیدا، کۆچکەرە جولەکەکانی ئەوروپا رۆڵی گەورەیان هەبووە لەبلاو بوونەوەی هزری مارکسی لەم ناوچەیەدا.

لەیاداشتێك بەئیمزای (ج.میرسون) لەسەر کردەکانی[١١٠]، حزبی کرێکارانی سۆسیالست لەفەلەستین، بەمێژووی (١٨/ئەیلولی/١٩٢٠)دا هاتووە:

لەتشرینی دووەمی ساڵی/١٩١٩ لەشاری (یافا) کۆبوونەوەیەك سازدراوە، بەئامادەبوونی هەموو گروپە سۆسیالستەکان لەشارەکان، لەگەڵ هەندێ ناوچەی جولەکەنشین، سەرەرای نوێنەرانی حزبی سۆسیالستی فەلەستین (بوعالی تسیون)، کەلەرێکخراوی (احدوت هاعفودا) جیابۆتەوە، ئامادە بووان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە لەولاتەدا هیچ حزبێکی ناسیونالستی سەربەخۆ لەیەکتر نەبێت، بەڵکو یەك حزب هەبێت بۆ هەموو ولات، هەروەها لەسەر ئەوە رێککەوتن کە ووشەی (جولەکە) لەسەرناوی حزبەکە بسرنەوە، لەپرۆتۆکۆڵی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٢٠)دا، هاتووە[١١١]:

بەدەس پێشخەرییەك لەلایەن حزبی کرێکارانی سۆسیالستی فەلەستین (بوعالی تسیون)دا هاتووە: لەنێوان (٥-٦/تشرینی یەکەم) کۆنگرەیەك بەسترا بەئامادەبوونی نێونەرانی جەماوەر لەجولەکە و عەرەب، هەروەها بەبەشداریکردنی(٨) نوێنەری

کرێکـارانی جولەکـەو عـەرەب، لەگـەڵ دوو نوێنـەری حزبـی سوسیالست، بەشـێوەی راوێژکار.

کـۆنگرە خـۆی بەیەکـەم کـۆنگرەی حزبـی شـیوعی فەلەسـتینی دانـا، لـەو کۆنگرەیـە کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرا لەسێ کەس، ئەرکەکانیشیان بەم جۆرە دیاریکراوە:

١- پێکهێنـانی حزبێکـی شـیوعی بـۆ کرێکـارانی عـەرەب و جولەکـە، هـەروەها کارکردن بۆ کارا کردنی بزووتنەوەی سـەندیکایی و پەرەسـەندنی، بەتایبـەتی لەناو عەرەبدا، هەوڵیش بدرێ بزووتنـەوەی کرێکاری مـۆرکێکی نێونەتـەوەی سۆسیالستی وەربگرێت.

٢- ئاگادارکردنەوەی ئەنجوومەنی جێ بـەجێکردنی سـەر بـەکومنتێرن، بـەرازی بوونی ئـەم حـزب لەسـەر لـەو مەرجانـەی کـە کـۆنگرەی دووەمـی کـومنتێرن دایناوە، هەروەها بەزرکردنەوەی داواکارییەك، بۆ هاتنەریزی کومنتێرن.

٣- پەیوەندیکردن بەئەنجومەنی جێ بـەجێکردنی کـۆنگرەی گـەلانی رۆژهـەلات، لەگەڵ حزبی شـیوعی میسـر و هـەموو شـیوعییەکانی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت، بەمەبەسـتی کـارکردن بـۆ پێکهێنـانی فیـدرالیزمێك بـۆ هـەموو حزبـە شیوعییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

٤- پەیوەندیکردن لەگەڵ حزبە شیوعییەکان لەبەریتانیاو ئیتالیاو یوگوسلافیا و ئەوانی دیکەش، بەمەبەستی رێکخستنی چالاکیەکان لەگەڵیاندا.

٥- دەرکردنـی هەواڵنامەیـەك بـەخێراترین کـات بەهـەردوو زمـانی عـەرەبی و جولەکە.

٦- ئامادەکردنی پرۆژەی بەرنامەیەك بۆ حزب.

لەبەلگەنامەیـەکی دیکـەی ئەرشـیفی حـزب، کـە مێژووەکـەی بـۆ سـاڵی (١٩٢٠) دەگەڕێتەوە، هاتووە:

**یەکەم//** ناوی حزب، حزبی شیوعی فەلەستینی.

**دووەم//** بنـەماكانی: بـەپێی ڕێبـازی كـۆمنتێرن، هـەروەها بەوشـێوەی كـە لقێكـی كـومنتێرن دەبـێ لەفەلەسـتین، گـرینگترین بنـەماكانی بەرنامەگـەی بـەم جـۆرە دیاریدەكرێت:

١- ئامـانجی كۆتـایی بـۆ ئـەم حزبـە، پێكهێنـانی كۆمەڵگەیـەكی كۆمۆنیسـتیە، بەدروسـتكردنی سیسـتمێكی كۆمەڵایـەتی هـیچ جـۆرە چەوسـاندنەوەیەكی نەتەوایەتی یان چینایەتی تیادا نابێت.

٢- ڕێگا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ململانێی چینایەتی شۆڕشگێرانەیە، ئـەم كارە تـەنها چاكسـازی سیسـتمی سـەرمایەداری نیـە، بـەڵكو كۆتـایی هێنانـە پێـی، هەروەها ئەو كارە پەیوەست نیـە بـە ڕێككـەوتن لەگـەڵ بورژوازییـەت، بـەڵكو درێژەپێدانە بەخەباتێكی چینایەتی توند دژی ئەو چینە، كە ئـەوەش ڕێگـای سەركەوتنە.

٣- ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجە، بریتیە لەشۆڕشـی سۆسیالستی جیهانی، كەبـە هـۆی دیكتاتۆریـەتی پرۆلیتاریا دروست دەبێ، حـزب بـاوەڕێكی قـوڵی هەیـە، بـەوەی، دەركردنـی دەسـەڵات لەدەسـت دەسـەڵاتدارانی ئێسـتا لـەڕێگای هەڵبـژاردن و كـاری پەرلـەمانی دەسـتوری نابێـت، بـەڵكو تـەنها لـەڕێگای ڕاپەڕینی چەكداری وشۆڕشی جەماوەری چەوساوە.

**سێیەم//** پەیڕەوی ناوخۆ:

١- حزب پێك دێت لەسەر بنچینەی لقەنەتەوایەتیەكان.

٢- بۆ هـەر (٥٠-٨٠) كـەس لەشۆڕشگێرانی هەرنەتەوەیـەك مافیـان هەیـە لقێكـی نەتەوایەتی بۆ حزبی شیوعی فەلەستینی دروست بكەن.

٣- ڕێگا نادرێ لەناو حزب، بۆ هەر نەتەوەیەك لەیەك لق زیاتری هەبێ.

٤- لقی حزبی ملكەچی دامەزراوە حزبیەگشتیەكان و ناوەند دەبێت.

هەواڵنامەی كتێب

٥- هەر لقێکی نەتەوایەتی سەر بەخۆیی دەبێ لەبواری راگەیاندن و رێکخستن لەناو نەتەوەکەی.

٦- هەر لقێك بۆی هەیە کۆنگرەی نەتەوایەتی خۆی ببەستێت و دەزگا ناوەندییەکانی هەڵبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی لقەکە.

٧- هەر لقێك مافی ئەوەی هەیە کەلەگەڵ لقی نەتەوەیەکی دیکە یەکبگرن.

٨- حزبی شیوعی فەلەستینی بڕیار لەسەر بەرنامەی لقە نەتەوایەتیەکان دەدات.

ئەم حزبە بەشێوەیەکی فەرمی لە (١٩٢١) دامەزراندنی ڕاگەیەندراوە، ساڵی ١٩٢٤، پەیوەندی بە ڕێکخراوی نێو نەتەوەی سێیەم (کومنتێرن) کردووە.

لەبەردەم گەشەکردنی ئەم حزبە چ لەڕووی ژمارەی ئەندامانی و چالاکیەسیاسی و جەماوەریەکانی ڕێگرو کۆسپ هەبوو، بەهۆی ململانێی نێوان عەرەب و جولەکەکان لەلایەکەوە، هەروەهاتەنگ پێ هەڵچنینی پۆلیس و دەسەڵاتداری بریتانیا لەلایەکی دیکەوە، هەروەها دروست بوونی دەوڵەتی (ئیسرائیل) ساڵی ١٩٤٨ و پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەو بڕیارە، کێشەو گرفتی گەورەی دروستکردووە لەناو ئەو حزبە.

ئەم حزبە لەو ماوەیەدا چەندین چاپەمەنی وبلاوکراوەی جۆراوجۆری دەرکردووە، وەك[١١٣]:

١- لەساڵی ١٩٢٤ حزب گۆڤارێکی دەرکردووە بەناوی -العمال-.

٢- لەنێوان ساڵانی (١٩٢٦ – ١٩٢٧) بلاوکراوەیەکی نهێنی هەبووە لەژێرناوی (المنبه).

٣- ساڵی ١٩٢٩، کۆمیتەی ناوەندی حزب گۆڤارێکی دەرکردووە بەناوی (الی الامام).

٤- ساڵی ١٩٣٦ حزب بلاوکراویەکی دەرکردووە لەژێرناوی -الجبهة الشعبية-.

لەمانگی ئەیلولی/١٩٣٠ حزب حەوتەم کۆنگرەی گشتی خۆی سازداوە، بەئامادەبوونی نوێنەرانی ئورگانەکان لەعەرەب و جولەکە، لەبەیانانامەی کۆتایی کۆنگرەدا هاتووە:

هەواڵنامەی کتێب

لەماوەی چەندین ساڵی رابردوو، حزب کەوتۆتە کۆمەڵە هەڵەیەکی گەورە (گرینگی دان بەکرێکارانی جولەکەو پشت گوێ خستنی عەرەبەکان) بۆیە کۆنگرەی حەوتەم بڕیاریداوە ئەو هەڵانە چاك بکاتەوەو بڕیارو ئامۆژگاریەکانی (کومنتێرن) جێ بەجێ بکات لەم بارەوە.

حزب هەوڵدەدات لەهەموو ئاستە ڕێکخراوەییەکانی (بەعەرەب کردن) جێ بەجێ بکات، بۆ ئەوەی ببێتە پێشڕەوی جەماوەری زەحمەتکێش.

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی فەلەستین، لەراپۆرتێکی بەمێژووی ٥/کانوونی دووەمی/١٩٢٩، بارودۆخی فەلەستینی لە (٧) تەوەرەدا، بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو[١١٤]:

**یەکەم// بارودۆخی ئابوری**

باس لەهەوڵەکانی سەرمایەدارانی ئینگلیز دەکات لەفەلەستین، بەتایبەتی لەبواری وەبەرهێنان و کاروباری بازرگانی و کشتوکاڵی و دەرهێنانی سامانە سروشتیەکان و کۆمپانیا دەریاییەکانی هاتوچۆ.

هەر لەو ڕاپۆرتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی بێ کاران لەناو کرێکارانی جولەکە دەگاتە نزیکەی (١٠) هەزار کرێکار.

**دووەم// بارودۆخی سیاسی:**

ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەریتانیا هەوڵدەدات فەلەستین بکاتە ناوەندێکی ستراتیژی بۆ پارێزگاریکردنی نۆکەندی سویس، سەرەڕای ئەوەش هەوڵدەدات بەندەرێکی سەربازی لەشاری (حیفا) دروست بکات.

**سێیەم// بزووتنەوەی نیشتمانی :**

ئاماژە بۆ گەشەکردنی چینی کۆنەپەرستان دەکات، هەروەها باسی شکست هێنانی شۆڕشی چین و هەردوو شۆڕشی سوریاو مەغرب دەکات و کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلان.

هەواڵنامەی کتێب

**هەر لەم بوارەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەناو بزووتنەوەی نیشتمانی سێ ئاراستە پەیدابووە:**

١- موڵکدارە گەورەکان و بازرگانی شار (بەتایبەتی لەناو مەسیحیەکان).

٢- ئاراستەی موڵکدارە موسڵمانەکان و بورژوازییە ئیسلامەکان و چینی ناوەڕاست.

٣- ئاراستەی بزووتنەوەی کرێکاری و چینی جوتیاران و هێزە شۆڕشگێڕەکان لەناو ڕۆشنبیران.

**چوارەم// تەوەری بزووتنەوەی کرێکاری:**

چینی کرێکاران گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەو گەشەکردنە لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوایەتی ناگونجێ، واتە لەرووی ژمارەی عەرەب و جولەکە، ژمارەیەکی گەورەی کرێکارانی عەرەب تائێستا هەر لەسەر پەیوەندییە خێڵەکیەکانیان بەردەوامن، گەورەترین توێژی کرێکاری، کرێکارانی کشتوکاڵیە.

هەروەها ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات، کە سەندیکاکانی جولەکە (هستدروت) بەرەو رووی لاوازی دەڕوات، ژمارەی ئەو کرێکارانەی پەیوەندییان بەو سەندیکایانەوە هەیە، ڕێژەیان بۆ (٣٠٪) کە مبۆتەوە، ئەو سەندیکایانە لەئاست ڕووداوەکان لەسەریەك هەڵوێست نین.

**پێنجەم// چالاکی حزبی سیاسی:**

چالاکی سیاسی حزبی لەفەلەستین کۆسپی گەورەی لەبەردەمە، بەهۆی سیاسەتی توندو تیژی دەسەڵاتداری بەریتانیا، پولیس هەموو ڕێگاکانی چالاکی ئاشکرای لەحزبەکان گرتووە، بۆیەکۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لەهەوڵی ئەوە دایە، کادیری بەتواناو خۆڕاگر پەیدا بکات، لەناو سەندیکاکانی کرێکاری گەشەبکات.

**شەشەم// کێشەکانی ڕێکخستن:**

بەهۆی هەڵمەتەکانی پۆلیس بۆ سەر ڕێکخستنەکانیان، حزب نەیتوانیوە گەشەبکات لەڕووی ڕێکخراوەییەوە، ئێمە ئەندامانی حزبمان بەسەر دوو جۆر دابەش کردووە: ئەوانی لەلای پۆلیس ناسراون، لەیەك شانە ڕێکخراون، ئەوانی لای پۆلیس نەناسراون و بەنهێنی ماون، لەشانەی جودا ڕێکخراون بەمەبستی جێ بەجێ کردنی ئەرکەنهێنیەکان، پەیوەندی باشمان هەیە لەگەڵ لقی سوریا، هەروەها لەگەڵ حزبی شیوعی میسری.

**حەوتەم// ئەرك و پێش نیارەکان:**

گرینگترین ئەرك لەبەردەمان، دروستکردنی کادری شارەزاو بەتوانایە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی تایبەت لەکۆمیتەی ناوەندی حزب پێکهاتووە، هەروەها پەیوەندی لەم بارەوە لەگەڵ لیژنە ناوچەییەکانی درێژەی هەیە.

هەوڵدەدەین لەناو سەندیکای کرێکاران چالاکیەکانمان بەهێز بکەین، پشتگیری داواکارییەکانی کرێکاران بکەین، هەروەها پێویست دەکات پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حزبی شیوعی ئینگلیزی بەهێز بێت.

لەساڵی (١٩٥٠) موشیە سلیە، لەحزبی کرێکارانی یەکگرتووی ئیسرائیل (مابام) جیابۆوەو بووە[١١٥] بەئەندام لەحزبی شیوعی ئیسرائیل کەناوی لێنرا (ماکی)، بەلام لەساڵی (١٩٦٥) جیابوونەوەیەکی گەورە لەناو حزبی شیوعی ڕوویدا، بەهۆیەوە زۆرینەی ئەندامە عەرەبەکان لەحزب جیابوونەوە لستێکی نوێی شیوعییان پێکهێنا لەژێر ناوی – راکاح- لەکاتێکدا ئەندامە جولەکەکان، لەریزی حزبی (ماکی) مانەوە.

لەدوای جەنگی (١٩٦٧) یەکێتی سوڤیەت، تەنها لایەنگری (راکاحی) کرد، کە هەڵوێستەکانی زیاتر بەلای چەپدا بووە لەئاست سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەکاتێکدا گروپی – ماکی- ئاراستەیەکی خۆپارێزی گرتە بەرو پشتگیری ئیسرائیلی دەکرد.

لەسەرکردەکانی راکاح: مائیر نیلز، توفیق طوبی، امیل حبیبي .

لەسەرکردەکانی ماکی: موشیة سلیة، شوئیل میکوفس.

٢- حزبی شیوعی فەلەستینی شۆڕشگێڕ : الشیوعي الثوري الفلسطيني.

ڕێکخراوێکـی چـەپی سـەربەرخۆییە لـەڕێکخراوەکانی دیکـەی نـاو بزووتنـەوەی بەرهەڵستکاری فەلەسـتین[١١٦] لـە ٢/تشـرینی دووەمـی/١٩٨١، دامـەزراوە، لـەئاکامی شکسـتیە گـەورەکانی هێـزە ناسیونالستە عەرەبـەکان و بـەهۆی ئـەو قەیرانانـەی کـە بازنەو ڕێکخراوە مارکسیەکان لەفەلەستین تیایدا دەژین، (بەپێی بیرو بۆ چوونەکانی خۆیان).

حـزب پـەیرەوی هـزری چـینایەتی کرێکـاری دەکـات، هـەر بـەپێی ئـەو هـزرو بـۆ چوونانەی، لەبەرنامەی نێونەتەوەی چوارەم و هەموو هێزە شیوعیە شۆڕشگێڕەکانی جیهـان ڕەخنـەدەگرێ، سـەرەڕای گرینگـی دان بەچارەسـەرکردنی دیموکراسـیانەو ریشەیی بۆ کێشەی فەلەستین.

ئەم حزبە لەسەرەتای دامەزراندنی، خۆی وەك بەرەیەکی سیاسی یـەکگرتوو خستۆتە ڕوو، بانگەوازی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی دیموکراسی شۆڕشگێڕ دەکرد، هەر لەسـەر ئـەم بنچـینەیە گـروپ و کەسـانێکی زۆری چـەپ و دیمـوکرات خـوازی کۆکردۆتـەوە، لەگـەڵ ژمارەیـەك لەئەنـدامانی حـزب و شـیوعیەکانی فەلەسـتین، کـە بەرەو ڕووی قەیران هاتبوون.

لەسـەر بنـەمای ئـەم ڕێبـازە سیاسـیە، دوای چـەند مانگێـك لەدامەزرانـدنی، دوو ڕێکخراوی چەپرەوی دیکەش پەیوەنـدیان لەگەڵی کـردووە، ئـەو دوو ڕێکخـراوەش، کۆمەڵـەی چـەپی شۆڕشـگێڕی فەلەسـتین، لەگـەڵ ڕێکخـراوی میللـی بـۆ ڕزگـاری فەلەستین.

دواتر لەساڵی ١٩٨٢ چەند بەشێکی دیکەی بەرەی میللی شۆڕشگێڕ پەیوەندییان بـەم حزبەوە کردووە.

ئەم ڕێکخراوە لەسەر چالاکیەکانی و لەژێر ئەم ناوە بەردەوام بوو، دواترناوی خۆی گۆڕی بۆ ڕێکخراوی (هێزەکانی پشتیوان)، بەلام جارێکی دیکە گەڕایەوە سەرناوەکەی پێشووی.

ئەم حزبە، خۆی بەنوێنەری کرێکارو جوتیارو هەژارو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێرەکان دەزانێ، ئەم حزبە ڕێکخراوێکە لەڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی. حزبی شیوعی فەلەستینی شۆڕشگێر، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (مارکسی – لینینی) و بنەماکانی نێو نەتەوەیی پرۆلیتاری کاردەکات، لەکاری ڕێکخراوەیی پشت بەبنەمای ناوەندێتی دیموکراسی و دیسپلینەکانی دیکەی ڕێکخستنی لینینی دەبەستێت، هەروەها سوود لەکەلەپوری دێرینی گەلی فەلەستینی وەردەگرێت.

**بنەما هزرییەکانی ئەم حزبە:**

- باوەری حزب وایە کە کێشەی فەلەستین، کێشەی ڕزگاری نیشتمانیە بۆ گەلی فەلەستین، ڕزگاربوون لەژێر دەستی ئیستعمارو زایۆنیزم، ئەو زایونیزمەی کە پەروەردەکراوی ئیپریالیزمی جیهانیە و نیشتەجێی خاکی فەلەستینە.
- حزب تێدەکۆشێ لەپێناو ڕزگارکردنی خاکی فەلەستین لەهەموو داردەکانی داگیرکاری، هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی سەربەخۆ لەسەر خاکی فەلەستین، کەیەکسانی بۆ هەموو هاولاتیانی دەستەبەر دەکات، بێ جیاوازی رەگەزی، یان ڕەنگ، یاخود ئاین، هەروەها لەپێناو بوونیادنانی سیستمێکی سۆسیالستی.
- حزب خۆی بەڕێکخراوێك لەڕێکخراوەکانی شۆڕشی فەلەستین دەزانێ، هەموو شێوەکانی خەباتی ئایدیۆلۆژی و ئابوری و سیاسی بەکار دێنێت و لەپێش هەموویانەوەش خەباتی چەکداری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم.

هەواڵنامەی کیر

- حـزب خـەبات دەكـات لـەپێناو دامەزرانـدنی بەرەیـەكی نیشـتمانی یـەكگرتوو، نوێنەری چینەكانی كرێكارو جوتیـارو رۆشـنبیرە شۆڕشـگێڕەكان و بورژوازییـەتی نیشتمانی دەبێت، لەچوار چێوەی رێكخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی.
- حزب تێدەكۆشێت بـۆ بـەهێزكردنی پەیوەندییـەكانی نێـوان شۆڕشی فەلەستین، لەگەڵ رێكخراوە ئازادیخوازە نیشتمانیە عەرەبیەكان، لـەم بـوارەدا حـزب دژایـەتی رەوتـی هەرێمگـەری و گۆشـەگیری دەكـات، هـەروەها دژی هەوڵـەكانی شـاردنەوەی خەباتی نیشتمانی فەلەستینە.
- حزب كار دەكات وەك گروپێك لەگروپـەكانی بزووتنـەوەی كۆمۆنیسـتی جیهـانی، لـەپێناو بـەهێزكردنی پەیوەندییـەكانی دۆسـتایەتی و هاوكـاری لەگـەڵ حزبـە شیوعییە كرێكارییە عەرەبیەكان و وڵاتانی سۆسیالستی.
- حـزب بەرهەڵسـتی رەوتـە كۆسمۆپۆلیتیـەكان و دەمـارگیری نەتەوایـەتی دەكـات، هـەروەها جـەخت لەسـەر پەیوەنـدی دیـالێكتیكی نێـوان ئەركـە نیشـتمانی و نەتەوایەتی و جیهانییەكان دەكات.

**تێبینی:**

ا- حزب رۆژنامەی – المقاومة الشعبية – دەردەكات.

ب- یەكەم كۆنگرەی حزب لەساڵی ١٩٨٧ بەستراوە.

ج- ئەمینداری گشتی حزب – عربی عواد- ە.

**٣- حزبی گەلی فەلەستین (الشعب الفلسطيني) :**

حزبێكی سۆسیالستیە، لەناو رێكخستنەكانی ژن و پیاو كۆبوونەتەوە، ئەوانەی خـەبات بـۆ رزگـاری و سـەر بـەخۆیی نیشـتمان و دیموكراسـیەت و پێشـكەوتن و دادپـەروەری كۆمەڵایەتی و سۆسیالستی دەكەن[١١٧].

ئەم حزبە درێژە پێدانە بەرەوتی کۆمۆنیستی لەوڵاتی فەلەستین، پشت بەتیۆری (ماتریالیزمی دیالیکتیکی) دەبەستێت، هەروەها لەبەر رۆشنایی هزری سۆسیالستی و دەسکەوتەکانی زانست و کەلەپوری عەرەب و مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز کاردەکات. بوونی ئەم حزبە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، ئەم حزبە لەلایەن کۆمەڵە کادیرێکی شارەزاو بەئەزموون دامەزراوە، لەسەرووی هەموویانەوە (سلیمان النجاب، بشیر البرغوثي)و چەند کەسانێکی دیکە، رابەری حزب (بسام الصالحي)یە.

## سیاسەت و رێبازی حزب:

١- بەهێزکردنی خەبات دژی داگیرکاری بەهەموو دیاردەو شێوەکانی (سەربازی، ئابوری، مەدەنی)، هەروەها رێکخستنی جەماوەر و چالاکیەکانی لەپێناو دروست بوونی بنچینەکانی سەربەخۆیی نیشتمانی.

٢- دژایەتیکردنی سیاسەتی گۆشەگیری و ئابلوقەدانی سەربازی و نیشتەجێکردن، کەئسرائیل پێی هەڵدەستێت، هەروەها بەرەنگار بوونەوەی پرۆسەی بەجوولەکە کردنی شاری قودس.

٣- کاراکردنی (رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین)، بەمەبەستی بەرزبوونەوەی ئاستی تێکۆشانی، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندییە جەماوەریەکانی.

٤- رێگرتن لەپلانەکانی ئیسرائیل بەمەستی دابەشکردنی شاری (الخلیل)، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی نیشتەجێکردنی هێزی سەربازی لەشارەکە.

٥- بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بەهەموو شێوەکانی، هەروەها بەرگریکردن لەمافە دیموکراسییەکانی وەك: پلۆرالیزمی سیاسی، لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مافەکانی کاری سیاسی و مەدەمەنی .

٦- پێکهێنانی هاوپەیمانیەتێکی نیشتمانی دیموکراسی فراوان، بۆ ئەوەی ببێتە ئەلتەرناتیفێك بۆ هەموو ئەو شێوازانەی کە بوونەتە هۆی لەدەستدانی مافە نیشتمانییەکان، بەهۆی گەندەڵی کارگێری و دەستێوەردان لەکاروباری هاوڵاتیان.

٧- هاوکاری و تەبایی لەگەڵ ئەو هێزو لایەنە ئیسرائیلیانەی ئیرادەی ئاشتیەکی راستەقینەیان هەیە، هەروەها پشتگیری لەمافە نیشتمانیەکانی گەلی فەلەستین دەکەن.

٨- پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، خەباتکردن لەپێناو مافی گەلانی جیهان.

ئەم حزبە گۆڤارێکی مانگانە دەردەکات بەناوی (صوت الوطن)

## ٤- حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی فەلەستین (الحزب العمال الشیوعي الفلسطیني):

کۆمەڵە کادیرێکی (حزبی کرێکاری کۆمۆنیستی میسری) لەگەڵ بیرمەندی حزب (عمرو عادل)، بە مەبەستی[١١٨] دامەزراندنی رێکخراوێکی چەپی نوێی عەرەبی، سەر بەخۆو جیاواز لەحزبە مارکسیە کلاسیکیە عەرەبیەکان، بەردەوام لەکۆڕو کۆبوونەوەو نووسینەکانیان، بیرو بۆ چوونی نوێیان دەخستە ڕوو لەژێر ناوی (فەلەسەفەی چەپی نوێ).

ئەم گروپە پێکهاتبوون لەچەند مامۆستاو خوێندکارێکی زانکۆکانی میسر، هەروەها چەند کەسانێکی چەپڕەو لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینی، بەتایبەتی لە ناو کادیرەکانی بەرەی میللی، بزووتنەوەی (فتح ) هاوکاریان بوون، لەو ناوانە:

د. عبدالرحمن برقاوي، د. سمیر حلیلة، زینب الغنیمي، ریاض الحسن، هشام دبسي (عدنان موسی)، مهند عبدالحمید، عدیب سالم الرنناوي، هاني المصري، بسمة الدقاق، باسم الدقاق، محمد صالح هواش،....هتد.

ئەم کۆمەڵە کادیرە، هەوڵەکانیان بەدەنگەوە هاتنی بۆ پەیدابوو لەلایەن کادیرەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینی لەلبنان، بۆیە بڕیاری دامەزراندنی ئەم حزبەیاندا.

لەرۆژانی یەکەمی دامەزراندنی حزب (٢٢/کانوونی دووەم/١٩٧٨) حزب بڵاوکراوەیەکی دەرکرد، لەژێرناوی (طريق الانتصار)، ئەم بڵاوکراوەیە رۆڵی گەورەی هەبووە لە وروژاندنی دیالۆگی هزری لەناوفەلەستینیەکان و سنووری ئەو گفتوگۆو بیروڕا ئاڵ و گۆڕ کردنانەش فراوان بوو.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش رۆڵی حزب لەناو فەلەستینیەکانی کەلەلوبنان نیتشەجێ ببوون لاواز بوو، بۆیە ئەو گروپەی حزبەکەی پێکهێنا هەر وەك کۆمەڵە رۆشنبیرێك مانەوە، نەیانتوانی وەك حزبێك بنکەی جەماوەری فراوان پەیدا بکەن.

ئەم حزبە زیاتر رووی لەلاوازی کرد، بەتایبەتی دوای دەرچوونی چەکدارانی فەلەستین لەشاری بەیروت، هەروەها ململانێ و دوو بەرەکی لەناو فەلەستینیەکان کاریگەری بەسەر حزبدا هەبووەو ژمارەیەکی زۆری کادیرەکانی گەڕانەوە ناو بەرەی میللی و بەرەی دیموکراسی فەلەستین.

دوای دروست بوونی دەسەڵاتداری فەلەستین و مۆرکردنی رێککەوتنی ئوسلو لەئەیلولی/١٩٩٣، پاشماوەی ئەم حزبە مارکسیە بەسەر دوو لادابەش بوو:

لایەنی یەکەم: پەیوەندییان بەگروپەکەی (یاسرعبدربه) کرد، کە لەبەرەی دیموکراسی جیا ببوونەوەو بەیەکەوە حزبێکیان پێکهێنا بەناوی (الاتحاد الديمقراطي الفلسطيني – فدا)

**لایەنی دووەم:** چوونە ناو ریزی رێکخراوی (فتح)

٥- بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین (سەرکردایەتی گشتی):

(الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين – القيادة العامة)

دروستبوونی ئەم رێکخراوە بۆ ساڵی (١٩٥٩)، دەگەڕێتەوە کاتێ (احمد جبريل) توانی بزووتنەوەیەکی[١١٩] بچووکی فیداکاری دابمەزرێنێت لەژێرناوی (بەرەی رزگاری فەلەستین)، بەڵام دوو وشە بۆ ناوەکەی زیاد کرا، ئەو دوو وشەیەش (سەرکردایەتی گشتی) بوو، وەك نیشانەیەك بۆ ئاراستە سەربازییەکەی.

بەرنامەی سیاسی بەرە، لەیەکەم کۆنگرەی ساڵی (١٩٦٨) دارێژرا، ناوەرۆکەکەی گوزارشت لە رێکخراوێکی ناسیونالستی عەرەبی دەکات، بەڵام لەکۆنگرەی دووەمی ساڵی (١٩٦٩) بەکۆی دەنگ، رێبازی سۆسیالستی زانستی (مارکسی) بڕیاری لەسەردرا.

بنەما هزرییەکانی بەرە:

١- گەلی عەرەبی فەلەستین، بەرپرسی یەکەمی کێشەکەیەتی، گەلانی عەرەبیش پالپشتی دەکەن.

٢- کەس بەراسپێردراو یان چاودێر بەسەر گەلی فەلەستین قبوڵ ناکرێت، لەهەر لایەکەوە بێت، ئەگەر ئەو لایەنە رژێمێك بێت، یان حزب، یاخود هەر لایەنێکی دیکە.

کێشەی فەلەستین کێشەیەکی نەتەوایەتیە، ئەرکی هەموو عەرەبێکە هاوکاری بکات.

٣- قەدەغەکردنی دەستە گەری و چالاکی حزبایەتی لەچوار چێوەی بەرە.

٤- بنەماکانی دیموکراسییەت، راوێژکردن، دەستەجەمعی، پێویستیەکانی جێ بەجێکردنی سەرکەوتنن لەرێگای خەباتدا.

٥- رازی نەبوون بەنیوە چارەسییەکان، هەروەها چارەسەرییە مام ناوەندییەکان، یان هەر رێکەوتن و پێکهاتنێ مەبەستی لەناو بردنی کێشەی فەلەستین بێت.

هەواڵنامەی کتێب

٦- دیاریکردنی جۆری حوکمرانی بەهەموو لایەنەکانیەوە، بۆ دوای قۆناغی رزگار بوون دەمێنێتەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستینی دەسەڵاتی بڕیاردانی دەبێت لەسەری.

**تێبینی:**

أ- ئەمینداری گشتی بەرە (احمد جبريل)ە.

ب- چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانیان: گۆڤاری (بۆ پێشەوە)، ئێزگەی (القدس) لەشاری دیمەشق.

## ٦- بەرەی دیموکراسی بۆ رزگاری فەلەستین :
## (الجبهة الديمقراطية لتحرير فلسطين)

ڕێکخراوێکی چەپی سەر بەخۆیە، لە ٢٢/شوباتی/١٩٦٩ دامەزراوە، ئەم ڕێکخراوە هەر لە[120] سەرەتای دروست بوونیەوە، خۆی وەك بەرەیەکی یەکگرتوو خستە ڕوو، داوای پێکهێنانی هاوپەیمانیەتیەکی دیموکراسی شۆڕشگێرانەی دەکرد، لەماوەیەکی کورتدا توانی چەندین لایەن و ڕێکخراوی چەپ و دیموکرات کۆبکاتەوە، کەهەڵگری بیروڕای جیاوازی بوون.

**لەوکەسانەی کەرۆڵیان هەبووە لە دامەزراندنی:**

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرە: قيس عبدالكريم، فهد سلمان، تيسير خالد، صالح زيدان، هشام أبو غوش، رمزي رياح، داود تلحمي، علي فيصل، عمر عساف.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی: عبدالغنى هللا، محمد خليل خليل، نهاية محمد، ماجدة المصري، حسن سعيد، عبدالحميد أبو جياب، معتصم حمادة، صالح ناصر، ابراهيم النمر، خالد يونس، ماجد ذياب.

هەر بەدوای مانگێك لەدامەزراندنی بەرە، دوو ڕێکخراوی چەپ پەیوەندییان بەم ڕێکخراوە کردووە، ئەوانیش : کۆمەڵەی چەپی شۆڕشگێری فەلەستین، ڕێکخراوی میللی بۆ رزگاری فەلەستین.
هەروەها لەساڵی ١٩٧٢ چەند بەشێك لەبەرەی میللی شۆڕشگێر بوون بەئەندام لەم بەرەیەدا، بەرە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەژێر ناوی (بەرەی میللی دیموکراسی بۆ رزگاری فەلەستین) کاری دەکرد، تاساڵی (١٩٧٥) کە ناوی خۆی گۆڕی بۆ (بەرەی دیموکراسی بۆ رزگاری فەلەستین).
بەرە لەماوەی ئابی (١٩٧٠) تا ئایاری (١٩٩٨)، (٧) کۆنگرەو کۆنفرانسی بەستووە، بەم جۆرەی خوارەوە[١٢١] :

١- کۆنگرەی دامەزراندنی لە ٢١/ئابی/١٩٧٠
٢- کۆنفرانسی گشتی نیشتمانی لە ١/تشرینی دووەمی/١٩٧١.
٣- کۆنگرەی گشتی دووەم لە ٤/ئایاری/١٩٨١.
٤- کۆنفرانسی گشتی نیشتمانی دووەم لە ٣٢/تەموزی/١٩٩١.
٥- کۆنگرەی گشتی نیشتمانی سێیەم لە ٢٩/ ئەیلول – ٢ تشرینی یەکەمی/١٩٩٤.
٦- کۆنفرانسی گشتی نیشتمانی سێیەم لە ٧/کانوونی دووەمی/١٩٩٨.
٧- کۆنگرەی گشتی نیشتمانی چوارەم لە ١٤/نیسان – ٨/ئایاری/١٩٩٨.

**بنەما ڕێکخراوەییەکانی بەرە:**

أ) لەکاری ڕێکخراوەیی بەرە پەیڕەوی بنەمای (ناوەندێتی دیموکراسی) دەکات.
ب) هەیکەلی ڕێکخراوەیی بەرە: کۆنگرەی نیشتمانی گشتی، کۆنفرانس گشتی، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، لیژنەی چاودێری حزبی، ڕێکخراوە دیموکراسییەکان.

## چالاکیەکانی بەرە[١٢٢]:

١- بەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەرە، هەمان ئەو بەرنامە بوو کە بەرەی میللی لەساڵی ١٩٦٨ بڕیاری لەسەردابوو، بەڵام بەرەی دیموکراسی دیارە زیاتر توندرەوتر بووە بۆیە پەیرەوکردنی تیۆری مارکسی – لینینی لەبەرنامەکەی خۆی سەپاند.

٢- ساڵی ١٩٧٢ بەرە بەرنامەیەکی چەند قۆناغی خستە روو، بۆ رزگارکردنی فەلەستین، ئەو بەرنامەیە بووە بنچینە بۆ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین (فتح)، دواتر بە بەرنامەی دەخاڵەکە لەئەنجومەنی نیشتمانی ناسرا.

٣- لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ساڵی ١٩٦٩، بەرە پەیوەندی بەهێزە چەپەکانی ئیسرائیل کردووە.

٤- بەرە لەیەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی سەر بەرێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی (فتح) بەشداری کردووە، دوای دامەزراندنی لە ١٩٦٩، هەروەها درێژەی بەئەندامیەتی خۆی داوە.

هەواڵنامەی کتێب

٥- بەرە رەزامەندی خۆی ڕاگەیاند، دەربارەی راگەیەندراوەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی، هەورەها پشتگیری بڕیارە نێودەولەتیەکانی کردوە، بەبڕیاری ژمارە (٢٤٢) وەوە

٦- بەرە رازی نەبووە لەسەر بەستنی کۆنگرەی (مەدرید)، ئەندامیەتی خۆشی لەرێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی هەڵپەسارد، بەهۆی رێککەوتنی (ئۆسلۆ) لەئەیلولی ١٩٩٣، بۆیە بەشداری لەهاوپەیمانیەك کرد کە دواتر لێی کشایەوە.

## هزرو بنەماکانی بەرە:[١٢٣]

١- بابەتی نیشتمانی فەلەستینی: لەناوەرۆکدا لەناوبردنی گیانی نەتەوایەتی گەلی فەلەستینە، هەروەها لەریشە دەرهێنانیەتی لەنیشتمانەکەی و دابەشکردن و داگیرکردنی وڵاتەکەیەتی، بێبەشکردنیەتی لەمافە سروشتیەکەی کەبڕیاری چارەی خۆنووسینە.

٢- نیشتمانی فەلەستینی، بزووتنەوەیەکی نیشتمانی رزگاریخوازە، ئەرکە مێژووییەکەی، چارەسەرییەکی دیموکراسیانەی ریشەیی ئەو کێشەیەیە، لەهەموو بوارەکانیەوە.

٣- بەهێز بوون و هەڵکشانی ئاستی خەباتی نیشتمانی رزگاریخوازی گەلی فەلەستین و گەلانی عەرەب، هۆکارێکە بۆ ریسوا بوونی پرۆژەکەی زایۆنیزم.

٤- ڕاگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستینی لەسەر تەواوی ئەو زەویانەی کەلەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە دانیان پێدانراوە، هەروەها بەپێی بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، ژمارە (٦٠٥-٦٠٧-٦٠٨).

٥- داوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل، بەمەبەستی رێککەوتنێکی ئاشتیانەی بەردەوام و هاوسەنگ، لەسەربنەمای جێبەجێکردنی هەردوو بریارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، ژمارەی (٢٤٣ – ٣٣٨)، ئەو بریارانەی پەیوەستن بەکێشەی زەوی بەرامبەر ئاشتی لەگەڵ چارەسەرکردنێکی دادوەرانە بۆ کێشەی کۆچکردووان.

٦- بەهێز کردن و ئامادەکردنی جەماوەر دژ بەداگیرکاری، هەروەها ئەنجامدانی ئەو رێ و شوێنانەی کە دەبنە هۆی نەهێشتنی گرژی و ململانێ لەنێوان دەسەڵات و گەل.

٧- دابینکردنی هۆکارەکانی خۆراگرتنی ئابووری، بەمەبەستی رزگار بوون، لەپرۆتۆکۆڵە ئابوورییەکەی پاریس.

**تێبینی:**

أ) ئەمینداری گشتی بەرە (نایف حواتمة)یە.

ب) لەبڵاوکراوەکانی بەرە، گۆڤاری (الحرية).

**٧- بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین (الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين):**

رەگ و ریشەی ئەم بەرەیە بۆ بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب دەگەڕێتەوە، ئەم بزووتنەوەیە[١٣٤] لەدوای جەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧ لەنێوان عەرەب و ئیسرائیل، گۆران بە سەر پێکهاتەی رێکخراوەیی هات، بووە چەند لقێك، لەهەر وڵاتێکی عەرەبی وەك رێکخراوێکی سەربەخۆ کاری دەکردو ناوی جیاوازیان هەڵگرد.

لقەکەی فەلەستین لەژێر ناوی (بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین) کاری دەکرد، کە لەسەردەستی ئەمینداره گشتیەکەی (جورج حبش) دامەزرا، ناوبراو تا ساڵی (٢٠٠٠) لەم پێگەیە مایەوە، دواتر لەو ساڵەدا بڕیاری وازهێنانی یەکجاریدا، دوای ئەو (أحمد السعدات) بوو بە ئەمینداری گشتی بەرە، (ناوبراو تائێستا لەزیندانەکانی ئیسرائیلە).

**ئامانجەکانی بەرە.**

١- ئامانجی ستراتیژی بەرە، بریتیە لەرزگار کردنی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی لەسەر تەواوی خاکەکەی، پایتەختەکەشی شاری (قودس) بێت، ئەو دەوڵەتە مافە رەواکانی هاوڵاتیان دەستەبەردەکات لەسەر بنەمای یەکسانی و بێ جیاوازی لەنێوانیان بەهۆی ئاین یان رەگەز یاخود باوەرو رەنگ.

٢- بەر بەرەکانی کردنی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، لەگەڵ هەوڵی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی یەکگرتنێکی دیموکراسیانە لەنێوان هەموو وڵاتانی عەرەب.

٣- ئامانجی ئەم قۆناغەی بەرە، بەدەست هێنانی مافی گەڕانەوەی کۆچکردووەکان و مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی فەلەستین، بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستین سەربەخۆ لەسەر خاکی نیشتمان.

**گرینگترین بنەما سیاسییەکانی:**

**أ. گرینگی فیکری سیاسی:**

گرینگی هـزری سیاسـی، هـەروەها راسـت و دروسـتی ئـەو ڕێبـازە سیاسـییە و ڕۆڵـی لەسەرکەوتنی شۆڕش، مـەرجێکی بنچینەییە لەمەرجـەکانی سـەرکەوتن، ئـەو فیکـرە سیاسـییە، بریتیـە لـەتێروانینی روون و ئاشـکرا بـۆ کاروبارەکـان، بـۆ دوژمـن، بـۆ هێزەکانی شۆڕش، لەبەر رۆشنایی ئەو تێڕوانین و بۆ چوونانە، سـتراتیژییەتی جـەنگ دیاری دەکرێت.

**ب. ئەرکی ئیمپریالزم لەئاست قەوارەی زایۆنیزم:**

ئامانجی سەرەکی لەهێرشەکانی زایۆنیزم، دروسـتکردنی بنکەیـەکی مرۆیـی چەکدارە لەناوچـەکە، بـۆ ئـەوەی ئیمپریـالیزم پشـت بـەو بنکەیـە ببەسـتێ لەبەرامبـەر بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی عـەرەبی، لەبەر ئـەوەی سـەرکەوتنی ئـەو بزووتنەوەیـە، دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم لەناوچەکە.

بۆیـە پەیوەسـتیەکی سـتراتیژی هەیـە لـەنێوان ئیسـرائیل و زایـۆنیزم لەلایەکـەوە، هەروەها لەگەڵ ئیمپریالزمی جیهانی لەلایەکی دیکەوە، لەبـەر ئـەوە دروشمـی بـەرەی میللی :

ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ژیانێکە لەگەڵ زایۆنیزم و لەناوبردنیـەتی، کەمەرجێکە بـۆ دامەزراندنی ئاشتیەکی راست و هەمیشەیی.

بەبۆچوونی بەرە بەرەنگاربوونەوەی راستەقینەی ئیمپریـالیزم، پێوەرێکە بـۆ ڕاسـتی بەرەنگار بوونەوەی زایۆنیزم.

**ج. پێگەی کۆنە پەرستی عەرەبی لەبازنەی ململانێکەدا:**

بـەبڕوای ئـەم بەرەیـە، نـاکۆکی لەگـەڵ کۆنەپەرسـتانی عـەرەب، ناکۆکیـەکی سەرەکییە، نەك لاوەکی، بەرە بڕوای وایە کە دیاریکردنێکی زانستیانە بۆ پێگـەی کۆنـە پەرسـتانی عـەرەبی، هـەروەها نیشـتمان پـەروەرو پێشـکەوتن خوازەکـان

لەلایـەك، لەگـەڵ ئیمپریـالیزم و زایۆنیزم لەلایـەكی دیكـەوە، ڕێگـا بـۆ شۆڕشـی فەلەسـتینی و هێزەكـانی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی نیشـتمانی عـەرەبی خـۆش دەكات، هـەروەها بـۆ ئـەوەی كاروپلانـەكانی كۆنەپەرستان ناشكراو ریسوا بكات بەشێوەیەكی كارا بەرەنگاریيان ببێتەوە.

د. بورژوازییەتی عەرەبی:

ئەم چینە، توانای ئەنجامدانی ئەركی ڕزگاری نیتشمانی نیە، پێویسـتە پەیوەنـدی شـۆڕش بەبورژوازییـەتی نیشـتمانی و ئـەو ڕژێمانـەی كـە نوێنەرایـەتیان دەكـات، پەیوەندییەك بێت لەچوار چێوەی (هاوپەیمانیەتی و ململانێ)دا، هاوپەیمانیـەتی بێـت، لەبـەر ئـەوەی بورژوازییـەت دژایـەتی ئیمپریـالیزم و ئیسـرائیل دەكـات، هـەروەها ململانـێ بێـت، چونكە ستراتیژییەتیان دەربارەی جەنگ لەگەڵ یـەك ناكۆكن.

هـ. كرێكارو جوتیاران، كۆڵەكەی شۆڕش و ئامرازە بنچینەییەكەین:

بابـەتی سـەركردایەتیكردنی جـەنگی ڕزگـاریخوازی لەلایـەن چـینی كرێكـارەوە، بەگرینگترین كۆڵەكەكانی بەرە دادەنرێت، بـەلام لەدیـدی بـەرەوە، ئـەو دیاردەیـە ئـەوە ناگەیـەنێ كـە تێكـەڵكردنێك هـەبێ لـەنێوان قۆنـاغی ڕزگـاری نیشـتمانی و قۆنـاغی ڕزگـاری كۆمەڵایـەتی، هـەروەها ئـەوە ناگەیـەنێ، كـە هاوپەیمانیـەتی چینایەتی بەرین، لەنێوان هەموو چین و توێژەكانی شۆڕش، پشت گوێ بخرێت.

و. بەستنەوەی دیالیكتیكی لەنێوان هەر دوو لایەنی نیشتمانی نەتەوایەتی:

بـەرە توانینـەوەی خـەباتی نیشـتمانی فەلەسـتینی، لەچـوار چـێوەی خـەباتی نەتەوایـەتی عـەرەبی بەهەڵـە دەزانـێ ، لەبەرامبەریشـدا نەبەسـتنەوەی خـەباتی نیشتمانی بەخـەباتی نەتەوایـەتی بەهەڵـە دادەنـێ، بۆیـە دروشـمی سـەربەخۆیی فەلەستین لەكارو بڕیاردا، دروشمێكی ڕاستە ئەگـەر مەبەستەكەی كە بیانـەوێت شۆڕشەكە لەخۆبگرن و ژێردەستی بخەن، بـەلام دروشمەكـەش دەبێتـە دورشمێكی

ناڕاست، ئەگەر مەبەستەکەی ئەوە بێت کە جەنگی ڕزگاریخوازی فەلەستین لەئەستۆی گەلی فەلەستیندا بەتەنها بمێنێتەوە.

ز. شۆڕشی گەلی فەلەستین، بەشێکی بنچینەییە لەشۆڕشی جیهانی و دژ بەئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستی، لەدیدی بەرەدا، ئێش و ئازارەکانی گەلی فەلەستین بەهەموو شێوەکانی، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی کردارو ڕەفتاری سەرمایەداری جیهانی و ئیمپریالیزمە.

ح. جەنگی میللی درێژخایەن، تەنها ڕێگای ڕزگارییە؛

ڕزگار کردنی فەلەستین تەنها بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی توندو تیژ دەبێت، بۆیە پێویست دەکات، هەموو جۆرەکانی خەبات بەکار بهێنرێت، لەپێشەوەیان هەموو جۆرەکانی خەباتی چەکداری، لەبەر ئەوەی بەرزترین شێوەکانی خەباتە.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان لەکوێت

هەواڵنامەی کتێب

## شیکردنەوەیەکی گشتی

یەکەم شانەی مارکسی لەکوێت دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەری هەڵداوە، ئەو شانەیە[١٢٥] لەکۆمەڵە کەسانێك هێکهاتبوون، کەماوەیەك بوو کۆچیان بۆ کوێت کردبوو، لەو وڵاتەشدا نیشتەجێ ببوون.

ئەو گروپە بەشێوەیەکی نهێنی و بێ دەنگ کاریان دەکرد، لەترسی ئاشکرا نەبوونیان لە لایەن دەسەڵاتەوە، هەوەرها بڵاوکراوەیەکی هەفتانەیان دەردەکرد بەناوی (راية الكويت)، هەر لەرێگای ئەو بڵاوکراوەیەدا چەندین بابەتی هزری و سیاسیان بڵاوکردۆتەوە، دەربارەی هزری کۆمۆنیستی، وەك: جیاوازی چینایەتی، ئیمپریالیزم، بێ کاری، هەژاری، ئیستعمارو سەرمایەداری.

دەسەڵات لەکوێت، لەترسی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسی و کۆمۆنیستی، لەناوچەی کەنداوی عەرەب، هەوڵیدەدا چاودێری هەرجم و جووڵێکی سیاسی بکات، هەوڵی زۆری دەدا بۆ رێگرتن لەهەر جۆرە پرو پاگەندەیەکی کۆمۆنیستی و بڵاوبوونەوەی لەناو ریزەکانی رۆشنبیرو کرێکاران.

هەر لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە، دەسەڵات لەکوێت هەستاوە بەدوورخستنەوەی نزیکەی (٥٠٠) کەس بۆ دەرەوەی کوێت، بەتاوانی ئەوەی کە پەیوەندییان بەلایەنە چەپەکان هەیەو رێگرتن لەهەر چالاکیەکی کۆمۆنیستی.

لەهەمان کاتدا، رۆژنامەکانی سەر بەدەسەڵات لەو وڵاتەوە، بەتوندی رەخنەو نارەزایان لە بڵاوبوونەوەی هزری مارکسی گرتووە، چەندین بابەتی جۆراو جۆریان نووسیوەو هێرشیان کردۆتە سەر ئەو بیروباوەڕانە، لەو رۆژنامانە (الرأي العام) لە ٢٩/ئازار/١٩٦٩، هەروەها رۆژنامەی (السياسة) لە١٥/حوزەیرانی/١٩٦٦.

لەلایەکی دیکەوە (یەکێتی سۆڤیەت) لەهەوڵی ئەوەدا بوو، کەبیروباوەڕی مارکسیەت و رێکخستنەکانی کۆمۆنیستی لەو وڵاتانەی رۆژهەڵات بڵاوببێتەوە، ئەویش لەرێگای

هاوکاری و یارمەتیدانی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی لەو ناوچەیە پێکهاتوون، وەك بەرەی میللی بۆ ڕزگاری کەنداوی عەرەب.

هەر بۆ هەمان مەبەست، حزبی شیوعی سۆڤیەتی، ئارەزووی پشتگیریکردنی ئۆپۆزسیونی کوێتی هەبووە بەهەموو شێوەیەك، بۆ نموونە کاتێ (احمد الخطيب) سەردانی مۆسکۆی کردووە لەمانگی کانوونی یەکەمی/١٩٧٢، کە لەسەر داوای لیژنەی هاوکاری (ئەفروئاسیا)یی بووە، ناوبراو لەلایەن سەرکردەکانی حکومەت و حزب لەیەکێتی سۆڤیەت بەگەرمی پێشوازی لێکراوە.

## ١- <u>لیژنەی نیشتمانی بۆ پشتیوانانی ئاشتی: (اللجنة الوطنية لانصار السلام)</u>

ئەم ڕێکخراوە لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەکوێت دەرکەوتووە، بەشێوەیەکی نهێنی[١٣٦] کاروچالاکیەکانی ئەنجامداوە، لەڕێگای بڵاوکراوەیەکی نهێنیەوە لەژێرناوی – راية الشعب الكويتي – کە لەمانگی ئەیلولی/١٩٥٤ بڵاوکراوەتەوە.

لەو بڵاوکراوەیە، باسی ئیمپریالیزمی جیهانی و سەرمایەداری کردووە، کەبەتوندی رەخنەی لێگرتوون و بەخراپی بارودۆخی ناوخۆی کوێتی خستۆتە ڕوو.

دواتر لەکۆتایی هەمان ساڵ لەژێر ناوی – اللجنة الوطنية لانصار السلام- ناوی خۆی ڕاگەیاندووە.

لەناو ڕێکخستنەکانی گەنجان دژ بە بوونی هێزەکانی بیانی لەوڵاتی کوێت کۆبوونەتەوە، ئەم ڕێکخراوە داوای ڕزگاری و دامەزراندنی پەرلەمان و دەستوری کردووە، هەروەها ڕێگا نەدان بەبەریتانیا کەدەست بخاتە ناو کاروباری کوێت، بەڵام لەڕوویەکی دیکەوە پەیڕەوی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی کردووە.

**٢- بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەکوێت: (الحركة الثورية الشعبية في الكويت)**

بزووتنەوە ساڵی ١٩٦٨ لەکوێت دروست بووە، لەلایەن پۆلە کادیرێکی پێشکەوتووی ناو[١٢٧] بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب، هەڵگری بیروباوەڕی چەپی رادیکاڵ.

بۆ یەکەم جار ئەم بزووتنەوەیە ناوی لەبەیاننامەیەکدا هات بەمێژووی ١/تشرینی یەکەمی/١٩٦٨ لەو ماوەیەدا لەکوێت، چەند رووداوێکی توندو تیژی چەکدارانە روویدا، وەك: تەقینەوەیەك لەکاتی سەردانەکەی شای ئێران بۆ کوێت، هەروەها لە ٢٥، کانوونی دووەم بەبۆنەی دووەم یادی هەڵبژاردنەکانی کویت لەساڵی ١٩٦٧، تەقینەوەیەکی دیکە روویدا، بزووتنەوە ئەو کارانەی خستە ئەستۆی خۆی.

هۆی ئەنجامدانی ئەو کارانەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەعومان، بۆ وەرگرتنی بزووتنەوەی کوێت وەك ئەندامی بزووتنەوەی عومان، مەرجی پابەند بوونی بەڕێبازی چەکداری داناوە.

یەك لەسەر کردەکانی بزووتنەوەی کوێت بەناوی – فلاح عبدالله المدرس – جەخت لەسەر ئەو بۆ چوونەی سەرەوە دەکات، لەکاتێکدا ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی بزووتنەوە، وای دەردەبڕێ کە ئەو کارانە کاری تاکڕەوی بووەو بەبڕیاری بزووتنەوە نەبووە.

بەڵام یەك لەئەنجامدەرانی بزووتنەوە، دەڵێ: بزووتنەوە هەر لەمانگی تشرینی یەکەمی/١٩٦٨وە، بڕیاری لەسەر خەباتی چەکداری دابوو، وەك ستراتیژییەتێك بۆ بزووتنەوە.

لەراستیشدا پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی ئەم بزووتنەوەیە پەیوەست بوو بەناستی هۆشیاری و تێگەیشتنی گروپە شۆڕشگێرە توندرەوەکان، بەرنامەکانی رۆشنبیری ناوخۆیی لەلای بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب لەکوێت، هەر لەساڵی

(١٩٦٥)وە باوەڕی بەبیرو بۆچوونەکانی ماوتسی و خەباتی چەکداری و بابەتەکانی پارتیزانی هەبووە.

هۆکاری زۆر هەبوون، لەو سەردەمە، بۆ گەشەپێدانی بیروبۆ چوونی توندرەوی شۆڕشگێری، لەناوچەکە، وەك سەرکەوتن لە (ظفار) و خەباتی چەکداری لەباشوری یەمەن، بوونی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب، یاساکانی دەسەڵات لەکوێت ساڵی (١٩٦٥) کە ڕێگر بوون لەبەردەم ئازادییە گشتیەکان، سەرەڕای دوورخستنەوەی چالاکوانانی عەرەب بۆ دەرەوەی کوێت، هەروەها ساختەکاری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوێتی ساڵی (٢٥)/کانوونی دووەمی/١٩٦٧.

لە١١/شوباتی/١٩٦٩ کۆنگرەی دامەزراندنی ئەم بزووتنەوەیە لەکوێت بەسترا، کۆنگرە بڕیاریدا کەبزووتنەوە لەکوێت ببەسترێتەوە بە(مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەعومان)، لەگەڵ پابەندبوون بەو ستراتیژییەتە ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی و سەربازییەی دارێژراوە لەلایەن مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە، سەرەڕای گۆڕینی ناوی بزووتنەوەکە لەکوێت بۆ (بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەعومان و کەنداوی عەرەبی، ناوچەی کوێت).

ئەم بزووتنەوەیە ساڵی (١٩٦٩) بەرنامەیەکی دیاریکراوی نەبووە بۆ خەباتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، ئەو ڕێبازە چەپڕەوییەی پەیڕەوی دەکرد، کارێکی بێ ئەزموونی رادیکالی سەرکێشانەبوو، بۆیە هەر زوو ناکۆکی و ململانێ کەوتە ناو سەرکردایەتیە نوێیەکەی و کشانەوەلێی دەستی پێ کرد.

دەسەڵات لەکوێت توانی بنکەی نهێنی ئەم بزووتنەوەیە بدۆزێتەوە، بۆیە لەرۆژی ٢١/حوزەیرانی/١٩٦٩، پەلاماری بنکەکەیدا لەناو کێڵگەی (سلوی)، لەو (٢١) ناوەی تاوانبار کرابوون، (١٧)کەسیان دەسگیرکران، لەوانە سەرکردەی سەندیکایی (حسین الیوحة)، أحمد الدیین، عبدالعزیز دعیج، عامر التمیمي، أبراهیم جمعان، عبدالعزیز

الشايجي، ئەو (١٧) کەسە درانە دادگا، کەبەئاشکرا دادگایی کران، ژمارەیەکی زۆری پارێزەران بەرگریان لێ دەکردن، کێشەکە دەنگی دایەوە لەناو هەموو ناوەندەکانی کوێت و بوو بەکێشەیەکی نیشتمانی. بەلام لەکارێکی چاوەڕوان نەکراودا، لەمانگی شوباتی/١٩٧٠ بەبڕیارێکی میری کوێت، لەهەموویان خۆش بوون و ئازادکران، ئیتر نازانرێ لەبەر هۆیەك بێت، یان بەچی مەبستێك بێت دەرچوونی ئەم بڕیارە.

بەلام ئەو کۆمەلە گەنجەی کە چوونە بەردەم دادگا، بێ ئەوەی جەماوەر بیانناسی، یان لەپشتەوەیان بێت، خێرا دوای ئازادبوونیان بوون بەکەسی ناسراوو جێگای باسی ناو جەماوەر، بەتایبەتی (حسين اليوحة، عبداللطيف دعيج، عامر التميمي، أحمد الدين).

بزووتنەوەکە دوای ئازاد بوونی سەرکردەکانی، هەولیدا دووبارە خۆی ڕێك بخاتەوە، بەلام ژمارەیەك لەئەندامانی کشانەوەو لەسیاسەت دوورکەوتنەوە، هەندێکیانیش کۆمەلەیەکیان پێکهێنا لەژێر ناوی (کۆمەلەی کۆمۆنیستە کوێتیەکان)، ئەم کۆمەلەیە بەهۆی چەند ئەندامێکی چالاکیەوە، توانی دەست بەسەر کاروباری (یەکێتی فوتابیانی کوێت) و سەرگۆڤارەکەشی بگرێ.

دوای روو داوو گۆرانکاریەکانی عومان، هەروەها لەئاکامی رەخنەگرتنی بزووتنەوە لە ستراتیژییەت و کەم و کورتی و هەلەکانی خۆی، کۆمەلێك لەکادیرەکانی بزووتنەوە لەکوێت، بڕیاری کشانەوەیاندا، بەیەکەوە هەستان بەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی نوێ بە ناوی (حزبی گەلی دیموکراتی)، ئەم حزبە، بەرنامەکە ئەقلانی و دوور بوو لەهەلچوونی شۆڕشگێری، جەختی لەسەر پشتگیریکردنی شۆڕشی عومان دەکرد، هەروەها زرگار بوونی ناوچەکە (عومان و کەنداوی عەرەب) لەدەسەلاتی بیانی، سەرەڕای گۆڕینی ڕێبازی خەباتی چەکداری لەکوێت بەخەباتی دیموکراسی، سەرکردەی ئەم حزبەش (د. احمد الربيعي) بوو.

هەولاتەی کتێب

بزووتنـەوە بڕیـاریدا لـەڕێبازی شۆڕشـگێڕانەی ماوییـەت، دووربکەوێتـەوە، دیـارە هـۆی سـەرەکی ئـەم بڕیـارەش، وەسـتانی هـەموو جـۆرە هاوکـاری و یارمەتیـەك لەلایـەن حکومەتی چین بوو بۆ بزووتنەوەکە، حکومەتی چین لەجیاتی ئەوە پەیوەندییـەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەهێزکرد.

هەر لەم بوارەدا (احمد الدیین) کەلەسەر کردەکانی بزووتنەوە بوو، لەگەڵ ژمارەیـەك لەسەندیکایی رۆشنبیرە چەپەکانی کوێت، هەستان بەدامەزرانـدنی (حزبـی یـەکێتی گـەل)، وەك حزبێکـی شـیوعی کـوێتی سـەربەخۆ، بـەڵام لەسـەر ڕێبـازی حزبـە شـیوعییەکانی سـەر بەیـەکێتی سـوفیەت، ئـەم حزبـە ژمارەیـەك لـەکادیرەکانی بزووتنەوەی ١٩٦٩و چەند کادیرێکی چەپڕەوی ناو بزووتنەوەی ناسیونالست خـوازانی عەرەب، هاتنە ریزی رێکخستنەکانی.

دواتـر لـە ٢٦/شـوباتی/١٩٩١، ئـەم حزبـە لەگـەڵ بزووتنـەوەی پێشـکەوتن خـوازە دیموکراسـییەکان، (احمـد الخطیـب)، هـەروەها (گردبوونـەوەی نیتشـمانی) بەسەرکردایەتی جاسم القطامي، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی نیشتمانی و سـەربەخۆ، هاوپەیمانیەتیەکیان پێکهێنا لەژێر ناوی (المنبر الدیمقراطي)

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان
# لە قەتەر

هەڵاتنامەی کتێب

### ١- بەرەی رزگاری نیشتمانی لەقەتەر:
### (جبهة التحرير الوطني في قطر)

چالاکییە کرێکاریەکان لەکۆمپانیای نەوتی وڵاتی قەتەر، لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای[١٢٨] شەستەکانی سەدەی بیستەم، رووی لەگەشەکردن بوو، ئەم گەشە کردنەش خۆی لەبەرپابوونی مانگرتنی کرێکاران بەرجەستەکرد لەبەهاری ١٩٦٢دا. کاتێ کرێکاران لەکۆمپانیاکانی نەوت داوای مافە سیاسییەکانی خۆیان کرد، هەروەها بەشداری پێکردنیان لەسامانە نەوتییەکان و کۆتایی هێنان بەو چەوساندنەوەیەی کە کۆمپانیاکان پێی هەڵدەستن بەرامبەر بەمافەکانیان.

بەرەی رزگاری نیشتمانی لەقەتەر، پێشەنگی ئەو هێزە سیاسییانە بوو کە بەشداریان لەو مانگرتن و خۆپیشاندانانە دەکرد، بەرە بەرۆڵێکی کاراو گرینگ هەستا لەو رووداوانە.

ئەم چالاکی و رۆڵەی بەرە، پاڵینا بەدەزگا ئەمنیەکانی ئەو وڵاتە کە پەلاماری رێکخستن و ئەندامانیان بدەن، بۆ خۆپاراستن، ئەندامانی بەرە پەنایان بۆ شێوازی کاری نهێنی و خۆشاردنەوە برد، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کادیرە سەرکردایەتیەکانی بەرە، هەڵهاتن بۆ دەرەوەی قەتەر.

بۆیە ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر لاوازی چالاکیەکانی بەرە هەبووە لەناو قەتەر، بەم شێوە بەرە تواناى ئەوەی نەما کە دەنگی خۆی وەك پێویست بگەیەنێتە جەماوەر، ئەمەو لاوازی پشتگیری و یارمەتیدانی دەرەکی و لاوازی پەیوەندییەکانی بەرە بەیەکێتی سۆڤیەت و حزبە کۆمونیستەکانی دیکە، کەدەکرا ببێتە پاڵپشتیەکی بەهێز لەرووی ئایدیۆلۆژی و راگەیاندنەوە.

هەروەها وا دەردەکەوێت کە یەکێتی سۆڤیەت بایەخێکی گەورەی بەچالاکیەکانی ئەو رێکخراوەنەداوە، بەهۆی لاوازی تواناکانی و کەمی پشتگیری جەماوەری لەناو خۆی قەتەر.

# حزب و ڕێکخراوە مارکسییەکان
# لەلوبنان

١- **حزبی شیوعی لوبنانی :**

حزبێکی مارکسیە، مێژووی دامەزراندنی فەرمی بۆ (٢٤/تشرینی یەکەمی/١٩٢٤) دەگەڕێتەوە[١٢٩]، لەشارۆچکەی (الحدث)ی دەوروبەری بەیروت بەشێویەکی نهێنی پێکهاتووە.

لەکۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵە کرێکارێکی سەربەسەندیکاکان، لەگەڵ گروپێک لەرۆشنبیران و خاوەن پیشەو نووسەرو رۆژنامە نووس ئامادەبوون، لەو کەسانەی کەکتێبەکانی مارکس و ئەنجلزیان دەست کەوتبوو خوێندوبوویانەوە، سەرەڕای کەسانی دیکە کەشۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی لە ١٩١٧ و بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا کاریگەری بەسەریاندا هەبووە.

حزبی شیوعی، تاماوەی چەند ساڵێک کاروباری رێکخستنەکانی هەردوو وڵاتی سوریاو لوبنانی بەڕێوەدەبرد، بۆیە ناوی حزبی شیوعی (سوری – لوبنانی) هەڵگرت.

سەرەتا ئەو حزبە بەناوی حزبی گەل (الشعب) کاری دەکرد، رۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی (الانسانیة)، لەساڵی (١٩٢٥) وە پەیوەندی لەگەڵ نێو نەتەوەی سێیەم (کۆمنتێرن) بەستووە.

لەکانوونی یەکەمی/١٩٢٥، حزب یەکەم کۆنگرەی بەست، لەکۆنگرەدا بڕیاردرا کە[١٣٠] (فؤاد الشمالي) بەسکرتێری حزب دابنرێت، ناوبراو لەو پێگەیە مایەوە تاساڵی (١٩٣٢) کە خالد بەگداش جێگاکەی گرتەوە.

حزب کارو چالاکیەکانی بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوەدەچوو، لەترسی دەسەڵاتداری ئیستعماری (فەرەنسی) کە هەردوو وڵاتی سوریاو لوبنانی داگیرکردبوو، بەڵام هۆی وریایی سەرکردایەتی و پتەوی رێکخستنەکانی توانی خۆڕاگربێ ئەگەر چی چەند جارێکیش کادیرو ئەندامانی تووشی گرتن و زیندانی هاتوون.

لەسەرکردەکانی حزب لەماوەی دامەزراندنی و تا ئەوکاتەی خالد بەگداش بوو بەسکرتێری[١٣١] حزب، ئەم ناوانە دەردەکەون : یوسف ابراهیم یەزبگ، فؤاد الشمالي،

فريد طعمة، فارس معتوق، الياس سرور، مخايل داود أبي حنا، الياس قشعمي، بطرس حشيمة، بشارة كامل، ئارتين ماديان، فرج الله حلو، نقولا شاوي، جورج حاوي.

ساڵی ١٩٣٦ لەفەرەنسا هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەچوو، لەو هەڵبژاردنەدا (بەرەی میللی)[١٣٢] کەشیوعییەکان رابەرایەتییان دەکرد سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئەو سەرکەوتنەی بەرەی میللی لەفەرەنسا، دەرفەتێکی بەشیوعییەکانی لوبنان و سوریادا، تارادەیەك چالاکیەکانیان بێ ترس ئەنجام بدەن و بەشێوەیەکی ئاشکرا کۆڕو کۆبوونەوەیان دەبەست، ئەم دەرفەتە بووە هۆی گەشە کردنی رێکخستنەکانی حزب.

لەپایزی هەمان ساڵدا، سەرکردایەتی حزبی شیوعی (سوری – لوبنانی) ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بەناوی (وفیق رضا) رەوانەی پاریس کرد بۆ رێکخستنی کاروباری نێوان شیوعیەکانی فەرەنسا لەگەڵ هاورێکانیان لەسوریاو لوبنان، هەر دوای گەرانەوەی ناوبراو، حزب رۆژنامەیەکی بەناوی (صوت الشعب) دەرکرد.

هەروەها لەو ماوەیەدا (١٩٣٦-١٩٣٧) حزبی شیوعی (سوری – لوبنانی)، داوایان کرد بەشداری لە (الكتلة الوطنية) بکەن، کەلەلایەن (هاشم الاتاسی) سەرکردایەتی دەکرا.

ئەو هەنگاوەش بەهۆی سیاسەتی حزبە شیوعییەکانەوە هات کە لەو سەردەمە لەولاَتاندا پەیرەو دەکرا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزو هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ حزبە نیشتمانی و دیموکراتەکان لەناو یەك بەرەدا، لەپێناو بەربەرەکانی کردنی رەوتی نازیزم و فاشیزم، کە روویان لەگەشە کردن و بڵاوبوونەوە بوون.

حزبی شیوعی (سوری – لوبنانی) و شیوعییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەو رۆژگارەدا، بەرەو رووی رەخنەی توند بوونەوە، کەلەلایەن جەماوەرەوە ئاراستەیان دەرکرا، ئەویش بەهۆی بێ هەڵوێستی وبایەخ نەدانیان بەکێشەی (شاری ئەسکەندەرونە) کەلەسوریا کرایەوە وخرایە سەرخاکی تورکیا.

لەرۆژی یەکەمی/کانونی دووەمی/١٩٤٤ حزب دووەم کۆنگرەی گشتی بەست، لەو کۆنگەرەیەدا، بریار درا کە حزبی شیوعی سوری لەحزبی شیوعی لوبنانی

جیابکرێتـــەوە، بـــەڵام لەگـــەڵ مانـــەوەی جۆرێـــك لـــەهاوکاری نێوانیـــان لـــەرێگای (کۆمیتەیەکی ناوەندی) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنـی چالاکیەکانی بەدەستەوەبوو، بەسەرۆکایەتی خالد بەگداش هەر لەو رۆژگارەدا، جارێکی دیکە شیوعییەکان بەگشتی لە وڵاتانی عەرەبیدا، بەرەو ڕووی کێشەیەکی مەترسیدار بوونەوە، بەهۆی هەڵوێستی حکومەتی سۆڤیەتی و پشتگیریکردنی بۆ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە /١٩/تشرینی یەکەمی/١٩٤٧.

ئـەو کێشـەیە، کاریگـەری لەسـەر چـالاکی حزبـە شـیوعییەکان هـەبوو، کـە تووشـی گۆشەگیری کردبوون، هەروەها رژێمە عەرەبیەکانیش، هەڵوێستی توندی بەرامبـەریان هەبوو، سەرەرای دروست بوونی ململانێ و ناکۆکی ناو خۆیی.

دوای مردنی ستالین، لەگەڵ گۆڕینی سیاسـەتی دەوڵـەتی سـۆڤیەتی، بەپشتگیریکردنی بزووتنـەوەکانی رزگـاریخوازی عـەرەبی، چـالاکی بـۆ حزبـە شـیوعییەکان گـەڕایـەوە، دەستیان کرد بە نزیکبوونەوە لەهێزو حزبە عەربیە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان و بەستنی هاوپەیمانیەتی و هاوکاری لەنێوانیان، ئەم هەڵ و مەرجە درێژەی کێشا تـا ساڵی(١٩٥٨)و یەکگرتنی هەردوو وڵاتی میسر و سوریا، کە بەهۆی چەند سیاسەت و بۆ چـوونێك، حکومـەتی یـەکگرتووی میسـرو سـوریا بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی حزبـە کانیاندا لەهەدوو وڵات بەحزبە شیوعییەکانیشەوە، ئەم بڕیارە لەلایەن شیوعییەکانی سـوریاو میسـر جێگـای نـاڕەزایی و رەخنـەی تونـد بـوو، هـەروەها کاریگـەری لەسـەر چالاکیەکانیان هەبوو.

حزبـی شـیوعی لوبنـانی بەتونـدی دژی هێـرش ئیسـرائیل بـۆ سـەر لوبنـان وەسـتا، هەروەها بەشداریکرد[١٣٣] لەبەرگریکردن لەشاری بەیروت و ناوچەکانی دیکەی لوبنـان تاساڵی/١٩٧٨، حزب لەساڵانی ١٩٨٢ بەدواوە قوربانییەکی زۆریـدا لـەپێناو بـەرگریکردن لەلوبنان.

هەواڵنامەی کتێب

## کارو چالاکییەرێکخراوەییەکانی حزب:

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لوبنانی لەکۆبوونەوەی رۆژی ١١/حوزەیرانی/١٩٩١ [١٣٤] پرۆژەیەکی کاری ئامادە کرد بۆ بەردەم کۆنگەری شەشەمی حزب، لەو پرۆژەیەدا باس لەو کێشانە کرا کەبەرەو رووی لوبنان بۆ تەوە لەهەموو بوارەکان، چاوخشاندنەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ قۆناغی جەنگ و بۆ مێژووە دوورو درێژەکەی خستۆتە روو.

لەپێشەوەی ئەرکەکانی کەلەبەرنامەکەیدا هاتبوو، کێشەی رزگارکردنی خاك و بەرگریکردن لەنیشتمان بوو، هەروەها دەربارەی سەربەخۆیی لوبنان، سەرەڕای گرینگی دان بە کێشەی دیموکراسییەت.

حزب جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەخەباتی لەپێناو دیموکراسییەت بێ سوودە، ئەگەر ژیانی دیموکراسیانە لەناو حزب پیادە نەکرێت، بەڕاستی بۆیە پەیڕەوی ناوخۆی حزب دەسکاری کرا لەکۆنگرەی شەشەمی ساڵی١٩٩٢، بۆ ئەوەی رێگا بەفروانترین شێوەکانی دیموکراسییەت بدرێت، لەگەڵ فرەیی و جیاوازی لەبیرو راو رێزگرتن لەرای بەرامبەر.

حزبی شیوعی لوبنانی کۆنگرەی هەشتەمی لەساڵی ١٩٩٩ بەستووە، لەسەرووی کارەکانی کۆنگرە، توێژینەوە لەبەڵگەنامەیەك بەناوی (بنچینەی هزری و ئامانجە ئایندەییەکانی) حزب، هەروەها پرۆژەیەك بەناوی (بەرنامەی ئەلتەرناتیڤی دیموکراسی بۆ سیستمی لوبنانی)، سەرەڕای هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی حزب و کاری ئەنجومەنەکانی ناو کۆنگرە، لەگەڵ گفتوگۆکردن، دەربارەی هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆو هەڵبژاردنی دەزگا سەرکردایەتیەکان.

هەولێرنامەی کتێب

## ٢- حزبی شۆڕشی سۆسیالزیمی: (الثورة الاشتراكية):

ئەم ڕێکخراوە، دوای ئەو دوو بەرەکیەی لەناو حزبی شیوعی لوبنانی روویدا، لەسەرەتای شەستەکانی[١٢٥] سەدەی بیستەم، دورست بووە، هەروەها، لەئاکامی ئەو پەیوەندییە چڕانەی لەگەڵ سەرکردەکانی هەردوو وڵاتی چین و ئەلبانیا ئەنجامدراون لەماوەی ساڵی ١٩٦٣، بڕیار لەسەر دامەزراندن و راگەیاندنی ئەم حزبە درا لەساڵی ١٩٦٤، بەسەرکردایەتی (مصطفی شاکر) وەك ئەمینداری گشتی و (یوسف مبارك) وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب.

ئەم حزبە، بەشداریکردوە لەکۆنگرەی پێنجەمی حزبی کاری ئەلبانی لەمانگی تشرینی دووەمی/١٩٦٦، هەروەها وەك نوێنەری چینی کرێکارو جوتیاران تەماشا کراوە، ئەگەر چی ژمارەی ئەندامانی لە (٥٠) کەس تێپەری نەکردووە.

ئەم ڕێکخراوە، بەرنامەی سیاسی خۆی لەچوار چێوەی بەیاننامەیەك خستۆتە روو، کە لەمانگی ئابی/١٩٦٤ بڵاوکراوەتەوە، لەو بەیاننامەیەدا هاتووە:

سەرچاوەی هەڵوێستەکانی حزب، ئەو بنەما نەمرانەیە کە (مارکس – ئەنجلز – لینین ) دایان ڕشتووە، هاوکاری خۆشی لەگەڵ هەموو حزبە (مارکسی – لینینە) ڕەسەنەکان رادەگەیێنێ، لەسەرووی ئەو حزبانەوە، حزبی شیوعی چینی، کە هەڵگری ئاڵای بزووتنەوەی پرۆلیتاریاو شۆڕشی سۆسیالیزمە سەرەڕای تێکۆشانی بۆ ئاشتی لەجیهان و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ، حزب خۆی بە پارێزەرێکی دڵسۆز بۆ ئایدیۆلۆژیای (مارکسی – لینینی) دەزانێ.

ئەو هەڵوێستانەی ئەم حزبە دەری دەبرێ، بوونە هۆی ئەوەی کەتووشی چەندین قەیرانی ناوخۆیی توند ببێتەوە، کە دواتر ناچاری کرد چەند جارێك ناوی خۆی بگۆڕێت، هەروەك روویدا، بۆ (حزبی شیوعی لوبنانی، حزبی مارکسی لینیی، ....شانە مارکسیە – لینینیەکان لەلوبنان، بەسەر کردایەتی جمیل شاتیلا.

لەئـەنجامی ئـەم هـەل و مەرجـەی کـە بـەرەو رووی ئـەم حزبـە بـۆ تـەوە، لـە ١٤/ئـازاری/١٩٧٢، سـەرکردەکانی کۆبوونـەوە، دوای لێکۆڵینەوەیـەکی چـڕو دوورو درێـژ دەربـارەی کـاری ڕێکخراوەیـی و سیاسـی حـزب، بڕیاریانـدا بەهەڵوەشـاندنەوەی ڕێکخستنەکانیان.

٢- **یەکێتی شیوعییە لوبنانیەکان (الاتحاد الشیوعیین اللبنانیین):**

ئەم ڕێکخراوە لەساڵی/١٩٦٨ دامەزرا، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بـەو قەیرانـە یـەك بە دوایەکانەی بەرەو ڕووی حزبی شیوعی لوبنانی بۆتـەوە لـەنێوان ساڵانی (١٩٦٤ – ١٩٦٧).[١٣٦]

ئامانج لەدامەزرانـدنی ئـەم حزبـە، هـەوڵێك بـوو بـۆ دروسـتکردنی حزبێکـی شیوعی لوبنانی یەکگرتوو، سکرتێری گشتی حزب (نخلة المطران)ە.

ئەم ڕێکخراوە باوەڕی وابوو کە ئەو کێشانەی ڕێگرن لەبەردەم حزبی شیوعی لوبنـانی و ڕێکخراوە مارکسیەکانی دیکەی لوبنان، بەزۆری هۆیەکانی بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کە کادیرەکانی ئەو حزب و ڕێکخراوانە، خاوەن ئەزموونێکی زۆری خەباتکردن نین.

ئـەم حزبـە، بزووتنـەوە شـیوعییە لوبنـانی و عەرەبیـەکان بـەوە تاوانبـار دەکـات، کەهـەڵگری ئـەزموون و شارەزایی پێویست نـین بـۆ دانـانی (سـتراتیژیەت و تـەکتیکی شۆڕشـگێرانە) بـەپێی پشت بەسـتنیان بەشـیکردنەوەی زانسـتی بـۆ هـەل و مـەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کۆمەڵگە.

ئەم ڕێکخراوە بەهیوای ئەوەبوو، کە دەرفەتی باشی بۆ بڕەخسێ تابتوانێت حزبێکی شیوعی یەکگرتوو دامەزرێنێ، بەپێی تێگەیشتن و قوڵبوونەوەی لەئەزموونی شۆڕشی ڤێتنام، بۆیە دەستی کرد بـە بڵاوکردنـەوەی بیرۆکەکەی لەسـەر لاپـەڕەکانی گۆڤاری (الافکار الجدیدة) کە دەستی کرد بە دەرکردنی.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم حزبە لەنێوانی سالانی (١٩٦٩-١٩٧٠) بەرەو رووی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆ بۆوە، سێ باڵ یان سێ ئاراستە لەناوحزب دروست بوون، سەرکردایەتیەکی چەپ، سەرکردایەتیەکی کۆنەپارێز، سەرکردایەتیەکی فەرمی بۆ رێکخراوەکە، هەر لایەکیانیش خۆی بەڕاست دادەنا بۆ ڕابەرایەتکردنی حزبەکە.

بەڵام سەرەڕای ئەو ناکۆکیانە، ئەم رێکخراوە لەکۆتایی (١٩٧٠) هەوڵیدا بەشداری لەو کۆبوونەوانە بکات، کە هەریەك لە (رێکخراوی لوبنانی سۆسیالست) و (رێکخراوی سۆسیالستە لوبنانیەکان) پێی هەڵدەستان، بەمەبەستی یەکگرتنیان، ئەگەر چی ئەو هەوڵانە سەری نەگرت.

بۆیە تەنها رێگا لەبەردەمیان، بڕیاردان بوو، کە هەر ئەندامێك ئازادبێت لەپەیوەندیکردن بەرێکخراوی کاری شیوعی لەلوبنان، ئەم رێکخراوەش لەئاکامی یەکگرتنی هەردوو رێکخراوی (لوبنانی سۆسیالستی) و (سۆسیالستە لوبنانیەکان) پێکهات، سەرەڕای ئەم بڕیارە چەند ئەندامێکیان مانەوە بێ ئەوەی پەیوەندی بەهیچ لایەك بکەن.

٤- <u>حزبی کاری سۆسیالستی عەرەبی (العمل الاشتراكي العربي)</u>

لەدایك بوونی ئەم حزبە بەهۆی ئەو گۆڕانە ئایدیۆلۆژیایەی ناو بزووتنەوەی سۆسیالست خوازانی[١٣٧] عەرەب روویدا، لەئاکامی ئەو گۆڕانە چەندین حزب و رێکخراوی سیاسی جیاواز لەیەکتر لەناو وڵاتانی عەرەبی دامەزران، وەك: لوبنان و سوریاو عێراق و فەلەستین، سەرەڕای هەوڵەکان لەمیسر و وڵاتی عەرەبی سعودی، کەبەشی زۆریان هەڵگری تیۆری (مارکسی – لینینی) بوون.

بڕیاری دامەزراندنی ئەم حزبە، لەلایەن (سەرکردایەتی کاتی ناوەندی عەرەبی) سەر بەبزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب درا لەمانگی ئایاری/١٩٦٩.

ئەو هەل و مەرجەی پاڵی بەبزووتنەوەکە نا کە ئەو بڕیارە گرینگە دەربکات، دوو هۆکاری لەپشتەوە بوون، یەکەمیان، هۆکارێکی ناوخۆیی بوو، کەبریتی بوو لەو ململانێیە ئایدیۆلۆژی و رێکخراوەییەی بەرەو ڕووی بزووتنەوەکە هاتبوو، دووەمیشیان ئەو بارەی خوڵقا بوو دوای شکست هێنانی عەرەب لەجەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ و بێ ئومێدی لەو ئاراستە ناسیۆنالستیەی زاڵبوو بەسەر سیاسەتی عەرەبی بەگشتی.

**ئەمینداری گشتی بزووتنەکە ( جورج حبش ) نووسیویەتی :**

شکستی عەرەب لەجەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧، وەك هەر شکستیەکی دیکەی نەتەوایەتی، بارودۆخی بابەتی نوێی خوڵقاند، دیارە ئەو حاڵەتە کارێکی سروشتیە کە بەڕۆڵی خۆی ببێتە هۆی پەیدا بوونی تێڕوانینێکی سیاسی روونتر بۆ کێشەی شۆڕش و ڕێبازەکەی.

رێکخستنی بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب، لەئاکامی ئەو بارو دۆخ و ئەو تێڕوانینانە، ئەمڕۆ بڕیاریدا کە خۆی بگۆڕێ و رێکخستنێکی سیاسی نوێ پێك بهێنێ بەناوێکی نوێ، کەئەویش (حزبی کاری سۆسیالستی عەرەبی)یە.

سەرکردایەتی حزب، ئەرکی هەڵسەنگاندن و پاککردنەوەی میراتی ئەو بزووتنەوەی لە ئەستۆگرت، بۆ ئەوەی لەخزمەتی ئەم حزبە بەکاری بهێنێ، ئەم هەنگاوەش لەو دیدەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دامەزراندنی ئەم حزبە وەك ڕێگا خۆشکەرێك بێت بۆ دامەزراندنی حزبێکی شیوعی عەرەبی یەکگرتوو، ئەم حزبە بۆ ئەوە دامەزرا کەببێتە ئەلتەرناتیفێك بۆ هەموو گروپ و رێکخراوە (مارکسیە – لینینیەکان) لەوڵاتانی عەرەبیدا.

حزب یەکەم کۆنگرەی نیشتمانی بەست لەلوبنان لەماوەی (١٢-١٤/ئابی/١٩٧٢).

هەواڵنامەی کتێب

لەمیانەی کۆنگرەدا، شێوازەکانی خەباتکردنی دیاریکرد، جەختیشی لەسەر شێوازی خەباتی شۆڕشگێرانە کردەوە، بەپشت بەستن بەخەباتی چەکداری وەك ڕێبازێکی سەرەکی.

حزب سەرەرای پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازە نیشتمانیەکان، هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی خۆی بەهێز بکات لەگەڵ ئەو هێزانەی کە باوەڕیان بەخەباتی شۆڕشگێری چەکداری هەیە، بۆیە لەگەڵ ئەو هێزانە بەرەیەکیان پێکهێنا لەژێر ناوی بەرەی رازی نەبوون( جبهة الرفض).

ئەم حزبە لەکاتی جەنگی لوبنانی، شان بەشانی بزووتنەوە نیشتمانیەکانی لوبنان خەباتی کرد ئەندامانی چەکیان هەڵگرت، لەم بارەوە بەرۆڵی خۆی هەستاو قوربانیشی داوە، بۆیە نوێنەری حزب لەناو : (ئەنجومەنی سیاسی ناوەندی بزووتنەوەی نیشتمانی) بووە جێگری بەرپرسی سەربازی.

بەڵام دوای کۆنگرە رۆڵی حزب هەر بەلاوازی مایەوە بەدرێژایی ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٤).

هەوڵیشیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە ناسیونالستەکان فراوان بکات، حزب لەوماوەیەدا بەرەو رووی[١٢٨] چەدین حاڵەتی ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی هات، بەرەچاوترینیان، بریتی بوو لەجیابوونەوەی (ظاهر الخطیب) کە ڕێکخراوی – رابطة الشعبية)ی دامەزراند، هەروەها دواتر جیابوونەوەی (نزیة همزة) کە حزبی (الیمقراطي الشعبي) دامەزراند.

٥- **ڕێکخراوی کاری شیوعی لەلوبنان ( العمل الشیوعي ):**

ئەم ڕێکخراوە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو ڕێکخراوی (سۆسیالستە لوبنانیەکان) و (لوبنانی سۆسیالستی) لەگەڵ بەشداری چەندین گروپ و ڕێکخراوی بچووکی وەك:[١٢٩]

ا) حزبی شیوعی باڵی چینی، لەسەر کردەکانیان (ریاض الددا، سعود المولي، نواف سلام)

ب) یەکێتی کۆمونیستە لوبنانیەکان، لەسـەر کردەکانیـان (سمـیر فرنجیـة، غسـان فـواز، مارون بغدادي).

ج) حزبی شیوعی لوبنانی، لەسەر کردەکانیان (جنان شعبان، رشید حسن)

د) کۆمەڵەی تروتسکی، لەسەرکردەکانیان (بول اشقر، مود أصطفان)

ه) حزبی سوری نەتەوایەتی، لەسەر کردەکانیان (ولید نویهض، غانم أبو غانم)

و) حزبی کرێکاری شۆڕشگێری عـەرەبی، لەسـەر کردەکانیـان (جـوزف سماحـە، حـازم صاغیة)

ز) حزبی تاشناق، لەسەر کردەکانیان (جورج دورلیان).

دوای ئاڵ وگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان، هەروەها گتفوگۆکردن لەسـەر پـرس و بابەتـە جیاوازەکـان[١٤٠] ڕێکـەوتن و نزیـك بوونــەوەی ئـەو بیروبۆچـوونانە، بڕیـاری دروسـت بوونی ئەم ڕیکخراوە درا.

بەدروست بوونی ئەم ڕێکخراوە، دەرفەت ڕەخسا بـۆ ئـەوەی هـەر لایـەك لەهەڵوێستی لایەنــەکانی دیکـە ئاگـادارو تێگەیشـتنی هـەبێت، تێروانینــی هاوبەشـیان لایەیـدابوو لەسەر شێوازی خەباتیان، لەپێناو دامەزراندنی (حزبێکی شیوعی شۆڕشگێر).

ئەم ڕێکخراوە کۆنگرەی دامەزرێنەری یەکەمی لەئایاری/١٩٧١ بەست، خۆی پێناسەکرد وەك، ڕێکخراوێکی سیاسی شۆڕشـگێر، بنـەماکانی (مارکسـیزمی – لینینزمـی) کردۆتـە ڕێبازی چالاکیەکانی ڕۆژانەی.

بەڵام دوای دوو ساڵ لەدامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بەرەو ڕووی چـەندین گۆڕانکـاری قول هات، کە ناچاری کرد واز لەو زاراوە شۆڕشگێریانە بێنێت.

بۆچوونی سیاسی و هزری شۆڕشگێرانەی ڕێکخراوەکە[١٤١]

١- بابـەتی نیشـتمان پـەروەرێتی (ململانـێ لەگـەڵ زایـۆنیزم و ئیمپریـالیزم)، ئـەم بابەتـە شـێوازێکی مێـژوویی بنچینەیی وەرگرتـووە، کاریگـەری لەسـەر پرۆسـەی سیاسی و جەمسەرگەری جینایەتی دەبێ.

هەواڵنامەی کتێب

٢- ئـەو توانایانـەی لەبـەر دەسـتن بـۆ خـەباتی نیشـتمانی لـەلوبنان، لەگـەڵ ڕۆڵی لەپێگەیانـدن و جەمسـەرگەری چینایەتی و سیاسـی، ئـەو توانایانـە بەشـێوەیەکی دیـالیکتیکی پەیوەسـت دەبـن بەگەشـە کردنـی شۆڕشـی نیشـتمانی دیموکراسـی لەوڵاتانی عەرەبیدا بەرادەی قوڵبوونەوەو بڵاوبوونەوەیان، لەبەر ئـەوەی خـەباتی نیشتمانی لەلوبنان بەردەوام پەیوەست بـووە بەخـەباتی نیشـتمانی و دیموکراسـی لەناوچـەکەدا، بەرەچاوکردنی پەرەسـەندنی ئـەو خەباتـە لـەماوەی بیست ساڵی رابردوو.

٣- بەبۆ چوونی ئەم ڕێکخراوە سیاسیە، شکستی عـەرەب لەجـەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧، شکستی رژێمە بیروکراسیە بورژوازییە سـەربازیەکانە، ئـەم شکسـتە، تـەواو کـەری شکستـەکەی چینی دەرەبەگ و نیمچە بورژوازییەتی ساڵی (١٩٤٨)ە.

ئـەم شکسـتە ئاکـامی گـەورەی لێ پەیـدابووە لەناوچـەکە، ئـەویش بـەرپابوونی بزووتنەوەی بەهەڵستکاری فەلەستینە، بۆیـە ڕێکخـراوی کـاری شـیوعی لـەلوبنان، گرینگی تەواو دەدات بەبزووتنەوەی بەرهەڵستکاری فەلەستین.

٤- بـەکورتی ڕێکخراوەکـە ئەرکـە تەکتیکیـەکان دەخاتـە ڕوو کـە دروشمـی کـاری بەقۆناغـە، ئـەو ئەرکـەش بریتییـە لـە: پشـتگیریکردن و تێکـەڵبوونی کـاری فیـدا کارییە.

بەڵام هۆکارەکانی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم دروشمە، لەم خاڵانە کۆدەبنەوە:

أ- پەیرەوکردنی بەرنامەیەکی سیاسی نیشتمانی سەربەخۆ.

ب- بەردەوامبوونی بەرەی چەپ لەتێکۆشانی شۆڕشگێرانە.

ج- پێکهێنانی لیژنە میللیەکان.

د- بوونیادنانی یەکەی تیپەکانی چەپی شۆڕشگێر لەلوبنان.

هـ- پیادەکردنی ڕێبازی خەباتی ئابوری و چینایەتی خۆڕسك.

**٦- ڕێکخراوی سۆسیالست خوازە لوبنانیەکان: (منظمة الاشتراكيين اللبنانيين):**

کۆنگرەی بزووتنەوەی ناسیونالیست خوازانی عەرەب، کەلەمانگی شوباتی/١٩٦٩ بەسترا، ئەم ڕاسپاردەیەی ڕاگەیاند، پێویستە لەسەر باڵە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەکە، جیابوونەوەی خۆیان ڕابگەیێنن، هەر یەکەش ناوێ بۆ خۆی هەڵبژێرێت کە پێی باشە:

بۆیە باڵە لوبنانیەکەی ئەم بزووتنەوەیە، بەو ڕاسپاردەیە پابەندبوو، لەمێژووی ١٠/شوباتی/١٩٦٩، جیا بوونەوەی خۆی ڕاگەیاندو ناوی (ڕێکخراوی سۆسیالست خوازە لوبنانیەکان)ی بۆ خۆی دیاریکرد، هەروەها باوەری بە ئایدیۆلۆژیای (مارکسی – لینینی) ڕاگەیاند[١٤٢].

**لەسەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە:**

(محسن ابراهیم، محمد کشلی، حکمت عید، عدنان زیباوی، نهلة الشهال، مصطفی صیداوی).

لەنامیلکەیەکدا، کە ڕێکخراوەکە بڵاویکردەوە، لەژێر ناوی (بۆچی ڕێکخراوی سۆسیالست خوازە لوبنانیەکان) کەلەلایەن (دار الطلیعة) لەشاری بەیروت ساڵی (١٩٧٠) چاپکراوە، ئەم ڕێکخراوە هەڵوێستەکانی خۆی لەئاست ڕژێمی لوبنان ڕوون و ئاشکرا کرد.

ئەم ڕێکخراوە، لەبۆ چوونەکانیدا، ڕژێمی لوبنانی بەڕژێمێکی سەرمایەداری ناساند،هەروەها[١٤٣] دەربارەی زۆرینەی هێزە سیاسییە لوبنانیەکان، بەحزبی شیوعی لوبنانەوە، بەچەپی نەرینگەری چاکسازی باسیان دەکات.

بۆیە، ئەم ڕێکخراوە بەئەرکی خۆی دەزانێ کەبانگەواز بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی پێشکەوتنخواز بکات، مەبەستیش لەو بەرەیە، یەکگرتنی (چەپی شۆڕشگێرە)، کە لەلوبنان دابەش بووە بەسەر چەندین ڕێکخراوو گروپی جیاواز، ئەو یەکگرتنەش

بەدی نایێت و سەرکەوتوو نابێت، تەنها بەدامەزراندنی حزبێکی (مارکسی – لینینی) کەرابەرایەتی چینی کرێکارو جەماوەری چەوساوە دەکات.

## ٧- رێکخراوی لوبنانی سۆسیالست (منظمة اللبناني الاشتراكي)[١٤٤]

ئەو شیوعیانەی کەلەحزبی شیوعی لوبنانی جیابوونەوە، لەگەڵ ئەو بەعسییانەی کە لەحزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست هەڵگەرانەوە، یەکیان گرت و رێکخراوێکی سیاسییان پێکهێنا بە ناوی (رێکخراوی لوبنانی سۆسیالست)، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم.

ئەم رێکخراوە رەخنەی توندی لەحزبی شیوعی لوبنانی دەگرت، هەروەها لەرژێمی لوبنانی و ئەو سیستمانەی کەپەیرەوی دەکران، سەرەڕای رەخنەگرتنی لەبزووتنەوەی ناصرییەکان.

ئەم رێکخراوە لەلێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ئەزموونی (بەرەی حزب و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان)ی ساڵی (١٩٦٥) بەدوو تێبینی دەرچوو:

١- نەبوونی بەرنامەیەکی ناشکرا بۆ ئەزموونەکە، کە ئەو یەکەمایەتیانە دیاریبکات بۆ خەبات کردن.

٢- نەبوونی بنەمای رێکخراوەیی ئەم ئەزموونە کەپەیوەندییە بەرمییە سەربەخۆکان دیاریدەکات.

**ئەم رێکخراوە هەوڵەکانی لەسەرئەم بوارانە چرکردبۆوە:**[١٤٥]

أ) کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری ئەندامەکانی، لەرێگای خوێندنەوەی کتێبە رەسەنەکانی مارکسیەت، بەدوور لەهزرو چەمکی سوڤیەتی یان چینی.

ب) خستنە رووی بۆ چوونی جیاواز دەربارەی چەمکەکانی ناسیۆنالیزم و چەپ و بارودۆخی لوبنان.

هەواڵنامەی کتێب

ج) بوونی هەڵوێستی رەخنەگرانە لەناست ئەزموونی سوڤیاتی و حوکمرانی (جمال عبدالناصر) لەوڵاتی میسر.

د) پەیرەوکردنی شێوازێکی نوێ لەکارو چالاکی ناوجەماوەر، ئەویش لەرێگای پێکهێنانی لیژنەکانی کرێکاری و خوێندکاران و گرینگی دان بەئەنجوومەنەکان.

لەکادیرە سەرکردایەتیەکانی ئەم رێکخراوە: جوزیف سماحة، وضاح شدارة، جورج ناصیف، ولید نویهض.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان
# لەمیسر

# شیکردنەوەیەکی گشتی

ماوەی چەند ساڵێك پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسی لەساڵی (١٩١٧)دا، هزری مارکسی[١٤٦] گەیشتۆتە وڵاتی میسر وبڵاوبۆتەوە، لەم بارەوە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو بابەتانە بکەین کەلەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە، یان ئەو کتێبانەی چاپکراون لەلایەن چەند بیرمەندو ونووسەرێکەوە.

بۆ نموونە رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری لەچەند ژمارەیەکی ساڵی (١٨٩٢)، بابەتی جۆراو جۆری دەربارەی سۆسیالیزم بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها لەبواری کاری رێکخراوەیی، بزووتنەوەی مارکسیەت لەسەردەمێکی زووەوە لەمیسر جێگیربووە، هەر بۆ نموونە لە ١٨/ئایاری/١٨٩٤ بڵاوکراوەیەك بڵاوبۆتەوە، تیایدا هاتووە (ئەی کرێکارانی جیهان، بەبیرتان بێتەوە کە ئەمڕۆ یادی راپەڕینەکەی کۆمۆنەی پاریسە، بۆیە با هەموو بەیەك دەنگ هاواربکەین، بژی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، بژی کۆمۆنیستی).

هەر لەهەمان ساڵدا، کرێکاران کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا لەژێرناوی (کۆمەڵەی نهێنی کرێکارانی هێلی ئاسنین)، هەروەها هەڵمەتێکیان دەست پێکرد بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و یارمەتی بۆ ئەو کرێکارانەی مانیان گرتووە.

لەوماوەیەدا زیاتر لەجارێك چەند سەرکردەیەکی کرێکاری هەوڵی دامەزراندنی حزبێکی کرێکاریانداوە، تالە ١٢/حوزەیرانی/١٩٠٨، رۆژنامەکان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کەتیایدا هاتبوو:

(محمد احمد الحسن، دامەزرێنەری حزبی (المقاصد)ی سۆسیالستی کرێکاری، وتارێك بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە لەباخچەی (الازبکیە)، دەربارەی هاتنە ریزی حزبەوە لەلایەن کرێکارانەوە.

هەوالنامەی کتێب

لەساڵی (١٩٠٩) رۆژنامەی (الاهرام) هەواڵێك بڵاودەكاتەوە، بەناوی (محمود ابو عثمان) كەتیایدا هاتبوو...ناوبراو حزبێكی كرێكاری دامەزراندوە، بەڕێوەبەری حزبەكە (السید افندي علي)یەو سەرۆكەكەشی (محمود احمد الحسن)ە.

هەر لەبواری رۆشنبیریش، بەرهەمی نووسەران دەربارەی هزری سۆسیالستی رووی لەزۆر بووندا بووە، ئەو نووسینانە، باسیان لەقوتابخانە سۆسیالیزمییەكان دەكرد، هەروەك لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوە، لەنووسەرەكانی ئەو سەردەمە، (ولی الدین یكن، عباس محمود العقاد) سەربەقوتابخانەی ریفۆرم خوازان بوون، نووسەر (سلامە موسی) سەربەقوتابخانەی فابیەكان بوو.

هەروەها (محمود حسني العرابي)، لەساڵی ١٩٢١، كتێبی (الحركة الاشتراكية)ی بۆ سەر عەرەبی وەرگێڕاوە، لەزمانی ئینگلیزییەوە، نووسەری ئەو كتێبە (رامزي ماكدونالد) بووە سەرۆكی نێو نەتەوەیی دووەم.

مصطفی حسنین المنصوري، كتێبی (تاریخ المذاهب الماركسیة)ی نووسیوە ساڵی (١٩١٥)، ئەمە جگە لەرۆڵی دەیان كرێكارو رۆشنبیری بیانی كە هاتوونەتە میسر (روسی - ئیتالی - جولەكە) هەریەكە بەشێوەیەك چالاكیان هەبووە لەبڵاوكردنەوەی هزری ماركسی لەم وڵاتە.

دەربارەی رێرەوو بەسەرهات و ئەزموونی حزب و رێكخراوە ماركسییەكان لەمیسر دەكرێ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بكرێت، بەم شێوەی خوارەوە.[١٤٧]

- **قۆناغی یەكەم:**

لەساڵی دامەزراندنی حزبی شیوعی میسرییەوە دەسپێدەكات لە (١٩٢١)، تاكۆتایی جەنگی جیهانی دووەم.

- **قۆناغی دووەم:**

لەساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەسپێدەكات، كاتی حزبی شیوعی پچڕ پچڕ بوو، بەسەر دەیان گروپ و رێكخراوی بچووك دابەش بوو، دواتر هەولدرا

بۆیەکگرتنەوەی ئەو ڕێکخراوو گروپە بچووکانە، تالەساڵی ١٩٥٨، بەشی زۆری ئەو ڕێکخراوانە یەکیان گرتەوە.

- **قۆناغی سێیەم:**

لەدوای جەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧ وە دەست پێدەکات بەسەر هەڵدانی سێ ڕەوت لەناوبزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەو وڵاتە، ئەو سێ ڕەوتەش ئەمانەن:

أ) حزبی شیوعی میسری

ب) حزبی کرێکارانی شیوعی

ج) گروپەکانی هەڵگری هزری تروتسکی.

**١- حزبی شیوعی میسری**

ساڵی (١٨٩٨) ئاوارەیەکی ئەوروپی بەناوی (جوزیف روزنتال) گەیشتە شاری (ئەسکەندرییە)ی[١٤٨] میسر، لەشارەکە نیشتەجێ بوو، بۆ بژێوی ژیانی کاری ئاسنگەری دەکرد.

ناوبراو، بەبێ پەلەکردن، لەگەڵ کارەکەی ڕۆژانە هەوڵیداوە لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی دەوروبەری باس لەهزرو بیرو بۆ چوونی مارکسییەت و سۆسیالستی بکات، بەم شێوە ناوبراو لەسەر بەرنامەکەی خۆی بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩١٩) کەبەهاوکاری (محمود حسني العرابي) و کۆمەڵە کەسانێکی دیکە لەرۆشنبیران و سەندیکاییەکان، یەکەم بازنەی مارکسیان پێکهێنا لەساڵی (١٩٢٠) و دەستیان بەچالاکی ڕێکخستن کردو لە ١٨/ئابی/١٩٢١، بڕیاری دامەزراندنی حزبی شیوعی میسری درا، ئەگەر چی چەند[١٤٩] نووسەرێکی دیکە ئەو مێژووە بۆ مانگی شوباتی/١٩٢٢ دەگەڕێننەوە.

ئەوانی بەشداریان کرد، وەك ئەنجوومەنی ناوەندی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوون لە (محمود حسني العرابي، محمد عبدالله عنان، سلامة موسى، د. علي العناني).

بەرنامەی حزبەکە، بەرنامەیەکی نیشتمانی دیموکراسی بوو، کاری ڕێکخراوەییان بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوەدەچوو، بەهۆی بارودۆخی ئەمنی.

دیارە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هەندێ بیرو بۆچوونی جیاواز هەبووە لەنێوان ئەو کەسانە لەرووی هزری و رادەی پەیرەوکردنی ڕێبازی مارکسیەت.

ئەم حزبە، لەسەرەتا ناوی لێنرا (الحزب الوطني الديمقراطي) حزبی نیشتمانی دیموکراسی، محمود حسني العرابي، سکرتێری گشتی حزب بوو، بەیانی دامەزراندنی لەرۆژنامەی (الاهرام)ی میسری لە ٢٩/ئابی/١٩٢١ بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام ئەم حزبە لەلایەن نێو نەتەوەیی سێیەم (کومنتێرن) وەك ئەندام قبول نەکرا، لەبەر چەند هۆیەك یەکێکیان ناوی حزبەکە بوو، کەدەبوایە بەناوی (حزبی شیوعی) بێت، بۆ ئەم مەبەستە سکرتێری حزب، بەرەو یەکێتی سۆڤیەت سەفەری کرد، لەوێ بەشداری لەچوارەم کۆنگرەی ساڵانەی کومنتێرن کردو بەناوی حزبەوە وتاری خوێندەوەو داوای بەئەندام بوونی حزبی کرد لەناو (کومنتێرن)

بۆ بڕیار دان لەسەر ئەم داواکارییە، لەلایەن ڕێکخراوی (کومنتێرن)ـەوە لیژنەیەك پێکهات بەسەرۆکایەتی هاورییەکی ئەندامی حزبی شیوعی یابانی بەناوی (کاتایاما)، لیژنەکە دوای تەواو کردنی کارەکانی، راپۆرتی خۆی بەرزکردەوە، کە ئەم پێش نیازانە دەگرێتە خۆی:[١٥٠]

١- دەرکردنی چەند کەسانێك لەئەندامانی حزبی شیوعی میسری کەجێگای رەزامەندی نین لەلایەن کومنتێرنەوە.

٢- حزبی شیوعی میسری کۆنگرەیەك ببەستێ و هەموو ئەو شیوعییانەی لەمیسرن بە ئەندام قبوڵیان بکات، هەروەها حزب ئەو (٢١) مەرجەی کومنتێرن داناوە، قبوڵی بکات.

٣- حزب ناوی خۆی بگۆڕی بۆ (حزبی شیوعی میسری).

هەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانە، دوا کات رۆژی ١٥/کانونی دووەمی/١٩٢٣ دیاریکرا.

سکرتێری حزبی شیوعی (نیشتمانی دیموکراسی) میسری، دوای گەڕانەوەی بۆ میسر، کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆکردەوە بۆگفتوگۆ کردن لەسەر ئەم خاڵانە، دیارە کۆمیتەی ناوەندی رازی بووە بەجێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانە:

حزب بۆ گەشەکردن و فروانبوونی رێکخستنەکانی، بەرنامەیەکی چڕی بەدەستەوە بوو، لەمبارەوە بەهەڵمەتێکی فروان هەستا بۆ وەرگێڕانی چەندین کتێبی مارکسی بۆ سەر زمانی عەرەبی، هەروەها لە شاری ئەسکەندەرییە قوتابخانەیەکی حزبی دامەزراند بۆ پێگەیاندنی کادیر، سەرەڕای هەڵمەتێکی فراوانی رێکخستنی کرێکاران.

لەم بارەوە چەندین سەندیکای دامەزراند، دواتر یەکێتی گشتی سەندیکاکانیان پێکهێنا، لەکۆتایی ساڵی (١٩٢٣) ئەم یەکێتیە بوو بەئەندام لەیەکێتی گشتی سەندیکای کرێکارانی جیهانی.

یەکێتی سەندیکاکان لەمیسر دەستیکرد بەهاندانی کرێکاران بۆ داواکردنی مافەکانیان، لەم بارەوە بەدەیان مانگرتن و خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، رێکخستنەکانی حزب لەشارو شارۆچکەکان گەشەی کردو گەیشتە گوندو لادییەکان.

لەساڵی ١٩٢٤ لەبلاوکراوەیەکی فەرمی کومنتێرن ژمارەی ئەندامانی حزبە شیوعیەکانی خستەروو بۆ بەراوردکردن لەنێوان حزبی شیوعی میسرو چەند حزبێکی دیکەی وڵاتان، ئەم خشتەیە دەخەینە ڕوو:[٥٠]

| وڵات | ژمارەی ئەندامانی حزبی شیوعی |
|---|---|
| میسر | ٧٠٠ |
| فەلەستین | ١٠٠ |
| چین | ٨٠٠ |
| تورکیا | ١٠٠ |

**تێبینی:** ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەر وڵاتێك لەو چوار وڵاتە بەراوردی یەكتر بكەین بۆمان دەردەكەوێت كەرێژەی ئەندمانی حزبی شیوعی میسر چەند بەرزە.

(محمود حسني العرابي) سكرتێری حزب، زیاتر هەنگاوی نا، بڕیاری توندی دەركرد، لەساڵی ١٩٢٤ لەبەیاننامەیەكی حزبی شیوعی میسری، دامەزراندنی دەوڵەتی كرێكاری راگەیاند، هانی كرێكاراندرا دەست بەسەر كارگەكاندا بگرن و (بەتایبەتی كارگەی رستن و چنین) و ئاڵای سوریان بەرزكردەوە، ئەنجومەنی كرێكارییان پێكهێنا بۆ بەڕێوەبەردنی.

لەبەرامبەر ئەم كارانە، دەسەڵات زیاتر بێ دەنگ نەبوو، حكومەتی ئینگلیز داوای لە حكومەتی میسر كرد، رێگا لەم دیاردانە بگرن، سەرۆكی حكومەتی میسر (سعد زغلول) بڕیاردرا بەپۆلیس، ئەو كارانە كۆتایی پێ بێنن، بۆیە پۆلیس هەڵمەتێكی فراوانی بۆ سەر حزبی شیوعی دەست پێكرد، بارەگا كانیان داگیركرد، بەدەیان سەركردەو كادیریان زیندانی كرا.

لەناویاندا، سكرتێری حزب (محمود حسني العرابي) و سكرتێری یەكێتی سەندیكاكان (انطوان مارون)، كەدواتر لەناو زیندانندا خۆی كوشت.

حزبی شیوعی میسری تووشی شكستیەكی گەورە بۆوە، ناوەندێتی حزب نەما، ئۆرگانەكان پچرپچڕ و بڵاوبوونەوە.

ئەوی لەو ماوەیەدا زیاتر حزبی شیوعی لاواز كرد، بوونی (محمد عبدالعزيز)ە بەسكرتێری حزب، كەبەپێی چەند سەرچاوەیەك ناوبراو پەیوەندی بەدەزگا ئەمینەكانی حكومەت هەبووە.

لەلایەكی دیكەوە ململانێ و ناكۆكیان لەنێوان حزبی شیوعی میسری و كومنتێرن دووبارە سەری هەڵدایەوە لەناكامدا بڕیاری دەكردنی حزبی شیوعی میسری لەئەندامیەتی كومنتێرن درا.

لەوماوەیەدا حزبی شیوعی میسری، دەیان گروپ و کۆمەڵەو ڕێکخراوی بچووکی لێ پەیدابوو، کەلەنێوان خۆیاندا جیاوازی و ململانێ لەئارادا بوو، بۆ نموونە چەند گروپێك ناو دەهێنن، کە لەمێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنستی میسر لەنێوان سالآنی (١٩٤٤ – ١٩٥٢) بەڵگەنامەکانیان کۆ کراونەتەوە.

١- بزووتنەوەی دیموکراسی بۆ زرگاری نیشتمانی (حدتو)، سکرتێرەکەی (هنری کوریل)[١٥٢] .

٢- ئایسکرا (الشرارة)، سکرتێرەکەی هلیل شوارتز.

٣- رزگارکردنی گەل (تحرير الشعب)، دامەزرێنەرەکەی مارسیل ئیسرائیل.

٤- گروپی - القلعة ، سکرتێری گشتی – مستەفا هەیکەل.

٥- گروپی – الفجر الجديد – لەسەرکردەکانیان (ريمون دويك، يوسف درويش، احمد رشدي صالح)

٦- گروپی – التكتل الثوري – ساڵی ١٩٤٨ دەرکەوت، لەسەرکردەکانیان : شهدي عطية، انور عبدالملك، فتحي خليل، دووبلاو کراوەی هەفتانەیان دەردەکرد بەناوی (المساء – الغد).

٧- ڕێکخستنێك بەناوی – نادي البحوث العلمية) کەزیاتر چالآکیەکانیان لەناو زانکۆکان بوو، لەسەر کردەکانیان (شهدي عطية) الشافعي، انور عبدالملك، عبدالمجيد الغزالي، كمال عبدالحليم، ابراهيم عبدالحليم، عبدالعظيم أنيس).

٨- سەرەڕای ئەو کۆمەڵەورێکخراوانە، چەندین ناوی دیکەش لەبەڵگەنامەکان ناویان هاتووە، وەك[١٥٣] المنظمة الشيوعية المصرية، اللجنة الانتخابية العامة جمعية ربات البيوت، اللجنة التحضيرية اللجنة الوطنية، اللجنة التحضرية للمؤتمر الوطني، نواة الحزب الشيوعي المصري، اللجنة الوطنية لانصار السلام، اتحاد نقابات عمال النسيج المشترك في القاهرة، جماعة رجال القانون الديمقراطيين في مصر، کرێکارانی شۆڕشگێڕ.

دیاره ئەو بارو دۆخەی بۆ حزبی شیوعی میسری پەیدا بوو هۆکاری زۆر بوو، بەشێکی پەیوەست بوو[154] بەناکۆکی و ململانێ ئایدیۆلۆژی و چینایەتی ناوخۆ، بەشێکی ئەو هۆکارانەش دەرەکی بوون، وەك:

أ) دابەشکردنی فەلەستین و هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت لەئاستیدا.

ب) نەبوونی سیستمێکی دیموکراسی لەمیسردا.

دوای چەند ساڵێك لەململانێی ناوخۆ و نێوان ئەو دەستەو ڕێکخراوە، چەند ڕێکخراوێکیان یەکیان گرتو بوونە حزبێك لەژێر ناوی (الحركة الديمقراطية لتحرير الوطني) بزووتنەوەی دیموکراسی بۆ زرگاری نیشتمانی.

شۆڕشی میسر ساڵی ١٩٥٢ و هەڵوێستی شیوعیەکان:[155]

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی میسر لە ٢٣/تەمووزی/١٩٥٢ بەسەرکردایەتی (جمال عبدالناصر) شیوعییەکان لەسەرەتادا پشتگیرییان کرد، بەڵام دەربارەی سیاسەتی ناوخۆی حکومەت و ڕێبازەکانی (عبدالناصر) جیاوازی هەبوو لەنێوان شیوعییەکان.

پێش ساڵی (١٩٥٨) زۆربەی ڕێکخراوو باڵە جیاوازەکانی ڕەوت و گروپە شیوعییەکان یەکیان گرتەوە، ئەم دۆخە درێژەی نەکێشا دووبارە دابەش بوون بەسەر دووباڵی جیاواز، یەکەمیان/ باڵی (حدتو)، ئەوی دیکەیان حزبی شیوعی میسری بوو.

هەر لەکاتی ڕاگەیاندنی یەکگرتنی نێوان هەردوو وڵاتی (سوریا ومیسر)، شیوعییەکان پشتگیرییان کرد، بەڵام کاتێ جمال عبدالناصر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو حزبەکانی دەرکردو توانەوەیان لەناو ڕێکخراوی (الاتحاد الاشتراكي العربي)، جیاوازی کەوتە نێوان شیوعییەکان، بەشێکیان ڕازی بوون، بوونە ئەندامی یەکێتی سۆسیالستی عەرەبی، بەڵام بەشێکیان ڕازی نەبوون و دژی ئەو بڕیارە وەستان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شیوعییەکان لەو ماوەیەدا کەوتنە ژێر فشاری (یەکێتی سۆڤیەت) و حزبی شیوعی سۆڤیەتی کەرازی بن بەبڕیارەکەی جمال عبدالناصر و خۆهەڵوەشاندنەوەیان، لەلایەکی دیکەوە دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی میسر دژی ئەوانی ڕازی نەبوون

هەڵمەتێکی گرتن و زیندانی کردنیان دەست پێکرد ژمارەیەکی گەورەی ئەندام و سەرکردەی شیوعیەکان لەناو زینداندا مانەوە، تاساڵانی (١٩٦٤).

ساڵی ١٩٦٥، حزبی شیوعی میسری، سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی خۆی لەدەستدا بوو،[١٥٦] ئەندام و کادیرەکانیان خەباتی سیاسییان (وەك تاك) لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕژێمی (٢٣/تەمووزی/١٩٥٢) درێژە پێدەدا، نموونەی: یەکێتی سۆسیالستی عەرەبی، ڕێکخراوی پێشڕەوی سۆسیالستەکان، ڕێکخراوی لاوانی سۆسیالست.

بەڵام دوای جەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧، بارودۆخەکە لەبار بوو بۆ ئەوەی ڕێکخستنی سەربەخۆی شیوعییەکان بگەڕێتەوە، سەرچاڵاکیەکانی، ئەوکارەش بەهۆی ئەندامە گەنجەکانەوەو بەهاوکاری سەرکردەو ئەندامە شیوعییەکانی پێشوو، بەڵام بنچینەی سەرکردایەتیکردنی ئەو ڕێکخراوە نوێیانەی چەپ لەگەنجان پێکهاتبوون، ئەوانەی نەوەی هەفتاکانی بوون.

حزبی شیوعی میسری لەساڵی (١٩٩٢) سێیەم کۆنگرەی نیشتمانی بەست، بیروڕای خۆشی دەربارەی چەند کێشەیەکی پەیوەست بە ناوچەکە ، بەم شێوەیە خستە ڕوو:

حزب خۆی بەبەشێکی جیانە بۆوە لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی دەزانێ، حزب دژی باڵا دەستی ئیستعمارو ئەو ڕژێمانەی پاشکۆی ئیستعمارن و سیاسەتی چەو ساندنەوەو دواکەوتن و پاشکۆیەتی دەسەپێنن بەسەر گەلانیان.

حزب دژی زایۆنیزمە، کەبەمەترسییەکی گەورەی دەزانی نەك تەنها بۆ گەلی فەلەستین ، بەڵکو بۆهەموو گەلانی ناوچەکە.

حزب خەبات دەکات لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب، یەکێتیەك بەرجەستەی ئیرادەی بەرژەوەندی هەموو جەماوەری کرێکارو جوتیارو ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕەکانی عەرەب بکات، یەکێتیەك دژ بەئیمپریالیزم و ئیستعمار و زایونیزم بێت، هەروەها ناوەڕۆکێکی دیموکراسیانەی دژ بەدەرەبەگ و سەرمایەداری گەورەی هەبێت.

## ٢- گردبوونەوەی نیشتمانی پێشکەوتووی یەکگرتن خواز
**(التجمع الوطني التقدمي الوحودي)**

ئەم ڕێکخراوە سیاسییە، لەچوار چێوەی یەکێتی سۆسیالستی عەرەبی، پێکهات، وەك مینبەرێك، لەرۆژی[١٥٧] ٢٩/ئازاری/١٩٧٦.

لە١٠/نیسانی/١٩٧٦ یەکەم ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە کۆ بۆوە، بەئامادەبوونی (١٣٣) ئەندام، لەکۆبوونەوەکە یەکەم دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژارد کەلە (٩) ئەندام پێکهاتبوو.

لە ٢١/ئابی/١٩٧٦ دووەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری بەسترا، لەو کۆبوونەوەیەدا (خالد محی الدین) وەك بڕیاردەری ئەنجومەنی دەست نیشانکرا، هەر لەمیانەی کۆبوونەوەکە چەندین بڕیار وەرگیرا، گرینگترینیان، دروستکردنی ڕێکخستنی تایبەت بوو بۆ لاوان و ڕێکخستنێکی دیکە بۆ ژنان.

لە٣٠/تشرینی دووەمی/١٩٧٦ سێیەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دامەزرێنەر بەسترا، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە ئەم ڕێکخستنە بکرێتە حزبێکی سیاسی، لەم بارەوە ڕاگەیەندراوێکی سیاسی دەرچوو، تیایدا ئاماژەی بۆ ئایندەی دیموگراسییەت لەمیسر کردبوو، هەروەها بڕیار لەسەر پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ درا.

لەقۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی، ئەم ڕێکخراوە سیاسییە بەرەو ڕووی چەندین کێشە بۆتەوە، لەگەڵ گروپە چەپەکان، بەمەبەستی بەشداری و تێکەڵبوونیان، لەگرینگترین ئەو گروپانە:

١- گروپێك لەناصرییەکان، ئەوانی لەژێر سەرکردایەتی (کمال الدين رفعت) کربوونەتەوە، دواتر هاتنە ناو ڕێکخراوەکە.

٢- ژمارەیەك لەمارکسیە کۆنەکان، ئەوانی لەدەوری (عبدالرحمن الشرقاوی) کۆ ببونەوە.

٢- کۆمەڵێك لەگەنجە مارکسیەکان، بەرچاوترینیان، ئەوانی لەناو زانکۆی (القاهرة) یانەی (الفكر الاشتراكي التقدمي) یان پێکهێنا بوو.

لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی گەل، ساڵی ١٩٧٦ ئەم ڕێکخراوە (٦٥) پاڵێوراوی هەبووە، بەڵام تەنها (٤) کەسیان سەرکەوتن.

لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٨) حزب ڕۆژنامەی (الاهالي) دەرکرد، بەڵام لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧ – ١٩٧٨) حزب بەرەو رووی هەڵمەتێك بۆوە، لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت، ڕۆژنامەکەشی لەدەرچوون وەستێنرا.

### شێوازی پێکهاتنی ئەم گردبوونەوەیە:[١٥٨]

ئەم حزبە پێکهاتووە لەسەر بنەمای کۆکردنەوی هێزە نیشتمانیەکان لەچوار چێوەی یەك ڕێکخستندا، بەرنامەی سیاسی گشتی حزب، ئەو هێزانەی لەچوار قوتابخانەی هزری سیاسی دیاریکردووە ، ئەو قوتابخانەش:

ناصرییەکان، مارکسیەکان، ڕەوتی ئایینی ڕۆشنبیر، ڕەوتی دیموکراسی.

چوارچێوە هزریەکانی ئەم گردبوونەوەیە:

دەکرێ بووترێ هزری ئەم حزبە لەدوو سەرچاوە وەرگیراوە:

١- سۆسیالیزمی زانستی:

حزب ئەم هزرە بەشێوازێکی گونجاو دادەنێت بۆ پێشکەوتن، بەپێی ناوەرۆکی ئەم بیروبۆ چوونە، حزب باوەڕی بەچەمکی ململانێی حەتمی و سروشتی هەیە لەنێوان چینەکاندا، بۆ چوونیش وایە کە ئەم ململانێیە، دەکرێ بەشێوەیەکی ئاشتیانەو لەچوارچێوەی یەکگرتنی نیشتمانی و توانەوەی جیاوازییە چینایەتیەکان چارەسەری بۆ بکرێت.

هەروەها حزب لەم بارەوە، پشت بەتیۆری سۆسیالستی زانستی دەبەستێ، لەشیکردنەوەی بۆ سروشتی ناکۆکی سەرەکی لەکۆمەڵگەدا.

هەواڵنامەی کتێب

٢- هزرو بیرو بۆ چوونەکانی شۆرشی ٢٣/تەمووزی/١٩٥٢، بەو رۆڵەی کەپێی هەستاوەو بەشداریکردووە لەدۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کۆمەڵگە، ئەو هزرو بیروبۆ چوونانەش خۆی بەرجەستە دەکات لە (پەیمانی نیشتمانی)، کە لەم بارەوە حزب دروشمی بنچینەیی خۆی دیاریکردووە، بە(ئازادی، سۆسیالستی یەکگرتن).

بەپێی ئەو دیاریکردنە بۆ سەرچاوە هزرییەکانی حزب، ئەم حزبە لەبەر نامەکەی خۆی ئامانجی کۆتایی بەم جۆرە دەستنیشانکردووە (دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالستی دوور لەچەوساندنەوە) بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجە، چوار قۆناغی دیاریکردووە:

١- ئەرکە نیشتمانییەکان: بریتیە لەدژایەتی ئیستعماری کۆن و نوێ و زایۆنیزم.
٢- ئەرکە دیموکراسییەکان: جێ بەجێ کردنی گۆڕانێکی دیموکراسی فراوان و قوڵ لەناو کۆمەڵگە، لەپێناو بەدیهێنانی بەشداریکردنی جەماوەر لە کاروباری وڵات.
٣- ئەرکە پێشکەوتنخوازەکان، گۆران لەپێناو بەدیهێنانی سۆسیالیزم، هەروەها پەرەپێدانی دەسکەوتە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ چینی کرێکارو هەژارو جوتیاران.
٤- ئەرکەکانی یەکگرتن، یەکگرتنی خەباتی گەلی عەرەب، لەپێناو رزگاری نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

**بیرو بۆ چوونەکانی حزب لەئاست رۆشنبیری و بەها هاوبەشەکانی ناو کۆمەڵگەی میسری[١٥٩]:**

لەمانگی کانوونی دووەمی/١٩٧٩ حکومەتی میسر، بەیاننامەیەکی دەکرد دەربارەی پێکهاتەی شارستانی و بەهامرۆڤایەتیەکان، گردبوونەوەی نیشتمانی وەك وەڵامدانەوەیەکی ئەو بەیاننامەیەی حکومەت، دەربارەی چەند بابەتێکی ئەم بوارە هەڵوێستی خۆی ئاشکراکردووە بەم شێوەیە:

١- بەفیڕۆدانی بەردەوام بۆ مافەکانی کاری سیاسی دیموکراسی، لەلایەن دەسەڵاتەوە، کارێکی ئاستەمە لەگەڵیدا مرۆڤ بەئازادی و سەربەخۆو پێگەیشتوو بوونیاد بنرێت، مرۆڤێك خاوەن کەسایەتی تەواوو بیروڕای خۆی بێت، ئەم حاڵەتە کۆمەڵگەی میسری بەرەو رووی دوو ئاراستە دەبات:

**یەکەم** // زۆرینەیەکی بێ دەنگی ترساوی پەککەوتەی بێ توانا لە روو بەڕوو بوونەوەی کێشەکان.

**دووەم**// کەمایەتەك، باوەرو متمانەی لەڕاستی شەرعیەت و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی لەدەست دابێ.

٢- ئەو شێوازە ئابوریانەی کە حکومەت دیاریدەکات هەموو رۆژێك، بارگرانی نوێ بەسەر هاوڵاتی میسری زیاتر دەکات.

٣- هەنگاوەکانی حکومەتی میسر بۆ نەهێشتنی وەزارەتی رۆشنبیری، کۆتایی بەهەموو دەرفەت و توانایەك دێنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری راست و دروست بۆ هاوڵاتی.

٤- قەیرانی نیشتەجێ بوون کە حکومەتی میسر لەروو بەروو بوونەوەی پەککەوتەیە، تارمایی و بارگرانی دەخاتە سەر تواناکانی بوونیاد نانی مرۆڤی میسری، هەروەها خولقاندنی بەپێی پێداویستیەکانی شارستانیەت و سەردەمیانە.

٥- هەر هەوڵیدانێك بۆ بوونیادنانی مرۆڤ ناکرێ دەست پێ بکات بەبێ کۆتایی هێنان بەنەخۆشی و نەخوێندەواری.

٦- دەستەبەرکردنی مافەکانی کار، رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێ، لەجێ بەجێ کردنی پەیوەستی نێوان مرۆڤی هاوڵاتی و نێوان نیشتمان.

هەواڵنامەی کتێب

**٣- هاوپەیمانی هێزە سۆسیالستەکان: ( تحالف القوى الاشتراكية ):**

ئەم هاوپەیمانیە لەنێوان (٥) رێکخراوی چەپی سۆسیالستی میسری پێکهاتبوو، لە ١٠/ئایاری/٢٠١١[١٦٠]. ئەم لایەنانە، رێککەوتن لەنێوان خۆیان بەرەیەکی سۆسیالستی فراوان دروست بکەن لە میسر لەدوای شۆڕش و سەرکەوتن بەسەر رژێمەکەی (حسني مبارك).

بەپێی چەند سەرچاوەیەك ژمارەی ئەندامانی ئەم هاوپەیمانیەتە دەگاتە نزیکەی (٥) هەزار کەس.

هێزە بەشداربووەکانی هاوپەیمانیەتی:

١- **حزبی شیوعی میسر.**
٢- **حزبی هاوپەیمانی گەلی سۆسیالست.**
٣- **سۆسیالستە شۆڕشگێرەکان.**
٤- **حزبی سۆسیالستی میسری**
٥- **حزبی کرێکارانی دیموکرات.**

هەواڵنامەی کتێب

**٤- حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی میسری: ( الحزب العمالي الشيوعي المصري )**

دوای جەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧ و شکست هێنانی عەرەب لەو جەنگە، شەپۆلێك نارەزایی گەورە شەقامی[١٦١] سیاسیی عەرەبی گرتەوە، کەچینی کرێکارو خوێندکاران رۆڵی سەرەکیان هەبووە لەراپەڕاندنی، بەتایبەتی لە شوباتی/١٩٦٨، کاتێ خۆپیشاندانی توندوتیژ شەقام و زانکۆی شارەکانی میسری گرتەوە، هەروەك لە شارەکانی (حلوان – القاهرة – الاسكندرية) روویدا.

لەو فاکتەرانەی کەرۆڵی لەو رووداوانە هەبووە، دروست بوونی گروپ و رێکخراوی مارکسی توندرەو بوونە، بەتایبەتی دوای بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی

میسری لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو، هەروەها بریاردانی لەسەر گار رایی توند بەرامبەر هەندێ لەئەندام وسەرکردەکانی ئەو حزبە.
بۆیە دواتر وردەوردە رێکخراوو گروپی کۆمۆنیستی توندی شۆڕشگێر پەیدابوون، رۆڵی کارایانیشی گێراوە لەو رووداوانە، هەروەها هەوڵیانداوە سوود لەو نارەزاییە جەماوەرییە وەربگرن بەرامبەر حکومەت و سیاسەتە پەککەوتەکانی لەهەموو بوارێکەوە.
یەك لەو رێکخراوانەی پێکهاتن، رێکخراوێك سەرەتا بەناوی (رێکخستنی شیوعی میسر) دەرکەوت، کەبەرێکخراوێکی رادیکالی چەپی شۆڕشگێر خۆی ناساند، بەپێی چەند سەرچاوەیەك ئەم رێکخراوە لەساڵی (١٩٦٩)وە رووی لەگەشەکردن کردووەو بۆتە ناوکەی دروست بوونی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست لەمیسر، کە دواتر ئەو ناوەی هەڵگرتووە.
لەهەڵوێستە سیاسیەکانی ئەم رێکخراوە هەروەك لەناوەرۆکی بەیاننامەکانیدا دەردەکەون:
ئەم حزبە دیدی بۆ حزبی شیوعی سوفیەتی بەلادەری دەزانێ لەرێبازی کۆمۆنیستی، هەروەرها دژی دوگمای فیکری بووە، کەحزبی شیوعی چینی تووشی بووە.
حزب، دژ بەئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئیسرائیل، داوادەکات جەماوەر چەکدار بکرێت بۆ ئەوەی بەئەرکی مێژووی خۆی هەستێت،
حزب جەنگی تشرینی یەکەمی/١٩٧٣ بەشانۆگەرییەك دادەنێ، داوادەکات جەماوەر راپەڕن بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە عەرەبیانە، بەتایبەتی رژێمی (جمال عبدالناصر) لەمیسر.
ئەم حزبە پەیرەوی بەرنامەیەکی شۆڕشگێرانەی دیموکراسی و نیشتمانی دەکات، (بەپێی بۆ چوونەکانی خۆی) لەچوار چێوەی هزرێکی سۆسیالستی، ئەم رێکخراوە رێکخستنەکانی خۆی بەپێی بنەمای لینینی (ناوەندێتی دیموکراسی) دراشتووە،

چەندین ڕێکخراوو ئەنجومەنی کرێکاری دروست کردووە، لەشارەکانی (القاهرة، الاسكندرية) لەکادیرەچالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە (تیمور الحلواني، فتح الله محروس، سعید ناظور، الشيخ جابر المجذوب).
ئەم حزبە چەند جارێك تووشی هەڵمەتەکانی گرتن و ئەشکەنجەدان بووە، لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس، هەروەك لەمانگی کانوونی دووەمی/١٩٧٢ ڕوویدا، هەروەها جارێکی دیکەش لەکانوونی دووەمی/١٩٧٧ کەزیاتر لە (٨٠) ئەندامی دەستگیرکران و درانە دادگا وەك تاوانبار، لەناوەرۆکی ڕاپۆرتی دادگا لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە، بەم جۆرە باسیان هاتبوو:
ئەوانە....ڕێکخراوێکی نهێنیان دروست کردووە لەژێر ناوی – حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی میسری، بانگەواز بۆ ڕاپەڕین و ڕوخاندنی ڕژێم دەکەن لەمیسر لەڕێگای شۆڕشی جەماوەری و سەپاندنی سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوڵات.
هەروەها داوای گۆڕینی هەموو سیستمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم وڵاتە دەکەن لەڕێگای هێزەوە.

## ٥- <u>حزبی ( پێشەنگی کرێکارو جوتیاران ) طليعة العمال والفلاحين</u>*

حزبێکی سیاسی میسری مارکسیە، لەلایەن گروپێکی گەنجی ڕۆشنبیری مارکسی و چەند سەرکردەیەکی کرێکارییەوە دامەزراوە، ئەوانی پێشووتر پەیوەندییان بەشانە مارکسیەکان و لیژنەی پشتیوانانی ئاشتی (انصار السلام) هەبووە.
چالاکیەکانیان پێش جەنگی جیهانی دووەم و سالانی سییەکانی سەدەی بیستەم لەسنورێکی تەسکدابووە، ئەم حزبە بلاوکراوەیەکی هەفتەنامەی هەبووە بەناوی (الفجر الجديد) سالی ١٩٤٥، دوو لیژنەی پێکهێناوە بۆ بلاوکردنەوی کتێب و

---

* سەرچاوە : د. عبدالوهاب الكيالي و اخرون – موسوعة السياسة – ج٢ – المؤسسة العربية للدراسات و النشر – بيروت ط٤/ ٢٠٠١ – ص٤٨٨.

توێژینەوەکانی ، ئەو دوو لیژنەیەش بریتی بوون لە: (دار القرن العشرين) و (نشر الثقافة الحديثة) بوو، چەند بابەتێکیان بڵاوکردەوە دەربارەی : ئیستعماری بەریتانی لەمیسر، کیشەکانی جوتیاران، نۆکەندی سوێس.

لەمانگی ئەیلولی١٩٤٦، ئەم رێکخستنە وەك حزبێکی سیاسی تەواو پێکهات، بەرنامەی سیاسی خۆی خستە ڕوو، کۆمیتەیەکی ناوەندی پێکینا لە : احمد رشدى صالح، يوسف درويش، ريمون دويك، صادق سعد، محمود العسكري، ابو سيف يوسف)

لەناو کرێکاران و خوێندکاران چالاکیەکانیان گەشەی کردبوو، لەرێگای چەند رێکخراوێکی تایبەت.

## ٦- حزبی شیوعی میسری ( الراية ):*

حزبێکی سیاسیی مارکسیە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٩ دامەزراوە، لەو کەسانەی بەشداریان کرووە، لەدامەزراندنی (د. فؤاد مرسي، داود عزيز، مصطفى طيبة، سعد زهدان، هەروەها د. اسماعيل صبری عبدالله دوای گەڕانەوەی لەفەرەنسا بەشداریکردووە.

رۆژنامەیەکی نهێنی بەناوی – الراية – لەلایەن ئەم حزبە دەردەچوو، بۆیە ناوی – الراية – یان هەڵگرتووە.

گرینگترین ئەو خاڵانەی لەبەرنامەی حزبە کەداهاتووە:

سەربەخۆیی میسر، کۆتایی هێنان بەسیستمی موڵکداری گەورە، دیاریکردنی رادەی موڵکداریێتی زەوی بە(٥٠) فەدان، خۆماڵیکردنی کۆمپانیا مۆنۆپول و بانکەکان و هەموو دامەزراوە ئیستعماریەکان، بەرپاکردنی ئازادییە سیاسی و سەندیکاییەکان.

---

* سەرچاوە : د. عبدالوهاب الكيالى و اخرون – موسوعه السياسه – ج٢ – المؤسسة العربية للدراسات و النشر – بيروت ط٤ /٢٠٠١ – ص٤٦٢.

ئەم حزبە هەندێ بیروڕای تایبەتی هەبووە دەربارەی حزبە مارکسیەکانی دیکە، بە هەلپەرست تەماشای دەکردن و هێرشی توندی دەکردە سەریان، حزبی وەفدیش بەبورژوازی و دژە شۆڕشی ناو دەبرد.

ئەم حزبە ساڵی (١٩٥١) بانگەشەی بۆ دروست بوونی (بەرەی میللی) کردووە، بەڵام بەمەرجێ حزبی وەفدی تیادا بەشدار نەبێ.

لەکاتی ڕوودانی شۆڕشی ٢٣/تەمووزی/١٩٥٢، پشتگیری دەرکردنی بنەماڵەی شا فاروقی کردەوە، بەڵام شۆڕشەکەشی بەکودەتایەکی سەربازی ناوبردووە بەمەبەستی بەستنەوەی میسر بەئیستعماری ئەمەریکی.

ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ حزبی (الاخوان المسلمین) بەرەیەکیان پێکهێنا بۆ هێرش کردنە سەر ڕژێمی جمال عبدالناصر، بەڵام لەساڵی (١٩٥٥) وە هەڵوێستی خۆی گۆڕی بەهۆی بەشداری حکومەتی میسر لەکۆنگرەی باندونگ (بێ لایەن)، هەروەها کڕینی چەك لەروسیا.

ساڵی (١٩٥٨) لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی دیکەی شیوعیەکان یەکیان گرتەوە، بەڵام دواتر بەهەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی و تێکەڵکردنیان لەناو ڕێکخراوی (الاتحاد الاشتراكي العربي) نارازی بوون و جودا بوونەوە.

ساڵی ١٩٦٥ بەیەکجاری هەڵوەشانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و رێکخراوە مارکسیەکان

# لەمەغرب

کتێبخانەی ئەوانەی

## ١- يەكێتی سۆسیالستی هێزە میللیەكان (الاتحاد الاشتراكي للقوى الشعبية):

بنچینەی سیاسی ئەم حزبە بۆ ئەو رەوتە چەپە دەگەڕێتەوە كەلە حزبی (الاستقلال) جیابۆتەوە[١١٢] لەساڵی (١٩٥٩).

ئەم حزبە وەك لایەنێكی سەرەكی ئۆپۆزسیۆنی چەپ خۆی دەرخست لەماوەی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەم، بەسەر كردایەتی (عبدالرحیم بو عبید).

ئەم حزبە لەراستیدا پێكهاتبوو لەو كەسانەی كە لەحزبی (الاستقلال) جودا ببوونەوە، لەگەڵ چەند كەسایەتیەكی سیاسی، كە سەر بەبزووتنەوەی سەندیكایی مەغرب بوون (یەكێتی كرێكاری لەمەغرب)، لەگەڵ هەندێ لەئەندام و كادیرانی چەند حزبێكی وەك: (الشورى، الاستقلال، الحركة الشعبية) ، كە بە هەموویان بەرەیەكیان پێكهێنا، ئەم پێكهاتەیە زەمینەی ململانێی سیاسی لەناودا خولقا، بەلام لەسەرەتای ساڵانی یەكەمی ژیانی رێكخراوەكە، بەهۆی بوونی (المهدي بن بركة) لەسەركردایەتیەكەی، ململانێیەكان پەرەی نەسەند تارادەی جیابوونەوە، هەروەك لەحەفتاكان روویدا، كاتێ رێكخراوی (٢٢ مارس) جیابۆوە، دواتر لەساڵی (١٩٧٠) یەكێتی سۆسیالستی بۆ هێزە میللیەكان پێكهات.

سەركردەكانی ئەم رێكخراوە هەوڵیاندا زاڵبن بەسەر ناكۆكیەكانی نێوان خۆیان، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٧، سەركردایەتیەكی سێ قۆڵیان پێكهێنا لە (عبدالرحیم بوعبید، المحجوب بن صدیق، عبدالله ابراهیم)، لەسەر بنەمای چالاككردنی تواناو هێزی سیاسی رێكخراوەكە.

ئەم حزبە لەگەڵ حزبەكەی (علال القاسي) هاوپەیمانیەتیەكیان بەست ساڵی (١٩٧٠) بۆ روو بەروو بوونەوەی سیاسەتەكانی دەسەڵات لەمەغرب.

بەلام هەموو ئەو هەوڵانە رێگر نەبوون لەبەردەم دورست بوونی ناكۆكی و ململانێ لەناو سەركردایەتی رێكخراوەكە، بۆیە دەستەیەك بەسەر كردایەتی (عمرو بن سعید)

جيابوونەوەی خۆی راگەیاندو رێکخراوی (٢٢مارس) یان راگەیاند، هەروەها گروپی (عبدالله ابراهيم و المحجوب بن صديق) جيابوونەوەی خۆيان لەژێر ناوی (الاتحاد الوطني للقوات الشعبية) راگەیاند، لەکاتێکدا (عبدالرحيم بوعبيد) و هاورێکانی بەیەکەوە مانەوەو ناوی رێکخراوەکەیان گۆڕی بۆ (الاتحاد الاشتراكي للقوى الشعبية).

لەکەسایەتیەکانی ئەم رێکخراوە، عمر بن جلون، محمد اليازغي، المهدي العلوي، محمد الحبابي، عبدالواحد الراضي، الحبيب القرقاني).

## ستراتیژییەتی حزب:

١) ستراتیژیەت و سیستمی ئەم رێکخراوە، پشتی لەسەر بنەمای بەیەکەوە بەستنی نێوان بوارەکانی (رزگاری و گەشەپێدان و دیموکراسییەت) لەگەڵ بوونیادنانی سیستمی سۆسیالستی دەبەستێت، وەك سیاسەتێکی هەمەلایەن، کە ئامانجی گۆڕانکارییە لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری کۆمەڵگە، بۆ بەرژەوەندی چینی زەحمەتکێشان.

٢) ئامانجی حزب لەبوونیادنانی سیستمی سۆسیالستی، دامەزراندنی کۆمەڵگەی سوسیالستیە، بناغە ئابورییەکەشی: هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، کە ببنە موڵکی گشتی.

٣) ئەم رێکخراوە بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگەی سۆسیالستی، رازی نابێت بەنموونەی رووتی دوور لەواقیع، هەروەها لاسایی ئەزموونە بیانیەکان ناکاتەوە لەم بوارەدا.

٤) پشت بەستنی رێکخراوەکە بەتیۆری (سۆسیالستی زانستی) وەك میتۆدێك بۆ شیکردنەوەو لێکۆلینەوە، دژ نیە لەگەڵ داب و نەریت و بەهاکانی شۆڕشگێری و پێشکەوتووی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی پوخت.

٥) رێکخراوی (یەکێتی سۆسیالستی بۆ هێزە میللیەکان)، خۆی بەبەشێك دادەنێت لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی جیهان.

**هێڵە گشتیەکان، بۆ ستراتیژییەتی دیموکراسی و سۆسیالستی:**

أ) پشت بەستن بەسیستمی پلاندانانی دیموکراسیانە.

ب) خۆماڵیکردنی دامەزراوە بنچینەییەکانی بەرهەم هێنان و گواستنەوەو بانکەکان.

ج) سنوردانان لەبەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەت، هەروەها ڕێگرتن له باڵادەستی ئەم کەرتە بەسەر کەرت و بوارە بنچینەییە ئابوری و نیشتمانیەکان.

د) خۆمالیکردنی بازرگانی دەرەکی.

ه) گشتیکردنی فێربوونی سەرەتایی.

و) جێ بەجێ کردنی چاکسازی بنەڕەتی لەبواری کشتوکاڵی، لەگەڵ جێ بەجێکردنی بنەمای (زەوی بۆ ئەو کەسەی کەبەکاری دەهێنێ).

ز) خۆماڵیکردنی پیشەسازییەکانی، دەرمانسازی، کارگەکانی بەرهەمهێنانی دەرامەتە سروشیتەکان.

**٢- حزبی پێشکەوتن و سۆسیالیزم (حزبی شیوعی مەغرب): (التقدم و الاشتراكية)**

بەکۆنترین حزب دەژمێردرێت لەوڵاتی مەغرب، یەکەم حزبە وەك ڕێکخستن و ئایدیۆلۆژیا[١٦٣] تیۆری (مارکسی – لینینی) پەیرەوکردووە، لەراستیدا ئەم حزبە وەك لقێك بوو، بۆ حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی ئەم حزبە لەساڵی (١٩٣٠) پێکهات، بەڵام لەساڵی (١٩٤٣) وەك ڕێکخراوێك سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو دوای پێکهاتنیەوە لەڕووی ڕێکخراوەیی .

ئەم حزبە لەسەرەتا، وەك لقێکی حزبی شیوعی فەرەنسی دروست بوو، لەلایەن چەند کەسانێکی فەرەنسی نیشتەجێی وڵاتی مەغرب، بەهاوکاری ژمارەیەك لەرۆشنبیران و وردە بورژوازی مەغربی، ئەوانی لەوڵاتی فەرەنسا دەیانخوێند، دواتر سەرکردایەتیەتی حزبیان گرتە دەست، وەك: علي يعته، الهادي مسواك عزيز بلال).

ئەم ڕێکخستنە لەساڵی ١٩٤٣ بەشداریکرد لەپێکهێنانی لقێك بۆ سەندیکاکانی فەرەنسا لەوڵاتی مەغرب، لەژێر ناوی (یەکێتی گشتی سەندیکاکان) بەسەرکردایەتی (الطیب بن غرة) ئەم ڕێکخستنە سەندیکاییە بووە بنچینەیەك بۆ (یەکێتی کرێکاری)، هەروەها بووە هێزی سەرەکی بۆ چینی کرێکارانی مەغرب.

ئەم حزبە بەهۆی سروشتی پێکهاتەکەی و پەیوەندییە دەرەکیەکانی، لەساڵی ١٩٤٤، نارازی بوو بەرامبەر ئەو داواکاریانە بۆ سەر بەخۆیی مەغرب و جیابوونەوەی لەفەرەنسا، بەڵام ئەم هەڵوێستە دوای دوو ساڵ گۆڕانی بەسەر داهات.

حزب لەمانگی نیسانی/١٩٤٦ یەکەم کۆنگرەی خۆی لەشاری (البیضاء) بەست، لەو کۆنگرەیەدا سەرکردایەتی حزب هەڵبژێردرا، کەبەشێکیان خەڵکی وڵاتی مەغرب نەبوون، کۆنگرە دروشمی (سەربەخۆیی نیشتمان و یەکگرتنی خاکی) بەرزکردەوە.

حزب بەرنامەیەکی سیاسی و ئابووری و دیموکراسیانەی خستە روو، سەرەڕای ئامانجەکانی لە چوار چێوە هزرییەکەی خۆیدا، وەك دامەزراندنی ئەنجومەنێکی دامەرزاوەیی، هەروەها هەڵبژاردنی پەرلەمان و جێ بەجێ کردنی سەربەخۆیی ئابوری و چاکسازی کشتوکاڵی و زۆر داواکاری دیکە.

## سەرچاوە هزرییەکانی حزب:[١٦٤]

هەموو بیروبۆچوونە هزری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی حزب، لەسەر بنەمای تیۆری (مارکسی – لینینی) دارێژراون لەچوار چێوەی ئەو هزرەوە ، حزب ئەم ئامانجانەی خستۆتە روو:

أ) جێبەجێ کردنی چاکسازییەکی ڕیشەیی، هەموو بوارەکانی ژیانی وڵات بگرێتەوە، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، بەپشت بەستن بەهزری سۆسیالستی زانستی.

ب) سوود وەرگرتن لەناکۆکی و ململانێیەکانی ناوکۆمەڵگەی مەغرب، بەپشت بەستن بەلایەنە ئەرێنییەکانی سیستمی لیبرالی و دەرهاوێشتەکانی دیموکراسییەتی پەرلەمانی، بەمەبەستی بەدیهێنانی چاکسازییەکان لەوڵاتدا.
ج) زۆر کردنی تواناو هێزی حزب، لەپێناو بەدیهێنانی گۆرانکاری لەبوارەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێو دەوڵەتی.

**ئەکەرکانی بەرنامەی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراسی:**

١- یەکگرتنەوەی خاکی نیشتمان، بەو ناوچانەی کە تائێستا وەرنەگیراونەتەوە.
٢- دروستکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان، ئەو دامەزراوانەی کەهەیە، زیاتر بەدەنگی جەماوەرو بەرژەوەندییەکانیەوە بێت.
٣- رزگارکردنی ئابووری نیشتمانی، لەگەڵ گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنانی لەکەرتە جیاوازەکان.
٤- چاکسازی لەبواری کشتوکاڵی، گەشەپێدانی بەرهەمەکشتوکاڵیەکان، گۆڕینی یاسایی و کارو باری رێکخراوەیی جوتیاران.
٥- جێ بەجێ کردنی داواکاری کرێکاران، چاککردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان.
٦- دانانی بەرنامەیەکی دیموکراسیانە بۆ فێر بوون، بەدیهێنانی کەلتورێکی پێشکەوتنخوازی نیشتمانی ئاست بەرز.
٧- دابین کردنی مافی چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆ هەموو هاوڵاتیان.
٨- چاکسازی لەبواری دادوەری و پەرەپێدان.
٩- باشکردن و پەرە سەندنی بارودۆخی سوپا، وەك دامەزراوەیەکی نیشتمانی.

**حزب و سەندیکاکان:**

حزبی پێشکەوتن و سۆسیالیزم، بەنزیکترین حزبی مەغربی دادەنرێت لەسەندیکاکانەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆنترین ڕێکخراوی جەماوەرییە لەمەغرب، هۆی ئەم حاڵەتەش تەنها ئایدیۆلۆژی نیە، لەبەر ئەوەی حزبێکی مارکسیە، بەڵکو هۆیەکی مێژوویشی هەیە.

ئەم حزبە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو لەوڵاتی مەغرب، تێکۆشاوە لەپێناو دروست بوونی سەندیکای کرێکاری[١٦٥]، ئەویش لەسەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم، کە (یەکێتی گشتی بۆ سەندیکا یەکگرتووەکان) بووەو لەلایەن کۆمۆنیستەکان ڕابەرایەتیان کردووە، لەسەرووی هەموویانەوە (الطیب بوغرة) دیارە لەو سەردەمە، ڕێکخستنی سەندیکایی لەمەغرب، پاشکۆی یەکێتی کرێکارانی فەرەنسابووە (سی، جی، بی) ئەم حزبە ساڵی (١٩٩٥) لەڕێبازی کۆمۆنیستی دوورکەوتەوە، خۆی لەبازنەی چەپی دیموکرات پۆلین کرد، لەساڵی (١٩٩٧) اسماعیل العلوی بۆتە سەرۆکی حزب.

لەرۆژنامەکانی حزب: (حیاة الشعب، الامل، الامة، الجماهیر، المكافح، الكفاح الوطني، المبادیء).

## ٢- ڕێکخراوی کاری دیموکراسی میللی (العمل الدیمقراطي الشعبي):

ئەم ڕێکخراوە لەمێژووی ٤/ئایاری/١٩٨٣ دامەزراوە، وەك یەکێك لەڕێکخستنەکانی چەپی نوێ(١٦٦) سەرەتای دامەزراندنی پێکهاتبوو لە کۆمەڵە کادیرێکی سەر بە(الاتحاد الوطني للقوى الشعبیة) لە شاری فاس، لەگەڵ چەند کادیرێکی سەربە حزبی (التحرر والاشتراكیة) لەشاری الرباط.

بنەما سیاسیەکانی ئەم ڕێکخراوە:

أ) ئەو دیموکراسییەتەی کە دەسەڵات پەیرەوی دەکات، شێوازێکی کۆت و بەندکراوە، لەژێر چاودێریدایە، دەسەڵات بێ دوو دڵی پەنا بۆ بەکارهێنانی

هەموو جۆرە چەوساندنەوەو تۆقاندن دەبات، دژ بەو هێزانەی کەلەسنوری ئەو دیموکراسییەتە دەردەچن.

ب) ئەو بنەماسیاسییەی کە رژێمی پاشایەتی مەغرب پەیرەوی دەکات، بریتیە لە داننەنان بەشەرعیەتی هەر هێزێکی سیاسی (چەندی بێت هێزو قەبارەی)، ئەگەر ئەو هێزە سیاسیە شەرعیەتی دسەڵاتی رژێم قبوڵ نەکات.

**سەرچاوە هزرییەکانی رێکخراوەکە :**

١- پەیرەو کردنی هاوکاری نێو نەتەوەیی، لەنێوان وڵاتە سۆسیالستەکان، لەگەڵ بزووتنەوەکانی رزگاری خوازی نیشتمانی و هێزە شۆرشگێرە کرێکاریەکان لەوڵاتە سەرمایەدارەکان، دژ بە ئیمپریالیزم و رژێمە کۆنەپەستەکان لەجیهاندا.

٢- کارکردن بەپێی ئەو بنەمایەی کە ناکۆکی و جیاوازییەکان لەبواری بەرژەوەندییەکان، لە نێوان هەرسێ لایەنی بەرەی شۆرشی جیهانی، دەگرێ بەکارێکی شیاو دابنرێت، ئەوەش بەهۆی جیاوازی لەپلەکانی گەشە کردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەگەڵ مەرجە مێژوویی و نەتەوایەتیەکانی هەر وڵاتێك.

٣- لەم هەل و مەرجەی ئێستای رژێمە عەرەبیەکان، لەگەڵ لاوازی هێزە شۆرشگێرەکانی ئەو ولاتانە، هاوپەیمانیەتی لەگەڵ (یەکێتی سۆڤیەت) بەکارێکی پێویست دەزانرێ، سەرەرای ئەوەی کە بنەمایەکی بەرەییە دژ بەئیمپریالیزم.

٤- پشتگیریکردنی خەباتی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی بەبێ هیچ مەرجێك، هەروەها پشتگیریکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان و نەتەوە چەوساوەکان.

٥- بەهێز کردنی سیاسەتی ژیانی ئاشتیانەو کرانەوەی نێو دەوڵەتی بۆ خزمەتکردنی ئاشتی جیهانی، بەلام رێگر نەبێت لەبەردەم گەشەپێدانی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی.

**رەخنەکانی ئەم ڕێکخراوە لەرژێمی مەغرب:**

أ) دەربارەی بابەتە نیشتمانیەکان:

١- پەراوێز خستنی ڕۆڵی جەماوەر لەململانێدا، بەهۆی تەسککردنەوەی سنووری ئازادییەکان و پشت گوێ خستنی هەل و مەرجی ژیان و لەناوبردنی ڕۆڵی ئاشکرای ڕاگەیاندن.

٢- لادان و دەرچوون لەچوارچێوەی سیاسەتی بێ لایەنی و پەیوەندییە دەرەکی و نێو دەوڵەتیەکان.

ب) دەربارەی سیاسەتی گەشەپێدان:

١- پشت گوێ خستنی بەرپرسان بۆ بەرنامەی گەشەپێدانی ڕاستەقینە، ڕێکخراوەکە باوەڕی وایە کە هیچ بەرنامەیەکی گەشەپێدان بوونی نابێت، بەبێ چاککردنی لایەنی کشتوکاڵی و بایەخدان بەو ناوچانەی کەبەبیاری و بێ کەڵك ماونەتەوە.

٢- هیچ گەشەپێدانێکی ڕاستەقینە جێ بەجێ نابێت بەبێ چاوخشاندنەوە بەباری کەرتی گشتی، بەمەبەستی پاککردنەوەی لەگەندەڵی و دەست بڵاوی.

ج) دەربارەی سیاسەتی کشتوکاڵی :

مانەوەی دۆخەکشتوکاڵیەکە لەسەر هەمان شێوە، دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەهەناردەو هەڵاوسان لەبواری داهات، هەروەها کۆچکردنی جوتیاران بۆ شارەکان.

چالاکیە ڕێکخراوەیی و ڕۆژنامەگەرییەکانی ئەم حزبە:[١٦٧]

ڕۆژنامەی (أنوال) ئۆرگانی ناوەندی ئەم حزبەیە، ژمارەی یەکەمی لە ١٥/تشرینی دووەمی/١٩٦٩ دەرچووە، ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لەبڵاوکردنەوەی ڕێبازی ڕێکخراوەکە، سەرەتا هەفتانە دەردەچوو بەڵام لەساڵی (١٩٨٤) بووە ڕۆژانە.

ئەم حزبە لەساڵی ١٩٧٢ وەك ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنی بەناوی (٢٣مارس) خۆی ڕاگەیاند، لەڕێگای چەند ڕۆژنامەیەکی عەرەبی و مەغربی ڕاگەیاندنەکانی بڵاوکردەوە، دواتر ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی دەرکرد لەژێر ناوی (٢٣ مارس).

کاری نهێنی ڕێکخراوەکە درێژەی کێشا تامانگی ئایاری/١٩٨٣، دواتر مافی کارکردنی بەئاشکرای وەرگرت لەژێر ناوی (ڕێکخراوی کاری دیموکراسی میللی).

بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی، ئەم ڕێکخراوە (١٦) لیژنەی هەبوو، لەناوەڕاستی ١٩٨٣ کۆڕێکی نیشتمانی سازکرد، بەئامادەبوونی (١٥٠) نوێنەر لەهەموو ئاستە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان و بەبەشداری ئەمینداری گشتی (محمد بن سعید).

لەکۆتایی کۆڕەکە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کەبەرنامەی ڕێکخراوەکەی دەگرتە خۆی، بەیانەکە ئاماژەی بۆ چەند خاڵێك کرد، وەك:

بەدەست هێنانی شەرعیەتی یاسایی هەنگاوێکی گرینگە لەسەر ڕێگای قولکردنەوەی خەباتی دیموکراسی پێشکەوتنخوازی گرێدراو بەبزووتنەوەی جەماوەری.

بەیانەکە داوای راگرتنی هەر کارێکی کرد بۆ ڕێگرتن لەبەردەم هێزە نیشتمانی و دیموکراسییەکان، هەروەها داوای ئازاد کردنی هەموو بەندکراوە سیاسییەکان و گەڕانەوەی هەموو دوور خراوەکانی کرد.

بە بۆچوونی ڕێکخراوەکە، ئەو قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی مەغربی تیادا دەژێ، قەیرانێکی هەمەلایەنەیە، دەرئەنجامی پاشکۆیەتیە بۆ ناوەندەکانی ئیمپریالیزم و هێزە مشەخۆرەباوەکان.

بەیاننامەکە جەختی لەسەر پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان خەباتی نیشتمانی دیموکراسی کرد لەوڵاتی مەغرب، لەگەڵ خەباتی رزگاریخوازی عەرەبی، لەکۆتاییدا دروشمی کۆکردنەوەی هێزە چەپە عەرەبیەکانی هەلگرت.

ئەم ڕێکخراوە هەڵوێستی دەربارەی کێشەی (بیابانی رۆژئاوا) پشتگیری سیاسەتی حکومەتی مەغربی کرد لەم بارەوە، دژ بەهەڵوێستەکانی جیابوونەوە وەستا.

هەولێر ئەدەبی کتێب

### ٤- حزبی پێشەنگی دیموکراتی سۆسیالست : (الحزب الطليعي الديمقراطي الاشتراكي)

حزبێکی سیاسی چەپڕەوی رادیکالە، هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی وەرگرتووە بەرامبەر دەسەڵات[١٦٨] لە ساڵی ١٩٩١، دوای جیابوونەوەی کۆمەڵە کادیرو ئەندامێك لە (یەکێتی سۆسیالستی بۆ هێزە میللیەکان) دامەزرا.

حزب بەشداری هەڵبژاردنەکانی ١٤/کانوونی یەکەمی/١٩٩٧ نەکردوو، داواشی کرد جەماوەر بەشداری نەکەن، بەهۆی ئەم هەڵوێستەی ژمارەیەك کادیرو ئەندامانی زیندانی کران و کەوتنە بەردەم دادگا بۆ لێپرسینەوە.

بەڵام بەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٧) کرد، ئەمینداری گشتی حزب (عبدالرحمن بن عمرو)ە لەکۆنگرەی ساڵی (٢٠١٢) هەڵبژێردرا، کە لەشاری (الرباط) بەسترا.

هەواڵنامەی کێتر

### ٥- رێکخراوی بۆ پێشەوە – (الى الامام):

گروپە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی (مارکسی – لینینی) لەوڵاتی مەغرب، لەناو خوێندکارانی شاری[١٦٩] (فاس – الرباط – البيضاء) دەرکەوتن، ئەم گروپە چەپانە، هەر دوا بەدوای راپەڕینی خوێندکارانی فەرەنسا ساڵی (١٩٦٨) سەریان هەڵداوە، وەك درێژە پێدانێك بوو، بۆ ئەو شەپۆڵە نوێیەی چەپ کە لەئەورووپا سەری هەڵدا، سەرەڕای کاریگەری چەند هۆکارێکی ناوخۆیی لەمەغرب لەراستیدا ئەم گروپە چەپانە، لەهەردوو حزبی رزگاری و سۆسیالیزم (التحرر والاشتراكية) لەگەڵ حزبی، یەکێتی نیشتمانی بۆ هێزە میللیەکان (الاتحاد الوطني للقوى الشعبية) هاتوونەتە خوارەوە بەهاوکاری کۆمەڵە رۆشنبیرێك کە هیچ ئینتمایەکی حزبیان نەبووە پێشتر.

رێکخراوی (بۆ پێشەوە) گروپێکی مارکسی – لینینیی شۆڕشگێرە، لەسەرەتادا لەچەند بازنەیەکی داخراو پێکهات بۆ لێکۆڵینەوەی رۆشنبیری، لەژمارەیەکی گەورەی

رۆشنبیرو خوێندکارانی سەر بەحزبە نیشتمانیەکان، لەکۆتایی شەستەکان سەدەی بیستەم.

ئەم گروپانە کە ئایدۆلۆژیای مارکسی-لینینی و هزری ماوتسی تونگیان پەیڕەو دەکرد، بڕیاریان لەسەر حزبە چاکسازیە نیشتمانیەکانی مەغرب بەکۆتایی هاتوو مایە پوچ دابوو، ئەویش بەهۆی ئەو بەرنامە چاکسازیەی هەڵیانگرتبوو کەهیچ ئاکامێکیش نەبوو.

ئەم ڕەوتە چەپە نوێیە، بەو پێکهاتەی لەگەنجانی رۆشنبیر، باوەڕیان وابوو کەتوانای ئەومیان هەیە ببنە ئەلتەرناتیفێکی نیشتمانی دیموکراسی بابەتیانە، هەروەها حزبی پرولیتاری پێشڕەو بوونیاد بنێن و رابەرایەتی خەباتی چینی کرێکاران بکەن، بە پشت بەستن لەسەر ڕۆڵی رۆشنبیرانی شۆڕشگێر.

رێکخراوی (بۆ پێشەوە) لەمێژووی ٣٠/تەموزی/١٩٧٠ دروست بووە، وەك ئەنجامێك بۆ ئەو ململانێیە چینایەتیەی باوو بووە لەو سەردەمە.

بزووتنەوەی خوێندکارانی مەغرب، ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیە بوو، کە رێکخراوەچەپەکان بەگشتی و رێکخراوی (بۆ پێشەوە)ش بەتایبەتی، لێی هەڵقولاوە.

لەبەرنامەی سیاسی ئەم رێکخراوەدا هاتبوو:

١- زاڵبوون بەسەر چینی دەسەڵاتدراو رژێمی پاشایەتی، دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراسی میللی.

٢- کۆتایی هێنان بەبوونی ئیستعمار لەوڵاتی مەغرب.

٣- بوونیادنانی ئابوریەکی نیشتمانی سەربەخۆ لەئابووری ئیمپریالیزم.

٤- بوونیادنانی کەلتورێکی نیشتمانی دیموکراسی میللی، هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکەلتوریەکان بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەل.

٥- رزگار کردنی ژنی مەغربی، لەکۆیلایەتی و لەهەموو ئەو کۆت و بەندانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەسەریدا دەسەپێنێت.

٦- گەلی بیابان، مافی چارەی خۆنووسینی پێ بدرێت، سەرەڕای پشتگیریکردنی خەباتی ڕەوای گەلی فەلەستین..

٧- پالپشتی و هاوکاریکردنی هەموو گەلانی دژ بەئیمپریالزمی جیهانی.

## ململانێ و جیابوونەوەکانی ناو ڕێکخراوەکە:

ئەم ڕێکخراوە سەرکەوتو نەبوو لەچەسپاندنی پێگەی خۆی لەناو ریزەکانی چینی کرێکاران، سەرەڕای ئەو باوەرە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە بێ بنچینەییەی کەباو بووە لەناو ریزەکانی دەربارەی ڕۆلی لە بوونیادنانی حزبی پرۆلیتاریا، بۆ بەدیهێنانی سەر بەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی.

بەلام، ئەم ڕێکخراوە سەرکەوتوو بوو لەچەسپاندنی پێگەی ڕێکخراوەیی خۆی لەناو خوێندکاران و لاوان.

ئەم ڕێکخراوە گرەوی لەسەر بوارە ستراتیژییەکان درێژە پێدا، بەلام ئەرکە تەکتیکیەکانی پشت گوێ دەخست، کەبارودۆخی خەبات پێویستی پێی دەبێ، بۆیە بەگۆشەگیری دوور لەجەماوەر مایەوە، سەرکەوتووش نەبوو لەبوونیادنانی حزبی پرولیتاری شۆڕشگێر، هەروەها تووشی هەلمەتێکی توندی بەردەوام بووە لەلایەن پۆلیسی مەغربی.

<u>ئەم هەول و مەرجە، دوو ئاراستەی لەناو ڕێکخراوەکە خولقاندن:</u>

- **ئاراستەی یەکەم//**

ئەم ئاراستەیە، هێلی (بۆ پێشەوە) بە هێلێکی ناکۆك دەزانێ، چونکە بوونیادنانی ڕەوتێکی نوێ کاری ڕۆشنبیران نیە، کە دوورن لەململانێی و کشانەوەیان لە بواری خەباتی شۆڕشگێری دژبە بەدوژمنی چینایەتی، بەلکو ئەو کارە بریتیە لە کاروانی خەبات و پڕ ماندوو بوونی درێژخایەن.

هەوالنامەی کتێب

ئەم ئاراستەیە، خۆی بەچالاکییە پرۆلیتارییەکان و بەو توانا و ئەزموونە نموونەییەی هەیەتی دەبەستێتەوە، لەم حالەتەش بەو بە هەلسەنگاندنی ئەزموونەکەو راستکردنەوەی هەوڵەکانی دەست پێدەکات، لەمیانەی خەباتێکی دوورو درێژو ئاڵۆز، مەرجەکانی پێکهاتنی رێکخراوەکە دەووندەبێتەوە، لەگەڵ رەگ داکوتانی لەناو کرێکارو جوتیاران، سەرەڕای بەشداریکردنی لەپرۆسەی بوونیادنانی حزبی پرولیتاری مەغربی.

- **ئاراستەی دووەم//**

ئەم ئاراستەیە هەڵەو نوشوستیەکان دەکاتە سەرچاوە بۆ بڕیاردانی کۆتایی و یەکلایی کەرەوە لەسەر رێکخراوی (بۆ پێشەوە) و دروست بوونی بزووتنەوەی مارکسی لینینی لە مەغرب.

هەروەها دەیکاتە بیانوویەك بۆ پاشەکشەی تەواو و هەڵگەڕانەوە لەسەر رێگای شۆڕش.

رێبازی (بۆ پێشەوە) پەیوەست بووە بەچەند کێشەیەکی رێکخراوەیی و سیاسی، لەپێشەوەیان:

١- پرسی نهێنی لەکاری رێکخراوەیی: مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە ساڵێکی خایاند، بەپێی بنەمایەکی دیالێکتیکی لەکاری رێکخراوەیی نهێنی لەگەڵ کاری سیاسی ئاشکرا.

ئەم بۆ چوونە، بەرجەستە بووە لەوەی کەرێکخستنەکان دەبێ لای دوژمن نهێنی بن، نەك لای جەماوەر.

٢- هەڵوێست لەریفۆرم: هەڵوێستەکانی رێکخراوەکە دەربارەی ئەم بابەتە، کورت دەکرێنەوە لەوەی، کەزۆر ئاستەمە دروست بوونی سیستمێکی دیموکراسی پەرلەمانی بورژوازی، لەبارودۆخی ئێستای مەغرب.

٣- بابەتی توندو تیژی شۆڕشگێری، ئەم بابەتە جێگای بایەخ پێدانێکی تیۆری فراوان بووە لەلایەن ڕێکخراوەکە، لەم بارەوە لێکۆڵینەوە لەشێوە جیاوازەکانی کراوە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، بەپێی دیدێکی مارکسیانە، لەکۆتاییدا گەیشتنە ئەوەی کە ڕێکخراوی بۆ پێشەوە، هەر لەساڵی ١٩٧٢وە هەوڵیداوە دیدێکی ستراتیژی دروست بکات بۆ بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراسی میللی، کە لەگەڵ مەرجە بابەتیەکانی وڵاتدا بگونجێت، هەروەها لەگەڵ پێگەیشتنی بەردەوامی هێزە خودییەکانی جەماوەری کرێکارو جوتیاران.

٤- هەڵوێست لەو ڕێکخراوە جەماوەریانەی کەبەدەسکەوت و بنکەیەکی جەماوەری دادەنرێن، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەماف و دەسکەوتەکانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانە.

هەڵوێستی ڕێکخراوی (بۆ پێشەوە) دەربارەی کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا:

ئەم ڕێکخراوە لەبەڵگەنامەیەکی، کۆمەڵێك بیروراو هەڵوێستی خۆی دەربارەی کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا، خستۆتە ڕوو، لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە:

مێژوو شتێکە، واقیع شتێکی دیکەیە، لەماوەی مێژوودا ئەم بیابانە بەشێك بووە لە مەغرب، کاتێ پەیوەندییە بارزگارنیە هاوبەشەکان بەهەموو ناوچەکانی مەغربی بەستۆتەوە، دواتر، بیابان لەمەغرب دابڕا، بەهۆی ئەوەی پەیوەندییە بازرگانیە هاوبەشەکانی لەگەڵ ناوچەکانی مەغرب پسا.

بەبۆچوونی ئەم ڕێکخراوە: واقیع حالەتێکی بەستوو نیە، بەڵکو دەجوڵێ بەپێی پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە، لەبیابان و لەوڵاتانی دەوروبەری، بۆیە پێویست دەکات، کە جەخت لەسەر ئەوە بکەین و بڵێین، بیابانی ڕۆژئاوا بەشێکی هەتا هەتایە لەمەغرب هەرچۆنێك بێت بارودۆخەکە.

# حزب و رێکخراوه مارکسیەکان
# لە یەمەن

پەڕتووکخانەی کتێب

## ١- حزبی سۆسیالستی یەمەن (الاشتراكي اليمني):

ئەم حزبە لەمانگی تشرینی یەکەمی/١٩٧٨ دامەزراوە، حزبێکی پێشرەوە، پەیڕەوی هزری[١٧٠] (مارکسی – لینینی) دەکات.

یەکەم کۆنگرەی گشتی لەماوەی (١١-١٣/تشرینی یەکەمی/١٩٧٨) بەستووە، لەکۆنگرەدا هەردوو بەڵگەنامەی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پەسند کردووە.

لەماوەی (١٩٧١ - ١٩٨٦) حزبی سۆسیالست، سێ کۆنگرەی گشتی بەستووە، لەماوەی ئەو سێ کۆنگرەیەدا، هیچ گۆڕانکارییەکی هزری یان سیاسی گەورە، بەسەر بەرنامەو بنەما هزرییەکانی بەدی ناکرێ.

دوای دروستبوونی دەوڵەتی یەمەنی یەکگرتوو(لەنێوان باکوورو باشور) حزب لەئازاری/١٩٩١، پێداچوونەوەی بەبەرنامەی سیاسی و پەیرەوی ناوخۆیدا کردووە، هەروەها بەنۆرگانی سەرکردایەتی.

حزب لەبەرنامەی نوێیدا، ئاماژە بۆ تیۆری (سۆسیالستی زانستی) ناکات، بەڵکو بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی حزبی خستۆتە روو:

(حزبی سۆسیالستی یەمەن، حزبی یەکگرتن و دیموکراسییەت و داد پەروەرییە).

بەڵام لەهەیکەلی رێکخراوەیی حزب هیچ گۆڕانێکی گەورە بەدی ناکرێت، هەروەها لەمەرجەکانی ئەندامیەتی و پێکهاتەی رێکخراوەیی.. تادەگاتە شێوازەکانی رێکخستن و چالاکیەکان.

دوای جەنگی ساڵی (١٩٩٤) حزب لەژێر ناوی (لجنة التنسيق والاتصال) ئەنجومەنی رێکخستن و پەیوەندیکردنی نێوان سەرکردایەتی و کادیرە حزبیەکانی لەئەستۆگرتووە، لەناوخۆو لە دەرەوەی وڵات.

**چالاکییەکانی حزب لەم ماوەیەدا بەدوو قۆناغ تێپەڕ بووە:**

١- **قۆناغی یەکەم**// ئەیلولی ١٩٩٤ – ئازاری ١٩٩٧

لەماوەی ئەم قۆناغەدا، کۆمیتەی ناوەندی حزب کۆبوونەوەیەکی ئاسایی (لەئەیلولی/١٩٩٤ بەستووە، لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەم ئامانجانە جێ بەجێکراوە.

أ) گەڕانەوەی حزبی سۆسیالستی یەمەن بۆژیانی سیاسی و ڕێگرتن لەڕوودانی دوو بەرەکی لەناو ڕیزەکانی، هەروەها دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ناوەندی.

ب) پەرلەمانتارانی حزب، پلەی ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندیان پێ بەخشرا، هەروەها سکرتێری کۆمیتەی پارێزگاکان، بوون بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەرەڕای هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی نوێی حزب.

٢- **قۆناغی دووەم**// دەست پێ دەکات لەئایاری/١٩٩٧ تا تشرینی دووەمی/١٩٩٨،

دوای گۆڕانکاریەکان لەهەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب، دەسکرا بەچالاکی بەرەو گەشەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکانی حزب لەپارێزگاکان، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوو ئۆرگانە ناوچەییەکانی پارێزگاکان لەگەڵ سکرتارییەتی کۆمیتەی ناوەندی.

کۆنگرەی چوارەمی حزب، بەگەورەترین دەرگای گۆڕان دادەنرێت بەرەو دیموکراسییەت،

گرینگی ئەوکۆنگرەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم کۆنگرەیە دوای جێ بەجێ کردنی یەکگرتنەوەی یەمەن.

**گرینگترین ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە:**(١٧١)

دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری بۆ حزب، دانانی چوار یارمەتیدەر بۆ ئەمینداری گشتی لەناو بەشەکانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تەواو لەناو حزب، بڕیاردان لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەها بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئاستی ڕێکخراوەیی حزب بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەکرێت:

١- ئاستی ڕێکخراوەیی باڵا: مەکتەبی سیاسی و ئەمینداری گشتی و لیژنەی چاودێری و پشکنینی باڵا دەگرێتەوە.
٢- ئاستی ڕێکخراوەیی ناوەڕاست: ئەنجومەنی گشتی، لیژنەی چاودێری و پشکنین، کۆمیتەی ناوەندی دەگرێتەوە.
٣- ئاستی ڕێکخراوەیی بنەکەکان: ئۆرگانەکانی شانە، ڕێکخراو، لیژنە حزبیەکان دەگرێتەوە.

## ئامانجەکانی حزب:

**یەکەم:** لەبواری سیاسیدا:

١- ئامانجە ناو خۆییەکان: دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ، دەوڵەتی کرێکارو جوتیارو سەرجەم زەحمەتکێشان، کەحزب ئاراستەو سەرکردایەتی بکات، بەرەو تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانی وديموكراسی، هەروەها هەنگاونان بەرەو سۆسیالستی.
٢- ئامانجە دەرەکیەکان: یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی یەمەن، بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەرەی سۆسیالیزم و دژایەتی کردنی زایۆنیزم و ئیستعمار بەهەموو شێوەکانی.

**دووەم:** لەبواری ئابوریدا:

١- قوڵکردنەوەی ڕۆڵی هەردوو کەرتی گشتی و هەرەوەزی، کەلە پێگەی پێشەوە دابن لەهەموو کاروبارێکی ئابووری.
٢- دروستکردنی ئابوریيەکی نوێی بەرهەم هێنان، کەپشت بەپلانێکی ناوەندی دەوڵەت ببەستێ لەهەموو لقەکانی ئابوری نیشتمانی.
٣- سوود وەرگرتن لەدەرامەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی وڵات، بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی گەل و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان.

**سێیەم: لەبواری ئایدیۆلۆژیدا:**

١- لەناوبردنی ئایدیۆلۆژیاو کەلتورە کۆنە پەرستەکان و داب و نەریتی کۆن.

٢- رواندن و قولکردنەوەی چەمك و هەلۆیستە ئایدیۆلۆژییە نوێیەکان، بلاوکردنەومیان لەناو ئەندامان و ناوەندە کۆمەلایەتیەکان.

**چوارەم: لەبواری خزمەتگوارییە کۆمەلایەتیەکان:**

١- پەرەپێدانی فێربوونی گشتی و پیشەیی و بالا.

٢- نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٣- چاککردنی خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی.

٤- بلاوکردنەوەو پەرەپێدانی چارەسەریە پزیشکیەکان.

٥- بەرزکردنەوەی ئاستی لەش ساغی و تەندروستی جەماوەر.

## ٢- حزبی گەلی سۆسیالستی (الشعب الاشتراكي):

سالی ١٩٦٢، باشوری یەمەن بەزنجیرە رووداوێکی سیاسی گەورەدا پێپەربوو، لەو رووداوانە[١٧٣] بزووتنەوەی کرێکاری لەشاری (عدن) رۆلێکی گەورەی گێراوە، سەرمرای هەولەکانی دەسەلاتداری ئیستعماری بەریتانی بۆ کۆسپ دانان لەبەردەم ئەو بزووتنەومیە.

ئەم بارو دۆخە، هاندەرێکی سەرەکی بوون، کەسەرکردەکانی کۆنگرەی کرێکاری هەولی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بدەن و ببێتە رووکارێکی سیاسی بۆ ئەو بزووتنەوە کرێکاییە، سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوە کرێکاریانە، توانیان کەسانێکی دیکەش بەشداری پێ بکەن لەدەرەوەی چینی کرێکاران، بۆ دروست کردنی (حزبی گەلی سۆسیالست) بەسەرکردایەتی عبدالله عبدالمجید الاصنج.

ئامانجە سیاسییەکانی ئەم حزبە خۆی لەم خالانە بەرجەستە دەکرد:

١- هەرێمی یەمەن بەشێکی سروشتیە لەنیشتمانی عەرەبی، گەلی عەرەبی یەمەنیش بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.
٢- باوەرهێنان بەوەی کە زرگار کردنی یەمەن لەئیستعمارو کۆنەپەرستی، هەروەها بە دیهێنانی یەکگرتنی لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی و سۆسیالستی، رێگای راستە بۆ بەشداریکردن لەیەکگرتنی نەتەوەی عەرەب لەچوار چێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو.
٣- بوونیادنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالستی، لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەلایەتی، بەشداری دەکات لەبوونیادانانی جیهانێك، لەمیانەیدا مرۆڤایەتی و ئازادی و یەکگرتن و سۆسیالستی تیادا بەدی بێت.

## ٣- یەکێتی گەلی دیموکرات: (اتحاد الشعب الدیمقراطي)[١٧٣]:

یەکێتی گەلی دیموکرات، رەوتێکی مارکسیە لەیەمەنی باشور، بۆ ماوەی نۆسالێك (بەتایبەتی لە ١٩٥٢ – ١٩٦١)، بازنەو ئەندامانی ئەم رەوتە لەهەوڵی ئەوە دابوون کە بەرنامەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دارێژن و لەچوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا کاربکەن، لەو ماوە دوورو درێژەدا، لەرێگای چەند سەرچاوەیەکی دیکەی، وەك: رۆژنامەو گۆڤاری یانە رۆشنبیرییەکان، رێکخراوی نووسەرانی ئازاد، پشتیوانانی ئەدەب توانرا، بیرو باوەڕەکانی خۆیان بلاوبکەنەوە.
ئەم رەوتە لەباکوردا چالاکیەکانیان زیاتر گەشەی کردووەو چەند لقێکیان پێکهێناوە، لەناو کادیرە[١٧٤] چالاکەکانیان، عبداللە بأذیب، دەرکەوتووە، وەك کادیرێکی بەتوانا لەناو کرێکاران و خوێندکاران.
ساڵی (١٩٦٠) لەئاکامی رێگا پێدان بەحزبە سیاسییەکان و کاری سیاسی لەلایەن دەسەلاتداری ئیستعماری بەریتانی، ئەو رەوتە[١٧٥] هەوڵیدا سوود لەم دەرفەتە

وەربگرێت، بۆیە بڕیاریاندا بەدامەزراندنی حزبی (یەکێتی گەلی دیموکرات)، لە ٢٢/تشرینی یەکەمی/١٩٦١، کۆنگرەی دامەزراندنیان بەست.

ساڵی ١٩٦١ عبدالله باذیب کتێبێکی دەرکرد لەژێر ناوی (بزووتنەوەی نیشتمانی بەرەو کوێ)[١٧٦] لەم کتێبەدا سروشتی قۆناغی خەبات و دژایەتیکردنی ئیستعماری روونکردەوە، ئەم قۆناغەی ناونا قۆناغی رزگاری نیشتمانی دیموکراسی.

بەرنامەی خەباتی ئەم قۆناغەی بەدوو خاڵ کورت کردەوە، ئەو دوو خاڵەش:

**أ) خەبات دژی ئیستعماری بەریتانی و ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەناوچەکە.**

**ب) تێکۆشان دژی هێزە دەرەبەگ و کۆنە پەرستەکان لەباشوور.**

هەر بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتی یەمەن، هەروەها لەژێر فشاری ئەو[١٧٧] هەڵمەتە توندەی دژ بەمارکسیەت و حزبە کۆمۆنیستەکان، چ لەلایەن دەسەڵات بێت یان هێزە کۆنەپەرستەکان، هەر بۆ مەبەستی خۆپاراستن لەدژایەتیکردن بەناوی ئایین و نەتەوەو بگرە نۆکەریش بۆ دەرەوە، سەرکردەی ئەم رەوتە (عبدالله باذیب) و هاورێکانی پەنایان بۆ چەند ناو و زاراوەیەك برت کەڕاستی بیروبۆ چوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان دەرنەخات.

ئەم رێکخراوە ئەگەرچی لەبواری کاری رێکخستنی سیاسی بچووك بوو، بەڵام کاریگەری هزری و سیاسی و دەنگدانەوەی لەبواری راگەیاندنەوە زۆر لەوە گەورەتربوو.

مارکسیەکان لەیەمەنی باشور، لە کۆتایی ساڵی (١٩٦١) بۆ پاڵپشتی حزب و زیاتر چالاکی نواندن لەناو لاوان، رێکخراوێکیان دروست کرد بەناوی (رێکخراوی یەکگرتووی لاوانی یەمەن)، ئەم رێکخراوە، رێکخراوێکی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی دیموکراسییە، بەسەرۆکایەتی (عبدالله عبد الجيد السلفي)، ناوبراو لەساڵی (١٩٦٦)، تیرۆرکرا کاتێ سەرۆکی سەندیکای کرێکارو فەرمانبەرانی بانکەکان بوو.

**لەهەڵوێستە سیاسییەکانی ئەم حزبە:**

١- حزب پشتگیری شۆڕشی ٢٦/ئەیلولی/١٩٦٢ کرد لەیەمەن.

٢- حزب پشتگیری خۆی بۆ خەباتی چەکداری دەبڕی، کەلەلایەن (بەرەی میللی) یەوە لە ١٤/کانوونی یەکەمی/١٩٦٣ ڕاگەیەندرا.

٣- لەدوای ٣١/کانوونی دووەمی/١٩٦٨، بەدوو مانگ دوای سەربەخۆیی، هاوڕێکانی (عبدالله السلفی) بەڵگەنامەیەکیان بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (دیدێك دەربارەی قۆناغی ئێستا، شۆڕشی ١٤/ئۆکتۆبەر، سروشتەکەی، ئەرکەکانی ئایندەی).

٤- ئەم حزبە یەکەم ڕێکخراو بوو داوای یەکگرتنی هەموو گروپە شۆڕشگێڕەکانی کرد لەناو یەك ڕێکخستن و لەبەر ڕۆشنایی سۆسیالزمی زانستی.

**٤- حزبی پێشڕەوی میللی: (الطليعة الشعبية)**

حزبێکی دێرینە، ڕەگ و ڕیشەی مێژووی بۆ نیوەی یەکەمی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە[١٧٨]، ئەم حزبە لەسەرەتای دروست بوونی حزبێکی نەتەوایەتی بوو، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی لەگەل حزبی بەعس عەرەبی سۆسیالست هەبووە، بەڵکو وەك لقێکی ئەو حزبە بوو لەیەمەن.

دواتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ (سەرکردایەتی نەتەوایەتی) حزبی بەعس پساندو لەڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوەش گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات، ئەویش بەپەیڕەوکردنی بیروباوەڕی مارکسیەوە.

بەڵگەنامەیەکی مێژووی ئەم حزبە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گۆڕان بەرەو هزری چەپی مارکسی و سۆسیالستی لەساڵی (١٩٦٥)وە دەستی پێکروە، لەم بارەوە خوێندکارە یەمەنیەکان لەشارەکانی وەك (قاهرە، دمشق، بغداد) ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لەپەلە کردن لەو گۆڕانە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەییەوە بەرەو هزری سۆسیالستی

زانستی، ئەوەی دووەمیش لەکادیرو ئەندامانی حزب رۆڵیان هەبووە لەپێگەیاندنو پەرەپێدانی ئەو گۆڕانکاریانە شان بەشان رابەرەمێژووییەکان.

لەلایەکی دیکەوە راپۆرتی رێکخستنی ئەم حزبە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (رەوتی پێشکەوتووی ناو حزب خۆی بەناچار بینی بۆ ئەوەی لەچەند بازنەیەکی زۆر تەسکدا کار بکات، بەمەبەستی فراوانکردنی بنکەی پشتیوانان بۆ ئەو بیروباوەرە (مارکسی)یە، ئەو هەوڵانە بەرەو ڕووی زۆر کۆسپ دەبوونەوە، تا ئەو کاتەی حزب توانی خۆی لەهەموو ئەو ئەندامانە رزگار بکات کە رێگر بوون لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی لەناوجەماوەر، ئەم رەوتە پێشکەوتووەی ناو حزب توانای فراوانکردنی بنکەو چالاکی جەماوەری و رێکخراوەیی خۆی نەبووە، بەمەبەستی پشتگیریکردن لەهزری مارکسی – لینینی، تاسەرەتای ساڵی ١٩٦٧.

چەند قۆناغێکی سیاسی و رێکخراوەیی مێژوویی بۆ گۆڕان بەرەو حزبی پێشڕەوی میللی:

١- لەمانگی کانوونی یەکەمی/١٩٦٦، مەکتەبی عەسکەری لەناو حزبی بەعس دروست بوو، کەبەوە رچەرخانێکی سیاسی ئایدیۆلۆژی دادەنرێت لەمێژووی حزبدا، ئەو ئۆرگانە سەرکردایەتیە بڕیاریدا بەدروستکردنی (رێکخراوی پێشەنگانی جەنگی رزگاری میللی).

بیرو بۆچوونی ئەم رێکخراوە لەدوای سەر بەخۆیی راستەوخۆ لەگەڵ کێشەی یەکگرتن نەبووە، لەناو یەك حزب، یان حزبێکی پێشڕەو کە هەموو گروپە چەپەکان بۆ کۆبکاتەوە، بەڵکو بیروڕایان لەگەڵ دروشمی (بەرەی نیشتمانی دیموکراسی) بووە، وەك قۆناغێکی گواستنەوە.

رێکخراوی حزبی بەعس لەتشرینی دووەمی/١٩٦٩، بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی (بەرەی نیشتمانی دیموکراسی) وەك رێنماییەکی تیۆری، تیایدا بانگەشەی ئاشکراو ڕوونی کردووە بۆ پەیرەوکردنی هزری مارکسی – لینینی.

٢- لەکانوونی دووەمی/١٩٧١ کۆنگرەی گشتی دووەمی ڕێکخراوی بەعس بە سترا لەو وڵاتە، لەسەر ڕێگای گۆڕان بەرەو مارکسیەت، لەو کۆنگرەیە بڕیاری پساندنەوی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکان درا لەگەڵ سەرکردایەتی نەتەوایەتی بەعس لەدمشق.

٣- لە ١٠/ئەیلولی/١٩٧٢، مەکتەبی سیاسی حزبی (پێشڕەوی میللی) یاداشتێکی بۆ (ڕێکخستنی سیاسی بەرەی نەتەوایەتی) نارد، کەبیرو بۆ چوونەکانی خۆی دەربارەی یەکگرتنی حزب و ڕێکخراوەکانی کاری دیموکراسی خستەڕوو.

٤- لەگەرمەی گفتوگۆکانی ڕێکخراوی بەعس لەباشوری یەمەن، کەلەگەڵ (ڕێکخستنی سیاسی و بەرەی نەتەوایەتی) و (حزبی یەکێتی گەلی دیموکرات) ئەنجام دران دەربارەی یەکگرتنی ئامرازە سیاسییەکانی شۆڕش لەیەمەن، هەروەها دروستکردنی ڕێکخستنی سیاسی یەکگرتوو یان (حزبی پێشڕەوی نوێ)، ڕێکخراوی بەعس بیری لەئایندەی پەیوەندییەکانی دەکردەوە لەگەڵ لقی حزب لەباکوری یەمەن، کەبڕیاری کۆتایی دابوو بەراگەیاندنی ناوی حزبی (پێشڕەوی میللی) لەمانگی کانوونی دووەمی/١٩٧٣.

٥- لە ٥/نیسانی/١٩٧٤، ئەنجومەنی نیشتمانی سەر بەڕێکخراوی بەعس لەیەمەنی باشوور، کۆبۆوە، لەوکۆبوونەوەیە بڕیار لەسەرناوی (حزبی پێشڕەوی میللی) درا، کە بەرهەمی گەورەی ئیرادەی یەکگرتن بوو، ئەو بڕیارە بەدەنگەوە هاتنێک بوو بۆ ئەو پەیوەندییە زیندووەی نێوان هەردوو لای حزب لەباکوورو باشوور.

٦- لەئەنجامی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی سەربەحزبی(پێشڕەوی میللی) لەیەمەنی دیموکراسی (ڕێکخراوی پێشووی بەعس) بەیانێك بڵاوکرایەوە، تیایدا هاتبوو (کارێکی پێویست و گرینگ بوو یەکلاکردنەوەی ناوەکە، بۆ ئەوەی کۆتایی بەباوەڕێکی هەڵە بهێنین لای هەندێ کەس، دەربارەی پەیوەندی حزبمان

بەحزبی بەعسی سۆسیالست) کەئەمەش کارێکە لەگەڵ فیکری گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە ناگونجێت.

٧- لەشوبات/١٩٧٥، هەنگاوی سیاسی بەرەو بڕیاردان لەسەر یەکگرتنی هەر سێ ڕێکخراوی سیاسی (ڕێکخستنی سیاسی بەرەی نەتەوایەتی، یەکێتی گەلی دیموکرات، حزبی پێشڕەوی میللی) کۆتایی هات، دوای ئەوەی بنەمای ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستی چینایەتی بۆ هەرسێ ڕێکخراوەکە یەکیان گرت.

٨- لەنێوان (٢١-٢٤/ئابی/١٩٧٥) سێیەم کۆنگرەی گشتی حزبی پێشڕەوی میللی بەسترا، لەو کۆنگرەیە بڕیار لەسەر ڕێککەتنی ٥/شوباتی/١٩٧٥ درا، سەرەڕای لێکۆڵینەوە دەربارەی چەند بابەتێکی گرینگ، لەوانە:

أ) بابەتی کشتوکاڵی لەیەمەنی دیموکرات.

ب) بزووتنەوەی هەرەوەزی و ناوەڕۆکە دیموکراسییەکەی لەیەمەنی باشور.

ج) بەڵگەنامەیەکی مێژوویی باس لەمێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی دەکات لەیەمەن.

هەولێرنامەی کتێب

**٥- بەرەی نەتەوایەتی بۆ ڕزگاری باشوری یەمەنی داگیرکراو (ج – ق – ت – ج . ی . م ):**

ئەم بەرەیە لەنۆ ڕێکخراوی جیاواز پێکهاتووە، ئەو ڕێکخراوانەش ئەمانە:[١٧٩]

"بەرەی چاکسازی یافع، ڕێکخراوی لاوانی المهرە، ڕێکخراوی خێڵەکان، بەرەی ناصری، ڕێکخستنی نهێنی ئەفسەرو سەربازانی ئازادیخواز، ڕێکخراوی شۆڕشگێری بۆ ئازادیخوازانی باشووری یەمەنی داگیرکراو، بەرەی نیشتمانی، پێشرەوە شۆڕشگێرەکانی عەدەن، ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێری باشووری یەمەنی داگیرکراو."

کەسەکانی ئەو هێزو ڕێکخراوانە، پێکدێن لەچەند سەرکردەیەکی عەشایری کەپالپشتی سیستمی کۆماریان دەکرد، لەگەڵ چەند ئەفسەرێك کەلەلای حکومەتەکانی سعودی و وڵاتانی کەنداو بەپارە کاریان کردووە، سەرەڕای کۆمەڵە

ڕۆشنبیرێکی شاری (عەدەن) و کۆمەڵە کەسانێك باوەڕیان بەخەباتی چەکداری هەبووە.

هەموو ئەو هێزە شۆڕشگێرانە لەباشوری یەمەن، لەمانگی حوزەیرانی/١٩٦٣ کۆبوونەوەو بەرەی نەتەوایەتیان پێکهێنا.

ئەم بەرەیە، نەلەڕووی ڕێکخستنەوە، یان لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە، لەشێوەی حزبێکی سیاسی سۆسیالستی نزیك نەبۆتەوە لەو سەردەمە، بەلام دوای سەربەخۆیی یەمەن، بەرە پابەندبوونی خۆی بەهزری مارکسی – لینینی ڕاگەیاند.

بەرە لەمانگی نیسانی/١٩٦٤ بەیاننامەیەکی دوورو درێژی دەرکرد، لەو بەیانە **هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی خستە ڕوو:**

١- سولتان و وەزیرەکانی باشور نوێنەری گەل نین، ئەو مافەیان نیە بەناوی گەلەوە بدوێن، ئەوانە نۆکەری ئیستعمارن و خەیانەتیان لەکێشەی ڕاستی باشوور کردۆتەوە.

٢- گەلی باشور، دان بەهیچ بەڵێن و پەیمانێك نانێت کە ئەوان لەگەڵ ئینگلیز دەیبەستن، پابەندیش نابێت بەو بەلێن و پەیمانانە.

٣- بەرە کە ئێستا بەخەباتێکی چەکداری هەستاوە، دژ بە ئینگلیزی داگیرکەر، ئەم داواکارییە جەماوەریانە دەخاتە ڕوو.

أ) دابین کردنی مافی چارەی خۆ نووسین.

ب) کشانەوەی تەواو لەباشووری یەمەن، بەمانای ئەوەی هەموو هێزو سەربازگەکانی لەو ولاتە نەمێنێ.

٤- بەرە بەناوی گەلەوە رایدەگەیەنێ، کە بەهیچ شێوەیەك دەست لەو ئامانجانە هەڵناگرێ، بەڵکو درێژە بەخەباتی دەدات تاسەرکەوتن.

بەرە، یەکەم کۆنگرەی لە ٢٢/حوزەیرانی/١٩٦٤ بەست، لەم کۆنگەرەیەدا، ئایدیۆلۆژیای خۆی ڕاگەیاند لەمیانەی ئەو پەیمانە نیشتمانیەی کەبڕیاری لەسەر درا، لەو

پەیمانەدا هاتبوو: ئەو شۆڕشە چەکدارییەی کە هەموو باشووری گرتۆتەوە، وەك ئیرادەیەکی گەلی عەرەب، هەروەها وەك، ئامرازێکی بنچینەیی بۆ بەرگریکردنی میللی دژ بە ئیستعمار و بەرژەوەندی و بنکەو دامەزراوەکانی.

ئەم شۆڕشە تەنها مەبەستی دەرکردنی ئیستعمار نیە لەناوچەکە، بەڵکو گوزارشتە لەدیدێکی گشتی بۆ ژیان، ئامانجی گۆڕانێکی بنچینەیی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەیە کەئیستعمار خوڵقاندوویەتی، لەڕێگای ئەو چەمك و بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆیەوە چەوساندنەوەو زۆرداری بەکاردێنێ، هەروەها ئامانجی شۆڕشەکە، دیاریکردنی جۆری ئەو ژیانەیە کە جێگای ویستی گەلە، لەگەڵ شێوەی ئەو پەیوەندییانەی کە دەیەوێت بێتەدی، لەسەر ئاستەکانی ناوچەیی، هەرێمایەتی، نەتەوایەتی و جیهانی.

بەرە لەناوچەی (ردفان) لە ١٤/تشرینی یەکەمی/١٩٦٣ دەستی کرد بەخەباتی چەکداری، سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی شۆڕش لەناوچەکە (علی عنتر) بوو.

بەرە دوای دوو ساڵ لەخەباتی چەکداری (واتە ساڵی ١٩٦٥) دابەش بوو بەسەر دوو بەشی ناکۆك، ئەو دوو بەشەش:[١٨٠]

أ) بەرەی نەتەوایەتی.

ب) بەرەی رزگاری باشوری یەمەن(ڕێبازێکی میانڕەوانەی هەڵگرتبوو)، لە سەرکردەکانی (عبدالله الاصنج)

لەدوای ساڵی ١٩٦٣وە، وردە وردە گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر (بەرەی نەتەوایەتی) روویدا[١٨١] لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵێکی نوێی تێکۆشەران، بەناوی سەرکردایەتی لاوەکی.

بەرەی نەتەوایەتی، بەهۆی کاریگەری گروپێکی بچووك لەکۆمۆنیستەکانی شاری (عەدەن) کە بەناوی (اتحاد الشعب الديمقراطي) دەناسران و لەلایەن (عبدالله باذيب) وە سەرکردایەتی دەکرا، رووی لەتوندرەوی و رادیکالیەت کرد.

بەرەی نەتەوایەتی، لیژنەیەکی بەسەرکردایەتی (قحطان الشعبي) ڕەوانەی کۆنگرەی گشتی بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەبی کرد لەساڵی ١٩٦٤، دیارە پەیوەندی نێوان ئەم دوولایە بەهێزو بەردەوام[١٨٢] بووە، هەر بۆ هاوکاریکردنی بەرەی نەتەوایەتی و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی، بزووتنەوەی ناسیۆنالست خوازان لیژنەیەکی سێ کەسی پێکهێنا، لەناویاندا (د. احمد الخطیب و عبدالاله النصراوی) دوای چەندین کۆبوونەوە، بیروراکان دابەش بوونە سەر دوو ئاراستە، لەناو بزووتنەوەو لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی یەمەنی باشور، ئاراستەیەك لەگەڵ خەباتی چەکداری بوو، ئاراستەی دووەم دژی بوو.

دواتر ناکۆکی و دووبەرەکی جارێکی دیکە لە ناو بەرە تەقییەوە، لەبەر زۆر هۆکار، هەندێکیان ناوخۆیی[١٨٣] بوون، وەك پرسەکانی ڕێکخستن و ئایدیۆلۆژیا، هەندێکیشان دەرەکی بوون، بەهۆی دەست تێوەردانی حکومەتی (سەردەمی جمال عبدالناصر)لەلایەکەوە، هەروەها بەریتانیا لەلایەکی دیکەوە.

ئەو ناکۆکی و ململانێیە، گەیشتە رادەی شەڕی چەکداری ناوخۆیی، کە درێژەی کێشا تاساڵی (١٩٦٧)، کاتێ یەمەنی باشوور سەربەخۆیی بەدەست هێنا لە٣٠/ئەیلولی/١٩٦٧ بەسەرکردایەتی بەرەی نەتەوایەتی.

بەرە، بەسەرکەوتنی و گرتنە دەستی بۆ دەسەڵات، بەرەو ڕووی چەندین کێشە بۆتەوە دەربارەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

کۆمەڵگەی یەمەنی باشور، پێکهاتەیەکی عەشائری دواکەتوو بوو، دەسەڵاتی ئیستعمار بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی ماوەیەکی دوورو درێژ بەڕێوەی بردووە، گۆڕینی ئەو بارو دۆخە، بەمانای پاکردنەوەی لەرووی سیاسییەوە، ئەو هێزانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە بگۆڕدرێن، دواتر گۆڕان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، کارێکی ئاسان نەبووە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش: ئایا دەبوایە لەڕێگای دەزگاکانی دەوڵەت کاربکرێت لەو ماوەیەدا ئەو واقیعەی هەیە قبول بکرێت؟ (ئەمەش هەڵوێستی قحطان الشعبي و لایەنگرانی بووە)، یان ئەو دام و دەزگایە هەڵبوەشێتەوە بە دەوڵەتێکی جەماوەری بگۆڕدرێت؟! (ئەمەش هەڵوێستی لایەنی چەپی توند بووە)، بەپێی بۆ چوونەکانی لینین، هەروەك لەکتێبی (دەوڵەت و شۆڕش)دا هاتووە، بەرە، هەوڵیدا کەپێش سەرکەوتن و سەربەخۆیی، کۆنگرەی حزبی ببەستێ، بەڵام ئەو کۆنگریە دواکەوت بۆ دوای سەرکەوتن.

لەکۆنگرەی چوارەم، ناکۆکی و ململانێی توند روویدا لەناو بەرەدا، باڵی چەپی توندرەو بەسەرکردایەتی (عبدالفتاح اسماعیل) سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، ئەم لایەنە بەرنامەی خۆی لەڕێگای (عبدالفتاح اسماعیل)ەوە خستە ڕوو لەراپۆرتێك بە ناونیشانی (ڕێگای ناسەرمایەداری بۆ گەشەکردن).

لەبەرامبەردا (قحطان الشعبي) لەبەیانێکی فەرمی دوای کۆنگرە بڵاویکردەوە کە رەخنەی لەو هەڵچوونە چەپرەوییە هەیە، بەبۆچوونی (الشعبی) نەیارەکانی تووشی هەڵەی گەورە بوونە، بەباوەڕهێنان بەململانێی چینایەتی و سەپاندنی دیکتاتۆرییەتی یەك چین، بەڵکو دەبێ کاربکەن لەپێناو ڕێککەوتن و تەبایی لەنێوان چینە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵگە.

بەڵام کۆنگرەی چوارەمی بەرە، بەگەرمی پشتگیری لەباڵی چەپی (عبدالفتاح اسماعیل)ی کرد، لەکۆتایی کۆنگرە، سەرکردایەتیەکی گشتی نوێی هەڵبژارد لە (٤١) ئەندامی ئەو باڵە.

لەبەیانی کۆتایی کۆنگرە، بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی (بەرەی نەتەوایەتی) کراوە: "ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕە، نوێنەری بەرژەوەندییەکانی کرێکارو جوتیارو سەربازو رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانە، پەیرەوی تیۆری سۆسیالستی زانستی دەکات بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ڕێبازی کارکردن"

کۆنگرەی پێنجەمی بەرە لەشاری (عەدەن) لەئازاری/١٩٧٢ بەسترا، ئەو کۆنگرەیە جیاوازی هەبووە لەگەڵ کۆنگرەی چوارەم کەلە (زنجبار) بەسترا لە ١٩٦٨، لەبەر ئەوەی (قحطان الشعبي) و لایەنگرانی لەبەرەی نەتەوایەتی دەرکرابوون، بۆیە دەکرێ بووترێ کە ئەمە یەکەم کۆنگرەی (بەرەی نەتەوایەتی) بوو بە دوور لەململانێی نێوان باڵەکانی چەپ و ڕاست.

لەدوای سەربەخۆیی یەمەنی باشور، ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوو کەسایەتی چەپ هاتنە ناو ریزی بەرەی نەتەوایەتی، بەرە بنکەیەکی فراوانی لەناو بزووتنەوەی سەندیکا کرێکاریەکان پەیداکرد، ژمارەی لایەنگرانی لەکرێکارانی ساڵی ١٩٧٢ دەگەیشتە (٤٥) هەزار کرێکار.

لە٥/شوبات، سێ ڕێکخراوەکەی (بەرەی نەتەوایەتی یەکێتی گەلی دیموکراسی، حزبی[١٨٤] پێشرەوی میللی، ڕێککەوتنی شوباتی/١٩٧٥ یان ڕاگەیاند.

هەر لەپێناو بەستنی کۆنگرەی یەکگرتن، بەرەی نەتەوایەتی کۆنگرەی شەشەمی خۆی بەست، هەروەها یەکێتی گەلی دیموکراسی، کۆنگرەی گشتی دووەمی بەست، حزبی پێشڕەوی میللی، سێیەم کۆنگرەی بەست.

ئەم هەنگاوە سیاسییانە، پێویست بوون بۆ ڕێکخستن و یەکگرتنی ئامرازی شۆڕش و لەدایکبوونی ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو.

لەماوەی (١١-١٣/تشرینی یەکەمی/١٩٧٥) کۆنگرەی یەکگرتنی نێوان ئەو سێ ڕێکخراوەی سەرەوە بەسترا، لەژێرناوی (ڕێکخستنی سیاسی یەکگرتوو، بەرەی نەتەوایەتی)، لەو ڕاپۆرتەی لەلایەن (عبدالفتاح اسماعیل)ەوە پێشکەشی کۆنگرەی یەکگرتن کرا، تیادا هاتبوو: "یەکگرتنی ئەو سێ ڕێکخراوە لەچوار چێوەی یەك ڕێکخستندا، بابەتێکی ئەقلانی پەسند کراوە لەم بارو دۆخەدا"

هەر لەتشرینی یەکەمی/١٩٧٨، هەموو ڕێکخراوە چەپ و مارکسیەکان، لەباکوورو باشووری یەمەن، یەکیان گرت لەژێر ناوی، حزبی سۆسیالستی یەمەن.

هەواڵنامەی کتێب

# حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان
# لە لیبیا

هەواڵنامەی کتێب

## شیکردنەوەیەکی گشتی

دەکرێ ژیانی حزبایەتی لەلیبیا بەسەر سێ قۆناغی جیاواز دا دابەش بکەین، کە هەر قۆناغێك خسلەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیاواز لەیەکترو بەم شێوەی خوارەوە:[٧٥]

١- **قۆناغی سەردەمی ئیستعماری :**

ئەم قۆناغە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەست پێ دەکات بە دروست بوونی کۆمەڵەیەکی نهێنی، ئەندامەکانی تێکەڵبوون لەچەند کەسانێکی لیبی و میسری.

ساڵی ١٩٢٨ کۆچ بەرانی لیبیا لەوڵاتی سوریا کۆمەڵەیەکیان پێکهێناوە لەژێر ناوی کۆمەڵەی (بەرگری تەرابلوسی و بەرقاوی)، بەناوی هەردووشاری (طرابلس و برقة) لەلیبیا، ئەم کۆمەڵەیە بەرنامەی کاریشی هەبووە.

هەر لەناو لیبیا، کۆمەڵەیەك لەژێر ناوی کۆمەڵەی (عمر المختار) دروست بووە لەساڵی (١٩٤٠)، هەروەها لەشاری (طرابلس) ساڵی ١٩٤٦ رێکخراوێك بەناوی، گروپی نیشتمانی ئازاد (الكتلة الوطنية الحرة) دامەزراوە، کە ئەندامانی لەکەسانی دەوڵەمەندو بازرگان و پیاوانی ئاینی بوون.

لەساڵی ١٩٤٧ بەکاریگەری بەریتانیا، لەلیبیا حزبی کرێکاران (العمال) دروست بووە، دواتر لەساڵی ١٩٤٧ حزبی ئازادیخوازان (الاحرار) دامەزراوە.

٢- **قۆناغی پاشایەتی:**

هەڵوێستی شای لیبیا (محمد ادريس السنوسي) دژی دروست بوونی حزبی سیاسی و ژیانی حزبایەتی بووە بەگشتی، بۆیە لەم قۆناغەدا، هەوڵەکانی پێشو لەم بوارەو ژیانی حزبایەتی لەم وڵاتە، رووی لەکپ بوونەوە بووە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی ئەو بارو دۆخەی ناوچەکەی گرتبۆوە دامەزراندنی کۆماری[١٨٦] عەرەبی یەکگرتوو، ڕۆڵی جمال عبدالناصر لەو سەردەمەو تەوژمی کاریگەری هێزی ناسیونالستی، هەروەك لەزۆربەی وڵاتانی عەرەب، لەلیبیاش بزووتنەوەی ناسیۆنالست خوازانی عەرەب (حرکة القومیين العرب) دروست بووە.

ئەم بزووتنەوەیە کۆنگرەی دامەزراندنیان لەشاری قاهیرە بەست لەمێژووی ١١/ئایاری/١٩٦٣، بەرنامەی سیاسییان ئاماژە بۆ نەمانی جیاوازی چینایەتی و پەیڕەوکردنی سیستمی سۆسیالستی لەکۆمەڵگەدا، دەکات.

هەر لەهەمان ساڵدا (١٩٦٣) بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز (الضباط الاحرار) دامەزراوە، لەکەسە دیارەکانی ئەو بزووتنەوەیە (معمر القذافي، عبدالسلام جلود، أبوبكر يونس، سالم مسعود عبدالمنعم الهوني).

٣- **قۆناغی حوکمڕانی معمر القذافي:**

دەکرێ ئەم قۆناغە دابەش بکەینە سەر چوار قۆناغ، هەر یەکە بەپێی[١٨٧] ناوی ئەو ڕێکخراوە سیاسییەی لەو سەردەمە دروست بووە:

أ) قۆناغی یەکێتی عەرەبی سۆسیالست (الاتحاد العربي الاشتراكي)

ب) قۆناغی لیژنە میللیەکان (١٩٧٣) (اللجان الشعبية)

ج) قۆناغی کۆنگرە میللیەکان (١٩٧٦) المؤتمرات الشعبية)

د) قۆناغی لیژنە شۆڕشگێڕەکان (١٩٧٨) اللجان الثورية.

بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە بکەین کە لەدەرەوەی لیبیا، بەتایبەتی لە ئەوروپا دروست بوون لەسەردەمی دەسەڵاتداری (معمر القذافي) کە هەموویان وەك ئۆپۆزسیون کاریان دەکرد دژی ڕژێمەکەی (معمر القذافي)، لەو ڕێکخراوە سیاسییانەش:

بەرەی نیشتمانی بۆ زرگاری لیبیا، هاوپەیمانی نیشتمانی لیبی، بزووتنەوەی گۆڕان و چاکسازی لیبی، گرد بوونەوەی کۆماری لەپێناو دیموگراسیەت و دادپەروەری کۆمەلایەتی، کۆنگرەی لیبیا بۆ ئەمازیغیەکان.

## چالاکیەکانی هزری مارکسی لەلیبیا:

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، کەئایا لەلیبیا رێکخراوی مارکسی هەبووە، یان هەر چالاکیەکی مارکسی[١٨١] لەو وڵاتە، تاچەند هەستی پێکراوەو کاریگەری لەسیاسەت و لەسەر جەماوەر هەبووە؟

خەڵکانێکی رۆشنبیری زۆر، سیاسەتمەدار، نیشتمان پەروەر، ئەوانەی رەوتێکی سیاسی دیاریکراویان پێکدە هێنا لەناو بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراسی لەو وڵاتە، ئەوانە بەهۆی نووسینەکانیان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، لەناو کۆڕو کۆبوونەوەی خوێندکاران، لەچالاکی سەندیکا کرێکاریەکان، باسەکانیان دەربارەی بابەت و کێشە زیندووەکان بووە، ئەو کێشە و بابەتانەی رۆژانە جێگای پرسیارو لێکۆڵینەوە بوون، وەك: کێشەی عەرەبی و نێو دەوڵەتیەکان، ململانێی چینایەتی، ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، بەربەرەکانیکردنی ئیستعمار، گەشەکردنی ئابوری و کۆمەلایەتی، دیارە بەشێك لەو باس و نووسین و گفتوگۆیانە، لەچوارچێوەی دیدێکی مارکسیانە بووە، رۆڵی چینی کرێکار، وەك هێزێکی کۆمەلایەتی لەناو باسەکان دیار بووە.

ئە و نووسەرو رۆشنبیرانە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بانگەشەیان بۆ چاککردنی گوزەران و ژیانی خەڵك دەکرد، داوایان لەحکومەت دەکرد، بڕیار لەسەر یاسای کارو دابین کردنی کۆمەلایەتی بدات، هەروەها رێگا پێدانی بە کرێکاران و نوێنەری خۆیان لەئەنجومەنەکانی شارەوانی و پەرلەماندا هەبێت.

هەر بۆ باشتر روونکردنەوەی باسەکە، لەکۆتاییدا، بەلگەنامەیەکی دەزگای هەوالگری دەخەینە روو، کە لەئەرشیفی ئاسایشی سودان دۆزراوەتەوە ساڵی ١٩٨٤ لەسەردەمی (جعفر النميري)، ئەو بەلگەنامەیە، راپۆرتێك بووە ساڵی (١٩٦٤) نووسراوە لەسەرداوای سەرۆك (جمال عبدالناصر) بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخی ناوخۆی لیبیا.

**دەقی راپۆرتەکە:**

**چالاکی کۆمۆنیستی لەلیبیا**

أ) گەیشتنی هزری مارکسی بۆ ناو لیبیا، لەرێگای چەند کەسانێکەوە بووە، بەتایبەتی خوێندکارە لیبیەکان، ئەوانی لەوڵاتانی دەرەوە دەیانخوێندو باوەڕیان بەمارکسیەت هێنابوو.
لەو کەسانەش (عبدالله القويري و قاسم القويري)، ئەو دووکەسە بەگەیشتنەوەیان بۆ لیبیا ساڵی (١٩٥٥)، لەقاهیرەوە، پەیوەندییان لەگەڵ چەند کەسێکی توندرەو کردووە، کە بەزۆری لاوانی رۆشنبیرو مامۆستا فەلەستینیەکان بوون لەلیبیا.
ئەوانە لەناو یانەو کۆمەڵەو سەندیکای کرێکاران و مامۆستایان دەستیان کرد بەبلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان، لەمیانەی ئەو بیروبۆ چوونانەیان ئاماژەیان بۆ خراپ دابەشکردنی سامانی ولات دەکرد، هەروەها دەسەلاتی ئیستعمار لەلیبیا و پاشکۆیەتی ئەم وڵاتە بۆ ئیمپریالیزم و زۆر باسی دیکەش.

ب) چەند کەسانێکی شیوعی توانیویانە بگەنە هەندێ پێگەی بەرزو هەستیار لەبواری راگەیاندن، وەك فاضل المسعودی، کەبووە بەسەر نووسەری رۆژنامەی (الميدان)، لەگەڵ طالب الرويعي، أحمد ابو هدمة، عبدالله القويري، علی أبو زقيه و چەند کەسانێکی دیکە لەبواری راگەیاندن و کاری رۆژنامە نووسیان کردووە.

ج) حزبی شیوعی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە بنکەی جەماوەری پێك بهێنێ، هۆیەکەشی بۆ ئەو رەوتە ئایینیە بەهێزە دەگەڕێتەوە لای گەلی لیبیا، هەروەها پەیوەندییەکانی لیبیا بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، سەرەڕای کاریگەری و رۆڵی دەزگاکانی هەردوو وڵاتی بەریتانیاو ئەمەریکا بەسەر لیبیا.
چالاکی ئەم رەوتە شیوعییەتە لەسنورێکی زۆر تەسکەو، هیچ کاریگەری بەسەر هێزە سیاسییەکان نیە لەم وڵاتەدا.

د) بنکەی سەرەکی ئەم حزبە (ئەو سەردەمە) لەشاری (بنغازي) بووە، هەروەها چەند لقێکی هەیە لەشارەکانی (طرابلس) و (فزان)، ئەگەری ماوەی (٩) ساڵ دەبێت بەسەر بڵاوبوونەوەی چالاکی کۆمۆنیستی لەلیبیا، بەڵام تا ئێستا لەسنورێکی تەسکدایە.

ه) هەندێ لەشیوعییەکان هەوڵیاندا، سوود لەو خۆپیشاندانانەی خوێندکاران وەربگرن و بخزێنە ناویان کە لەمانگی (کانوونی دووەم) روویدا، ئەویش لەڕێگای وتارخوێندنەوەو هاندانیان بۆ ئاژاوە نانەوە، بەڵام شیوعییەکان رۆڵیان لاوەکی بوو.

# چەپی نوێ و
# ڕەوتی سۆسیالیزمی شۆڕشگێری
# لەجیهانی عەرەبیدا

هەواڵنامەی کتێب

دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە (٧٠) ساڵ بەسەر تیرۆر کردنی (تروتسکی ١٨٧٩ – ١٩٤٠)، هەروەها[١٨٩] بەهۆی گۆڕانکارییە گەورەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو (یەکێتی سۆڤیەت)، سەرەڕای گۆڕان لەبوارە هزری و رێکخراوەییەکانی ناو حزبە کۆمۆنیست و چەپەکانی ئەو وڵاتانە و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان، جارێکی دیکە بایەخدان بەهزری تروتسکی سەر هەڵدەداتەوە، لەڕێگای بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی و توێژینەوەی دەربارەی بیرو بۆ چوونەکانی.

لەکۆڕبەندێکی جیهانی دەربارەی تروتسکی، لەشاری (وبرتال)ی ئەلمانی بەسترا لەئازاری/١٩٩٠، بەبەشداریکردنی چەند شارەزاو بیرمەندێکی (سۆڤیەتی) ئەم کۆڕبەندەش وەك رووداوێکی مێژوویی، جێگای بایەخ پێدان بووە.

(تروتسکییەت) رەوتێکە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەجیهاندا، لقێکە لەحزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت جیابۆتەوە[١٩٠] بۆ (لیون تروتسکی) دەگەڕێتەوە، ئەم سەرکردەیە لەدوای مردنی لینین (١٩٢٤)، پەیوەندی لەگەڵ ستالین بەرەو رووی ململانێیەکی زۆر توند بووەوە، بۆیە ناچار روسیای بەجێ هێشت.

تروتسکی باوەڕی وابوو کەدەبێ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەر ئاستی جیهان بەهێز بکرێت، ناوبراو باوەڕی بەفەلسەفەی شۆڕشی جیهانی هەبووە، دەیگوت چالاکی و بزاڤی کۆمۆنیزم نابێ لەچوار چێوەی وڵاتێکدا سنوور بەند بکرێت، چونکە ئەم جۆرە چالاکییە توانای مانەوەی نابێ.

تروتسکی لەدوای خۆی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەجێ هێشت، بەپێی بەرنامەیەك، کە خەبات بوو دژ بەسەرمایەداری و دژی بیروکراسییەت لەیەك کاتدا، تروتسکی دامەزراندنی، نێو نەتەوەیی چوارەم لەساڵی (١٩٣٨) بەکاری سەرەکی خۆی زانیوە.

تروتسکییەکان زاراوەی (سۆسیالیزمی شۆڕشگێر)یان لەئەورووپای رۆژ ئاوا بەکارهێناوە ئەگەر چی ئەم زاراوەیە هەڵقوڵاوی قۆناغی دوای ساڵی (١٩٢٤)ە، بۆ نموونە، لەو

سەردەمە رۆژنامەکەی ترۆتسکی بەناوی (پێشەنگ) لەیەکەم ژمارەی سەروتارەکەی لەژێر ناوی (سۆسیالیزمی شۆڕشگێری دژ بە ریفۆرم) بووە.

سۆسیالستە شۆڕشگێرەکانی لەمیسر:[191]

ئەم گروپانە لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم پەیدابوونە، لەژمارەیەکی بچووکی خوێندکاران هەڵگری هزری مارکسی بوون و دژایەتی یەکێتی سۆڤیەتیان دەکرد، لەمانگی نیسانی ۱۹۹٥ وە زاراوەی (سۆسیالستە شۆڕشگێرەکان)نیان بەکارهێناوە.

سەرەتا ژمارەیان کەم بوو، بەلاّم لەگەڵ ماوەی کاتدا روویان لەزۆر بوون بوو، تاگەیشتە سەدان، لەسەردەمی دووەم راپەڕینی فەلەستینیەکان.

لەسەردەمی (حوسني موبارةك) توانای چالاّکی فراوانیان نەبوو، بەلاّم ژمارەی ئەندامانی رووی لەزۆربوون بوو بەهۆی پشتگیریان بۆ بزووتنەوەی زرگاریخوازی فەلەستینی، چالاّکی و راپەڕینەکەی فەلەستینیەکان و پەلاماردانی سوپای ئیسرائیل بەبەرد کاریگەری قوڵی بەسەرلاوانی میسریدا هەبووە، کەبووبەهۆی زۆر بوونی بنکەی جەماوەری ئەم گروپانە.

ئەم رێکخراوە رۆڵێکی گرینگی گێراوە لەرێکخستنی چالاّکیەکانی گۆرەپانی (التحریر) لەسەردەمی راپەڕێنە جەماوەریەکەی دژ بەرژێمی حوسنی موبارەك لە/۲۰۱۱.

لەسەرکردە بەرچاوەکانی ئەم گروپانە: کۆمەڵناس (سامح نجیب)، ئەندازیار و ماف ناس (کمال خلیل)، چالاّکوان (جیجی ابراهیم)، رۆژنا مەنووس (حسام الحملاوی).

ئەم گروپە رۆژنامەیەکیان هەیە لەژێر ناو – الاشتراکي – دەردەچێت.

پەیوەندی ئەم رێکخراوە مارکسیە لەگەڵ رێکخراوی (اخوان المسلمین) لەمیسر پەیوەندییەکی ئەرێنی و لەبار بووە، دروشمی رێکخراوەکە لەم بارەوە (هەندێ جار لەگەڵ ئیسلامیەکان، بە بەردەوامی لەگەڵ دەوڵەت).

ئەم دروشمە یان لەکتێبی (پێغەمبەرو پرولیتاریا) وەرگرتووە، کەنووسەرەکەی (کریس هارمان)ی سەر بەحزبی کرێکارانی سۆسیالستی بەریتانی بوو.

**شۆڕشی میسر لە/٢٠١١ و ڕۆڵی سۆسیالستە شۆڕشگێڕەکان:**

سۆسیالستە شۆڕشگێڕەکان، شان بەشان گروپەکانی دیکەی چەپی توندڕەوو بزووتنەوەی لاوانی (٦نیسان) ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕاوە لە خۆپێشاندانەکانی ڕۆژی ٢٥/شوباتی/٢٠١١ کە دواتر بووە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی میسری.

ئەو هێزانە پێشتر کۆبوونەوە لەسەر دانانی ستراتیژییەتێك بۆ چالاکیەکانیان، ئەوان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە کۆببنەوە لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی شاری قاهیرە لەیەك کاتدا، پێش ئەوەی بەرێ بکەون بەرەو گۆڕەپانی (التحریر) بۆ ئەوەی هێزی پۆلیس فریای ئەوە نەکەوێت کەبەئاسانی ڕێگرییان لێ بکات، بۆ کاریگەری زیاتر بەسەردەسەلات، ئەم ڕێکخراوە داوای لەکرێکاران کردوە کەبەمانگرتن هەستن و دەس لەکارهەلگرن.

دوای ڕوخاندنی ڕژێمەکەی (حوسنی موبارەك) ئەم ڕێکخراوە داوایان کرد، شۆڕشەکە دەرێژەی پێبدرێت، لەرۆژی (١/ئایار) کەجەژنی کرێکارانی جیهانە، دروشمی شۆڕشی کرێکاری دژ بەحکومەتی سەرمایەداریان هەڵگرتووە.

ئەو ڕێکخراوە ئامانجیان ئەوەیە، کەلەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکانی دیکەی ناو میسر، هەوڵبدەن حزبێکی کرێکاری دیموکراسی دابمەزرێنن.

لە ١٠/حوزەیرانی/٢٠١١ لەگەڵ چوار ڕێکخراوی چەپڕەوی دیکەی میسری، یەکیان گرتووەو بەرەیەکیان پێکهێناوە لەژێر ناوی (هاوپەیمانی هێزە سۆسیالستەکان)، ئەو ڕێکخراوانەش، ئەمانەن؛ حزبی گەلی سۆسیالست، حزبی سۆسیالستی میسری، حزبی شیوعی میسری حزبی کرێکاری دیموکراسی.

**هەڵوێستی سیاسی ئەم ڕێکخراوە لەئاست چەند کێشەیەک:**

١- دژایەتیکردنی ئیسرائیل و پشتگیری کردنی فەلەستینەکان و هێزە نیشتمانیە لوبنانیەکان.

٢- لە٢/ئازاری/٢٠١١ ئەم ڕێکخراوە نامەیەکی هاوکاری ئاراستەی ڕێکخراوی (سۆسیالستی نێو دەوڵەتی) ئەمەریکی کرد، دوای خۆپیشاندانەکانی (ویسکونسن).

٣- ڕژێمی (روبەرت موگابی) یان لە زیمبابۆی تاوانبار کرد بەهۆی گرتن و ئەشکەنجەدانی سۆسیالستەکان.

هەڵوێستی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕە (تروتسکی)یەکان، دەربارەی چەند ڕووداوێکی جیهانی عەرەبی،[١٩٢] ئەمەی خوارەوە دەقی بڕیارێکە، بەناوی ئەو ڕێکخراوانەی پەیوەندییان بەنێونەتەوەی چوارەم هەیە، کەلە مانگی ئازاری/١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ناوەرۆکەکەی ئێمە لەخوارەوە خاڵە سەرەکیەکانی دەخەینە ڕوو، بەهۆی دوورو درێژی بابەتەکە:

**یەکەم//** <u>شۆڕش عەرەبی، شۆڕشێکی بەردەوام.</u>

١- جیهانی عەرەبی، جێگای چاوتێبرینی ئیمپریالیزم بووە، ئەمە پێش دۆزینەوەی نەوت لەو خاکە بەماوەیەکی زۆر، دیارە شوێنی ستراتیژی گرینگی ئەو جیهانە ڕۆڵی گێراوە لەم بارەوە، لەرۆژگاری ئەمرۆدا سێ جۆر داگیرکاری ئیمپریالیزمی لەناوچەکە هەیە:

أ) داگیرکاری ناراستەوخۆ بەهۆی پاشکۆیەتی ئابوری.

ب) داگیرکاری سیاسی سەربازی راستەوخۆ.

ج) داگیرکاری لەجۆری ئیستعماری (دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل).

٢- ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی بەرپرسە لەداگیرکردن و بەش بەشکردنی جیهانی عەرەبی.

٣- هۆشیاری نەتەوایەتی تادێت بەهێزتر دەبێت، لەمێشکی جەماوەری عەرەب، بگرە لەدواکەوتوترین ناوچەکانیش.

٤- سەرەڕای کێشەی نەتەوایەتی عەرەبی، چەند کێشەیەکی نەتەوایەتی دیکەش لەناوچەکە زیادی کردووە، لەئەنجامی دابەشکردنی ئیمپریالیزم بۆ ئەو ناوچە عەرەبیە.

مارکسییە شۆڕشگێڕەکان، دیدیان بۆ یەکگرتنی نەتەوەی عەرەب، دیدێکی نێو نەتەوەیی رووتە، ناگرێ یەکگرتن لەدەرەوەی ئیرادەی میللەتان بسەپێنرێت.

بەعەرەب کردنی کەمە نەتەوایەتیەکانی وەك (بەربەر) لەمەغرب و جەزائر، بەبێ قبولکردنی جەماوەرەکە ناگرێ جێ بەجێ بکرێت، بۆیە شۆڕشگێڕەکان هەر هەڵمەتێکی بەعەرەب کردنی بەزۆر تاوانبار دەکەن.

هەروەها دەربارەی کەمە نەتەوایەتیەکان لەهەردوو وڵاتی موریتانیا و سودان و ناوچەکانی کوردستان لەعێراق و سوریا، دیارە بەرنامەی شۆڕشگێرە عەرەبیەکان دانی بەمافی بریاردان لەسەرچارەنووسی داوە، بەمافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە.

ئەم مافەش بۆ کورد، بەشێکە لەمافی گشتی، کەیەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان دەگرێتەوە لەدەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ.

٥- بابەتی کشتوکاڵی لەوڵاتانی عەرەبی، وەك زۆربەی وڵاتانی دوواکەوتوو گرینگیەکی بنچینەیی هەیە، لەبەر ئەوەی بەشێکی گرینگی دانشتوان لەم ناوچەیەدا بەکشتوکاڵ کاردەکەن.

دووەم// بوونیادنانی سەرکردایەتی شۆڕشگێری عەرەبی.

- رەوتی ناسیۆنالستی عەرەبی، بەئاراستە بو رژوازی و بورژوازییە بچووکەکانیەوە، سەرکەوتوونەبووە لەپێکهێنانی سەرکردایەتیەکی بەتین و جێگیرو مێژوویی بۆ

راپەڕاندنی ئەرکەکان و درێژە پێدان بەخەبات و تێکۆشان (نموونەی: جمال عبدالناصر، لەمیسر، هەروەها حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست لەعێراق)

- ئەو رۆڵە سەرکردایەتیەی کە گروپە بورژوازی و بورژوازییە بچووکەکان گێڕاویانە لەخەباتی نەتەوایەتی دژ بەئیمپریالزم، لەگەڵ خۆسەپاندنی تەواوی چەند باڵێکی ناو بزووتنەوەی ناسیۆنالست خوازانی عەرەب و پەرەسەندنیان بەرەو پەیرەوکردنی ماکسیزم، دیاردەیەکی نادیارو ئاڵۆزە، سنوری چوراچێوە نەتەوایەتیەکەی تێپەڕ نەکردووە.

حزبە شیوعیەکانیش لەولاتانی عەرەبی بەردەوام ملکەچی تەواوی سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەتی و حزبی شیوعی سۆڤیەتی بوونە، ئەم پاشکۆیەتیە نرخی گران وەستاوە لەسەریان.

- تێشکانی عەرەب لەجەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ لەناوچەکە، بووە هۆی پەرەپێدان بەبۆچوونە مارکسیە شۆڕشگێرییەکاندا، بەهۆی کەرتێکی گەورەی لاوان و خوێندکاران، دیارە ئەویش چەند هۆکارێکی هەبووە، لەلایەکەوە سەرنەکەوتنی بورژوازییەت وتێشکانی هەنگاوەکانی، هەروەهالەلایەکی دیکەوە، سەرکەوتنی شۆڕشی ڤێتنامی، کەتەنها بەخەباتی پرولیتاریا بەبەرەکانی ئیمپریالیزمیان کردو بەجۆرێکی کاراش، ئەم نموونانە هاندەربوون کەلقەکانی بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب، (فەلەستین، سوریا، عێراق، لوبنان یەمەن) روویان لەپەیرەوکردنی تیۆری (مارکسی - لینینی) کرد، بەلام مارکسییەتەکەیان، مۆرکێکی سەرپێیانەی هەلگرتبوو، دروشمە گشتیەکانیش لەسەر بنچینەی بژاردە کردن بووە بۆ چەند لایەنێکی تیۆری سادە.

رێکخروەکانی شۆڕشی فەلەستینی لەدوای (١٩٧٠) روویان لەدارمان کردو هەڵوێستەکانیان زیاتر هەڵپەرستانەو راستەرەوانە بووە.

بەڵام لقەکەی (بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عرەب) لەیەمەنی باشوور (بەرەی نەتەوایەتی) باڵە چەپڕەوەکەی ناو ئەو بەرەیە، توانی زنجیرەیەك کارو بەرنامەی شۆڕشگێرانە ئەنجام بدات دژ بەئیمپریالیزم و بورژوازییەت، ئەو هەنگاوانە پرۆسەیەکی گۆڕانی شۆڕشگێرانەی هەمیشەیی بەرپاکرد.

هەر لەناو ئەو ڕێکخراوە نوێیانەی لەناوچەکە دەرکەوتن، سەرکردایەتی ناوەندی، حزبی شیوعی عێراق، لەگەڵ ڕێکخراوی سۆسیالستی ئیسرائیل (متسبن).

لەرۆژگاری ئەمرۆدا، کۆمەڵە ڕێکخراوو گروپێکی زۆری تروتسکی لەرۆڵی پێکهاتنن، لەجیهانی عەرەبیدا، تێکۆشەرە تروتسکیەکان لەو ناوچەیە، لەهەوڵی بوونیادنانی حزبێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێری سەرکردەن بۆ پرۆلیتاریای عەرەبی، ئەو ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆ، لەچوارچێوەی نێونەتەوەی چوارەم.

ڕێکخراوەکانی سەر بەنێونەتەوەی چوارەم

لەناوچەی عەرەبیدا

ئازار/١٩٧٤

هەواڵنامەی کتێب

# کۆتایی
# تێبینییە گشتیەکان

هەواڵنامەی کتێب

دەوڵەتی عوسمانی کە دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی گەورەی جیهانی عەرەبیدا شکابۆوە، بۆ ماوەی چەند سەد ساڵێك، ئەو دەسەڵاتە درێژەی کێشاوە تامێژووی روخاندنی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ — ١٩١٩)، ولات و ناوچە عەرەبیەکان لەسنوری ئەو دەوڵەتە بەرەو ڕووی کۆمەڵە گۆڕانکارییەك بوونەتەوە، کە بووە بەهۆی دروست بوونی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و هزری و سیاسی، لەگەڵ جیاوازی و تایبەتمەندی هەر ناوچەیەکیان، لەگەڵ ناوچەکانی دیکە.

دیارە ئەو گۆڕانکاریانە، دواتر بوونە بەهۆی پەیدابوونی زەمینەی لەبار بۆ دروست بوونی حزب و رێکخراوی سیاسیی جیاواز لەئایدیۆلۆژیاو جیاوازی کارکردن.

فاکتەرەکانی دروست بوونی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەجیهانی عەرەبیدا، جیاوازن لەو فاکتەرو بارودۆخەی کە حزبە سیاسییەکان بەهۆیەوە لەرۆژ ئاوا دروست بوونە، ئەویش لەچەند بوارێکی گرینگی وەك:[١٩٢]

أ) ئەزموونی حزیبە عەرەبیەکان، پەیوەست بوونە بەدیاردەی کاردانەوە، زیاتر لەوەی کارێکی بەرنامەیی خودی بێت.

ب) کاریگەری فاکتەری دەرەکی، رۆڵی گرینگی هەبووە لەپەیدا بوونی کاری حزبی.

ج) ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسییانە لەبارو دۆخێکی دیموکراسیانە دروست نەبوونە، هەروەها دیموکراسیەتیش، ناوەرۆکی بایەخدان و ئامانجەکانیان نەبووە.

لەم بەشەی پێشەوەی نووسینەکە، هەوڵمانداوە بەکورتی و شێوەیەکی چڕ، باسی لەمێژووی حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان بکەین، کەلەجیهانی عەرەبیدا دروست بوونە، لەرەگ و ریشەی بڵاوبوونەوەی هزری مارکسیەت بکۆڵینەوە، بۆیە واپێویست دەکات بەکورتیش، رەخنە گرانە ئاماژە بۆ لایەنە ئەرێنی و نەرینیەکانی دیاردەی حزبایەتی بکەین بەپێی تواناو شارەزایی هەڵسەنگاندنێکیان بۆ بخەینە ڕوو، لەبەر رۆشنایی رووداو راستیەکان.

١- لەمیانەی باسکردنی مێژووی حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لەجیهانی عەرەبیدا، ئەو ڕاستیە خۆی دەسەلمێنێ کەفاکتەری دەرەکی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەدروستبوونیان، هەروەها لە بڵاوبوونەوەی هزری مارکسیەت لەجیهانی عەرەبیدا، دیارە ئەو فاکتەرەش ڕۆڵی نێو نەتەوەیی سێیەم (کومنتێرن) بووە، کە ناوەندێکی سەرەکی بووە بۆ هەموو حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان، رۆڵی لەدامەزراندنی ئەو حزبانە و بڵاوبوونەوەی هزری (مارکسی – لینینی) کاریگەر بووە، بەرنامەی ساڵانەی خۆی هەبووە

لەکۆبوونەوە گشتیەکانی (کومنتێرن) گفتوگۆی لەسەر کراوە، حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکان لەجیهانی عەرەبی وەك لق بوونە لەناو کومنتێرن.
ئەم ڕاستیە ئەو لایەنە پشت گوێ ناخات، کە فاکتەری خودیش ڕۆڵی گێڕاوەو ئامادەیی تیادا هەبووە، بەڵام لەپلەیەکی کەمترو ئاستێکی لاوازتر.

٢- دەکرێ ئەو حزب و ڕێکخراوە مارکسیانەی دروست بوونە لەجیهانی عەرەبیدا، لەسەرەتای دروست بوونیانەوە تا ئەمڕۆ، بەسەر سێ بەش پۆلێن بکرێن، بەپێی هەندێ خسلەت و ئایدیۆلۆژیاو شێوازی کارگردن و ئامانجەکانیانەوە:

أ) ئەو حزبە شیوعییە کلاسیکیانەی کەلەسەرەتای بڵاوبوونەوەی هەزری (مارکسی – لینیی) دروست بوونە، سەرەڕای پابەند بوونیان بەو تیۆرییە، بەڵام پابەندی هەڵوێستەکانی دەولەتی سوڤیەتی و حزبی شیوعی روسیش بوونە، وەك: حزبی شیوعی سوری (خالد بگداش) ، (حزبی شیوعی عراقی) (حزبی شیوعی لوبنانی).

ب) ئەو حزبانەی مۆرکێکی ناسیۆنالستیانەیان هەڵگرتووە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (سۆسیالستی زانستی) کاردەکەن و بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیان بەپێی هزری (مارکسی – لینینی) داڕێژراوە، وەك (بەرەی نەتەوایەتی بۆ رزگاری باشوری یەمەن، گردبوونەوەی نیشتمانی پێشکەوتووی یەکگرتنخوازی میسری، حزبی کاری سۆسیالستی عەرەبی لەلوبنان، بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین).

ج) نەوەی نوێ لەحزبە چەپەمارکسیەکان، ئەوانی دوای گۆڕانکاریەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم سەریان هەڵداوەو گەنجەکان رابەرایەتیان دەکەن، ئاراستەیەکی چەپی توندیان پەیڕەوکردووە، وەك (شۆڕشگێرە سۆسیالستەکان، حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست، گروپە تروتسکیەکان).

٣- ئەگەر وردبینەوە لەحاڵەتی بڵاوبوونەوەی هزری مارکسی و گەشەکردنی لەجیهانی عەرەبیدا، سەرەڕای دروست بوونی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان، ئەوا جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێ لەو بوارە، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، یان لەناو چەپەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە.

لەهەندێ وڵاتی وەك: تونس، لوبنان، عیراق، سوریا، فەلەستین، ئەو هزرو حزبانە بە پەلە گەشەیان کردووەو بنکەی جەماوەری فراوانیان بۆ دروست بووە، سەرەڕای کاریگەریان لەسەرسیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، (ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بوو بێت).

بەڵام لەهەندێ وڵاتی دیکەی وەك: وڵاتانی دورگەی عەرەبی، سودان، جەزائیر، لەئاستێکی کەمتر ئەو گەشەکردن و کاریگەرییان بەدی دەکرێت.

بەپێچەوانەی ئەو دوو بەشەی سەرەوە، لەچەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی هزری مارکسی و گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی زۆر بەسستی و لاوازی هەنگاوەیان ناوە، بەڵکو لەهەندێ شوێنی دیکە دەکرێ بووترێت کە بوونیان نیە، ئەگەر لەسەر ئاستی تاك بێت، وەك (لیبیا، موریتانیا، ئیمارات).

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، کە ئەو پۆلین کردنەش ڕێژەییە لەنێوان وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە، هەر ناوچەیەك خسلەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەوانە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە دەرەکیەکان، بوونی چەند نەتەو ڕەگەزێك لەوڵاتێکدا.

٤- دەربارەی فاکتەری ناو خۆو ڕۆڵی لەدروست بوونی حزبە مارکسیەکان و بڵاوبوونەوەی هزری مارکسی لەم ناوچەیەدا، دەکرێ بڵێین ئەو فاکتەرە ڕۆڵێکی نەرێنی هەبووە.

ئەو قۆناغە مێژووییەی کەکۆمەڵگە عەرەبیەکان پێیدا تێپەر دەبن، قۆناغێکی دواکەوتوانەیە لەرووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، ئەم قۆناغە ئێستا پاشماوەی داب و

نەریتی خیلەکی و دەرەبەکایەتی بەسەریدا زاڵە، سەرەڕای داگیر کاری ئیستعمارو پاشکۆیەتی بۆ جیهانی سەرمایەداری.
ئەم هەل و مەرجەو سەرەرای ئەوەی کە قبوڵکردنی هزری مارکسیەت کارێکی دژوارو ئاڵۆز بووە، بەرەبەرەکانیەکی توندی کراوە لەلایەن هێزە نەیارو کاریگەرەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە.
لەم بوارەدا دەبێ ئاماژە بۆ روویەکی دیکەی گرینگی ئەم کێشەیە بکەین، ئەویش ئەو ئامانج و دروشمانەی کەحزبە مارکسیەکان بەرزیان کردۆتەوەو خەباتیان بۆ کردووەو هەوڵیانداوە جەماوەری پێ رۆشنبیرو هۆشیار بکەنەوە، بەزۆری لەبارو واقیعی نەبوونە، لەگەڵ قۆناغی کۆمەڵایەتیەکە و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە نەگونجاوە.
ئەو راستییەش لەبیرنەکەین، کەهەموو بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی هۆکاری سەرنەکەوتنی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو هۆکارانەش پەیوەستن بەئامانج و شێوازەکانی کارکردنی ئەو هێزانەی کە رێکخراوەکە پێکدێنن.
هەروەها ئەوفاکتەرە ناوخۆییە، بەو شێوە شیکردنەوەیەی کە خرایە روو، رۆڵێکی گرینگ دەگێرێ، لە دروست بوونی ململانێ و ناکۆکی لەناو خودی حزب و ئەو رێکخراوە مارکسیانە، بەهۆی ململانێی بەرژەوەندییەکان و ناکۆکی ئایدیۆلۆژی چینایەتی.
٥- لێکۆڵینەوەکان دەربارەی بارودۆخی گەشەکردن و سەرنەکەوتنی حزبە مارکسیەکان لەجیهانی عەرەبیدا، چەند کەم کورتیەکی گرینگ دەردەخەن، لەبواری رێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی ئەو حزبانە، وەك:[١٩٤]
أ) زۆربەی ئەو حزبانە، لەناو کۆمەڵگەی جوتیاری و کشتوکاڵیەوە سەریان هەڵداوە، دیارە جوتیاریش بەردەوام لەهەوڵدان بووە بۆ پێکهێنان و پەرەپێدان بەموڵکی تایبەتی خۆی، نەك لەدەستدانی بەپێی ئەم بۆچوونە، چینێکی کرێکاری بەهێزو رێك و پێك لەو گۆڕەپانەدا نەبووە، واتە: چینێك، کە بەشێکی بنچینەیی

لەکۆمەڵگە پێک بهێنێ و خاوەن ئاستێك بێت لەهۆشیاری، تابتوانێ بەرۆڵی شۆڕشگێری خۆی هەستێت، بۆیە ئەو پێکهاتە چینایەتیەی کە ئەو حزبانە پشتیان پێی بەستبوو، پێکهاتەیەکی ناکۆك بووەو گونجاو نەبووە لەگەڵ ئامانجە دوورەکانی، واتە بەدیهێنانی سۆسیالیزم، ئەگەر چی لەگەڵ ئامانجە نزیکەکانی ڕێکدەکەوێت (خەباتی نیشتمانی و جێ بەجێکردنی ئامانجە دیموکراسیەکان).

ب) کارکردنی حزب بەشێوازی نهێنی، کاریگەری لەسەر لاوازکردنی بابەتە هزری و ئایدیۆلۆژییەکان کەم دبێ، (وەك رۆڵی پرولیتاریاو پێکهاتەی چینایەتی حزب)، ئەویش بەهۆی بەکار هێنان و سەپاندنی شێوازەتوندەکان لەوەرگرتنی ئەندام هەروەها لەبواری کاروچالاکی رۆژانەش.

بەلام کاتێ حزب دەکەوێتە بواری کارکردنی ئاشکرا، کاریگەری ئەو کێشەو بابەتانە بەهێز دەبن، بەهۆی کاریگەری ئاسانی – سەرخان(ئایدیۆلۆژیا) بەسەر ئەندام و چالاکیەکانی حزب، هەروەها بەهۆی کەمتەرخەمی لەوەرگرتنی ئەندامان و بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە، لەبەر ئەوەی حزب لەم قۆناغەدا گرینگی بەلایەنی (چەندایەتی) دەدات، زیاتر لەوەی بایەخ بەلایەنی (چۆنایەتی) بدات.

ج) ئەم دیاردانە ڕەگ و ریشەی هزریشیان هەیە، گرینگترینیان نوێبوونی تیۆرەکەیە (تیۆری مارکسی) هەروەك دەزانین کەتەمەنی ئەم حزبانە، لەهەموو بارێکدا خۆی لە (١٠٠) ساڵ زیاتر تێپەڕ ناکات، ئەم ماوەیە وەك پێویست نیە بۆ چەسپاندنی داب و نەریت و رەفتاری نوێی جێگیر لەناو کۆمەڵگە، هەروەها ناتوانێت زاڵبێت بەسەر داب و نەریتێك کە چەسپاوەو تەمەنی هەزاران ساڵە، بەڵکو بۆتە یاساو رێسایەك لەلای جەماوەر، هێزە دەسەلاتدارەکانیش بەدرێژایی هەزاران ساڵە پشتگیری دەکەن، دیارە ئەم حاڵەتەش پێویستی بەتوندوتیژ بوونی ململانێیەکانە لەناو پێکهاتەی کۆمەلایەتی، واتە ململانێ لەنێوان کۆن و نوێدا.

د) سەرەڕای ئەو خاڵانەی ئاماژەیان بۆ کرا، دەرکەوتنی چەند دیاردەیەکی نادیموکراسییانە لەناو حزبەکان، لەوانە: دیاردەی تاک پەرستی و مانەوەی تاکی سەرکردە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەپێگەی دەسەڵات، زاڵبوونی دامەزراوە باڵاکانی حزب (مەکتەبی سیاسی) و لاوازی رۆڵی ئەنجومەن و دامەزراوەکانی خواروو.

هەروەها نەبوونی (کەمایەتی ئۆپۆزسیون)، یان دیاردەی گفتوگۆو رەخنە و نارەزایی، سەرەڕای دواکەوتنی کۆنگرە حزبییەکان بۆماوەی دوورو درێژ، لەم حاڵەتەش نەلێپرسینەوە دەمێنێت و نەهەڵبژاردن.

٦- لەو نیشانەو خسلەتانەی کەچەند حزبێکی عەرەبی مارکسی، هەڵیانگرتووەو پێی دەناسرێن، ئەوەیەکە ژمارەیەکی گەورەی ئەو حزبانە، پێشتر حزبی ناسیونالستی پێشکەوتخواز بوونە لەناو، (بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەبی).

دیارە ئەم حاڵەتە دیاردەیەکی کەم وێنەو گەورە پێکدێنێ لەمێژووی سیاسی نوێی عەرەبدا، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

پرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەبی بۆ ساڵی (١٩٥١) دەگەڕێتەوە، بەڵام یەکەم کۆنگرەی لەمێژووی ٢٥/کانوونی یەکەمی/١٩٥٦ بەستووە لەشاری بەیروت، لیژنەی سەرکردایەتیەکەی لە (١١) ئەندام پێکهاتبوو، لەناویاندا:*

جورج حبش (فەلەستین)، احمد الخطیب (کویت)، الحکم دروزة (فەلەستین)، مصطفی بیضون (لوبنان)، ثابت المهاینی (سوریا)، محسن ابراهیم (لوبنان)، عمر فاضل (مەغرب)، دوای مێژوویەکی درێژی پڕتێکۆشان، لەپێناوی بەدیهێنانی یەکگرتنی عەرەب و بەرەنگار بوونەوەی کۆنەپەرستی و ئیستعمار، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە (لیژنەی جێ بەجێکردنی نەتەوایەتی) لەکۆبوونەوەیەکی مێژوویی لەمانگی کانوونی دووەمی/١٩٦٩، بڕیاری بەکۆتایی هێنانی تەمەنی بزووتنەوەکەیدا، ئەو لیژنەیە بڕیاریدا، رێکخراوەکانی سەر بە بزووتنەوەکە لە وڵاتانی عەرەبی،

لەرێکخراوی ناسیۆنالسیتەوە خۆیان بگۆڕن بۆ رێکخراوی (مارکسی – لینینی) هەریەکەشیان ئازادە بۆدیاریکردنی ناوێك بۆ خۆی.

ئەم بارو دۆخەی کەدروست بوو، بێ گومان بێ توانایی و سەرنەکەوتنی رێکخراوەکە پیشان دەدا، سەرەڕای پەیدابوونی ململانێی توند لەناوباڵەکانی بەتایبەتی دوای ساڵی (١٩٦٧)، هەر بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەکە، هەمووباڵەکانی لەوڵاتە عەرەبیەکان (ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیان ١٢ رێکخراو بوو). بوون بەحزبی سەربەخۆ، پەیرەوی تیۆری مارکسی – لینینان کرد.

وەك// بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەعومان و کە نداوی عەرەب.

رێکخراوی سۆسیالستخوازە لوبنانیەکان.

بزووتنەوەی شۆڕشگێری میللی لەکوێت

بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین

بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی لەعێراق.

٧- لەگەڵ گۆڕانە گەورەکانی جیهان لەکۆتایی سەدەی بیستەم، بەڕوخانی سیستمی کۆمۆنیستی لەیەکێتی سۆفیەت ودەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، هەروەها باڵکێشانی دیاردەی جیهانگیری بەسەر وڵاتاندا، سەرەڕای لاوازبوونی رۆڵی حزبە کۆمۆنیستە کلاسیکیەکان ئەوانی پابەندبوون بەسیاسەتەکانی دەوڵەتی سۆفیەت و حزبی شیوعی روسی دایك، هەروەها سەرنەکەوتنی حزبە شیوعیەکان لەجێ بەجێکردنی بەرنامەکانیان لەجیهانی عەرەبی، لەگەڵ گەشە کردن و پەرەسەندنی ململانێی توند لەناو ریزەکانیان.

شەپۆلێکی نوێ لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی توندڕەو، لەجیهانی عەرەبی بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی دوای ساڵانی ١٩٦٨ و لەئاکامی بزووتنەوەی خوێندکاران لەئەوروپا کەکاریگەری گەورەی بەسەر رێکخراوو گروپەکانی گەنج و خوێندکاران لەناوچەکەدا هەبووە، ئەم گروپ و رێکخراوانە،

ڕەوتێکی چەپی توندڕەو پێکدێنن، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان بەزۆری لەخوێندکارانی زانکۆ و ڕۆشنبیرو کرێکاران بوونە، ئامانجەکانیان ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕانەیە، حزبە شیوعیە کەلاسیکیەکان بەلادەرو هەلپەرست دادەنێن، بەشداریان لەزۆربەی بزووتنەوەو ڕاپەرینە جەماوەریەکان کردووە، دژ بە ڕژێمەکان.

لەو ڕێکخراوانەی ئێستا گەشەیان کردووەوبلاو بوونەتەوە لەجیهانی عەرەبی، گروپە شۆڕشگێرە سۆسیالست خوازەکان لەلوبنان ومیسر و تونس ومەغرب، هەروەها گروپە (تروتسکیەکان) کە باوەڕیان بەدرێژەپێدانی شۆڕش هەیە.

٨- بەکورتی، دەکرێ سنورێك بۆ دیاردەی چەپی نوێی عەرەبی – لەم چوار چێوەیەدا دیاری بکەین:

ا) ئاراستەی کۆمۆنیستە نوێیەکان، ئەم ئاراستەیە لەچوار چێوەی حزبە شیوعییە عەرەبیە کلاسیکیەکانی سەربەیەکێتی سۆڤیەت پەیدابووە، وەك حزبی شیوعی سوری باڵی (مەکتەبی سیاسی)، حزبی شیوعی عێراق، سەرکردایەتی ناوەندی، حزبە کرێکاریە کۆمۆنیستەکان لەجیهانی عەرەبی.

ب) چەپی نوێی، ئەم دیاردەیە لەبنچینەدا دوای تێشکانی عەرەب لەجەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧ سەری هەڵداوە، لەناوبزووتنەوە ناسیونالستە عەرەبیەکان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست.

ج) ڕەوتی گروپ و ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕۆشنبیرو وردە بورژوزای و کرێکاران ، کەدروست بوونیان، زیاتر کاریگەری سەرنەکەوتنی حزبە شیوعیە کلاسییەکیەکان بووە لەهەردوو بواری سیاسی و ڕێکخراوەیی.

* محمد جمال باروت – حركة القوميين العرب المركز العربي للدراسات والنشر، دمشق ط١/١٩٩٧ ص٦٤

# پاشکۆی کەسایەتیەکان

هەواڵنامەی کتێب

### ١- ئەحمەد جبریل:

لەدیاك بووی ساڵی (١٩٣٨)ە، نازناوی (أبو جیهاد)ە، وەك ئەفسەرێك لەسوپای سوریا کاری[١٩٥] کردووە، رەگەزنامەی سوریای هەڵگرتووە، پەیوەندی توندی لەگەڵ رژێمی سوریا هەبووە، ساڵی (١٩٦٤) بەرەی رزگاری فەلەستینی دامەزراندووە، لەمانگی کانوونی یەکەمی/١٩٦٧ بەشداریکردووە لەدروستکردنی (بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین) لەگەڵ چەند رێکخراوێکی دیکەی رزگاریخوازی فەلەستینی.

لەتشرینی یەکەمی ١٩٦٨ لەو بەرەیە جیابوتەوە، رێکخراوێکی سەربەخۆی پێکهێناوە لەژێ (ناوی (بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین سەرکردایەتی گشتی)، هزری مارکسی – لینینیی، رێبازی بووە، هاوکاری ماددی لەهەردوو دەوڵەتی سوریاو لیبیا وەرگرتووە، لەدروست کردنی بەرەی بەهەرڵستکاری دژ بەرێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل لەمانگی تەموزی/١٩٧٤، بەشداریکردووە، کەچەند رێکخراوێکی دیکەی فەلەستینی بەشداریان تیادا کردووە.

(ئەحمەد جبریل) و رێکخراوەکەی باوەڕی بەهێزیان بەخەباتی چەکدرای درێژخایەن هەبووە، دژ بەئیسرائیل، ناوبراو یەکەم کەس بووە بەرنامەی کردارە خۆکوژییەکانی دارشتووە لەمێژووی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل.

لەمانگی نیسانی (١٩٧٤) گروپێکی چەکداری ئەم رێکخراوە گەیشتە ناو ئوردوگای (کریات شمونە)ی نیشتەجێی جولەکە لەناوچەی (جلیل)ی سەرەوە، ئەم گروپە چەکدارە کۆمەڵە خەڵکێکی مەدەنی جولەکەی رفاندووەو داوای گۆڕینەوەیان کردوە لەگەڵ زیندانیە فەلەستینیەکان ئەوانی لەزیندانەکانی ئیسرائیلن.

گروپە چەکدارەکانی ئەم بەرەیە، لەکاتی رووبەروو بوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی ئیسرائیل خۆیان دەتەقێنەوە، بەم جۆرە زیانێکی گەورە لەسەربازانی ئیسرائیل دەدەن.

## ٢- ئەلیاس مرقص:[١٩٦]

بیرمەنـدو سیاسـەتمدارێکی سـورییە، لـەو بیرمەنـدە گرینگانەیـە، کـە هەوڵیـداوە، یەکگرتنێك لەنێوان هزری مارکسی و هزری ناسیونالستی عەرەبی بدۆزێتەوە، یان وەك دەڵێن، مارکسیزم بەعەرەبکراوی دابڕێژرێ، بەڵام ئەم بایەخدانەی زیاتر لەبواری تیۆرییەوە بووە.

ئەلیاس لەبنەماڵەیەك بووە، بە(مامۆستایان) ناویان دەرکردووە، دانشتوی شاری (لاذقیة) بوون، بڕوانامەی بکالۆریۆسی بەدەست هێناوە لەبەشی زانستی ساڵی (١٩٤٥) و بواری فەلسەفە ساڵی (١٩٤٦)، بڕوانامەی زانکۆی (بروکسل)ی بەلجیکی وەرگرتووە لەساڵی (١٩٥٢) لەبواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەلیاس لەنێوان ساڵانی (١٩٥٢-١٩٧٩) پیشەی مامۆستای (فەلسەفە) بووە، لەماوەی سەربازیدا لەسوپای سوریا، (یاسین الحافظ)ی ناسیوە، کەدواتر کاریگەری بەسەر ژیانیەوە دەبێ، پەیوەندی ئەلیاس بەحزبی شیوعی سوری بۆ سەردەمی خوێندنی لەبەلجیکا دەگەڕێتەوە، ئەم پەیوەندییە بەردەوام بوو تاساڵی (١٩٥٦) لەو ساڵەدا لەڕیزی حزب دەرکرا بەهۆی بیرو بۆ چوونەکانی دەربارەی سیاسەتی حزبی شیوعی سوری، ئەم بیرو بۆ چوونانە لەکتێبێکدا بە ناوی (صفحات مجهولة من تاريخ الحزب الشيوعي في سورية)دا بڵاوبۆتەوە تیایدا هاتووە:[١٩٧]

١- حزبی شیوعی لەسوریا، حزبێکی کرێکاری پێشڕەو نیە، هیچ رۆژێك ئەم حزبە پێشڕەو نەبووە، بیروباوەڕو بنەماکانی، بیروباوەڕو بنەمای چینی کرێکار نیە، سیاسەتەکەشی سیاسەتی چینی کرێکار نیە، سیاسەتێکی هەڵپەرستانەیەو لەبەرژەوەندی بێگانەیە.

٢- حزبی شیوعی لەسوریا، حزبێکی عەرەبی نیە، بەبیروباوەڕو ئەو سیاسەتانەی پەیڕەوی دەکات دژی عەرەب و عەرەبچێتیە، هاوکار بووە لەگەڵ داگیرکەران، ئەوانی پارێزگای ئەسکندەرونەو فەلەستین و جەزائیریان داگیر کرد.

٣- حزبی شیوعی لەسوریا حزبێکی نیشتمان پەروەر نیە، دژی بزووتنەوەی نیشتمانی بووە، لە ساڵی ١٩٢٢ – ١٩٢٥ پشتگیری سیاسەتی فەرنسای ئیستعماری کردووە.

٤- حزبی شیوعی لەسوریا، حزبێکی شۆڕشگێر نیە کە پەیڕەوی تیۆری شۆڕشگێڕانەی زانستی بکات، دروشمەکەی لەبنچینەدا هەڵپەرستی و پاشکۆیەتیە بۆ دەرەوە ، بەڵام ئایدیۆلۆژیاکەی ئایدیۆلۆژیایەکی ستالینی هەڵپەرستانەیە.

٥- سەرکردایەتی حزبی شیوعی، ئامرازێکە، ملکەچی دەسەڵاتی ئیستعمارو زایۆنیزمە، بەکرێگیراوێك (خالد بگداش) سەرکردایەتی دەکات.

بەهۆی ئەم نووسینەوە ئەلیاس بەرەو رووی هەرەشەی کوشتن بۆوە، لەریزی حزب دەرکرا، حزب ئەندامانی خۆی واتێگەیاندو هۆشیاریانی کردەوە کە ناوبراو سەر بەدەزگای هەواڵگری ئەمریکایە.

بەڵام لەدواییدا ئەم تاوانەی لەسەر لادراو لەریزی حزب وەرگیرایەوە، ئەلیاس لەچەند گۆڤارێك کاری کردووە، هەروەها نزیکەی (٢٠) کتێبی هەیە لەبواری هزری و سیاسییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٣- ئەنوەر عبدولمەلیك[١٩٨]:

بیرمەندێکی میسری مارکسییە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٤)، بابەتەکانی فەلسەفەو کۆمەڵناسی خوێندووە، لەبواری وانە وتنەوەو رۆژنامەگەریدا کاری کردووە.

لەژیانی سیاسیدا، هەزری مارکسی کاریگەری بەسەریدا هەبووە، یەك لەئەندامەکاراکانی ئەو رێکخراوە مارکسیانە بووە، کەلەچلەکانی سەدەی بیستەم دروستبووە، لەو سەردەمەی کە ململانێی فیکری و سیاسی زۆر توند بوو لەنێوان هزری مارکسی لەرووی رەوتی کۆنەپارێزی داگیرکاری بیانی لەوڵاتی میسر.

ئەنوەر لەسەردەمی شۆڕشە نەتەوایەتیەکانی گەلانی رۆژهەڵات ژیاوە، لەو کەسانە بووە کە بانگەشەی بۆ کۆکردنەوەی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی سەربەخۆیی کردووە، لەسەر بنەمای پاراستنی رۆشنبیری و کەسایەتی نەتەوایەتی.

لەسەرەتای کتێبێکی بەناوی (هزری عەرەبی لەجەنگی راپەڕین)دا، ئاماژەی بۆ ئەو کێشەو ئاڵۆزییە کردووە کەبەهۆیەوە سەرقاڵ بووە، ئەو نووسیویەتی (چۆن دەکرێ رێبازێکی ریشەیی، ئەندامی، بەردەوام، دروست بکەین لەنێوان بزاڤی نیشتمانی (کەئامانجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی سوسیالستە، لەگەڵ دامەزراندنی فەلسەفەیەك هاوشانی ئەو بزاڤە بێت، کە خۆی سەپاندووە بەسەر جیهاندا).

ئەنوەر لەناو بزاڤی چەپی عەرەبیدا کەسێکی دیاربووە، لەو کەسانە بووە کە داوای نزیك بوونەوەی نێوان ئایدیۆلۆژیای ناسیونالستی و ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمی کردووە.

بەتێڕوانینی ئەو، ئەو ناکۆکیانەی کەلەنێوان هێزە نیشتمانیەکان هەیە، ناکۆکیەکی لاوەکیە، ناکۆکی ریشەیی لەنێوان ئەو هێزانە و هێزە دەسەڵاتدارەکانی رۆژئاوادا هەیە.

لای ئەنوەر رابوون، نێوان دوو بنەماکۆدەکاتەوە.

١- دیدێکی هەمەلایەن بۆ مێژووی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان، هەروەها دیدێکی دیاریکراوی تایبەت بەمرۆڤ.

٢- ئەو دزگا سیاسیەی، پرۆژەی نیشتمانی جێ بەجێ دەکات.

لەتەوەری یەکەمدا، ئەنوەر هەوڵیداوە، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ شارستانیەتی رۆژهەڵات پێك بهێنێ، بوارە عەربیە ئیسلامیەکە بگرێتە خۆی، لەرامبەر بوارە رۆژئاواییەکە، هەروەها داوای بوونی ستراتیژییەتی کردووە، بوونی تیورییەکی سەربەخۆ لەزانستە کۆمەڵایەتیە رۆژئاواییەکان، کەکاریگەر بوو بێت بەو تێروانینەی ئیمپریالیزم.

بەڵام تەوەری دووەم، پەیوەست دەبێ بەو دەزگا دامەزراوەییەی، کەپرۆژەی رابوونی شارستانی هەڵگرتووەو توانای بەرجەستە کردنی هەیە.

ئەنوەر گرەوی لەسەر رۆڵی سوپا کردووە، لەجێ بەجێ کردنی شۆڕشی نیشتمانی بەهاوپەیمانیەتی رۆشنبیران.

لەساڵی (٢٠١٢) کۆچی دوایی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٤- جورج حاوی:

سیاسەتمەدارێکی لوبنانیە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٨)ە لەشارۆچکەی (بنفرین)ی ناوچەی (جبل) لە لوبنان[١٩٩].

خوێندنی سەرەتایی لەو شارۆچکەیە تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ئامادەیی چووەتە شاری (بیروت) دواترلەکولیجی ماف وەرگیراوە، بەڵام تەواوی نەکردووە.

ساڵی ١٩٥٥ جورج پەیوەندی بەحزبی شیوعیەوە کردووە، ناوبراو بەهۆی تواناکانیەوە بەپەلە لەریزی حزب و لەپلەی بەرپرسیاریەتی پێشکەوتووە، سەرەتا چالاکیەکانی لەناو خوێندکاران و لاوان دەستی پێکردووە، ساڵی ١٩٦١، بەرپرسیاریەتی ئەو رێکخراوەی وەرگرتووە، هەر هەمان ساڵ بە ناوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لوبنانی بەشداری لەکۆنگرەی لاوانی جیهانی کردووە لەوڵاتی شیلی، لەو کۆنگرەیەدا چاوی بە سەرکردەی خەباتی پارتیزانی – جیفارا – کەوتووە.

لەراستیدا، هەموو ئەو خسلەتانەی پەیوەندی بەکەسایەتی جورجەوە، هەیە وای لێکردووە کەببێتە یەك لەکەسایەتیە گەورەکانی لوبنان، هەروەها لەسەر ئاستی بزووتنەوەی شیوعیەت لەجیهانی عەرەبیدا، بووە بەسەرکردەیەکی گەورە، رێزی لێدەگیراو پێشوازی لێدەکرا لەلایەن سەرکردەکانی زۆربەی وڵاتان لەرۆژهەڵات و رۆژ ئاوا.

لەناو ئۆرگانەکانی حزبی شیوعی لوبنانی چالاکی و تواناکانی جیاواز بوو، ساڵی ١٩٦٦ بووە بەیەکێك لەو شەش کەسەی کە سکرتاریەتی حزبی شیوعی لوبنانیان لێ پێکهاتووە، ئەوانی لەو ئەنجومەنە بوون، چواریان (نیقولا الشاوي – حسن قریطم، ئارتین مادایان – صوایا صوایا) لەنەوەی کۆن بوون، بەڵام (جورج حاوي و کریم مروة) لەنەوەی گەنج بوون.

جۆرج لەدوای کۆنگرەی سێیەمی حزب کە لە ١٩٧٢ بەسترا‌وە، ئەرکی ئەمینداری گشتی حزبی شیوعی لوبنانی پێ سپێردراوە، لەڕووداوێکی کەم وێنە لەناو حزبە سیاسیەکان، ئەمینداری گشتی پێشوو (نيقولا الشاوي) لەسەر داوای خۆی، ئەو پلەیە بە جۆرج حاوی دراوەوە.
لەو سەردەمە حزب مۆڵەتی فەرمی کارکردنی وەرگرتبوو، ڕێکخستنەکانی لەلوتکەدا بوون لە رووی گەشەی جەماوەری، چالاکانە بەشداری لەکاروباری سیاسی لوبنان دەکرد، بەشداریکردووە، لەبەری نیشتمانی لوبنانی، جورج حاوی بووە بەجێگری سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە کەلەئەستۆی (کمال جنبلاط) ودواتر (وليد جنبلاط) بوونە.
کۆنگرەی شەشەمی حزبی شیوعی لوبنانی لە ١٩٩٢ بەسترا، جورج حاوي بڕیاریدا بوو واز لەپێگەی ئەمنیداری گشتی بێنی، بەڵام کۆنگرە ئەو ئەرکەی بەسەر سەپاند، دوای چەند مانگێك لەبەستنی کۆنگرە بڕیارەکەی خۆی جێ بەجێ کردووەولەئەمینداری گشتی حزب دوور کەوتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

### ٥- جورج حەبەش: [٢٠٠]

سەرکردەیەکی عەرەبی فەلەستینیە، رابەری بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب بوو.

لەشاری (اللد)ی فەلەستینی ساڵی (١٩٢٦) لەدایك بووە، دەرچووی کۆلیجی پزیشکیە لەساڵی ١٩٥١، ساڵی ١٩٤٨ بووە بەئەندام لەکۆمەڵەی (العروبة الوثقى) هەر لە ماوەی خوێندنی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕێکخراوی (لاوانی نەتەوەی عەرەب) یان دامەزراندووە، ئەم ڕێکخراوە بڵاوکراوەیەکی هەبووە لەژێر ناوی (الثأر)، هەروەها جورج، بەشداری کردووە لەدامەزراندنی ڕێکخراوی (کتائب الفداء العربي) لەسوریا لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە، ئەم ڕێکخراوە بەچەند کارێکی چەکداری هەستاوە دژ بەجووەکانی (دیمەشق و بەیروت)، هەروەها هەوڵیانداوە بۆ کوشتنی سیاسەتمەداری سوری (ئەدیب الشیشکلی).

جورج لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ڕۆژنامەی (الرأي) دەرکردووە لەئوردن، لەشاری (عومان) بەکاری پزیشکی هەستاوە ماوەیەك، لەدوای ساڵی ١٩٥٨ لە (دیمەشق) نیشتەجێ بووە، هەر لەوێش ژنی هێناوە لە ١٩٦١، دوو کچی هەبووە.

دوای کودەتاکەی (جاسم عەلوان) لەسوریا ساڵی ١٩٦٢، جورج سوریای بەجێ هێشتووە لەلوبنان ماوەیەك نیشتەجێ بووە، بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە سوریا.،

ساڵی ١٩٥٦، بەشداریکردووە، لەدامەزراندنی (بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب) لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە، ئەو بزووتنەوەیە لقی هەبووە لەچەند وڵاتێکی عەرەبی وەك (عێراق، سوریا، لوبنان، ئوردن، کەنداوی عەرەب)، جورج لەئوردنەوە سەرپەرشتی چالاکیەکانی ئەو بزووتنەوەیەی دەکرد.

لەحەفتاکاندا ململانێیەکی توند کەوتۆتە نێوان جورج حەبەش و شاحوسێن (شای ئوردن)، بۆیە جورج بڕیاریدا بەچەند گردەوەیەکی سەربازی دژ بەچەند دامو دەزگایەکی ئوردنی هەستێ.
ناوبراو دوای شکستی عەرەب لەجەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧و هەڵوەشاندنەوەی (بزووتنەوەی ناسیونالست خوازانی عەرەب)، سەرکردایەتی ڕێکخراوی (بەرەی میللی بۆ رزگاری فەلەستین)ی کردووە.
لەساڵی (١٩٧١) لەلوبنان جێگیر بووە تاساڵی ١٩٨٢ کە گەڕاوەتەوە دیمەشق، لەو ماوەیەدا بەچەند کردارێکی سەربازی هەستاوە دژ بەئیسرائیل، وەك ڕووداوەکەی (فرۆکەخانەی بن گۆریون) ساڵی ١٩٧٢، هەروەها کوشتنی وەزیری گەشت و گوزاری ئیسرائیلی (رەحیعام زەنیفی).
دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل (موساد) چەندین هەوڵیداوە بۆ کوشتنی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، لەمێژووی ١/ئاياری/٢٠٠٠ بڕیاریداوە واز بێنی لەبەرپرسیاریەتی بەرەی میللی بۆ زرگاری فەلەستین.
لە ٢٦/کانوونی دووەمی/٢٠٠٨ لەشاری عومان کۆچی دوایی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٦- حمة ئەلهومامی[٢٠١]:

سیاسەتمەدارێکی کۆمونیستی تونسیە، گوتە بێژی فەرمی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی تونسە، لە ٨/شوباتی/١٩٥٢ لەشارۆچکەی (العروبة)ی ویلایەتی (سلیانة) لەدایك بووە.

بڕوانامەی دکتۆرای لەزمانی عەرەبی وەرگرتووە، بەر هەڵستکارێکی توندی ڕژێمەکەی (الحبیب بورقیبة) و (زین العابدین بن علي)بووە.

حمة ئەلهومامي، سەرەتای چالاکیە سیاسییەکانی ساڵی (١٩٧٠) لەناو بزووتنەوەی خوێندکاران دەستی پێکردووە، بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٧٢) زیندانی کراوە بەهۆی بەشداریکردنی لەرووداوەکانی ناسراو بە (شەممەی ڕەش)، بۆ ماوەی (٨)ساڵ بڕیاری زیندانی دراوە، بەڵام (٦) ساڵی لەزیندان بەسەر برد، کە بەرەو رووی ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆتەوە، بەهۆیەوە حکومەتی تونس لەسەر ئەرکی خۆی، ناچار رەوانەی فەرەنسای کرد بۆ چارەسەرکردن.

ساڵی ١٩٨٦ بەشداریکردووە لەدامەزراندنی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی تونسی، بووە بەگووتە بێژی فەرمی حزبەکە.

ساڵی (١٩٨٨) کاتێ سەرۆکی پێشو (زین العابدین بن علي)، پەیمانی نیشتمانی خستەروو، هەموو حزبە سیاسیەکان رەزامەندی خۆیان لەسەری پیشاندا بەحزبی (النهضة)ش، بەڵام (حمة ئەلهومامي) رازی نەبوو لەسەر ئەو پەیمانە.

ساڵی (١٩٩٠) رۆژنامەی (البدیل)ی دەرکرد، بەڵام دوای یەك ساڵ، رۆژنامەکە لە دەرچوون راگیرا، حمة ئەلهومامیش درایە دادگاو ماوەی (١٠) ساڵی زیندانی کرا، تا ساڵی (٢٠٠٢) ئازاد کرا، دوای ئەوەی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەخەباتی نهێنیدا بووە.

ساڵی (٢٠٠٥) بەشداریکردووە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی (٨ ئۆکتۆبەر) بۆ ماف و یاساکان کەلە چوارچێوەیدا لایەنە چەپ و ئیسلامی و لیبرال و ناسیونالستەکان کۆ ببوونەوە.

لەماوەی بەرپابوونی شۆڕشی تونس لە شوباتی/٢٠١١ حمة ئەلهومامی خرایە بەندیخانە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێك لەسەر تۆڕی (ئەنتەرنێت) کەرەخنەی توندی لە (زين العابدين بن علي) گرتبوو داوای روخاندنی رژێمەکەی دەکرد.

دوای راپەرینەجەماوەیەکەی شوباتی/٢٠١١.

(حمة ئەلهومامي) بوومیەك لەکەسایەتیە ناسراوەکانی ناو جەماوەر، بەهۆی مێژووی دووروو درێژی لەخەبات، ناوبراو دژی حکومەتەکەی (راشد ئەلغەنوشی) وەستا، حزبەکەی بەشداری نەکرد لەئەنجوومەنی باڵای ولات، کە بۆ جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی شۆڕش و گواستنەوە بەرەو دیموکراسییەت دامەزرا.

حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی لەتونس، سەرەرای خەباتی دوورو درێژی، بەڵام لەهەلبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەم بارەوە (حمە ئەلهومامي) هۆیەکەی بۆ بەکارهێنانی پارەو ئیمتیازاتی سیاسی و مزگەوت و ئاین دەگەڕێنێتەوە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

لە ٧/تشرینی یەکەم/٢٠١٢ (حمە ئەلهومامي) بۆتە گوتەبێژی فەرمی بەرەی میللی، ناوبراو زیاتر لە (٦) کتێبی هەیە دەربارەی سیاسەت و کۆمەڵگەی تونس.

### ٧- خالد ئەحمەد زەکی[٢٠٢]

کادیرێکی پێشکەوتووی حزبی شیوعی عێراقی بوو، کەرەخنەی توندی ئاراستەی رێبازی سیاسی حزبەکەی دەگرت، دامەزرێنەری خەباتی چەکداری میللیە لەناوچەکانی باشووری عێراق.

ناوبراو، خوێندکار بوو لەبەریتانیا، هەروەها سکرتێری فەیلەسوفی بەناوبانگی بەریتانی (برتاند راسل)بوو، بۆ کاروباری دادگای نێو دەوڵەتی.

لەو سەردەمەدا کەجەنگی ڤێتنام هەبوو، خالد دەرفەتی بۆ رەخسا بوو سەردانی ئەو وڵاتە بکات و تارادەیەك شارەزای شێوازی خەباتی پارتیزانی ئەو میللەتە ببێت، کەدیارە کاریگەری بەسەردا هەبووە.

گەڕایەوە عێراق وەك نارەزاییەك بەرامبەر بەسیاسەت و هەڵوێستەکانی حزبی شیوعی (کۆمیتەی ناوەندی)، بە هاوکاری کۆمەڵە کادیرو ئەندامێکی ئەو حزبە، کە هەمان هەڵوێستی خالدیان هەبووە، وەك: محمد حسين السويعدي، عبدالجبار علي جبر، علي حسين الساعدي، محسن حواس، عبدالامير الركابي، أبو سعيد زەنگنە، عبود خلاطي، حسين ياسين، عقيل عبدالكريم، موسى عطية، لەناوچە زۆنگاوییەکانی باشووری عێراق دەستیان کرد بەخەباتی چەکداری میللی، لەسەردەمی حکومەتەکەی (عبدالرحمن عارف) لەپێناو:

١- سەلماندنی رێبازی سیاسی چەوتی حزبی شیوعی عیراقی (کەپێیان دەوت راستڕەو).
٢- لەرێگای بەکارهێنانی، دەسکەوتی سیاسی و ئابوری بۆ خزمەتی چینە هەژارەکان بەدەست بێنێ.

هەواڵنامەی کتێب

پەلاماری بنکەکانی پۆلیسیان دەدا، هەندێ چەك و تەقەمەنیان دەسکەوت، دەستیان گرت بەسەر هەندێ ئامێری چاپ لەدەزگا حکومییەکان، لەگەڵ ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقی (سەرکردایەتی ناوەندی) هاوکاری یەکتربوون.

دەنگوباسی ئەم بزووتنەوەیە بڵاوبۆوەو دەسەڵاتی پێ سەرقاڵ کردبوو، ترسی ئەوەش هەبوو لەلایەن دەسەڵاتەوە گەشەبکات و لەناو شارە گەورەکانیش دەنگدانەوەی هەبێ، بۆیە هێزەکانی حکومەت کەوتنە گەمارۆدانیان، تا لەدوورگەیەکی بچووکی ناو زۆنگاوێك، خالد لەگەڵ (٨) هاوڕێی چەکداری گەمارۆ دران، دوای شەڕێکی سەخت کە درێژایی ڕۆژێکی خایاند، لە ٢/حوزەیرانی/١٩٦٨، خالد ئەحمەد زەکی و چەند هاوڕێیەکی کوژران و ئەوانی دیکەش بەبریندای دەسگیر کران.

هەواڵنامەی کتێب

## ٨- خالد موحیەدین(٢٠٣)

ئەفسەرێکی سوپای میسر بوو لەسەردەمی پاشایەتی، یەك لەئەفسەرانی ئازادیخواز بوو، ئەندامێکی ئەنجومەنی گەل بووە لەخولی پێشوودا، هەلگری بیروباوەڕی چەپە، دامەزرێنەری حزبی (گردبوونەوەی نیشتمانی پێشکەوتووی یەکگرتنخوازە)ە، سالێك زیاترە لەکاری سیاسی دوور کەوتۆتەوە.

ناوبراو لەدایك بووی سالی (١٩٢٢)ە لەشارۆچکەی (کفر شکر)ی سەر بەپارێزگای (القیلوبیة)، دەرچووی کۆلێجی سەربازییە سالی (١٩٤٠)، لەسالی ١٩٤٤ وە پەیوەندی بەڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە، کەدواتر لەسالی (١٩٥٢) توانیان رژێمی پاشایەتی لەمیسر بگۆڕن و رژێمی کۆماری دابمەزرێنن.

دواتر بووە بەئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ناوبراو بڕوانامەی بکالۆریۆسی لەبواری بازرگانی وەرگرتووە سالی (١٩٥١)، چەندین پلە و پایەی کارگێری و مەدەنی لەناو دەولەت گرتۆتە ئەستۆ.

خالد موحیەدین، دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٢ داوای کردووە ئەفسەران بگەڕێنەوە ناو سەربازخانەکانیان، بۆ ئەوەی رێگا خۆش بێت بۆ چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراسیانە، ناوبراو بیرو بۆ چوونی جیاوازی هەبوو لەم بارەوە لەگەل سەرۆك (جەمال عەبدولناسر)، بۆیە لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کشاوەتەوەو ماوەیەك چۆتە دەرەوەی میسرو لەسویسرا ماوەتەوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ میسر بەشداری هەلبژاردنەکانی سالی (١٩٥٧) کردووە، بووە بەئەندامی ئەنجومەنی گەل، یەکەم رۆژنامەی ئێوارانی لەسەردەمی کۆماری دەرکردووە بەناوی (المساء)، لەنێوان سالانی (١٩٦٤ – ١٩٦٥) بووە بەسەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەری رۆژنامەی (اخبار الیوم)، ناوبراو یەك لە

دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانیـە، سـەرۆکی ناوچـەی رۆژهـەڵات و سـەرۆکی میسری بووە بۆ ئاشتی و چەك داماڵین.

خەڵاتی (لینین)ی بۆ ئاشتی وەرگرتووە ساڵی (١٩٧٠)، حزبی (التجمع الوطني التقدمي الوحدوي) دامەزراندووە ساڵی ١٩٧٦.

بەهۆی ململانێی نێوانیان، سەرۆك (ئـەنوەر ئەلسادات) تاوانبـاری کـردووە بەنۆکـەری بۆ مۆسکۆ، ئـەم تاوانـە ئاراسـتەی ئـەو کەسانە دەکـرا کـە هـەڵگری بیروبـاوەڕی چـەپ بوونە لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان.

لەنێوان (١٩٩٠ – ٢٠٠٥) ئەندامی ئەنجومەنی گەلی میسر بووە.

یاداشتەکانی خۆی لەکتێبێکدا بەناوی (الان اتكلم) چاپ کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٩- خالد بەگداش[٢٠٤]

ساڵی (١٩١٢) لەگەڕەکی کوردان لەشاری دیمەشق، لەخێزانێکی کورد لەدایك بووە، باوکی سەربازی سوپای عوسمانی بووە.

خالد خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەقوتابخانەکانی حکومەت لەشاری دیمەشق تەواوکردووە، نەیتوانیەوە خوێندنی لەکۆلیجی یاسا تەواو بکات بەهۆی سەرقاڵی بەکاری حزبایەتی و سیاسەت، زۆر بەگەرمی خەریکی خوێندنەوەی کتێبە سیاسییەکان بووە.

ساڵی ١٩٢٩ پەیوەندی بەرێکخراوی – الكتلة الوطنية- کردووە، ماوەیەك بەهۆی چالاکی لەو رێکخراوە لەکاروباری حزبایەتی شارەزایی پەیدا کردووە، ساڵی (١٩٣٠) بووە بەئەندامی حزبی شیوعی سوری – لوبنانی، ساڵی ١٩٣١ چوارمانگ زیندانی کراوە، ساڵی ١٩٣٣ لەترسی گرتن هەڵاتووە، دواتر بەمەبەستی خوێندن بەرەو مۆسکۆ رۆیشتووە.

لەمۆسکۆ لەپەیمانگای (لینین)و دواتر لەزانکۆی (طشقند) خوێندوویەتی و فێری زمانی رووسی بووە زۆر بەباشی، ساڵی ١٩٣٥ بووە بەسەرۆکی نوێنەرە عەرەبەکان لەکۆنگرەی حەوتەمی کۆمنتێرن.

خالد بەگداش، لەدوای گەڕانەوەی لەمۆسکۆ، بەسکرتێری گشتی حزبی شیوعی سوری-لوبنانی هەڵبژێردراوە، لەو سەردەمە بەهۆی سەرکەوتنی (بەرەی میللی) لەفەرەنساو بەدەست گرتنی دەسەڵات (دیارە ئەو بەرەیە شیوعیەکانی فەرەنساش بەشداربوونە لە بەڕێوەبردنی)، حزبی شیوعی سوری-لوبنانی، دەرفەتی گەشەکردنی رێکخستنەکانی زیاتر بووە.

خالد چالاکیەکی زۆری نواندووەو هەوڵیداوە پشتگیری فەرەنسا بەدەست بێنێ بۆ ئەوەی سوریا سەربەخۆیی وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی پاریسی کردووە.

ساڵی ١٩٣٧ ڕۆژنامەی (صوت الشعب) بەناوی حزبی شیوعی سوری-لوبنانی بۆ یەکەم جار بەئاشکرا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر لاپەڕەکانی وتارەکانی خالد بەگداشی بڵاوکردۆتەوە.

دوای جەنگی جیهانی دووەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی بەهێز کردووە، ساڵی ١٩٤٦ سەردانی (لەندەنی) کردووە، دواتر لە کۆنگرەی حزبی شیوعی ئیتالی ساڵی ١٩٤٧ بەشداریکردووە، بەم جۆرە بووە بەیەك لەسەرکردە شیوعیە ناسراوەکانی جیهان، بۆیە لە (کومنتێرن) ساڵی ١٩٤٨ کراوەتە بەڕێوەبەری حزب بۆ کاروباری وڵاتە عەرەبیەکان، ساڵی ١٩٥٤ بەگداش بووە بە ئەندامی پەرلەمانی سوری، دیارە یەکەم جارە کەسێکی شیوعی بگاتە ئەم پێگەیە.

بەگداش هەڵوێستی بەرامبەر یەکگرتنی هەردوو وڵاتی سوریا-مصر، باش نەبوو، ئەو لەپەرلەمان دەنگی نەداوە بەو یەکگرتنە، ساڵی ١٩٦٦ چووە بۆ یەکێتی شۆڤیەت و ماوەیەکی زۆر ماوە.

ساڵی ١٩٧٧ حزبی شیوعی سوریا، دوو ئەندامی بوون بەوەزیر لەحکومەتی سوریا.

لەماوەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم، خالد بەگداش جێگای ڕەخنەی توند بووە لەلایەن کادیروئەندامانی حزب.

لە٢٤/تەموزی/١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە.

کتێبێکی هەیە لەژێرناو – طریق الاستقالال..

### ١٠- ریاض ئەلتورك:[٢٠٥]

لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٠)یەلەشاری (حمص)ی سوریا، سیاسەتمەدارێکی دیاری ئۆپۆزسیۆنە لە سوریا، چەند جارێك بەو هۆیەوە زیندانی کراوە.

یەك لەو کەسانەیە کەبەردەوام داوای پەیرەوکردنی دیموکراسیەتی کردووە، سەرەڕای گۆڕانکاری لەشێوازی حوکم و کاروبار بەڕێوەبەردن، ناوبراو لەکۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی سوریا لە ساڵی ١٩٦٩بەئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، لەساڵی ١٩٧٣ وە وەك باوکی روحی ئۆپۆزسیونی سوریا تەماشا دەکرێت.

سەرەتای پەیوەندی بە حزبی شیوعی سوریاوە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە خوێندکار بووە، ساڵی (١٩٥٢) بەهۆی چالاکی سیاسییەوە زیندانی کراوە.

(ریاض) یەك لەو نووسەرانە بووە کە لەرۆژنامەکان، بابەتی زۆری بلاوکراوەتەوە بەتایبەتی رۆژنامەی (النور)، ناوبراو وەك بیرمەندێکی پایە بەرزی حزب تەماشا کراوە، لەسەردەمی یەکگرتنی میسرو سوریا (١٩٥٨) بەهۆی هەڵوێستەکانی زیندانی کراوە، دوای ساڵی ١٩٦١، ئازاد کراوەو سوریای بەجێ هێشتووە لەلوبنان ژیاوە تاساڵی ١٩٦٣، گەڕاوەتەوە بۆ سوریا، کاتێ باڵی چەپی حزبی بەعسی دەسەلاتی گرتۆتە دەست، بە سەرکردایەتی (صلاح ئەلجدید).

ساڵی ١٩٧٢، ململانێ کەو تۆتە نێوان (ریاض) و (خالد بەگداش)، کاتێ خالد ویستی حزبی شیوعی بکاتە ئەندام لەبەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز (هاوپەیمانیەتیەك بوو لەلای سەرۆك حافظ الاسد) پێکهات.

ئەو ململانێیە بوو بە هۆی جیابوونەوەی (ریاض) لەحزبی شیوعی سوری و پێکهێنانی حزبێکی نوێ بەناوی (حزبی شیوعی سوری – مەکتەبی سیاسی) سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی درا بۆ ڕێگرتن لەو جیابوونەوەیە، بەتایبەتی لەلایەن حزبی شیوعی سوفیەتی.

(ریـــاض) لــەماوەی ســالآنی (تشــرینی یەکــەمی/١٩٨٠ تــا حــوزەیرانی/١٩٩٨ وەك بەندکراوێکی سیاسی لەزیندانەکانی سوریا ماوەتەوە.

ناوبراو لەسەر ڕێبازی سیاسی خۆی دژ بەرژێمی سوریا ماوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ١١- سەلام عادل: [٢٠٦]

ناوی راستی (احمد حسين الرضي)یە، لەساڵی ١٩٢٤ لەشاری (النجف) لەدایك بووە، هەر لەو شارەدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، دواتر خانەی مامۆستایانی خوێندووە لە ساڵی (١٩٤٠)، لەو ماوەیەداو لەساڵی (١٩٤٣) پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقیەوە کردووە، بەهۆی پەیوەندی بەحزبی شیوعیەوە لەکاری مامۆستایی دورخراوەتەوە، بۆیە چۆتە بەغدا بەمەبەستی ژیان.

لە ١٦/کانوونی دووەمی/١٩٤٦ لەلایەن دزگا ئەمنیەکانەوە گیراوە، بەهۆی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندانەکان تا ساڵی ١٩٥١ کەئازاد کراوە، چۆتە شاری بەسرەو بۆتە کرێکار لە بەندەرەکەی، وەك کەسایەتیەك لەناو کرێکاران دەرکەوتووەو ناسراوە.

دوای گرتنی (بەهائەدین نوري) لەلایەن پۆلیس لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٣)، سەلام عادل بووە بەئەندامی لیژنەیەکی سەرکردایەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حزب.

نوێنەری حزبی شیوعی عێراقی بووە، لەکۆنگرەی حزبە شیوعی و کرێکاریەکانی ئەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بوون، ئەو کۆنگرەیە لەشاری لەندەن بەستراوە لەماوەی (٢١-٢٤/نیسانی/١٩٥٤).

لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کەلە حوزەیرانی/١٩٥٥ بەسترا، بڕیاردرا (سەلام عادل) ببێتە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، دوای دوورخستنەوەی (حەمید عوسمان)، سەلام عادل لەهەوڵی دروستکردنەوەو یەکخستنی ریزەکانی حزب بووە، لەگەڵ ئەوگروپ و کۆمەڵانەی جیا ببوونەوە کەوتە گفتوگۆ، توانی هەر یەك لەگروپی (وحدة الشيوعيين) و (راية الشغيلة) بگەڕێنێتەوە ناوحزب.

بەهۆی چالاکی بەردەوامی بۆ بوژاندنەوەی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی، دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت (سەلام عادل) یان بەکەسێکی مەترسیدار تەماشادەکرد.

دوای رووخانـدنی حکومـەتی پاشـایەتی لـەعێراق، سـاڵی ١٩٥٨ لەگـەڵ دامەزرانـدنی حکومەتی کۆماری، حزبی شیوعی عێراقی رووی لەگەشەکردنێکی گەورەکرد، بەڵام بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی و عبدالکریم قاسم سەرۆکی (حکومەت)، سەرکردایەتی حزب (سەلام عادل)یان تاوانبارکرد بەو بارو دۆخەی کە دروست بووە، بۆیە لەناو (مەکتەبی سیاسی) حزب گروپێکی چوارکەسی پێکهاتبوو لە (عـامر عبـدالله – بهـاء الـدين نـوري – زكـي خـيري – محمـد حسـين أبـو العـيس)، سـەرکەوتن لەهەولـەکانیان بـۆ دوورخسـتنەوەی هەریـەك لەسـەلام عـادل و جـەمال حەیدەری لەسەر کردایەتی حزب.

بـەڵام دوای ماوەیـەك سـەڵام عـادل گەراوەتـەوە وەك سـکرتێری حـزب، بەپشـتگیری کادیرو سەرکردەکانی دیکەی نـاو حـزب، هـەروەها لەکۆبونـەوەی مـانگی ئـەیلولی/١٩٦٢ کۆمیتەی ناوەندی، بڕیاری دوور خستنەوەی ئەو چوار کەسەدرا.

لەگـەڵ کودەتاکـەی ٨/شـوباتی/١٩٦٣، سـەڵام عـادل لەناوشـاری بەغـداد سـەرکردایەتی گروپە چەکدارەکانی حزبی دەکرد، دژ بەبەعسیەکان، بەڵام لە١٩/شوباتی/١٩٦٣ بەهۆی خیانەتەوە، سەڵام عادل دەسگیرکراو لـە ٧/ئـازاری/١٩٦٣ بڕیـاری کوشـتنی لەسـەر جـێ بەجێکرا.

**١٢- زەکی موراد:**[٢٠٧]

بیرمەندێکی کۆمۆنیستی میسرییە، لەئەیلولی/١٩٢٧ لەگوندی (بوریم)ی ناوچەی (نوبة) لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٣ لەکۆلیجی (ماف)ی سەر بەزانکۆی (قاهیرة) وەرگیراوە لەهەمان ساڵدا پەیوەندی بەڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کردووە بەناوی بزووتنەوەی میسری.

زەکی لەکادیرە دیارەکانی لیژنەی نیشتمانی خوێندکارو کرێکارانی سەر بەو ڕێکخراوە کاری کردووە، ئەو ڕێکخراوە بەتوندی دژایەتی حوکمرانی (اسماعیل صدقي) یان کردووە لەساڵی ١٩٤٦.

دواتر ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ڕێکخراوی (نایسکرا) یەکیان گرت، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی دیکەیان پێکهێنا بەناوی بزووتنەوەی دیموکراسی بۆ ڕزگاری نیشتمانی (حدتو).

ساڵی ١٩٤٨ و دروست کردنی دەوڵەتی ئیسرائیل، باری حزبە کۆمۆنیستەکان تێکچوو لەوڵاتانی عەرەبی، ئەم ڕێکخراوە (حدتو) چەند ڕێکخراوێکی لێ جودا بۆتەوە، زەکی موراد پەیوەندی بەڕێکخراوی بەرەی (حزبی کۆمۆنیستی میسری) (حتشم) هەبووە، بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ناو ڕێکخراوەکەی پێشووی (حدتو).

ساڵی ١٩٤٧، کۆلیجی مافی تەواو کردوو بوو بەپارێزەر، لەناو سکرتارییەتی ڕێکخراوی (انصار السلام)ی سەربەکۆمۆنیستەکان وەك ئەندام هەڵبژێردراوە، لەکۆتایی (١٩٥١) بووە بەئەندام لەلیژنەی دەستوری نیشتمانی، کەبەرنامەی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ١٩٣٦ی نێوان میسرو بەریتانیا داڕشتووە.

لە ٢٦/کانوونی دووەمی/١٩٥٢ بەهۆی ئاگرە بەناو بەناگەکەی شاری قاهیرە، زەکی زیندانی دەکرێ، ئەگەرچی حکومەتی شۆرشی (جمال عبدالناصر) دوای حەوت مانگ

زیندانی ئازادی کرد، بەڵام بۆ جارێکی دیکە لەکۆتایی ١٩٥٣ دەسگیر کراو بۆ ماوەی (٨) ساڵ زیاتر زیندانی کراوە.

دوای ئازاد بوونی لە ١٩٦٤، یەك لەکۆمۆنیستە دیارەکان بووە کەهاوکاری (جمال عبدالناصر)ی کردووە بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنی پێشەنگی سۆسیالستی (الطليعة الاشتراكية) کە زیاتر لە (٣٠) هەزار ئەندامی هەبووە، لەو ماوەیەدا بەکاری پارێزەریش خەریك بووە.

لەیەکی/کانوونی دووەمی/١٩٧٥ جارێکی دیکە بەتاوانی پەیوەندی بەڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی نهێنی دەسگیردەکرێت، ئەو ڕێکخراوە لە ١٩٧٣ دامەزراوە لەیەکگرتنی سێ ڕێکخراوی شیوعی زەکی مورادیش بەرپرسی یەکەمی بووە.

لەدوای راپەرینەکەی رۆژانی ١٨ و ١٩/کانونی دووەمی/١٩٧٧ لەمیسر زەکی جارێکی دیکە زیندانی کراوە بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ١٨/کانوونی دووەمی/١٩٧٩ بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ کوژراوە.

زەکی لەژمارەیەکی زۆری گۆڤارو رۆژنامە کاری کردووەو بابەتی بلاوکردۆتەوە: گۆڤاری (ام درمان)ی شیوعیەکانی سودان لەقاهیرە دەردەچوو لە١٩٤٥، رۆژنامەی (الجماهير) ١٩٤٧-١٩٤٨، رۆژنامەی (الملايين) ١٩٥١-١٩٥٢، رۆژنامەی (الواجب) ١٩٥٢ گۆڤاری (الكاتب) ١٩٥١ – ١٩٥٢ ، گۆڤاری (الطليعة) ١٩٦٥ – ١٩٧٧، گۆڤارەکانی الطليعة، (السلم و الحرية والاشتراكية) لەساڵانی دوایی.

### ١٣- سەلیم ئەلفەخری:

سەلیم داود ئەلفەخری، لەشاری موصل ساڵی (١٩٢٠) هاتۆتە دونیاوە، دەرچووی کۆلیجی سەربازیی بووە[٢٠٨] لەشاری بەغداد، پەیوەندی بەرێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی کردووە لەساڵی ١٩٤٤.

ساڵی ١٩٤٦ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رێکخراوی (الشیوعیین العراقیین) بووە بەسەرکردایەتی داود الصائغ.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی١٤/تەمووز/١٩٥٨ بەبەڕێوەبەری گشتی ئیزگەو تەلەفزیۆنی عێراق دانراوە لەساڵی ١٩٥٩.

لەئاکامی کودەتا سەربازییەکەی ٨/شوباتی/١٩٦٣ لەعێراق، هەروەها بەهۆی کرداری کوشتن و[٢٠٩] لەناو بردنی کادیرو ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقیەوە، ژمارەیەکیان هەڵاتوون لەبغداد و پەنایان بۆ ناو پێشمەرگەی کوردستان هێناوە، یەك لەوانە عەقید (سلیم الفخری) بووە دیارە لەو سەردەمەش ململانێی و جیابوونەوەکانی ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی پەرەی سەندووە، یەك لەو گروپانەی جیابوونەوەو باوەریان بەخەباتی چەکدرای هەبووە، ناویان لەخۆیان ناوە (اللجنة الثوریة).

ئەوانە دوای ماوەیەك لەخۆرێکخستن لەشاری بەغداد، پەیوەندییان بەژمارەیەك ئەفسەری پلە بەرزکردوە کەلەکوردستان بوون، (عەقید سەلیم ئەلفەخري) رازی بووە کاریان لەگەڵ بکات، بەئاگاداری سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، بەنهێنی گەیشتۆتە بەغداد، لەوێ ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەو رێکخراوەی گرتۆتە دەست، هەر لەو ماوەیەدا بەرنامەی کودەتایەکی سەربازی دارشتووە دژ بەحکومەتەکەی عبدالرحمن عارف، بەیانی یەکەمی ئامادەکرد، ناوی بەرپرسەباڵاکانی حکومەتی

دیاریکردووه بەڵام پێش ئەوەی دەس بەکاربن لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت دەسگیردەکرێت، بەرنامەکەیان تێك دەشکێت.
ناوبراو دەدرێتە دادگا، لەزیندان دەمێنێتەوە تادوای کودەتای ١٧/تەمووزی/١٩٦٨ دواتر ئازاد دەکرێ و دەچێتە دەرەوەی عێراق.
لە ٢٤/ئازاری/١٩٨٠ لەناو شاری بیروت تیرۆر دەکرێت(٢١٠).

هەواڵنامەی کتێب

### ١٤- عەبدولرەحیم بوعوبید: (٢١١)

عەبدولرەحیم لە ٢٣/ئازاری/١٩٢٢ لەناوچەی (بسلا)ی وڵاتی مەغرب لەدایك بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو كردووە، ژیانی بەدەستكورتی و دژواری بەسەر بردووە، بۆ خوێندنی ئامادەیی هاتۆتە شاری (رباط) لەقوتابخانەی (مولاي یوسف) وەرگیراوە، لەو قوتابخانەیە هاورێی دێرینی (الهدي بن بركة) دەخوێنێ و لەكۆتایی ساڵانی خوێندن دەبنە هاورێی یەكتر، ماوەی چوار ساڵی خوێندنی لەو قوتابخانەیە بەسەر بردووە، لەو ماوەیەدا لەدنگ و باسی سیاست و بزووتنەوەی نیشتمانی شارەزا دەبێ، ساڵی ١٩٣٩ دەبێ بەمامۆستا لەشاری (فاس)، لەهەمان كاتدا درێژە بەخوێندنی دەدا بۆ وەرگرتنی بڕانامەی (بكالۆریۆس)، هەر لەو ساڵانە پەیوەندی حزبایەتی بۆ دروست دەبێ لەگەڵ حزبی (الاستقلال).

لە ١١/شوباتی/١٩٤٤، پەیماننامەیەك بەناوی (پەیماننامەی سەر بەخۆیی) دەدرێتە دەسەڵات كە ژمارەیەكی زۆری خەڵكی مەغرب واژۆیان لەسەری كردووە، لەوانە عبدولرەحیم، مەبەست لەو داواكارییە سەربەخۆیی و دەركردنی هێزی بیانییە لەخاكی مەغرب، بەو هۆیە ژمارەیەك لەسەر كردەكانی حزبی (الاستقلال) دەگیرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاژاوەو خۆپیشاندان لەشارەكانی مەغرب، یەك لەو خۆپیشاندانانە لەلایەن عەبدلرەحیم سەركردایەتی دەكرێ، بۆیە دەسگیر دەكرێت و دەخرێتە زیندان لەشاری (رباط) ساڵی ١٩٤٥.

دوای ئازاد كردنی دەچێتە فەرەنسا بۆ خوێندنی یاسا، لەوێ لەپەیمانگای لێكۆلینەوە سیاسییەكان درێژە بەخوێندنی دەدات، لەپاریس چالاكی رێكخراوەیی ئەنجامدەدا لەناو كۆچكەرە مەغریبیەكان سەرەڕای دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ كەسایەتیە سیاسییەكان.

ساڵی ١٩٤٩ گەڕاوەتەوە مەغرب و بووە بەئەندامی لیژنەی جێ بەجێکردن لەحزبی (الاستقلال) لەوماوەیەدا جارێکی دیکە زیندانی دەکرێ، لەگفتوگۆکانی نێوان مەغرب و فەرەنسا عەبدولرەحیم بە رۆڵێکی سەرەکی هەڵدەستێ، لەیەکەم حکومەتی مەغرب دەبێتە وەزیر، هەروەها ناوبراو یەکەم باڵیۆزی مەغرب بووە لەفەرەنسا، لەنێوان ساڵانی (١٩٥٦-١٩٦٠) دەگرێتە وەزیری ئابوری، بەرنامەیەکی گەشەپێدانی سوسیالستی کشتوکاڵی و پیشەسازی دەخاتە ڕوو.

ساڵی (١٩٥٩) لەحزبی (الاستقلال) جیادەبێتەوە، لەحزبی (الاتحاد الوطني للقوى الشعبية) ئەندامی سکرتاریەتی حزب دەبێ، رابەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات دژ بەشای مەغرب ساڵی (١٩٦٣)، هەر بەهۆی ڕاپەرینەکەی شاری (دارالبيضاء) و تیرۆرکردنی (المهدي بن بركة) زیاتر پەیوەندی لەگەڵ دام و دەزگاکانی شا تێکدەچێ.

عەبدولرەحیم ساڵی ١٩٧٢ لەحزبی (الاتحاد الوطني للقوى الشعبية) جیا دەبێتەوەو حزبی (الاتحاد الاشتراكي للقوى الشعبية) دادەمەزرێنێ و پەیڕەوی هزری مارکسی – لینینی دەکات، پشتگیری سیاسەتی شای مەغرب دەکات، بۆ وەرگرتنەوەی بیابانی رۆژئاوا، ناوبراو لە٨/شوباتی/١٩٩٢ کۆچی دوایی دەکات.

## ١٥- عەبدولخالق مەحجوب: [٢١٢]

سیاسەتمەدارێکی سودانیە، دیارترین سەرکردەکانی حزبی شیوعی سودانیە، ئەمینداری گشتی حزبی شیوعی بووە لەدامەزراندنیەوە تا رۆژی کوشتنی لەساڵی ١٩٧١.

ناوبراو خوێندکاری کۆلیجی زانست بووە لەزانکۆی قاهیرە، بەڵام خوێندنی بۆتەواو نەکراوە، پەیوەندی بەرێکخستنەکانی حزبی شیوعی سودانی کردووە لە ساڵی ١٩٤٦وە، بەشێوازی نهێنی کاری کردووە تاساڵی ١٩٥٦، لەو ساڵەدا سودان سەربەخۆیی بەدەست هێنا.

عبەدولخالق بەئەمینداری گشتی بەرەی دژ بەئیستعمار هەڵبژێردرا، دواتر بووە بە سەرۆکی ئەو رێکخراوە لەساڵی ١٩٥٩.

حزبی شیوعی سودانی تاکە حزب بووە کەبەرنامەیەکی دوورو درێژی هەمەلایەنەی ئاشکرای هەبێت، ئەو بەرنامەیە بوارەکانی سەربەخۆیی نیشتمانی و رزگاری ئابوری گرتۆتەوە، سەرەرای کێشەی بوونیادنانی دیموکراسی لەسودان و چاککردنی گوزەرانی زەحمەتکێشان.

رۆژنامەی (الميدان) زمانحالی حزب بووە، لەرێگایەوە عەبدولخالق دژ بەبریارەکەی حکومەتی سودان وەستا، دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شیوعی سودانی ساڵی ١٩٦٥.

عەبدولخالق زیاتر لەجارێك زیندانی کراوە، پێش و دوای سەربەخۆیی سودان، دواجاریش ساڵی (١٩٧١) بووە، بەڵام توانی لەزیندان خۆی دەرباز بکات.

عەبدولخالق لەناست رووداوەکەی ١٩/تەموزی/١٩٧١ دژ بەحکومەتی سودان، بەیانێکی بەناوحزب بڵاوکردەوە، لەو بەیانەدا هاتبوو، کە ئەوان پشتگیری جولانەوەکەی دەکەن بە سەرکردایەتی (هاشم العطا) (دیارە مەبەستی روخاندنی حکومەتی سودان بوو)

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام داوا لەئەندامی حزب دەکات کە خۆیان دوور بخەنەوە لەهەر کارێکی توندو تیژی، حزب باوەڕی بەڕێگای ئاشتیە بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی ناو سودان.

دوای سەرنەکەوتنی جولانەوەکە بەچەند رۆژێك و لە ٢٥/تەموزی/١٩٧١، هەڵمەتێکی فراوانی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی سودان دەستی پێکرد، زیاتر لە دوو هەزار ئەندام و کادیری حزبی شیوعی دەسگیر کران، لەناویاندا سکرتێری حزب بوو عەبدولخالق مەحجوب، لەدادگایکردنێکی خێرای کەم وێنە بڕیاری کوشتنی دەرچوو، لەرۆژی ٢٨/تەموزی/١٩٧١ جێ بەجێ کرا.

هەواڵنامەی کتێب

## ١٦- عەبدولفەتاح ئیسماعیل:[٢١٣]

عەبدولفەتاح لە٢٨/تەموزی/١٩٣٩ لەناوچەی (حیفان)ی پارێزگای (تەعز) لەدایك بووە سەرەتای خوێندنی لەسەردەستی باوکی بووە، کەمەلای مزگەوتی گوندەکەیە، دواتر لە شاری (عەدەن) خوێندنی سەرەتایی و ناوەندنی تەواو کردووە، ناوبراو (٢١)مین منداڵی باوکی بووە، تەواو کردنی خوێند بۆی کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیە دەستی لێ هەڵگرت و لەپاڵاوگەیەکی نەوتی بەریتانی لەشاری (عەدەن) کرێکاری کردووە.

لەکۆتایی ساڵی (١٩٥٩) پەیوەندی بەبزووتنەوەی ناسیونالستخوازانی عەرەب کردووە لەشاری (عەدەن)، لەنیسانی ١٩٦٠ بەشداری لەمانگرتنی کرێکارانی پاڵاوگەکە کردووە، ئەگەر چی فشارێکی زۆری پۆلیسیان لەسەر بووە بەڵام بەشێکی داواکاریەکانیان جێ بەجێکراوە. ناوبراو ماوەیەك بەکاری مامۆستایی هەستاوە، دواتر گەڕاوەتەوە شاری (عەدەن) بۆ رابەرایەتیکردنی شانە نهێنیەکانی بزووتنەوەکە، ژمارەیەکی زۆری ئەندامیان رێك خستووە لەسەر شێوەی شانەی نهێنی.

لەئابی/١٩٦٣ بەرەی نەتەوایەتی بۆ رزگارکردنی باشووری یەمەن دامەزراوە، دەست کرا بەخۆ ئامادەکردن بۆ خەباتی چەکداری، لەو ماوەیەدا عەبدولفەتاح خەریکی راهێنان و فێربوونی کاری سەربازی بووە، هەروەها سەرپەرشتی هاتن و دابەشکردنی چەك و تەقەمەنی دەکرد، لەسەرەتای ١٩٦٤، بووە بە بەرپرسی یەکەمی کاری سەربازی لەبەرەی (عەدەن)، یەکەم کاری سەربازی لەمانگی تەموزی/١٩٦٤ ئەنجامدراوە لەفرۆکە خانەی ناوچەکە، دواتر کارەکان بەردەوام بوون، بەرەی جەنگ لەعەدەن، بووە بەیەك لەبەرە بەهێزەکانی خەبات دژی ئیستعماری بەریتانی، کە رۆڵی سەرەکی لێرەدا عەبدولفەتاح دەیگێڕا.

لەحوزەیرانی ١٩٦٥ یەکەم کۆنگرەی (بەرەی نەتەوایەتی) بەسترا، لەوکۆنگرەیە عەبدولفەتاح هەڵبژێردرا بۆ ئەنجومەنی جێ بەجێکردنی بەرە، لەو ماوەیەدا بەرەی نەتەوایەتی بەرەو رووی فشاری سیاسی حکومەتی میسر بۆتەوە (هێزەکانی لەیەمەنی باکور بوون، یارمەتی شۆڕشی یەمەنی باشوریان دەدا)، عەبدولفەتاح لەلایەن دەزگای هەواڵگری میسر رفێنرا بۆ شاری (صنعاء)و دواتر گوازرایەوە قاهیرە، لەئازاری ١٩٦٦ لەشاری قاهیرە، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێك راگەیەنرا بۆ سەرکردایەتی کردنی بەرەی رزگاری لەیەمەنی باشور، ئەو ئەنجومەنە لە(١٢) ئەندام پێکهاتبوون کە عەبدولفەتاح یەکێکیان بوو، ئەنجومەنەکە لەژێر فشاری حکومەتی میسرپێکهاتبوو بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی مارکسیەکان و پشتگیری ناسیونالستە عەرەبەکان.

لەکۆنگرەی سێیەمی بەرەی نەتەوایەتی لەناوچەی (حمر) ساڵی ١٩٦٦ جارێکی دیکە بەرەی نەتەوایەتی سەربەخۆیی خۆی راگەیاندەوو رێککەوتنەکەی قاهیرە پشتگوێ خرا، عەبدولفەتاح بەئەندامی لیژنەی جێ بەجێکردنی بەرە هەڵبژێردرایەوە.

هێزەکانی بەرە دەستیان کردەوە بەکاری سەربازی و رزگار کردنی ناوچەکان و فراوان کردنی سنوری دەسەڵاتیان.

لەساڵی ١٩٧٦ حکومەتی بەریتانیا دانی نا بەبەرەی نەتەوایەتی و وەك نوێنەری گەلی یەمەنی باشوری ناساند، دوای گفتوگۆ لە ٣٠/تشرینی دووەمی/١٩٦٧ بەیاننامەی سەربەخۆیی یەمەنی باشور راگەیەندرا، لەلایەن عەبدولفەتاح لەبەردەم جەماوەرێکی گەورە خوێندرایەوە.

لەپێکهێنانی یەکەم حکومەتی یەمەنی باشور، عەبدولفەتاح بووە وەزیری رۆشنبیری.

لەکۆنگرەی چوارەم کە لەئازاری/١٩٦٧ بەسترا بوو، بەرەی نەتەوایەتی دابەش ببوو بەسەر دوو رەوتی دژ بەیەك، یەکەمیان رەوتێکی چەپی توندرەو بەسەرکرایەتی عەبدولفەتاح، دووەمیان رەوتێکی میانرەو بەسەرکردایەتی (قحطان الشعبي)، دوای

(١٤) رۆژ لەسەر بەخۆیی هێزی چەکدار کودەتایەکی دژ بەرەوتی چەپ بەرپاکرد، عەبدولفەتاح و ژمارەیەك لەکادیرو سەرکردەکانی ئەو رەوتە دەستگیرکران، بەڵام رێکخراوەکانی بەرە بەزۆری و بەپشتگیری بەشێك لەهێزی چەکدار دژی ئەو هەڵوێستەی بەرەی میانرەو وەستان و زاڵبوون بەسەر بارو دۆخەکە، عەبدولفەتاح ئازاد کراو هەوڵیدا بە گفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکات، بەڵام ململانێیەکان هەر بەردەوام بوون، بۆیە (قحطان الشعبي) لەسەرۆکایەتی وازهێنانی خۆی راگەیاند و لە جێگای ئەودا(سالم ربيع علي) وەك سەرۆك دانراو، عەبدولفەتاح بووە ئەمینداری گشتی بەرە، ململانێکان درێژەیان کێشاو کوشتن و تیرۆرکردنی سەرکردەکان بەردەوام بوو، جارێکی دیکە سەرۆك (سالم ربيع علي) دوورخرایەوە، عەبدولفەتاح بووە سەرۆك کۆمار و ئەمینداری گشتی بەرەی نەتەوایەتی.

لەو ماوەیەدا شەڕی چەکداری نێوان هەردوو یەمەنی باکورو یەمەنی باشور هەڵگیرسا، لەکۆنگرەی لوتکەی عەرەب کەلە ٣٠/ئازاری/١٩٧٩ لەکوێت بەسترا، هەردوو سەرۆك (علي عبدالله صالح) سەرۆکی یەمەنی باکور، لەگەڵ (عەبدولفەتاح ئیسماعیل) سەرۆکی یەمەنی باشور، بڕیاریاندا بەگفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکەن، بەڵام بەشێك لەسەرکردەکانی باشور بەم بڕیارو رێککەوتنە رازی نەبوون، بۆیە بۆ خۆ درووخستنەوە لەشەڕ لە ٣٠/نیسانی/١٩٨٠، عەبدولفەتاح بڕیاری وازهێنانی خۆی لەسەرۆکایەتی راگەیاند و بەرەو مۆسکۆ کەوتەرێ.

دوای (٥) ساڵی لە ١٩٨٥ عەبدولفەتاح گەڕایەوە بۆ عەدەن و زۆری کادیرو ئەندامانی حزبی سۆسیالستی یەمەن، عەبدولفەتاح بەسکرتێری گشتی حزب دانرا، بەڵام ئەم هەنگاوە جارێکی دیکە دووبەرەکی و ئاگری شەڕی هەڵگیرساند، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە لە١٣/شوباتی/١٩٨٦ کۆنگرەی حزبی سۆسیالست بەسترا، لەکاتێکدا کەململانێیەکان گەیشتنە رادەی بەکارهێنانی چەك، لەو رۆژەدا عەبدولفەتاح ئیسماعیل لەناو دەبابەیەك کوژرا.

### ١٧- عزیز ئەلحاج: (٢١٤)

عزیـز ئـەلحاج عـەلی حەیـدەر، لـەدایك بـووی سـاڵی ١٩٢٦ لەشـاری بەغـداد، نـاوبراو لەخێزانێکی کوردی فەیلیە، پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقی کردووە لەو ماوەیەی خوێندکاری ساڵی سێیەمی پەیمانگای مامۆستایان بوو لەشاری بەغداد.

سـاڵی ١٩٤٦ وەك نووسـەرێکی لێهـاتوو دەرکـەوت، سەرپەرشـتی دەرکردنـی رۆژنامـەی (اتحاد الشعب)ی حزبی شیوعی عێراقی کردووە.

بووە بەمامۆستا لەئامادەیی شاری کوت، بـەهۆی بەشـداریکردنی لەخۆپیشاندانەکانی کوت گوازراوەتەوە بۆ دەوروبەری شاری بەغداد، پاشان بۆ سلێمانی، بۆیە بڕیاریدا واز لەو پیشەیە بێنێ.

